حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

سکوڵی زمان

بەشی زمانی کوردی

# شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا (بە کەرەستەی کرمانجیی خواروو) ساڵانی 1990-2000

نامەیەکە

باخان ئەحمەد حەمە ئەمین

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. ئەنوەر قادر محەمەد

**(2014)ی زاینی** **( 2714)ی کوردی**

**ئـەم نامەیــە بــە سەرپەرشــتیی مــن لــە زانکــۆی ســلێمانی ئامــادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.**

**ناو: پ.ی.د. ئەنوەر قادر محەمەد**

ڕۆژ: / / 2014

**بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: پ. د.بەکر عومەر عەلی**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

ڕۆژ:      17  /   7  /2014

ئێمه ئەندامانی لیژنەی وتوویێژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کـردو بڕیارمانـدا بـە پلـەی (                              ) بڕوانامـەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا، پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د.عبدالقادر حمه امین محمد

ئەندام

ڕۆژ:  17  /   7   /2014

ناو: پ.د. محمد احمد سعید

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:    17/    7  /  2014

ناو:    پ.ی.د.علی تاهیر حسین

ئەندام

ڕۆژ:    17  /   7   /2014

ناو: پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ:    17   /     17  /2014

لە لایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا

ناو:د.کاوان عثمان عارف

سەرۆکی سکوڵی زمان

ڕۆژ: 17 / 7 / 2014

# ثَيشكةشة بة:

- ❖ هەموو ئەوانەی ئەدەب و هونەری ڕاستەقینەیان خۆشدەوێت .

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د. ئەنوەر قادر محەمەد)، هەیە، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی لە ئەستۆ گرت وبە سەرنج و ڕێنماییەکانی بەردەوام هاوکاربووە و لەگەڵم ماندووبووە.
- سوپاس و پێزانینم بۆ هاوکاری و پشتگیریی بەڕێز ( پ. د. دڵشاد عەلی محەمەد) لێپرسراوی خوێندنی باڵا هەیە.
- زۆرسوپاسی بەڕێز ( پ.د. بەکر عومەر عەلی)، سەرۆکی بەش و خوێندنی باڵای بەشی کوردی دەکەم بۆ یارمەتی و هاوکاریکردنی.
- سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم ، کە وانەیان پێ گوتوم و بە فێربوونمەوە ماندوو بوون.
- سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی بەش و کۆلێژ دەکەم ، کە هاوکارییان کردووم.
- سوپاسی بێ کۆتایی هاوڕێیانم ( ڕۆژان ئەنوەر، بوشرا قادر، سیڤا عەلی ، نیگار ئەنوەر ) دەکەم، کە بەردەوام و بە هەموو جۆرێ هاوکارم بوون.
- سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە ماندوو بوون لەگەڵم و هاوکارم بوون.
- سوپاسی هەرکەسێکی تر دەکەم ، کە بە شێوازێك لە شێوازەکان یارمەتیدەرم بووە لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

# پێڕست


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| 1 | پێشەکی |
| 5 | بەشی یەکەم<br>سنووری شێوە بنەڕەتییەکانی ئەدەب و تێکەڵبوون و<br>پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا |
| 6 | پاری یەکەم –<br>أ–1 – پێناسەو پەیوەندیی ڕەگەزو شێوە بنەڕەتییەکانی ئەدەب: |
| 17-6 | ئێپیک– داستانە شیعر ؛ لیریک– شیعری خودی ( گۆرانی)<br>دراما– شیعری شانۆیی |
| 17 | أ–2– ژانرەکانی نێو ئێپیک و لیریک و دراما |
| 23 | پاری یەکەم– ب<br>بالاد ( وەک نموونەی ئاوێتەبوونی شێوەکانی ئەدەب لە قۆناغە<br>پێشووەکاندا) |
| 23 | بالاد |

| | |
|---|---|
| 28 | **پاری دووەم**<br>**ئاوێتەبوون و نزیکبوونەوەی ژانرەکانی ئەدەب لە قۆناغێکی تری ئەدەبدا و دروستبوونی ژانری نوێ ( دەسپێکێك)** |
| 34 | **أ–پەخشانە شیعر** |
| 40 | **ب– چیرۆکەشیعر– شیعری چیرۆکئامێز** |
| 52- 65 | **پ– چیرۆکی شیعری لەئەدەبی کوردیدا :**<br>**1 – لە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی دا.**<br>**2– چیرۆکی شیعری– شیعری گێڕانەوەیی لە ئەدەبی کلاسیکیی وقۆناغەکانی دواتری شیعری کوردیدا .**<br>**3 – شیعری چیرۆکئامێزی منداڵان.** |
| 65 | **بەشی دووەم**<br>**بابەت (تێمە) لە چوارچێوەی قەبارە جیاوازەکانی شیعری گێڕانەوەیی (چیرۆکئامێز ) دا .** |
| 66 | **1– شیعری کورت ؛2 – شیعری مامناوەند ؛ 3– شیعری درێژ.** |
| 67 | **جۆرەکانی تێمە:** |

| | |
|---|---|
| خۆشەویستی | |
| لە شیعرە کورتەکاندا ؛ لە شیعرە مامناوەندەکاندا ؛ لە شیعری قەبارە درێژدا | 91 -68 |
| بابەت – تێمەی سیاسی و نیشتیمانی: | 91 |
| لە دەقی شیعریی کورت ؛ لە دەقی شیعریی مامناوەند ؛ لە دەقی شیعریی درێژ دا | 112–93 |
| چەند جۆرێکی تری تێمە – فرە ڕەهەند لە: | 112 |
| شیعری کورت ؛ شیعری مامناوەند؛ شیعری درێژدا | 140-114 |
| بەشی سێیەم<br>تایبەتمەندیی بونیادی هونەریی چیرۆکەشیعری قۆناغەکە | 140 |
| کەسایەتی – پاڵەوان | 140 |
| گێڕانەوە : | 143 |

| | |
|---|---|
| | |
| 151–147 | 1– وەسف<br>2– گفتوگۆ– دیالۆگ<br>3– خۆدواندن– مۆنۆلۆگ<br>4– گەڕانەوە بۆ ڕابردوو– فلاشباك |
| 151 | مۆسیقای شیعری |
| 154 | وێنەی شیعری: |
| 171–156 | 1– ا–ئارکیتیپ<br>ب– سیمبۆل<br>پ– خوازە<br>ت–خواستن–میتافۆر:<br>1–بەکەسکردن– مرۆڤاندن<br>2–بە شت کردن<br>3–بە گیاندارکردن<br>ج– دژیەك |

| | |
|---|---|
| چ- چواندنی زنجیرەیی<br>ح- درکە | |
| 2-داهێنـان و دەربڕینـی وێنـەی شـیعری بـە ڕێگـەی سینتاکسی: | 171 |
| ا- پاش و پێشخستن<br>ب- بەدوای یەکداهاتن- خستنەپاڵ یەك<br>پ- پرسیاری ڕەوانبێژی<br>ت- سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی<br>ج- بێ ئامرازی و ئامڕاز زۆری | 180–172 |
| فەرهەنگی وشە و چنینی لە تێکستە شیعرییەکاندا:<br>1- سرووشت و پەیوەندیی دەروونی<br>2- ئەو وشانەی دەربڕی حاڵەتی شەڕو باری سیاسین<br>3- وشەی کولتووری و پەیوەست بە کوردەوە.<br>4- وشە و دەربڕاوی ئاینی<br>5- وشەی تایبەت بە حاڵەتی دەروونی و پەیوەست بە ڕامانەوە لە ژیان. | 186–180 |

| | |
|---|---|
| 6- وشەی تایبەت بە  ئەفسانە و چیرۆك<br>7-بەکارهێنانی زاراوە و وشە و ناوی بیانی<br>8- بەکارهێنانی وشەی عەرەبی ونزیك لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی | |
| ئەنجام | 186 |
| سەرچاوەکان | 189 |
| پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی | 201 |
| پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی | 203 |

# پێشەکی

شـیعرو چـیرۆك دوو ژانـری سـەرەکی و گەشـەکردووی ئـەدەب و دوو لقـی زۆر سـەرەکیی جیـابووەوەی شـێوە بنەڕەتییـەکانی ئەدەبیشـن ، کـە لـە مێـژووی دروستبوون و گەشـەی خۆیانـدا چـەندین گۆڕانیـان بەسـەرداهاتووە و قۆنـاغی زۆریـان بڕیـوە تـا بـەم شـێوازانەی ئـەمڕۆیان گەیشـتوون ، جگـە لـەوە ئـەم دوو ژانـرە بـەردەوام لـە سـنووری یـەك نزیـك بوونەتـەوەو دەبنـەوەو و هەنـدێ جـار ئاوێتـەی یـەکتر بـوون و دەبـن. ئـەم نزیکبوونەوەیـە سـیمایەکی قۆنـاغی نـوێی ئـەدەبی کـوردی و سـاڵانی دوای ڕاپەڕینیشـە، کـە بـەلای ئێمـەوە لـە ڕووی نـاوەڕۆك و تەکنیکـەوە خـاڵی جیاکـەرەوەی خـۆی هەیـە . یـەکێك لـەو ژانرانـەش کـە بـەردەوامی شـیعری پـێش خۆیـەتی، شـیعری چـیرۆکئامێز- چـیرۆکە شـیعرە ، کـە تێکـەڵکردن و خواسـتنی ڕەگـەزو سـیمای هـەردوو ژانـری شـیعر و چـیرۆکە لـە بەرهـەمێکی شـیعریدا و تایبەتمەندییـەکی شـیعریی ئـەم قۆناغەشـە ، بۆیـە لێکۆڵینـەوەی ئـەم جـۆرە شـیعرانە ، سـەرەڕای ناسـاندنیان و دەرخسـتنی تایبەتمەنـدیی وخـاڵی جیاکـەرەوەیان، خزمەتکردنـە بـە ڕەوتـی نـوێی شـیعری لـە قۆنـاغی ئـەدەبی وسیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دە ساڵی دوای ڕاپەڕیندا.

## ئەرك و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئـەرکی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە گـەڕان و دەرخسـتنی بنـەمای پەیوەنـدیی نێـوان ئـەم دوو ژانرەیـە ، بۆیـە هەوڵمانـداوە کـە شـێوازی نزیکبوونـەوەو ئاوێتـەبوونیان لـە قۆنـاغی تایبـەت بـە توێژینەوەکەمانـدا بخەینـەڕوو. مەبەسـتی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە پیشـاندانی چـۆنێتی و کاریگـەری ئـەم پەیوەندییـە لـە ئاسـتی بونیـادی هونـەری و نـاوەڕۆك و بابـەتی ئـەم دەقانـەدا، ئەمـەش لـە ڕێگـەی دەرخسـتنی سـیمای هـەردوو ئاسـتەکە ، کـە شـیعرەکانیان پێکهێنـاوە، ئامـانجێکی بنـەڕەتیی لێکۆڵینەوەکـەش ئەوەیـە کـە سـنوورو ڕەگـەزە دیارەکـانی ژانـری چـیرۆك لـە نـاو شـیعردا و چـۆنێتی گـۆڕان و تایبەتمەنـدیی بەکارهێنانیان ڕوونبکاتەوە.

## سەرچاوە دیارەکانی لێکۆڵینەوەکە

بـۆ ئـەم لێکۆڵینـەوە وەك بەڵگـەو کەرەسـتەی سـەرەکیی باسـەکەمان کـەڵکمان لـە نموونـەی شـیعری ئـەو شـاعیرانە وەرگرتـووە، کـە جێگـەیان لـەناو کایـەی شـیعریدا دیـارەو خـاوەنی چـەندین بەرهـەمی شـیعرین ، بەتایبـەتی هەنـدێك لـەو شـاعیرانە ئـەزموونی شـیعرییان پـێش مـاوەی لێکۆڵینەوەکـەی ئێمـەش کـەوتووە . بۆیـە چـەند نموونـەمان لـەو شـیعرانەش وەرگرتـووە کـە لـە مـاوەی ئـەو دە سـاڵەدا نووسـراون. ئـەو شـاعیرانەش { حەسـیب قـەرەداخی، شـێرکۆ بێکـەس، لـەتیف هەڵمـەت، عەبـدوولا پەشـێو ، فـەرهاد شـاکەلی، ڕەفیـق سـابیر، فـەرهاد پیربـاڵ ، قوبـادی جـەلیزادە، ئەحمـەدی مـەلا، جـەمال غـەمبار، ڕێبـوار سـیوەیلی ، دلاوەر قـەرەداغی ، سـەباح ڕەنجـدەر، کـەژاڵ ئەحمـەد ، هیـوا قـادر }ن. هـەروەها سـوود لـە و سەرچـاوە تیۆرییانـە وەرگـیراوە کـە لـە ژانـرو پەیوەنـدییان دەکۆڵێتـەوە، بـۆ نموونـە " تیـۆری ئـەدەبی و شێوازناسـیی پیتـەرهاڵبیرگ و دانـەرانی تـر" ، "مفهـوم الأدبـي"ی تـۆدۆرۆف، "نظريـة أدبيـات"ی رينيـە ولـك و ئاوسـتین وارن و چـەندانی تـر ، هـەروەها سـوودمان لـە فەرهەنگـەکانی وەك ( "فـرهنگ اصـطلاحات ادبـی"ی سـیماداد ، "دانشـنامە نظريـە هـای معاصـر" ی ایرنـا ریمـا مکاریـك ......هتـد } بینیـوە، کـە لـە بـواری ئەدەبیـدا فەرهـەنگی بەسـوود و دیـارن, جگـە لەوانـەش بـە پێـی پێویسـت لـە هـەر بەشـەدا سـوودمان لـەو سەرچـاوانەی بەردەسـتمان کـەوتوون بینیـوە، کـە هەندێکیان کوردین و هەندێکیشیان لە زمانەکانی ترەوە وەرمان گرتوون.

## گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە

لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی لـەکاتی لێکۆڵینەوەکـەدا تـا ڕادەیـەك گرفـت بـوو، نـەبوونی یـان کـەمیی تیۆریـای تایبـەت بـە پەیوەنـدیی شـیعرو چـیرۆك لـە ئـەدەبیاتی نوێـدا بـوو، بۆیـە ناچـار بـووین کـەڵك لـە تیـۆیی جیاجیـای تایبـەت بـەو دوو ژانـرە و بنـەڕەت و سەرچـاوەی ئـەو دوو ژانـرە ، بـۆ خسـتنەڕووی پەیوەنـدیی ئـەو دوو لقـە ئەدەبییـە وەربگـرین. سـەرەڕای ئەمـەش، سەرچـاوە بـە زمـانی کـوردی و تایبـەت بـەم پەیوەندییـە لـە ئـەدەبی کوردیـدا

گرفتیکی تـر بـوو ، کـه بـۆ گرتنـی ئـەم کەلێنـە پـەنامان بردۆتـە بـەر وەرگێـڕان، بەتایبـەتی هی زاراوەکان لە زمانەکانی ترەوە .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــە دەربـــارەی " شـــیعری چـــیرۆکئامێز"ە، کـــە ژانـــرو چـــەمکێکی ئـــەدەبی تاڕادەیـــەك چەســـپاوە. میتـــۆدی توێژینەوەکـــە ئـــەو جۆرەیـــە کـــە هـــەوڵی تێگەیشـــتن و لێکدانـــەوەی تێکســـت دەدات و بـــەدوای مانـــای جیاجـــادا دەگـــەڕێ. هەوڵـــدراوە لەبـــەر ڕۆشـنایی و سـوود وەرگـرتن لـە ئەدەبناسـی و بەتایبـەتی تیـۆری ئەدەبـدا ، هەمـە لایەنـە لـە بابەتەکـە بکۆڵرێتـەوە. دەشـێ بـوترێ میتۆدەکـە هێرمێنوتیکییـە، کـە لـە جەوهـەردا بـە مانای تیۆریی تێگەیشتن ولێکدانەوەی تێکست دێت.

## پێکهاتەو پەیکەری لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکـەم (( **سـنووری شـێوە بنەڕەتییـەکانی ئـەدەب و تێکـەڵبوون و پەیوەنـدییان لەگـــەڵ یـــەکتر** )) کـــە لـــە دوو پـــار پێکهـــاتووە ئـــەوانیش: (أ- 1 -پێناســـەو پەیوەنـــدیی ڕەگـــەزە و شـــێوە بنەڕتییـــەکانی ئـــەدەب و 2 - ژانرەکـــانی ئێپیـــك و لیریـــك و درامـــا ) کـــە لێـرەدا پێناسـەو بنـەڕەت و پەیوەنـدیی ئـەو ژانرانـەمان خسـتووتە ڕوو. هـەروەها هـەر لـە پـــاری یەکـــەم لقـــی ب-دا کـــە ( بـــالاَد وەك نموونـــەی ئاوێتـــەبوونی شـــێوەکانی ئـــەدەب لەقۆناغـــە پێشـــووەکاندا )یـــە ، هەوڵمانـــداوە ئـــەم ژانـــرە بـــۆ بـــوونی پەیوەنـــدیی دێرینـــەی نێـــوان ژانرەکـــانی ئـــەدەب بناســـێنین. پـــاری دووەم کـــە ئەمانـــەن: (( ئاوێتـــەبوون و نزیکبوونـــەوەی ژانرەکـــانی ئـــەدەب لـــە قۆنـــاغێکی تـــری ئەدەبـــدا و درووســـتبوونی ژانـــری نـــوێ)) یـــەو لـــە ســـەرەتایەك و ســـێ بـــەش پێکهـــاتووە، کـــە : پەخشـــانە شـــیعر، چـــیرۆکە شـیعر- شـیعری چـیرۆکئامێز، چـیرۆکی شـیعری لـە ئـەدەبی کوردیـدا لـە خـۆدەگرێ . لـەم پـارەدا ، هەوڵمانـداوە هەریـەك لـەو جۆرانـە بناسـێنین و پەیوەنـدییان بـە شـیعری نوێـوە دەربخەین.

ناونیشـــانی بەشـــی دووەمـــی لێکۆڵینەکـــەمان (( تێمـــە لـــە چوارچـــێوەی قـــەبارە جیاوازەکـــانی شـــیعری گێڕانـــەوەیی – چـــیرۆکئامێزدا ))یـــە. لـــەم بەشەشـــدا بـــە شـــێوەیەکی پراکتیکـــی و بـــە نموونـــەی شـــیعرییەوە ویســـتوومانە دیـــارترین جـــۆری ئـــەو بابەتانـــەی کـــە شـــیعری چـــیرۆکئامێزی قۆناغەکـــەیان لـــە خۆگرتـــووە، هـــەروەها چـــۆنێتیی دەرکـــەوتنیان پیشانبدەین .

لـــە بەشـــی سێیەمیشـــدا کـــە بـــە ناونیشـــانی (( تایبەتمەنـــدیی بونیـــادی هونـــەریی چـــیرۆکە شـــیعری قۆناغەکـــە)) یـــە ، لـــە لایـــەنی ڕووخســـارو وێنـــەو بـــەها ئیســـتاتیکییەکان و بونیـــادی هونـــەریی ئـــەو شـــیعرانەی کـــە گێڕانـــەوەیان وەك تـــەکنیکێك بـــەکارهێناوەو دەچـــنە چوارچـــێوەی بابەتەکـــەی ئێمـــەوە ، کۆڵیوینەتـــەوەو نموونـــەی پێویســـتمان خستۆتە بەرچاو.

دواتـر لـە چـەند خاڵێکـدا ئـەو ئەنجامانـەی کـە پێـی گەیشـتووین ، دواتـر ڕیزبەنـدیی ئـەو سەرچـاوانەی کـــە ســـوودمان لـــێ بینیـــون، هـــەروەها پوختەیـــەکی باســـەکە بـــە زمـــانی عەرەبی و ئینگلیزی و خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

بۆ شیکردنەوەی زاراوەی *شیعری چیرۆکئامێز* ، بە شێوەیەکی کورت پێویستمان بە خستنەڕووی پێناسەو سنوورو بنەمای سەرەکیی شێوە بنەرەتییەکانی ئەدەب دەبێت . زۆرتریش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی، کە هەر لە کۆنەوە لە نێوان جۆرو ژانرە ئەدەبییەکاندا هەبووەو تا ئەمرۆش هەندێ جار تەریبی و هاوشانی یەکتر دەڕۆن، یا خود بەردەوام تێکەڵ دەبن و جیادەبنەوە . ئەم دورکەوتنەوەو لێک نزیکبوونەوەیەش چ لە ئەدەبی کۆنی پێش سەدەی بیست و چ لە بەردەوامیی ئەدەبیاتی تازەشدا بوونەتە هۆی پەیدابوونی جۆرو ژانری تازەی ئەدەبی . هەمیشە باس لە سەربەخۆیی یان پاکیی ژانری ئەدەبی کراوە، بەڵام هەرگیزیش بە ڕەهایی ئەم گۆشەنیگایە وەرنەگیراوە و ڕای بەرانبەریشی هەبووە، کە سنووردانان لە نێوان ژانری ئەدەبیدا کە هەمووی بەهۆی زمانەوە دێتە ئارا، کارێکی نەشیاوە. ئەوەی زیاتر دەسەلمێنرێ ئەوەیە لەگەڵ چەردەیەك تایبەتمەندیدا ، ژانرێك لە یەکێکی دی جیادەکاتەوە و دەیکاتە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ ، بەڵام پەیوەندی و ڕایەڵیش لە نێوانیاندا هەر هەن و ڕەگەز و هەندێ خەسڵەتی ئەم یان ئەو لە چوارچێوەی یەکدیدا دەردەکەون و ئەمەش وەنەبێ دیاردەیەکی نەرێنی بێ بە پێچەوانەوە لە سرووشتی ژانرەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە باسی بنەڕەتی ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی خستنە بەرچاوی تایبەتمەندیی هەریەك لە *لیریك* ، *ئێپیك* ، *دراما* و پەیدابوونی ژانری نوێ لێیانەوە لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێدا دەکەین.

## پاری یەکەم :

## أ-1 – پێناسەو پەیوەندیی ڕەگەزو شێوە بنەڕەتییەکانی ئەدەب

هـــەر لـــە پەیـــدابوونی مرۆڤـــەوە بـــۆ دەربڕینـــی خـــەون و خواســـتەکانی چـــەندین جـــۆر و شـــێوازی ئـــەدەبی، ســـەرەتا لەشـــێوەی ســـەر زاری و دواتـــر لـــە چوارچـــێوەی ئـــەدەبی نووســـراودا ســـەریانهەڵداوە . ئـــەدەب بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی لەگـــەڵ پەیـــدابوونی ڕەخنـــە و خوێندنـــەوەی دەقەکانـــدا، چەســـپاوە و بەســـەر ســـێ شـــێوەی بنـــەڕەتی: *لیریـــک ، ئێپیـــک ، درامـــا*دا دابەشـــکراوە. ســـەرەتای ئـــەم جیاکردنەوەیـــەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ دانـــراوی (( هونـــەری شـــیعر)) ی ئەرســـتۆ ، کـــە لەســـەر بنـــەمای ئـــەدەبی یۆنـــانی کـــۆن، بـــەم جـــۆرە ئـــەدەبی دابەشـــکردووە. لـــەم بارەیـــەوە چـــەندان کتێـــب و سەرچـــاوە هـــەن، بۆیـــە بـــە پێـــی توانـــاو ئەوەنـــدەی لـــەم بەشـــەی توێژینەوەکـــەدا دەرفـــەت هـــەبێت، بـــە شـــیوەیەکی زۆر خێـــراو بـــە کورتی پێناسەو تایبەتمەندییان دەخەینەڕوو.

## ئێپیك– داستانە شیعر

کـــۆنترین جـــۆری ئەدەبـــە کـــە بـــۆ مرۆڤایـــەتی مابێتـــەوە ، هـــەر لـــە داســـتانە کۆنـــەکانی ڕۆژهـــەڵاتی ، وەك "گلگـــامیش"وداســـتانە یۆنانییـــەکانی "ئیلیـــادە"و "ئۆدیســـا" ی هۆمیرۆســـەوە ، کـــە لـــە ( 700 پ.ز) لـــە یۆنـــانی کۆنـــدا پەیـــدابووە. ئـــەم هونـــەرەش : شـــیعرێکە (( لاســـایی کـــارو کـــردەوەی بـــەرز دەکاتـــەوە . لەگـــەڵ ئەمەشـــدا، داســـتان و تراژیـــدی لـــەوەدا لەیـــەك جیادەبنـــەوە، کـــە داســـتان تـــەنیا یـــەك کـــێش بـــەکار دێنـــێ و لـــە شـــێوەی گێڕانەوەدایـــە ........داســـتان خـــۆی بـــە هـــیچ ســـنوورێکی کـــات نابەســـتێتەوە))[1] . ئەمـــە کـــۆنترین پێناســـەیەکە کـــە بـــۆ شـــیعری داســـتانی کـــراوە . داســـتان لـــە چـــەندان شـــوێن و لـــە کـــاتی جیـــاوازی تـــردا پێناســـەی بـــۆ کـــراوە لەوانـــە ئەدەبناســـێکی

---

[1] – ئەرستو ، هونەری شیعر ، و. عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2011، لا 26 .

ئێرانـــی دەڵـــێ: (( ئێپیـــك لـــە زمـــان و زاراوەدا بـــەمانای دلێـــری و ئازایـــەتی دێـــت ، بەرهـــەمێکی چـــیرۆکیی گێڕانەوەییـــە لـــە کـــەش و هـــەوای قارەمانییـــەتی و وێنـــەی میللـــەت لـــە شـــێوازێکی بالادایـــە، تیایـــدا ڕووداوێکـــی ســـەروو ئاســـایی، لـــە ڕابردوویـــەکی دووردا ڕوویـــداوە .)) [1] ، بـــە هـــەمان شـــێوە لـــە فەرهـــەنگێکی ئـــەدەبی تریشـــدا وتـــراوە، ئێپیـــك: شـــیعرێکی بـــەرزی گێڕانەوەییـــە کـــە بابـــەتێکی جـــدی دەگێڕێتـــەوە ، تێکـــەڵ بـــە خـــەیاڵ کـــراوەو لـــە ڕووی زمانـــەوە زمـــانی بـــەرز و جوانـــە وکێشـــدارە و بـــە دەنگـــی بـــەرز بـــۆ خـــەڵکی خوێندراوەتـــەوە ، جـــاران هـــەموو شـــتەکانی نـــاو داســـتان نائاســـایی بـــوون ، پاڵـــەوان و ئـــاژەڵ وگـــژو گیـــا هـــەموو هێـــزی لـــە ڕادە بـــەدریان هـــەبووە . چـــەندین هونـــەری ڕەوانبێـــژیی وەکـــو چـــواندن ، یـــان گفتوگـــۆ و جـــۆری تـــر لـــە پێنـــاو و لـــە خزمـــەتی بابـــەت و گێڕانەوەکـــەدا بـــەکارهاتوون. [2] زۆربـــەی پێناســـەکان تـــا ڕادەیـــەکی زۆر هاوشـــێوەن و جـــەخت لەســـەر چەســـپاوییان دەکەنـــەوە ، هـــەر بـــۆ نموونـــە لـــە " فەرهـــەنگی نظریـــة و نقـــد ادبـــی)"یـــدا هـــاتووە ، *ئێپیـــك* : (( شـــعرێکی گێڕانـــەوەیی و بالایـــە ، کـــە بابەتەکـــەی جـــدی و شـــێوازەکەی ڕەسمـــی و شـــکۆمەندانە بێـــت، کـــە چـــڕبووەوەی کارەکـــانی پاڵـــەوانێکی خـــودا ئاســـایە، و سەرگوزەشـــتەی هۆزێـــك یـــان میللـــەتێك یـــان نـــەژادی هـــەموو مرۆڤایـــەتیی پێـــوەی پەیوەســـتە)) [3] . ئەمـــەش بەڵگەیـــە لەســـەر ئـــەوەی لـــە زۆربـــەی سەرچـــاوەکاندا ئـــەوەی لەســـەر *ئێپیـــك – داســـتانە شـــیعر* وتـــراوە هاوبەشـــە و هـــەموو پێناســـەکان بـــاس لـــە بـــوونی ڕەگـــەزی گێڕانـــەوە و گشـــتی بـــوونی بابـــەت ونـــاوەڕۆك و ئاوێتـــەبوونی خـــەیاڵ لەگـــەڵ واقیـــع و ڕووداوەکـــان و ئەمـــەش لـــە قـــاڵبی کـــێش و ڕیتمـــداردا دەکـــەن . ســـەرەڕای ئـــەوەی ، وەك ئامـــاژەی پێکـــرا، بنـــەڕەتی ئـــەم جـــۆرە هونـــەرە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئەفســـانە

---

[1] – جمال میرصادقی ، میمنت میرصادقی ، واژەنامە هنر داستان نویسی ، چاپ دوم، تهران1388، لا 98 .

2– سیما داد ، فرهنگ اصطلاحات ادبی ، چاپ پنجم ، انتشارات مروارید ، تهران 1390 ، لا 206،207 .

3– سعید سبزیان م . میر جلالدین کزازی ، فرهنگ نظریة نقد ادبی ، چاپ اول ، انتشارات مروارید، تهران 1388 ، لا 193 .

كۆنەكان لە ڕووی ڕووداوی خەیاڵی و كاری لە توانای مرۆڤی ئاسایی بەدەرەوە، هەروەها هەندێ بیرو باوەڕی كۆن كە تیایاندا وا دەكات تا ڕادەیەك لە ئەفسانە نزیك بێتەوە یان لە هەندێ ڕووەوە هاوبەش بن .[1]

ئەوەی كە لێرەدا گرنگە ئەوەیە هەرچەندە ئەم هونەرە لە قۆناغێكدا گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی گەلانیك بووە و(( لە قووڵایی داب و نەریتێكەوە هەڵدەقوڵێ، نوێنەرایەتیی پەیوەندییەكی ئاڵۆزی كۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئاینی و ئەخلاقی و ئیستێتیكی دەكا)).[2] ، بەلام بە شێوازی شیعرو ئەو تایبەتمەندییانەی كە شیعر هەیبوون و وتراون و نووسراون، لەو سەردەمانەدا و تا سەردەمانێكی زۆر ئەم داستانانە یەكێك بوون لەو سێ كۆڵەكە بەهێزەی ئەدەب كە هەست و خەون و خەیاڵی مرۆڤیان لە شێوازو زمانی ئەدەبیدا دەربڕیوە .

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی داستانی شیعری ئەوەبووە ، كاتێك شاعیر ڕووداوێك دەگێڕێتەوە ، نابێت هەستی خۆی تێكەڵ بە گێڕانەوە بكات و دەبێت بابەتیانە باسی ڕووداوەكە بكات و بە ناوی كەسانی ترەوە ئەوە بكات ، واتە پێویستە خۆی دوور بگرێت لە بابەت و گێڕانەوەی چیرۆكەكە بە ڕاستەوخۆیی، لەم بارەیەوە ئەرستۆ ستایشی هۆمیرۆس دەكات و دەڵێ : (( دوای چەند وشەیەكی پێشەكی، پیاوێ ، یان ژنێ ، یان كەسێكی تر پێشكەش دەكات )) .[3] جگە لەمانە داستان چەندین تایبەتمەندیی تری هەبوون ، یەكێك لەوانە ئەم هونەرە كە لاساییكردنەوەیەكە شێوازی گێڕانەوە زاڵە بەسەریدا ، دەبێ لە ڕووی چنینەوە سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتایی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی داستانەكە وەك بوونەوەرێكی زیندوو دەربكەوێت و تامو چێژی تایبەتی هەبێت . سەرەڕای ئەوەی ئەرستۆ پێی وابووە ئەم جۆرە شیعرە دەتوانێت لاسایی

---

1- میر جلالالدین كزازی ،(رؤیا ، حماسة، اسطورة )،چاپ ششم، نشر مركز، تهران 1390 ، لا 183.

2- موحسین ئەحمەد عومەر ، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی2012 ، لا 117.

3- ئەرستو ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، لا 93 .

چەند ڕووداو بکاتەوە، کە پێکەوە و لەیەك کاتدا ڕوودەدەن. ئەگەرهات و ڕووداوەکان پەیوەست بوون بە بابەتەکەوە ئەوا سەنگ و قورسایی داستانەکە زیاتر دەکات [1] .

لە داستاندا گرنگییەکی زۆر بە وەسف و پیشاندانی وێنەو ڕووداوەکان لە ڕێگەی وەسفەوە دەدرێت ، بەجۆرێك کە هەندێك لە نوسەران پێیان وایە : (( داستان جۆرێکە لە شیعری وەسفی کە لەسەر وەسفکردنی کرداری پاڵەوانان و پیاوەتی و شانازیکردن و گەورەیی میللەت یان تاکێك بنیات نراوە )) [2] .

بەم جۆرە دەبینین لە ناو هەموو میللەتاندا داستان بەرەوی هەبووە و لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتیشدا بەهەمان شێوە، لەناو نەتەوەی کوردیشدا بنەچەی هەیە، هەرچەندە بەتەواوەتی لە داستانی جیهانی ناچێت، بەڵام بەرهەمی لەوجۆرە کە هەڵگری ڕەگەزەکانی داستان و خاڵی هاوبەشە لەگەڵیدا هەیە، لەم بارەیەشەوە د. عیززەدین مستەفا ڕەسول دەڵێ: (( ناتوانین بڵێین لە ئەدەبی کوردیدا شتی وەك بەشە نووسراوەکەی یۆنان و ڕۆمانمان هەیە ، هەروەك زۆربەی گەلانی سەرزەمینیش لەو بابەتانەیان نییە ، بەڵام لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێك پۆیەم و ئیپۆپیا هەیە، کەشەقڵە گشتییەکانی داستانی جیهانی و داستانی فۆلکلۆرییان تیا بەدی دەکرێت ، و شەقڵی تایبەتی فۆلکلۆرو بەرهەمی ناو کوردەواریشیان تیا دیارە )) [3] .

---

[1] – بڕوانە : ئەرستو ، هونەری شیعر ، لا 89، 92.

[2] – سەنگەر قادر شێخ محمد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم وزینی ئەحمەدی خانی و شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلیدا ، لا 20–21 ( لە کتێبی : ذبیح اللة صفا ، حماسە سرایی در ایران، انتشارات فردوس،چاپ هفم، چاپخانە رامین، تهران ، 1387، لا 25 وەرگیراوە).

[3] – د. عیززەدین مستەفا ڕەسول ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2010 ، لا 42 .

## لیریك– شیعری خودی ( گۆرانی)

زاراوەی (لیریك) لە وشەی (lyra) وە هاتووە، کە ئامێریکی مۆسیقا بووە و شیعری بە ئاوازەوە لەگەڵ وتراوە[1] ، ئەو جۆرە شیعرەش تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، کە ئاوا پێناسە کراوە : (( شیعری خودی (لیریکی) نە کردارەو نەگێڕانەوە ، بەڵکو وێنەو دەربڕینی حاڵەت و دەرککردنی دەروونییە ، بابەتەکەی دوانە لە هەست و سۆزی ئاخێوەرێك کە مەرج نییە هەر شاعیر خۆی بێت ))[2] .

ئەم جۆرە شیعرە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبیاتەوە بۆ دەربڕینی هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤ درووست بووە و سەرەتایەکی کۆنی هەیە بە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی تری ئەدەبدا . یەکەم کەس کە ئەم جۆرەی دیاریکردووە ئەرستۆیە ، کە بە ڕاستەوخۆ و بەو جۆرەی باسی شیعری دراماو شیعری داستانی دەکات ئاماژە بۆ شیعری لیریکی ناکات، بەڵام بەو شیعرە پێناسە دەکرێت، کە لەگەڵ ئاوازو مۆزیکدا دەوترێت، ئەمەش بنەمایەك و مێژووی کۆنی لە ئەدەبی یۆنانیدا هەبووە، هەر سەبارەت بە سەرهەڵدانی لیریك لە سەرەتادا وتراوە: (( دەبێ لیریك پێش شێوەکانی تر دەرکەوتبێت ، چونکە هونەر لەسەرەتادا بە شێوەیەکی ساکار دەربڕی هەست و نەستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە.))[3] ، ڕێی تێدەچێ دواتر مرۆڤ ڕای خۆی بەرامبەر شتەکانی تر دەربڕیبێت و دەربارەیانی گێڕابێتەوە ، ئەمەش بووبێتە هۆی سەرهەڵدای *ئێپیك –داستانە شیعر* . ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بۆچوونی دژی ئەم ڕایەش لە ئارادا هەیە، کە پێی وایە: (( پەیدابوونی شیعری غینائی دەبێت دوای قۆناغی شیعری داستانی بووبێت ، بەو مانایەی کە شاعیر خودییەتی خۆی بەدەست هیناوەتەوە و گوێی بۆ هاوارو بانگەکانی دەروونی خۆی ڕاگرتووە و دواتر بە هەستەکانی خۆی

---

[1] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، 2010، لا 36 .

[2] – سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، لا 316 .

[3] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، لا 39.

دەربارەی تاك ، خێزان، مرۆڤ، سرووشت و خواو نیشتمان ئاشنابووتەوە و دەریبڕیون.)) [1] .

لەگەڵ ئەمانەشدا شیعری لیریکی، هەڵگری چەندان تایبەتمەندیی زمان و جوانکارییە لە شێوازی دەربڕینداو هەست و سۆزی خوێنەریش دەهەژێنێ، واتە بە ناخدا دەچێتە خوارەوە و قوڵاییەکانی دروونی مرۆڤ بەئاگا دێنێتەوە. ئەم کارەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و مۆسیقای شیعری و کەش وهەوای شیعرەکەوە دەکات، هەربۆیە لەم بارەیەوە وتراوە : (( زمانی لیریك تایبەتمەندیی فۆنەتیکی مۆسیقایی هەیە، هەندێ جار ئەم تایبەتمەندییە ئەوەندە زاڵە لەوانەیە تۆ بهەژێنێ بە بێ ئەوەی لە زمانەکەی بگەیت ، ئەمەش لە یەکێتیی کەش و هەواکەدا بە تایبەتیش لە شیعردا ڕەنگدەداتەوە )) [2] . بەڵام وەك ئاشکرایە لەگەڵ هاتنی قۆناغی نوێی ئەدەبی ، گۆڕانکاری لە مۆسیقاو ریتمی شیعریدا { نەمانی کێش و قافیە ، یان گۆڕانی ئەم ڕەگەزە شیعرییانە} روویداوەو شیعری لیریکی دەکرێ تایبەتمەندیی تری وەرگرتبێت لەگەڵ خودییەتی و جووڵاندنی هەست و شێوازی زماندا ، کە بە شێوازی جیاواز هاتوونەتە کایەوە ، دواتر زیاتر دەربارەی ئەمە دەدوێین .

لیریك لەگەڵ شیعری داستانیدا بەوە بەراورد دەکرێ کە ناچار نییە وەڵامی پرسیارەکانی (کەی ؟ بۆچی؟ چۆن؟) بداتەوە و ڕووی دەمی تەنیا لە تاکێکە، نەك هەموو خەڵك لە یەککاتدا ، بەو جۆرەی کە تاکەکانی کۆمەڵ بەجیا و هەریەك لە شیعرێکی لیریکیدا خۆی دەبینێتەوە . [3]

شیعری لیریکی یەکێکە لە سێ شێوە بنەڕەتییەکەی شیعر لە ئەدەبی جیهانی و لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا. سەرەتای ئەدەبی نووسراومان بە پێی ئەو ڕایانەی کە هەن ، بەم جۆرە شیعرە دەستپێدەکات، کە لەم بارەیەوە

---

[1] – منصور رستگار فسائی، انواع شعر فارسی، انتشارات نوید، شیراز، چاپ اول، 1373ه.ش، لا 157 .

[2] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەب و شێوازناسی ، لا 40 .

[3] – سەرچاوەی پێشوو، لا 40 .

ڕوونکردنـــــەوەی  پێویســــت دراوە[1]. ئــــەم جــــۆرە شــــیعرە بــــە درێــــژایی مێــــژوو گەشــــەی کــــردووەو بــــە تــــەواوەتی لــــە ئەدەبــــدا چەســــپاوەو تــــا ئێســــتاش بــــەردەوام شــــوێنی خــــۆی لــــە نــــاو کایــــە ئەدەبییەکــــەدا هەیــــەو  بــــە چــــەندین شــــێوەو لــــە ژانــــری جیــــاوازدا  بەشــــێکە لــــەو ڕەوتــــەی ئــــەدەب، کــــە بەرهــــەمی مــــرۆڤن و لــــە پێنــــاو ئەودان.

## دراما-شیعری شانۆیی

دراماش جۆرێکی تری ئەدەبە کە لە سەرەتادا ئەمیش بە شێوازو لە قالبی شیعردا نووسراوە، دواتر لە قۆناغی جیاوازدا شێوازەکەی گۆڕاوە بۆ پەخشان و لە قالبە کۆنەکەی دەرچووە. ئەم شێوە ئەدەبییە بەشێکی زۆر سەرەکیی شیعری یۆنانی کۆن بووە و چەندین تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوە لە خۆ دەگرێت وەك بوونی ( پاڵەوان ، کات و شوێن و پلۆت- چنین، ڕووداو ) تیایدا ، ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا باسی باشی و خراپی و سرووشتی ئەم جۆرە شیعرەی کردووە[2] .

هەندێ لە سەرچاوەکان وای بۆ دەچن کە شیعری درامی لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو جۆری ئێپیکی و لیریکی درووستبووە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵی و ئاڵۆزی پێناسەکان لە سەرەتادا .[3]
لەبەرئەوەی باسەکەمان کەمتر خۆی لە قەرەی ئەم شێوەیەیان دەدات بۆیە زیاتر دەربارەی نادوێین.

زۆربەی تیۆریدانەرانی پێشوو هاوڕابوون لە سەر ئەوەی بنەمای ئەدەب لەسەر ئەم سێ جۆرە شیعرە ڕەگی داکوتاوە و چەسپاوە. ئەوەی ڕوونیشە ئەم جۆرانە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەی جیاواز بەیەکداچوون  و خاڵی جیاوازیان هەیە ، کە بۆتە جێگەی سەرنج و دەرخستنی سنوورەکانیان ،

---

[1] - بڕوانە:  د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ، هەولێر، دەزگای ئاراس، ساڵی 2001 ، لا 160 .

[2] - بڕوانە : ئەرستۆ ، هونەری شیعر ، لا 27 .

[3] - بڕوانە :پەروین عەبدوڵلا ، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2008 ، لا 131 .

هەندێ جار زۆر لەیەك نزیك بوونەتەوە یان خاڵە هاوبەشەكانیان ژانرو ڕەگەزی تری ئەدەبیی لێ پێك هاتووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە هەندێ ڕووەوە بەراوردێك لە نێوان تایبەتمەندی و سنووری لێكنزیكبوونەوەیاندا بخەینە ڕوو.

یەكێك لە تەوەرە سەرەكییەكان بابەتی خودییەتی و بابەتییە. ((یەكێك لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەكانی هۆنراوەی خودی ئەوەیە كە ڕاستەو خۆ تاقیكردنەوەیەكی كەسی دەردەبڕێ، هەر ئەمەش لە جۆرەكانی تری دادەبڕێ ،چونكە جۆرەكانی تری هۆنراوە زیاتر بابەتین و ڕاستەوخۆش باس لە موعاناتی شاعیر ناكەن ))[1] و بابەتی گشتیی كۆمەڵ و دەوروبەر تەوەری سەرەكییانە نەك وەك ئەوەی لە شیعری لیریكیدا دیارەو تیایدا شاعیر هەرخۆی خۆیەتی و ناگۆڕێ. جگە لەوەی لە لایەكی ترەوە پێچەوانەوەی شیعری لیریكی لە داستانی شیعریدا ئەرستۆ پێی وایە: ((ئەو زمانە شیعرییەی زۆر ڕازاوە بێت، لەوانەیە هزرو كەسێتی بشارێتەوە ))[2] .

بە هەمان شێوە لە نێوان داستان و درامادا چەندین جیاوازی بەرچاو دەكەون ، كە خاڵی جیاكەرەوەو سنووری ئەم دوو جۆرەی ئەدەبن و سەرەكیترینیان ئەوەیە كە داستان لە كۆندا ، تەنها یەك كێشی بەكارهێناوە و لە شێوازی گێڕانەوەدا بووە، لە ڕووی قەبارەو درێژیشەوە *تراژیدیا -شانۆ* هەوڵیداوە ماوەكەی لە یەك سووڕی ڕۆژدا بێت ، یان نەختێ زیاتر، بەڵام بۆ داستان ئەم سنوورە كراوەترەو خۆی بە سنووری كاتەوە نابەستێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ڕووداوەكان لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، كەچی زۆربەی جار دراما لە كاتی ئێستادا كار دەكات[3] .

جیاكردنەوەو سنووردانان لە نێوان ئەم شێوازانەی ئەدەبدا بە تیۆری كلاسیك ناودەبرێت و بۆ هەریەكەیان خاڵی جیاكەرەوە خراوەتەڕوو، بۆ نموونە ڕێنیە وۆڵك و ئاوستین وارن ئاماژەیان بەم گۆشەنیگایە داوەو

[1] – دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ، 1998، لا 22.
[2] – ئەرستۆ ، هونەری شیعر، لا95 .
[3] – سەرچاوەی پێشوو، لا 26.

دەڵێن : ((تیۆریی کلاسیك نەك هەر باوەڕی وایە کە جۆری ئەدەبی لە جەوهەرو قەبارەدا لە یەکتری جیاوازن، بەڵکو دەبێ بە جیا سەیریان بکەین و تێکەڵی یەکیان نەکەین))[1] ، هەروەها دەشڵێن : (( کە ئەمە هەمان بیروڕای ناسراو بە " خولەسی و پاکیی جۆر" یان " جۆری لەیەك جیان"))[2] .

بەڵام لە تیۆریی تازەی ئەدەبیدا ئەم لە قاڵبدانە نییە و ژانرو جۆرەکانی ئەدەب بە پێی ئەو هەل ومەرجەی کە بۆیان دەخوڵقێ ئاوێزانی یەکتری دەبن و بەردەوام شێواز و تایبەتمەندی بۆ جوانکردن و گەیاندنی ماناو ڕازانەوەی ئەدەبی و هونەری لە بەرهەمەکاندا لە یەکتری دەخوازن. لەبەر ئەمە چەشنە ئەدەبییەکان بەبەردەوامی پاوانەکانی یەکتر دەبەزێنن و جۆری لێکدراو یان ئاوێتەی نوێ دەهێننە کایەوە ، بەمەش تیۆری چەشنە ئەدەبییەکان لە پۆلبەندیی جۆرو هونەرەکاندا بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێت و ژمارەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەی کە دەکرێ هەبێ دیاری ناکات و بە نوسەر ناڵێ کە چ پێوەرێك پەیڕەو بکات.[3]

لە بنەڕەتدا بنچینەی ئەم تێکەڵبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوبەشییەی کە هەر لە سەرەتاوە لە نێوان ئەم سێ جۆرەی ئەدەبدا هەبووە ، چونکە (( شیعری لیریکی و هەروەها ئێپیکی و درامیش هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو ڕوون و پوخت نین، بەڵکو هەریەکەیان لەگەڵ دوانەکەی تردا تێکەڵی یەك دەبن ))[4] ، بۆ نموونە شیعری داستانی و درامی هەر لەکۆنەوە پەیوەندیی بەتینیان هەیە، بە جۆرێك لە کەرەستەی لاساییکردنەوەو بابەتی لاساییکردنەوەدا هاوبەشن ، ئەوەی هەیە تەنها لە شێوازی لاساییکردنەوەکەدا جیاوازن کە داستان گێڕانەوەییە و لەدرامادا پیشاندانەوەی ڕووداوە ، واتە کرداره لە ئێستاداو ئەمەش جیاوازییەکی کەمە لە چاو ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ شیعری لیریکیدا هەیانە .

---

[1] – رنه ولك ، اوستین وارن، نظریة ادبیات، ترجمه.ضیاء موحد و پرویز مهاجر ، انتشارات نیلوفر ،چاپ سوم، تهران 1390، لا 269 .

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 269 .

[3] – بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ، لا 270 .

[4] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، لا43 .

سەرەڕای ئەو جیاوازییانەش لە نێوان ڕەگەزی دراماو شیعری لیریکیشدا هاوبەشی هەیەو بە تەواوی دانابڕێن لە یەکتر، لەم بارەیەوە ئەدەبناس ئیمیلی ستایگەر دەڵێت : (( هەندێ جار باس لە دراما دەکەین وەك درامای لیریکی )) [1]، واتە لە شێوازو دەربڕین و تێکەڵبوونی بابەتە خودییەکاندا ڕەگەزەکانی لیریك ئاوێزانی شێواز و خستنەڕوو لە درامادا دەبن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە و بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە ، ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان شیعری داستانی و شیعری لیریکیدا هەیەو لە کۆنەوە کەم تا زۆر ڕەگەزو دەربڕینی خودی و هەستی مرۆڤ تێکەڵ بە گێڕانەوە و چیرۆکە شیعرییەکان بوون ، بەتایبەتی لە ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا ، داستانە دڵدارییەکانی ( شیرین و خوسرەو و لەیل و مەجنون .....هتد ) لای هەندێك لیکۆڵەر بە بەشێك لە قاڵب و ناوەرۆکی شیعری لیریکی دادەنرێت [2]، تەنیا داستانەکانی " شانامە" کە پاڵەوانییەتی و شەڕە ، بەشیعری داستانی یا ئەوەی پێی دەڵێن "*حماسە*" دادەنرێت ، سەرەڕای بوونی شێوازی گێڕانەوە و بابەتی بوونی ئەو تێمەیەی کە داستانەکان هەیانبووە هەروەها گێڕەرەوە کە ئەوکاتانەی خودی (شاعیرە) نەك کەسانی ناو داستانەکە ، ڕاستەوخۆ بەشێك نەبووە لە چیرۆکەکە و لە دەرەوە وەك گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەم ئەرکە دەبینێت.

واتە لە ڕووی سۆزو دەربڕینەوە وروژێنەرە و تایبەتمەندیی شیعری لیریکی لەبەرچاو گرتووە، بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم ڕایەش هەندێك لە ڕەخنەگران بۆچوونیان وایە کە: ((شیعری ویژدانی گەلێك ڕەگەزی چیرۆکی تێدایە ، چونکە ڕەگەزی چیرۆکی جۆرە دەربڕینێکی هەیە ، هەرچی سۆزو بۆچوونی خودی و بابەتی هەبن لەگەڵ گوتاری چیرۆکەکەدا لەکاتی

[1] –سەرچاوەی پێشوو ، لا37.

[2] – بڕوانە: دکتۆر منصور رستگار فسائی، انواع شیعر فارسی ، لا 168.

چیرۆکنووسیندا بەرجەستەی دەکات ))[1] ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دەکرێ دەنگی شاعیر یان هەستی ناڕاستەوخۆ لە شیعری چیرۆکیدا کەم تا زۆر ئەگەرچی کاڵ و سێبەرئاساش بێت ، هەردەربکەوێت و لە هەندێ شوێندا ببێتە بەشێك لە داستانەکە ، بە تایبەتی ئەوکاتانەی کەشاعیر وەك مرۆڤێك بۆ ناو کۆمەڵ و بابەت و کەسەکانی ناو چیرۆکە شیعرییەکە یان داستانە شیعرییەکە بگێڕینەوە.

جاری واش هەیە چیرۆك تەنیا گۆشەنیگای خودی دەگێڕێتەوە لەو کاتانەدا : (( چیرۆك ڕووداوێکە بە ڕێگای ئیستاتیکی و تەکنیکی و بە شێوازو بنەمای ئەدەبی ویژدانی یان خودی بینینێکی یەکلایەنەی خودی دەگێڕدرێتەوە ))[2] ، بۆیە شیاوە لەیەك چیرۆکدا بینینی مێژوویی و خودی وئەفسانەیی تێکەڵی یەك بکرێن و لە یەك کاتدا ڕەنگبدەنەوە.

سەرەڕای بوونی تەکنیك وشێوازی هاوبەش بۆ دەربڕینی ئەو جۆرە شیعرانە ، جگە لە قۆناغی زۆر سەرەتایی کە تا ڕادەیەك جیاکراوە بووە، لە دواتردا لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا شێوازی هاوبەشیان هەبووە، بەڵگەی ئەم قسەیەشمان بوونی گێڕانەوەیە لە ناو داستان و غەزەل و قەسیدەی ڕۆژهەڵاتیدا کە سەر بە شیعری لیریکین ، وەك سەرچاوە فارسییەکان خۆشیان ئەمەیان دووپاتکردۆتەوە کە دەڵێن: (( شێوازی گێڕانەوەیی یان چیرۆکی هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە هەموو جۆرەکانی شیعری داستانی و فێرکاری و لیریکی و درامیشدا بەشێك بووە لە پێکهاتەی ئەو شیعرانە))[3] . واتە هونەری گێڕانەوە کە سەرەکیترین خاڵی جیاکەرەوەی شیعری داستانییە تەنها لەو جۆرە

---

[1] – زۆزان صادق تروانشی، چیرۆکە شیعرا کوردی ( ئەدگارێن ڤەگێڕانێ– ئاست و شێواز ، قەدری جان وەکو نموونە) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك ، 2008 ، لا78( وەرگیراوە لە محمد غنیمی هلال ، المدخل الى النقد الأدبي الحديث ، القاهرە، 1962، ص 429 ).

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 79 .

[3] – رضا روحانی –احمد رضا منصوری ، غزل روایی خاستگاە ان در شعر فارسی ، پژوهش زبان و ادبیات فارسی، شمارە هشتم، 1386 ، لا106 .

شـــيعرەدا نـــەبووەو هەنـــدێ جـــار شـــێوازی دەربڕینـــی جۆرەكـــانی تـــری شـــیعریش بـــووە . ئەمـــەش ئـــەوە دووپاتدەكاتـــەوە ، كـــە هـــەر لـــە ڕۆژانـــی ســـەرەتایی درووســـتبوونی ئەدەبـــەوە ســـنووری ئـــەم ژانرانـــە نزیكبـــووەو تێكـــەڵی لـــە نێـــوان ژانرەكانـــدا هـــەبووە و ئەمـــەش لەگـــەڵ ڕاكـــانی پیشـــوودا ئـــەوە دەســـەلمێنن، كـــە شـــێوەكانی ئـــەدەب لـــە بنەڕتـــەوە هاوبەشـــییان هەیـــەو بـــە درێـــژایی مێـــژوو هەرچـــەندە دووركەوتبنـــەوە لـــە یـــەكتر ، یـــان ڕەگـــەزی تریـــان لێ بووبێتـــەوە ، بـــەڵام دەكـــرێ بـــە پێـــی خواســـتی ســـەردەم و قۆنـــاغی ئـــەدەبی جـــارێكی تـــر چـــوونەناویەك و پەیوەســـتبوونیان لێ ڕوودباتـــەوە ، جـــا ئـــیتر لـــەپێناوی جوانكـــاری یـــان گەیانـــدن و مەبەســـت و بابەتەكـــەدا یـــان هـــەر لایـــەنێكی تـــری ناوەڕۆك یان شێواز دا بێت .

هەریـــەك لـــەم شـــێوانە چـــەندین لـــق و ژانـــری تریـــان لێ بۆتـــەوە كـــە هەنـــدێكیان ســـەربەخۆن و هەندێكیشـــیان تیكـــەڵن لـــە دوو شـــێوەی بنـــەڕەتی . لێـــرەدا ئێمـــە بـــە شـــێوەیەكی خێـــرا بـــاس لـــە ســـنووری لێـــك نزیكبوونـــەوەی ئـــەو ژانرانـــە لـــە ئـــەدەبیاتی پێشـــوو و نوێـــدا دەكـــەین، هـــەروەها هەنـــدێ ژانـــرو جـــۆری ســـەربەخۆی نـــوێ كـــە لـــە بنەڕەتـــەوە بەشـــێكن لـــەو ســـێ شـــێوە بنەڕەتییـــەی ئـــەدەب كە باسكران ، دەخەینەڕوو.

## أ-2- ژانرەكانی نێو ئێپیك و لیریك و دراما

ژانـــری ئـــەدەبی لـــە وشـــەی (genre، جـــۆر ، شـــێوە ) وە هـــاتووە، كـــە جـــۆرە بەرهـــەمێكی ئەدەبییـــە لـــە ڕەوتـــی مێژوویـــدا پەیـــدا بـــووە و خـــەملاوە. لـــە ڕووی تیۆرییـــەوە چـــەمكی ژانـــر ئـــەو ســـیما هاوبەشـــانە دەگرێتـــەوە ، كـــە كـــەم تـــا زۆر تایبەتمەنـــدیی گرووپێكـــی فراوانـــی بەرهـــەمی ئـــەدەبیی ســـەردەمی نەتەوەیـــەك یـــان ئـــەدەبی جیهانییـــە و دەشـــێ بوترێـــت زۆربـــەی ژانرەكـــان بەســـەر جـــۆردا دابەشـــدەكرێن. ئـــەویش بـــەهۆی پرنســـیپی هاوچەشـــن و تایبەتمەنـــدیی گشـــتی (theme، بابـــەت ) لـــە لایەكـــەوە وتایبەتمەنـــدیی وێنـــەیی و هونـــەری و جـــۆری بونیادەكـــەی لـــە لایـــەكی تـــرەوە . لەگـــەل هـــەموو ســـیما گشـــتییەكانی

ژانریشدا لە ئەدەبی جیهانیدا، تایبەتمەندی و پرۆسەی مێژوویی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك دەوری لە چۆنێتی ئەو ژانرانەدا هەیە کە سیمای ئەدەبی و نەتەوەیی هەرگەلێکن.[1] هەروەها بیرمەند و ئەدەبناسی ناسراو ، بیدندیتۆ کرۆچە، دەربارەی ژانرو تیۆری ژانر دەدوێ و پێی وایە : (( ڕەخنەی نوێ کە ڕێبازێکی باو و زاڵە و جەخت لەسەر تاکیی تێکست و ئۆتۆنۆمی تێکست دەکات، ئەمەش باری ژانرو تیۆری ژانری لە زانستی ئەدەبناسدا باشنەکردووە))،[2] بەلام لە تازەکردنەوەی تیۆریی ئەدەبناسیدا بۆنموونە فۆرمالیستەکان و.......هتد ئاوڕیان لە تیۆریی ژانر داوەتەوە و شییانکردۆتەوە، کە ژانر چییەو تایبەتمەندی و پیناسەی چییە و پەیوەندییان لەگەل یەکتردا ڕوونکردۆتەوە[3] ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە هەوڵدەدەین ژانرەکانی شێوە بنەڕەتییەکانی ئەدەب لە خوارەوە بخەینە ڕوو:

ئێپیك هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە لە قۆناغی سەر زاری و دواتر نووسراوی گەلاندا چەندین جۆرو ژانری تری لێ بۆتەوە کە لە سەرەتادا هەموو ئەمانە لە قاڵبی شیعریدا نووسراون و دواتر ژانر بە پەخشان هاتۆتە ئاراوە. لە سەرەتاوە ژانرەکانی وەکو پۆیەمای شیعری داستانی زۆر بووە. لەو بارەوە وەکو داستانەکانی هۆمیرۆسی یۆنانی و چەندان نموونەی تر، بە درێژایی مێژوو لە قۆناغەکانی دواتردا ، ژانرەکانی ئێپیك ڕوو لە فراوانبوون بوون و لە شێوەکانی نۆڤێل و چیرۆکی کورت و درێژ ودواتر ژانری ڕۆماندا خۆیان بینییەوە[4] ، کە بە پێوانەی بەرهەمە کۆنەکان بە پەخشان دەنووسران، هەرچەندە لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوازەوە هەڵگری هەمان خواست و پەیامی ئەدەبی بوون، کە پێشتر لە شێوەی ئێپیکدا هەبوون، لەم بارەوە هەندێك لە نوسەرو لێکۆڵەران پێیان وایە کە : (( لە شوێنی مەرگی ئەدەبی داستاندا لە ئەورووپای سەردەمی بووژانەوەدا

---

[1] -بڕوانە: ڤ.م. کۆژێڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ.، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ، مۆسکۆ، 1987، لا 106 – 107 .

[2] - E.H.Aurelius & TH. Goustelius. Genre- teori, lund (Sweden) 2002, s. 5 .

[3] – بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو لا 5 .

[4] –بڕوانە: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، لا 57– 58 .

شـــێوەیەکی داســـتانی نـــوێ ســـەرهەڵدەدات ، کـــە نوێنەرەکـــەی ڕۆمانـــە )) [1] ، هـــەر لـــەم ڕووەوە ئـــەدەبناس ڤیلیمـــاین (Villemain) دەڵـــێ: (( ڕۆمـــان هـــیچ نییـــە جگـــە لـــە چـــیرۆکی شـــیعری یـــا داســـتانی میللەتانـــە)) [2] . واتـــە دەکـــرێ لـــە یـــەك شـــێوەی بنـــەڕەتی چـــەندین جـــۆری جیـــاوازی ئـــەدەبی ســـەر هەڵبـــدات و بـــەردەوام لە گۆڕاندا بێت و شێوەی نوێ بێتە کایەوە.

جگـــە لـــەم ژانرانـــە کـــە تاڕادەیـــەك ســـەربەخۆن و ســـەر بـــە ئێپـــیکن ، لـــە ئـــەنجامی بەریەککـــەوتنی هـــەردوو شـــێوەی لیریـــك و ئێپیـــك لـــە ئـــەدەبیاتی پێشـــوودا بـــە تایبـــەتی لـــە ســـەردەمی ڕۆمانســـییەکاندا چـــەند ژانـــری تـــر بەرەویـــان هـــەبووە کـــە هاوبەشـــن لـــە نێوانیانـــد ا ، کـــە ئـــەوانیش ژانرەکـــانی ***بـــالاد***، ***چـــیرۆکە شـــیعر یـــان ڕازە شـــیعر*** کـــە گێڕانەوەیـــەکی لیریکییـــە، ***فابیلـــە***، کـــە هـــەر لـــە بنەڕەتـــەوە بەڵگـــەی پەیوەنـــدی و چـــوونەناویەکی ژانرەکـــانی ئـــەدەبن و هۆکـــاری بەردەوامبوونیانن [3] .

ئـــەو ژانـــرو بەشـــانەی کـــە ســـەر بـــە لیریکیشـــن بـــە هـــەمان شـــێوە هـــەر لـــە کۆنـــەوە دابەشـــبوون بەســـەر چـــەندجۆرێکدا ، ئەمـــەش بـــە پێـــی گـــەل و نەتـــەوەکانی ڕۆژهـــەلات و ڕۆژئـــاوا کـــە تاڕادەیـــەك لـــە نێوانیانـــدا جیـــاوازیی هـــەبووە ، ژانرەکـــانی لیریـــك لـــە ئـــەدەبی ئەوروپاییـــدا ، کـــە بنەماکـــەی یۆنـــانی کۆنـــە، دابـــەش بـــوون بـــۆ : ***گـــۆرانی–ســـروود، پۆیـــەما–شـــیعری درێـــژی لیریکـــی ، ڕۆمـــانی لیریکـــی، ئێلێگـــی– ســـکالاو لاواندنـــەوە ، ئـــۆدە–قەصـــیدە ، نامـــەی شـــیعری ، ئێپیگـــرام*** ، لـــە ئـــەدەبیاتی ڕۆژهەلاتیشـــدا بـــە پێـــی ڕوخســـار جیاکراونەتـــەوە بـــۆ قاڵبـــەکانی غـــەزەل و قەســـیدەو بـــەیت و لـــە ڕووی نـــاوڕۆك و تێمەشـــەوە بەســـەر شـــیعری وەســـف و ئـــاینی و خۆشەویســـتی و...هتـــد دابەشـــبوون . هـــەروەها هـــەر لـــە کۆنیشـــەوە درامـــاش دابەشـــکراوە بـــۆ هـــەردوو جـــۆری تراژیـــدیاو کۆمیـــدیا کـــە

---

[1] – سەنگەر قادر محمد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلیدا، لا 39 کە لە (کتێبی: ف.ف. کوزینوف، الروایة ملحمة عصر الحدیث ترجمة. جمیل نصیف التکریتی، الطبعة الثانیة، دار الشئوون الثقافیة العامة– آفاق عربیة بغداد، 1986، لا 11) وەرگیراوە .

[2] – سەرچاوەی پێشوو ، لا 33 .

[3] – بڕوانە: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ،هەمان سەرچاوە ، هێڵکارییەکەی لا 60 .

**هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە چەندین ڕەگەزی سەرەکیی وەك کات وشوێن و بیرۆکە و.... پێك دێت [1] .**

**خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ژانری پەخشان و دوای تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە شیعرییەی کە لە سەرەوە باس کرا بە هەموو بەشەکانییەوە ، لە ئەدەبیاتی نوێدا جارێکی تر ئەو ژانرو بەرهەمانەی کە بەشی سەرەکی پەخشان بوون وەك چیرۆك و ڕۆمان و بە پێی قۆناغی مێژوویی و پێویستیی کۆمەڵگە جارێکی تر خۆیان لە ژانرو جۆرە جیاوازەکانی شیعر نزیك کردەوە ، واتە ڕەگەزو بەرهەمە درێژکراوەکانی لیریك و ئێپیك لە سەردەمێکی ترو لە شێوەی تردا بەریەك دەکەونەوەو دەبنە هۆی درووستبوونی ژانری نوێ لە ئەدەبیاتدا ، هەربۆیە وەك رینیە وۆلك و ئاوستین وارین دەڵێن: (( زۆرێك لە تیۆرییەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێت جیاوازیی نێوان پەخشان و شیعر لە ناوبەرن )) [2] .یان هەروەك نوسەر رالف کۆهن دەڵێ: (( نوسەرانی پۆست مۆدێرنە سنوورەکانی نێوان ژانرەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە و پشتگوێیان خستووە،......، لەسەر ئەم بنەڕەتە ژانر، زاراوە و چەمکێکی نابەجێیە )) [3] .**

**ژانرەکان بەردەوام لە گۆڕاندان وەك چۆن تۆنیانۆفی فۆرمالیستی ڕووسیش:(( بیری ژانری وەك قەبارەیەکی گۆڕاو لە سیستێمێکی دینامیکدا بەرجەستەدەکرد )) [4] ، لە قۆناغی دواتریشدا بەتایەتی لەسەردەمی لاوازبوونی سنووری ئەو ژانرانەی کە لە سێ لقە سەرەکییەکەوە پەیدا بوون ، زۆرێك لە نوسەرەکان بەرهەمەکانیان تەنیا لە ژێر باڵی یەك ژانری ئەدەبیدا نابیننەوە و ئەمەش وای کردووە جارێکی تر ئەدەب نوێ بکاتەوە. [5] هەر بۆ نموونە ڕۆمانسییەکان هەرچەندە لەگەڵ پەیدابوون ودەرکەوتنیان لە ئەڵمانیا**

---

[1] – **بروانە: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی (هێڵکارییەکەی)، لا** 64– 65 .

[2] – **رنەولك ، اوستین وارن ، نظریة ادبیات، لا** 261 .

[3] – **رالف کوهن ، ژانرهای پسامدرن، ادبیات پسا مدرن، تدوین و ترجمە .پیام یزانجو، چاپ دووم، نشر مرکز، تهران ،**1381 ، **لا** 231 .

[4] - E.H.Aurelius & TH. Goustelius. Genre- teori, s. 7 .

[5] – **تزفیتان تودوروف، مفهوم الادب و دراسات اخری، ترجمە عبود کاسوخە، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ، سوریة،** 2002 ، **بەشی** 2–**لا**21.

**لەگـــەڵ ئـــەوەدا بـــوون کـــە ژانرەکـــان ســـنووری خۆیـــان بپـــارێزن، بـــەڵام ئەمـــە زۆری نەخایانـــد و گـــۆڕاو بۆچـــوونی نـــوێ لـــەم بارەیـــەوە هاتـــە کایـــەوە بـــە تایبـــەتی لای مـــۆریس بلانشـــۆ کـــە دەڵـــێ: (( گرنگـــی تـــەنها بـــۆ بەرهەمەکەیـــە هـــەروەکو ئـــەوەی کـــە خـــۆی هەیـــە دوور لـــە ڕەگـــەزو لـــە دەرەوەی ســـنووری ناونیشـــان، *پەخشـــان، شـــیعر ، ڕۆمـــان ، بەڵگەنامـــە* ، کـــە ئەمانـــە ناچـــنە ژێـــر بـــاڵی ڕەگـــەزێکی دیـــاری کـــراوەوە ، کـــە شـــوێن و شـــێوەی بـــۆ دیاریبکـــات ، ئێســـتا بەرهـــەمی ئـــەدەبی ســـەر بـــە هـــیچ ڕەگەزێك نییە، چونکە هەموویان سەر بە ئەدەب خۆین ))[1].**

**زۆربـــەی ڕەگـــەزە ئەدەبییـــەکان بـــە وانـــەی ســـەدەی نۆزدەشـــەوە کـــە *ڕۆمـــان و شـــیعر*...هتـــد دەگرنـــەوە بـــە پێـــی بۆچـــوونی تیۆردانـــەران و لێکۆڵـــەران لەوانـــە تـــۆدۆرۆف دەڵـــێن: لـــە هەڵوەشـــاندنەوەی واقیعێکـــدا کـــە شـــێوەو ڕەگـــەز واتایـــەکی ڕاســـتەقینەیان نـــەماوە ، پوچـــیی و بێمانایـــە کـــە پرســـیار بکـــرێ ئایـــا بەرهـــەمێکی دیـــاریکراو ســـەر بـــە ژانـــری پەخشـــانە یـــان هـــەر هونـــەرێکی تـــری گێڕانـــەوەیی یـــان ئـــەدەب بـــە گشـــتی، بـــەو مانایـــەی کـــە ســـنووری ئـــەم ڕەگەزانـــە بـــە جۆرێـــك نـــزیکن کـــە جیاکردنـــەوەیان ئاســـان نییـــە.[2] . ســـەرەڕای ئەمـــەش تـــۆدۆرۆف پێـــی وایـــە کـــە (( چـــەمکی ژانـــر بریتییـــە لـــە ڕێکـــەوتنێك دەربـــارەی بەرهەم و تێگەیشتن لە تێکستی ئەدەبی و چەمکێکی زانستی نییە)).[3]**

**لەگـــەل ئەوەشـــدا ئـــەم پێکداچـــوونە بۆتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی ژانـــری *پەخشـــانە شـــیعر* لـــە ئەدەبیاتـــدا و دواتـــر پەیـــدابوونی چـــیرۆکە شـــیعر یـــان شـــیعری گێڕانـــەوەیی لـــە ئـــەدەبیاتی نـــوێی جیهانـــدا و لـــە هەنـــدێ حاڵەتـــدا بـــە تـــەواوی تێکـــەڵبوون و توانـــەوەو ئاوێتـــەبوونی ڕەگـــەزو تایبەتمەندییـــەکانی ئـــەو دوو ژانرەیـــە و ســـەرەڕای ئـــەوەش لـــە هەنـــدێ کاتـــدا دەبیـــنین: (( هەرچـــەندە توخمـــە جیاوازەکـــانی ژانـــرە ئەدەبییـــەکان لـــە دەقێکـــدا کۆببنـــەوە ، بـــەڵام جیـــاوازی بونیادی شیعرو پەخشان هەر دەمێنێ. ))[4] .**

[1] – **سەرچاوەی پێشوو، لا 22 .**

[2] – **بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا 21 .**

[3] - E.H.Aurelius & TH. Goustelius. Genre- teori, s.10

[4] – **نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەق لەنیوان ژانرە ئەدەبییەکاندا– ئەزموونی خوێندنەوی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی ، چاپی یەکەم ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006 ، لا65.**

ئەم پەیوەندییە ئەدەبییەی ئەم ژانرانەو دانەبڕانیان بە درێژایی مێژووی ئەدەبی لە یەکتر ، بووەتە بنچینە و ڕێگەخۆشکەر بۆ فراوانبوونی خزمایەتیی نێوانیان ، لە پێناو نوێکردنەوەی ئەدەبیاتدا . جگە لە بوونی پەیوەندی هۆکارێکی تریش بۆ هاتنە ناوەوەو گەشەی ژانری نوێ لە ئارادایە ئەویش وەك ئەدەبناس ئیرینا ریما ئاماژەی پیداوە، کە ئەوەی ڤیکتۆر شکلۆفسکی خستوویەتە ڕوو ، بووەتە پێوەرێکی گرنگی گۆڕانی ژانرەکان ئەویش یاسای بەناوەندکردنی لقیکی تازەیە لە ڕێگەی گرنگیدانەوە بەو لقە ئەدەبییانەی کە لە کۆندا زۆر گرنگ نەبوون و لە پەراوێزدا بوون، کە مەبەست لە *باڵاد*، *چیرۆکی پۆلیسی* و.....هتد کە دێتە کایەوە و بە گونجاندیان لەگەڵ ژانرە جێگیرەکاندا ئەدەب تازە دەکاتەوە [1] .

ئەو ژانرانەش کە بەهۆی نزیکی و پەیوەندی ژانرەکانی ترەوە پەیدابوون و گەشەیان کردووە ، بە هێزی و سەرکەوتوویان بەشێکی کەوتۆتە سەر توانای لێهاتوویی ئەو نوسەرەی ئەم هاوبەشییە لە بەرهەمەکەیدا جێی دەکاتەوە . چەسپاندن و برەوی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبیش بە پێی کۆمەڵگاو ویستی خوێنەران دەبێت و هەر کۆمەلێك بە پێی بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژی خۆی ڕەگەزێکی ئەدەبی هەڵدەبژێرێت و وای لێ دەکات زاڵ بێت بەسەر ڕەگەزەکانی تردا ، ئەمەش وادەکات کە جۆرو ڕەگەزێکی ئەدەبی لە کۆمەڵگایەکدا هەبێت، یان فراوانتر بووبێت وەك لە کۆمەڵگایەکی تر کە دەشێت هەمان ڕەگەز تیایدا کپ بووبێتەوە یان هەر نەبێت . بەو هۆیەوە لە ڕێگەی جیاوازیی بوونی ڕەگەزە ئەدەبییەکانەوە ئایدۆلۆژی و بیری کۆمەڵگە لەڕێگەی لێکدانەوەوەی ئەدەبەوە دیاری دەکرێت ، بۆیە ئەمە ڕێکەوت نییە کە ژانری نوێ بەردەوام سەرهەڵبدات و لە سەردەمێکدا *پەخشانە شیعر* جێگەی شیعری کۆن بگرێتەوە یان گێڕانەوە و *ڕۆمان* یان *چیرۆکی شیعری و شیعری چیرۆك ئامێز* جێگەی داستانی کۆن، بگرێتەوە یان لەگەڵ یەکتر و لەیەك کاتدا هەبن [2] .

---

[1] – ایرنا ریما مکاریك ، دانشنامەی نظریه های ادبی معاصر، ترجمەی مهران مهاجر . محمد نبوی ،چاپ سوم، دفتر نشر اگه ، تهران 1388، لا 366 .

[2] – بڕوانە: تزفیتان تودوروف، مفهوم الادب و دراسات اخری ، بەشی 2، لا29

## پاری یەکەم– ب

## بـالآد ( وەك نموونــەی ئاوێتــەبوونی شـێوەكانی ئـەدەب لـە قۆناغـەكانی پێشوودا)

بـــە پێـــی قۆنـــاغی مێـــژوویی و ئـــەدەبی دیـــارترین جـــۆرو ژانـــری ئـــەدەبی کـــە ســـەلمێنەری پەیوەنـــدیی نێـــوان شـــێوەی *لیریـــك و ئیپیـــك* ، یـــان *شـــیعرو پەخشـــان* بـــن لـــە ســـەردەمی ڕابـــردوو ئێستاشـــدا ژانرەكـــانی بـــالآد و پەخشـــانە شـــیعرو دواتـــر چـــیرۆكە شـــیعر یـــان شـــیعری چـــیرۆكئامێزن { لـــە ئـــەدەبی نوێـــدا كـــە جیـــاوازە لـــە وەی لـــە بـــالآد دا هەیـــە } ، بۆیـــە بـــە پێویســـتی دەزانـــین بـــە شـــێوەیەكی چـــڕو پوخـــت لەســـەر هەریەكـــەیان بـــە جیـــا و لـــە پێنـــاو ناســـاندنی چـــەمك و زاراوەو هۆكـــاری ســـەرهەڵدان و تایبەتمەندییـــەكانیان وەك بنەمایـــەكی تیـــۆری بـــۆ باسەكەمان بدوێین .

**بالآد:**

لـــە ئـــەدەبیاتی ئـــەورووپادا چـــەندین جـــۆری ئـــەدەبیاتی گێڕانـــەوەیی یـــان چـــیرۆكی بـــە درێـــژایی مێـــژوو ســـەریانهەڵداوە ، كـــە لـــە ناوەڕۆكـــدا هەنـــدێكیان ســـەر بـــە شـــێوەی *لیریـــك* و لـــە شـــێوازو گێڕانەوەشـــدا ســـەر بـــە *ئێپیـــك* بـــوون ، بڵاوترینیـــان لـــە قۆناغێكـــدا ژانـــری *بـــالآدە،* كـــە جـــۆرێكی تایبـــەتی ئەدەبـــە و لـــە شـــێوەی گێڕانەوەدایـــەو بریتییـــە لـــەو شـــیعرەی كـــە بـــە ئـــاوازەوە وتـــراوەو لـــە ســـەرەتادا دەمـــاودەم گێڕراوەتـــەوە و ســـەرزاری بـــووە، مەبەســـتی ســـەرەكی یـــان بەشـــێوەیەكی گشـــتی بـــە تایبـــەتی لـــە ســـەرەتاكانی ســـەر هەڵدانییـــەوە بـــۆ خـــەڵكی سادە و نەخوێندەوار وتراوەوە .[1]

وشـــەی *بـــالآد* یـــش : (( وەرگـــیراوە یـــان داڕێـــژراوە لـــە وشـــەی ( ballare) ی لاتینـــی ، بـــەمانای ســـەماكردن ، چـــیرۆك، شـــیعرێكە كـــە لەگـــەڵ ئـــاوازدا ( بەئاوازەوە ) دەوترێت ، كە لە بنەڕەتدا سەمای لەگەڵ كراوە )).[2]

---

[1] –بڕوانە: سعید سبزیان و میر جلال الدین كزازی ، فرهنگ نظریه و نقدادبی ، لا61.

[2] –جمال میر صادقی . میمنت میر صادقی(ذوالقدر)، واژەنامە هنر داستان نویسی ، چاپ دوم، كتاب مهناز، لا51 .

دەربـــارەی ئـــەم ژانـــرە ئەدەبییـــەش بۆچـــوونی جیـــا هـــەن، بـــۆ نموونـــە بۆکنـــەر دەڵـــێ: (( هەنـــدێك لـــە ئـــەدیبان پێیـــان وایـــە کـــە بـــالاد لـــە کۆنـــەوە هـــەبووەو سەرچـــاوەی بەیتـــە داســـتانییە قەومییەکانـــە، هەنـــدێکی دیکـــە پێیـــان وا نییـــە کـــە *بـــالاد* پێشـــینەیەکی دورو درێـــژی هـــەبێ و بـــە هەنـــدێ کۆپلـــەی پاشمـــاوەی مەلحەمـــەو داســـتانی دەزانـــن ))[1] ، بـــە پێچەوانەشـــەوە ئەگـــەری ئـــەوەش هەیـــە کـــە بنـــەماو کەرەســـتەی بنـــەڕەتی بـــۆ داســـتانەکانی هـــۆمیرۆس بـــووبن[2] . هـــەروەها بـــەگوێرەی هەنـــدێ فەرهـــەنگی زاراوەی ئـــەدەبی و سەرچـــاوەی ئەدەبناســـی، زۆربـــەی ڕاکـــان لەســـەر ئـــەوەن کـــە بـــالاد دوو جـــۆری ســـەرەکی هەیـــە کـــە یـــەکێکیان: بـــە شـــێوازی ســـەرزارییە و نەنووســـراوە و مێژووەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەدەی یـــانزە و دوانـــزەی زایینـــی ، لـــە شـــێوازی ئـــەدەبی فۆلکلۆریـــداو لـــە نـــاو خەڵکـــدا بـــاو بـــووە ، کـــە شـــێوەی ســـادەی گێڕانـــەوەیی هـــەبووە ، جۆرەکـــەی تریـــان : ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پـــاش ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، بـــە بـــالادی ئـــەدەبی ناســـراوە و شـــێوازی نووســـراوی لـــەخۆگرتووە، کـــە لـــە لایـــەن شـــاعیرەکانەوە لـــە قـــاڵبی تایبەتـــدا نووســـراوە ، زۆربـــەیان ســـودیان لـــەو بـــالادە وەرگرتـــووە ، کـــە لـــە ناو خەڵکدا باو بووەو بەسەرزاری وەدەماودەم ڕۆیشتووە .[3]

نموونەیـــەکی تـــری بۆچـــوون دەربـــارەی ئـــەم ژانـــرە زانـــای ئەدەبناســـی ئێرانـــی ســـیماداد لـــە "فەرهـــەنگی اصـــطلاحات ادبـــی" دا پێناســـەی ئـــەم جـــۆرە شـــیعرەی کـــردووە، بـــەوەی چەشـــنێکی شـــیعرییە لـــە ئـــەدەبیاتی ئینگلیزیـــدا ، کـــە گێڕانەوەییـــە و تـــا ڕادەیـــەك کورتـــە و ســـادەیە، لـــە بنەڕەتـــدا بـــۆ گـــۆرانی دەنووســـرا . بابـــەتی بـــالاد بـــە بـــێ پێشـــەکی دەســـت پێـــدەکات و تیایـــدا ڕاســـتەوخۆ نـــاوەڕۆك یـــان مەبەســـت بـــۆ گوێگرەکـــان ئاشـــکرا دەبێـــت، هـــەروەها لـــە شـــێوازی وتـــن و بیســـتن –گفتوگـــۆ و وەســـفی کـــرداری کەســـایەتییەکانی چـــیرۆکەکەوە بـــۆ گـــوێگر دەگێڕدرێتـــەوە . یـــەکێك لـــە تایبەتمەندییـــەکانی بـــەکارهێنانی شـــێوازی بەنـــد– کۆپلـــە یـــەو ، لـــە لایـــەنی مێژووییـــەوە لـــە ئـــەدەبی ئینگلیزیـــدا ســـەرەتای دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەدەی یـــانزە و دوانـــزەی زایینـــی ، بـــەڵام لـــە ســـەدەی شـــانزە و

---

[1] – بۆکنەر– ب تراك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ، وەرگێڕانی حمە کەریم عارف ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008 ، لا286 .

[2] - بڕوانە: J.A.Cuddon. ADictionary of Literary Terms, London,1984, P.71 .

[3] – بڕوانە : M.H .Abams- Aglossary of literary terms ,p 21

حەڤدەدا بە لوتکەی گەشەسەندنی گەیشتووە و دوو جۆری سەرەکی هەیە – *بالادی فۆلکلۆری (عامیانە– folk)* ، کە نەنووسراوەو دەمـاودەم گوێزراوەتەوە و شاعیر یان نوسەرەکەی دیارنییە ، جۆری دووەم بالادی ( ئەدەبی literary) ، کە بە سوود یان سروش ( الهام ) وەرگرتن لە بالادە فۆلکلۆرییەکە لە شێوازی ئەدەبی نووسراودایە .[1]

بابەت و ناوەڕۆکی ژانری *بالاد* لە ژیانی کۆمەڵگەو بابەتە میللی و کولتوورییەکان و ئەفسانە وئەو چیرۆکانەی بە دەم خەڵکەوە بوون وەرگیراون، واتە ئەو بابەتانەی کە جێی خواست وبیرکرنەوەی ڕۆژانەی خەڵکبوون، بە زۆریش بابەتەکانی –خۆشەویستی و مردن– تەوەری سەرەکی بوون و ئەمەش لە شێوازێکی غەماویدا و بە شێوازی سادە کە خەیاڵیش تێیدا سادە بێت گێڕدراونەتەوە . ماوەیەکی زۆر هەر سەرزاری بوون تا لە دوای سەدەی هەژدەوە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا دەستکرا بە کۆکردنەوەو چاپکردنی بالادە فۆلکلۆرییەکان، لەگەڵ دیارنەبوونی نوسەری ئەم جۆرە ژانرەدا بە دڵنیایی، هەندێك لە نوسەران پێیان وایە کە لە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە لایەن سەربازەکان و هەندێ جوتیارەوە جۆرێك *بالاد* وتراوە کە هەمان تایبەتی بالادی سەرزاری سەدەکانی پێشووی هەیەو تا ئێستاش ماوە . لە جۆری بالادی ئەدەبی ئەو نموونانەی کە لەبەر دەستدان و پارێزراون سەرچاوەکان زیاتر ئاماژە بۆ شیعری ( دەریاوانی پیر)ی کۆلێردج( 1772–1834 ز) ، و (خاتوونە جوانە نامیهرەبانەکە ) ی کیتس ( 1795–1821ز) دەکەن و ئەم شیعرانە بەردەوام بە نموونەی ئەم جۆرە شیعرە دەهێندرێنەوە .[2] هەرچەند لەم بارەیەوە سەرچاوەی تر هەن، کە ولیەم بلیك (1757 – 1827 ز) یش بە نوسەری ئەم جۆرە شیعرە ناودەبەن و هەر ئەم سەرچاوەیە بۆ شیکردنەوەو دەرخستنی تایبەتمەندیی ژانری *بالاد* نموونەی لە شیعری "بلیك" هێناوەتەوە [3] ، هەروەها

---

[1] – سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی ،لا 73 .

[2] – بڕوانە: جمال میرصادقی ، واژەنامەی هنر داستان نویسی، لا 51 .

[3] – بروانە : www.creative-writing –now-com/poem-type?html-14-4-2013 ,p 2 .-

سەرچـاوەش هەیـە کـە پێـی وایـە بـە هـۆی شـاعیری مـۆدێرن" چـارلز کـاوزلی Charles Causley " بالأدی ئەدەبی هاتۆتە ئاراوە[1] .

لـە ڕووی ڕوخسـارەوە ئـەم جـۆرە شـیعرە چـەند تایبەتمەندییـەکی هەیـە کـە پێـی دەناسـرێتەوە ، یـەکێك لەوانـە *کێشـی-بـەحری بـالأدە* کـە شـێوازی خـۆی هەیـەو لـە ئـەدەبیاتی ئینگلیزیـدا زاراوەی (ballad metre) ی بـۆ دانـراوە، کـە کێشـێکە بـۆ قـالبی چـوارینە یـان لـە قـالبی "چـوارینە"ی بـالأددا بـەکار هـاتووە .[2] جگـە لـەوەی ئـەم جـۆرە شـیعرە لەگـەڵ هـەبوونی کێشـدا قافیەشـی هەیـە و ((زۆرجـار سـەروای (ا ب ج ب ) ی بـۆ بـەکار دەهێنـرێ ، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوەی کـە لـە چـوارینەیەکدا یـا بەنـدێکی چـوار دێڕیـدا دێـڕی دووەم هـەمان کـێش و سـەروای دێـڕی چـوارەمی دەبێـت ، بـەڵام یەکـەم دێـڕو سـێیەم دێـڕ یـەك کـێش و سـەروایان نییـە[3] )) . وەك ئاماژەشمـان پێکـرد ئـەم شـیعرانە بـە زۆری لـە شـێوەی بەنـد - یـان کۆپلـەی کـورت کـورت دان کـە گونجـاون بـۆ گـۆرانی و بڵاوتـرین جۆرییـەتی و پێشـی دەوتـرێ بـالأدی کۆپلـەیی ( ballad stanza) ، کـە چـوار دێـڕەو داهێنـەری ئـەم جـۆرە بـالأدە لـە ئـەدەبی نووسـراودا (Sir Patricks Spens ) ە لـە ئـەدەبی ئینگلیزیـدا ، ئـەم بالأدانـە خـاوەنی شـێوازێکی تایبـەتن کـە لـە کۆنـدا یارمـەتی گۆرانیبێـژەکانیان داوە کـە بەیتـەکانیان یـەك بەدوای یەکدا بیربێتەوەو زاڵبن بەسەریاندا کە ئەمانە بوون :

- وەسـفکردنی بەشـەکانی ڕسـتە یـان فرێزەکـان بـە وشـەی لێکچـوو لـە ڕواڵەتـدا بۆ نموونە: وشەی خوێن بە ←ـــــ شەرابی سور.

- دووبارەکردنەوە لە هەر کۆپلەیەکدا .

- لـە کـاتی دووبارەکردنـەوەی هـەردێڕە یـان کۆپلەیەکـدا بـە شـێوازێکی هونـەری وشـەیەك یـان دەسـتەواژەیەکی بـۆ زیـاد دەکرێـت کـە چیرۆکەکە بـەرەو پێشەوە دەبات .

ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە ئێسـتا بـەهۆی ئـامێری تۆمارکردنـەوە پـارێزراوە و جـاریکی تـر گۆرانیبێـژەکان سـوودی لێ دەبیننـەوە[4] . جـۆرێکی تـری بـالأد ، ***-بـالأدی ئـۆپێرا- یـە وەك دیـارە ئـەو شـیعرە بـووە کـە بـۆ ئـۆپێرا نووسـراوە، کـە***

[1] -بڕوانە: . J.A.Cuddon. ADictionary of Literary Terms, P.69 .

[2] – دکتۆر میر جلال الدین کزازی – سعید سبزیان، فرهنگ نظریه و نقدادبی ، لا 61 .

[3] – بڕوانە:- www.creative-writing –now-com/poem-type?html-14-4-2013 ,p 2

[4] – M.H .Abams, Aglossary of literary terms ,p.22 .

*لە لایەن (Gohn Gay) یەوە، لە ساڵی (1728 ز) لە ئۆپێرای (سواڵکەرەکان)دا [1] سەریهەڵداوە.*

**لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتداو بەتایبەتی لە ئەدەبی فارسیدا بەهۆی بوونی ڕەگەزی گێڕانەوە و کێشی گۆرانی { کە خۆیان پێی دەڵێن وزن ترانەیی}، بەراوردی بالاد بە چامەی شیعری پێش هاتنی ئیسلام دەکەن و ڕایان وایە لەو دوو ڕووەوە ئەم ژانرانە لەیەك دەچن . هەرچەند بە تەواویش یەك شت نین . لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ چامەی " شاه بهرام" * دەکەن ، بە تایبەتی ئەوبەشەی کە کێش و قافییەدارە و بە نموونەی ئەو ژانرەی دادەنێن کە سیفاتی بالادی تێدایە . [2]**

**لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بە پێی ئەوەی کە خستمانەڕوو لە تایبەتمەندیی ئەم جۆرەی ئەدەب ، ئەم ژانرە نزیك دەبێتەوە لە (بەیت ) ی کوردی ، لەڕووی هەبوونی ڕەگەزی گێڕانەوەو سادەیی دەربڕین ونزیکی ئەو بابەتانەی کە باسی دەکات لە خەڵکی سادەو نەخوێندەوارەوە ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جۆرە هونەرەش زۆربەی جار بە شێوەی گۆرانی و دەماودەم وتراوەو ماوەتەوە . [3]**

**لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە بالاد ئەو ژانرەیە کە نموونەی بەرچاوی تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی شێوەکانی ئەدەبە ، لەگەڵ ئەو خاڵە جیاکەرەوانەشدا کە باسمان کرد ، بەکورتی (( لە بالاد دا لیریك و ئێپیك بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو تێکەڵی یەك دەبن ، بە وتەی ڤ.گ. بلینسکی:" لە بالاددا گرنگ ڕووداوەکە نییە ، بەڵکو ئەو هەستەیە کە دەیبزوێنێ ، ئەو بیرەیە کە دەیخاتە زەینی خوێنەرەوە")) [4] ، دەبینین جوولاندنی هەست لیریکێتیی ئەم بەرهەمە دووپات دەکاتەوە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە**

---

[1] - بڕوانە .: J.A.Cuddon. ADictionary of Literary Terms, P.73

2 – سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی ، لا 191.

*– "شا بەهرام" ناوی چامەیەکی کۆنی ئێرانییە کە دەشی یەکیك لە داستانەکانی "شانامە" بێت کە لەوێدا بە ناوی – بهرام گور–ەوەیە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، لا 191 .

[3] –مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، لا169 .

[4] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، لا 61 .

پێکەوەبوونی ئەم شێوازانە ڕەگی کۆنیان هەیەو ئەم پەیوەندییەش لە شێوەی ژانری سەربەخۆشدا دەرکەوتۆتەوە .

## پاری دووەم

## ئاوێتەبوون و نزیکبوونەوەی ژانرەکانی ئەدەب لە قۆناغێکی تری ئەدەبدا و دروستبوونی ژانری نوێ ( دەستپێکێك ).

وەك چۆن لە پاری یەکەمدا ئاماژەمان پێداو ڕوونمان کردەوە ، کە لەنێوان شێوەکانی ئەدەبدا پەیوەندی هەیەو خاڵە نزیکەکانیان بوونەتە هۆی پەیدابوونی ژانری نوێ و تێکەڵ لەو شێوانە ، بە هەمان شێوەش لە قۆناغەکانی تری ئەدەبی جیهانیدا ، بە تایبەتی لە دوای سەدەی هەژدە و نۆزدەوە ئەوژانرانەی کە زیاتر برەویان هەبووە ، *شیعرو پەخشان* بە هەموو جۆرەکانیانەوە ، بەهۆی بوونی خاڵی هاوبەش لە لایەکەوە و پێویستی سەردەمیش لەلایەکی ترەوە، وردە وردە بەرەو تێکەڵبوون و چوونناویەکی ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی یەکتر چوون .

واتە، دەتوانین بڵێین، کە چەشنە ئەدەبییەکان لەگەڵ گەشەسەندنی مرۆڤایەتییدا گەشەیان کردووە، ئەم گەشەکردنەش لەسەر یەك تەوەرەی دیاریکراو نەچۆتە پێشەوە، بەڵکو بەجۆرێك لە جۆرەکان گۆڕان بەسەر فۆڕم یان ناوەڕۆك یان هەردووکیاندا هاتووە. دەتوانین گۆڕان لە گەشەی چەشنە ئەدەبییەکاندا دابەشبکەین بۆ :

– مانەوە لە فۆڕمی گشتیدا و گۆڕان لە ناوەڕۆکدا، بۆ نموونە لە درامای نوێدا.

– کۆبوونەوەی چەند بەشێك – ژانرێك لە چەشنێکی نوێدا، وەك لە *پەخشانەشیعردا* دەردەکەوێت.

– گـــــۆڕان لـــــە ناوەڕۆكــــداو مانـــــەوەی فـــــۆڕم وەك خـــــۆی ، وەك لــــــە شــــــیعری ئەورووپیی نوێدا كە زانست ئاوێزانی دەقی ئەدەبی دەبێت .[1]

لەگـــــەڵ بــــوون و گـــــۆڕانی چەشـــــنی ئـــــەدەبی بـــــەم جۆرانـــــەی ســـــەرەوە ، دیـــــارترین جـــۆری گـــۆڕانی چەشـــنی ئـــەدەبی كۆبوونـــەوەی چـــەند چەشـــنێكە لـــە یـــەك چەشـــنی نوێـــدا ، كـــە چـــەندین ڕای جیـــاوازی بـــە دوای خۆیـــدا هێنـــاوە ، هـــەروەك نـــەوزاد ئەحمـــەد ئەســـوەد پێـــی وایـــە، كـــە وردبوونـــەوە و باســـكردنی چەشـــناو چەشـــنێتی دەق و ئـــــاوێزانكردن و نزیكبوونـــــەوەی ڕەگـــــەزەكانی ژانـــــرە جیاجیاكـــــان لـــــە تێكســـــتی نوێـــــدا ، یەكێكـــــە لـــــەو بابەتانـــــەی میتۆدەكـــــانی ڕەخنـــــەی نـــــوێ بەدوایـــــەوەن و هـــــەوڵی لیكۆڵینـــــەوەی دەدەن[2] . هەرچـــــەندە ئـــــەم ڕایـــــە بۆقۆنـــــاغێكی دواتـــــرەو بـــــاس لـــــە ســـــەردەمی ئێســـــتاو تێكـــــەڵبوونی ژانـــــری ئـــــەدەبی دەكـــــات لـــــەم ســـــەردەمەدا ، بەتایبـــــەتی كـــــە دەشـــــڵێ : (( شـــــیعر چـــــیتر بـــــاوەڕی بـــــە ســـــنوورەكانی خـــــۆی نـــــەماوە و پەڕیوەتـــــەوە نـــــەك تـــــەنها بـــــۆ ئـــــەو دیـــــوی ســـــنووری ژانـــــرە ئەدەبییـــــەكان ، بـــــەڵكو بـــــۆ هونـــــەرەكانی تـــــریش ))[3] ، كـــــە دەكـــــرێ بنچـــــینەی درووســـــتبوونی هاوبەشـــــی و ڕای لـــــەم جـــــۆرە بـــــەهۆی خاڵـــــە نزیكەكانیانـــــەوە بـــــۆ سەردەمی پێشووتر بگەڕێنینەوە .

لـــــە بنچینەشـــــدا تێكـــــەڵكردنی ژانـــــرە ئەدەبییـــــەكان یـــــان كاریگـــــەریی ژانرێـــــك بەســـــەر ژانرێكـــــەوە، هەنـــــدێك جـــــار شـــــێوەیەكە لـــــە هەڵتەكانـــــدنی دەق و بنـــــەما چەســـــپاوەكانی پێشـــــووی، كـــــە لـــــە بنچـــــینەدا پێكهاتـــــەكان ئاســـــایی ڕۆیشـــــتوون و دواتـــــر لـــــە پرۆســـــەی ئاوێتەبوونـــــدا شـــــێوازی تـــــازە ســـــازاوە ، كـــــە دەكـــــرێ لـــــە ئـــــەنجامی ئـــــەم كردەیـــــەدا دەق جـــــوانتر بێـــــت و بـــــەهای ئیســـــتاتیكی بـــــە

[1] –بڕوانە : هەڤال ئەبوبەكر، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسییەكان وڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین دا( نامەی ماستەر) ، زانكۆی سلێمانی، 2006، لا 27 .

[2] – نەوزاد ئەحمد ئەسود، دەق لە نێو ژانرە ئەدەبییەكاندا ، ئەزموونی خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەكی ڕەخنەیی، لا 118 .

[3] – سەرچاوەی پێشوو ، لا 118 .

پێکهاتەکـــــەی ببەخشـــــێ . لەبـــــەر ئـــــەوە و لـــــەم ڕێگایـــــەوە ژانرەکـــــانی *پەخشانەشیعرو چیرۆکە شیعر – شیعری چیرۆك ئامێز* – بەرهەم هاتوون [1] .

جگـــە لەمانـــەش ڕای جیـــاواز هـــەن، کـــە بۆچـــوونیان وایـــە تێکـــەڵکردنی ئـــەم ژانرانـــە دەبێتـــەهۆی شـــێواندنی ژانـــرە ســـەرەکییەکانی هەریـــەك لـــە *شیعروپەخشـــان* ، لـــەم بارەیـــەوە بـــۆ نموونـــە نوســـەرێك پێـــی وایـــە کـــە : (( کـــارێکی ناپەســـەندە چـــونکە هـــەر ژانرێکـــی ئـــەدەبی بـــۆ خـــۆی ناســـنامەو کەرەســـتەو تـــەکنیك و تەنانـــەت ئامـــانجی جیاوازیشـــی هەیـــە کـــە نابـــێ و نـــاکرێ لەیـــەك بەرهـــەمی ئەدەبیـــدا هـــەموو بســـڕێنەوە )) [2] . لـــە نـــاو نوســـەرانی عەرەبیشـــدا کاتێـــك باســـی تێکـــەڵی پەخشـــان و شـــیعر دەکرێـــت هەنـــدێك پێیـــان وایـــە ، کـــە دەکـــرێ ڕەگـــەزی شـــیعر لـــە پەخشـــاندا بـــەدی بکرێـــت ، بـــەڵام لـــە لایـــەن هەنـــدێ نوســـەرەوە بەرپەرچـــی دراوەتـــەوە ، لـــەم بارەیـــەوە شـــاعیری نوێخـــوازی عـــەرەب نـــازك ئەلمەلائیکـــە پێـــی وایـــە کـــە ناونـــانی پەخشـــان بـــە شـــیعر یـــان پەیوەنـــدییان بـــەو نزیکییـــە هـــیچ نییـــە جگـــە لـــە هەرەســـێکی فکـــری و شارســـتانی کـــە فیکـــری عـــەرەبی دەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ چـــەند ســـەدەیەك دواتـــر [3] . بـــەڵام زۆربەی ئەو ڕایانەی کە هەن بەگشتی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن .

بـــۆ ســـەلماندنی ئەمـــە و بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی جـــۆرو چـــۆنێتی پەیوەنـــدیی ژانـــری شـــیعرو پەخشـــان چـــەند ڕایـــەك لـــەو بارەیـــەوە دەخەینـــە ڕوو ، کـــە جـــەخت لەســـەر ئـــەوە دەکەنـــەوە ئـــەم هونەرانـــە لـــە بنەڕەتـــەوەو لـــە پێکهاتەیانـــدا لێکچـــوون و نزیکـــی هەیـــە ، بۆیـــە دەکـــرێ لـــە کـــات و شـــوێنی تـــردا لـــە ڕەگەزەکانیانـــدا پەیوەســـتبوون ڕووبـــدات و ببێتـــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی ژانـــری نـــوێ. یـــەکێك لـــەو ئەدەبناســـانە د.شـــوکری عـــەزیز ئەلمازییـــە کـــە دەڵێـــت: (( زۆربـــەی ڕەخنـــەگر و زانایـــان کـــۆکن لەســـەر ئـــەوەی کـــە *شـــیعر لـــە پەخشـــان* جیادەکاتـــەوە ئـــەو ڕەگـــەزە مۆســـیقا ئاشـــکرایەیە ، کـــە لـــە شـــیعرو داڕشـــتنی شـــیعریدا هەیـــە . دەبێـــت ئـــەو ڕاســـتییە گرنگـــەیش تەئکیـــد بکرێـــت کـــە جیـــاوازی لـــە نێـــوان جۆرەکـــانی ئـــەدەب یـــاخوود *شـــیعرو پەخشـــان* لـــە ڕووی جەوهـــەرەوە نییـــە ، بـــۆ هەریـــەکێکیان بـــەکارهێنانی تایبـــەتیی زمـــان هەیـــە، بـــەڵام جیـــاوازی نێوانیـــان لـــە پلەدایـــە ، ســـەرەڕای دەرکـــەوتنی

[1] – بڕوانـــە: هـــێمن عومـــەر خۆشـــناو، شـــیعریەتی دەقـــی چـــیرۆکی کـــوردی، چـــاپی یەکـــەم، چـــاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر 2010 . لا 54 .

[2] – زاهیر ڕۆژبەیانی، شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008، لا8 .

[3] – نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الرابعة عشرة ، دار العلم للملايين، لبنان 2007 ، لا 221 .

ڕەگـەزی مۆسـیقا لـە شـیعردا)) [1]. دیـارە مەبەسـت لـەم جـۆرە پەخشـانە پەخشـانی هونـەری یـان ئەدەبییـە، کـە لـە زۆر لایـەنی وەك جوانکـاری و زمانییـەوە لەگـەڵ شـیعردا یەکدەگرێتـەوە . سـەبارەت بـە ڕەگـەزی مۆسـیقاش ڕای تـر هەیـە کـە پێـی وایـە جیـاوازی نێوان شـیعر و پەخشـان ئـەوە نییـە کـە شـیعر پابەنـد بێـت بـە مۆسـیقاوە و پەخشـان ئەمـە لـە خـۆ نـەگرێت، بـەڵکو جیاوازییەکـە لـە جـۆرو چـۆنییەتی ئـەو مۆسـیقایەدایە کـە لـە دەقەکانـدا دەردەکـەوێت ، واتـە هـەردووکیان خـاوەنی ڕەگـەزی مۆسـیقان ، بـەڵام دەرکـەوتنی ئـەم ڕەگـەزە بەشـێوەی جیـاواز دەبێـت . مۆسـیقای شـیعر هەڵوێسـتە دەکـات و گـرژ دەبێـت و هەرچـی مۆسـیقای پەخشـانە کراوەتـرەو کـەمتر پابەنـد دەبێـت بـە یاسـایەکی دیـاریکراوەوە، بۆیـە دەبیـنین کـە ڕەگـەزی مۆسـیقاش ناتوانێـت ئـەم دوو ژانـرە بەتـەواوی لەیـەك دابڕێـت [2] . واتـە جیـاوازیی نێـوان *شـیعرو پەخشـان* لـە هەنـدێ خاڵدایـە کـە هەنـدێ جـار لاوەکـی دەردەکـەون و دەتوانرێـت وەلابنـرێن . لـە پەخشـاندا بـیرو مەبەسـت ڕونـترو زووتـر و ڕاسـتەوخۆ لـە زۆربـەی بـاردا بـە خوێنـەر دەگـا، کـە ئەمـەش لەوانەیـە ئامـانجی ئـەم هونـەرە بێـت، بـە بـەراورد بـە شـیعر کـەخودی جـوانیی چـنین و وێنـەکان بـە ڕێگـەی جیـاواز و تایبـەت بەهـەر نوسـەرێك جـەختی لەسـەر دەکرێتـەوە دیـارە وەك پێشـتریش وتمـان زیـاتر پەخشـانی ئەدەبییـە، کـە لـە ڕووی بونیـادەوە و لـە بـەکارهێنانی زمـان و شیعرییەتدا لە شیعر نزیك دەبێتەوە ، نەك جۆری تری پەخشان.

ئـەوەی پێویسـتە بوترێـت ئەوەیـە کـە ئـەم پێناسـەو چـەمکانە بـە پێـی تێپـەڕبوونی قۆنـاغی مێـژوویی و ئـەدەبی، بـەردەوام دەگـۆڕێن ، هاوتـا لەگـەڵ گـۆڕانی ڕەگـەزو تایبەتییەکانیشـیان ، بـۆ نموونـە دەبیـنین تایبەتمەنـدیی شـیعر لـە ئـەدەبیاتی هاوچـەرخدا چـۆن دەکەوێتـە بـەر تێڕوانینـی نـوێ و دەگۆڕێـت ، لـە بۆچـونی نوێـدا وەك ژنـە شـاعیری نوێخـوازی عـەرەب نـازك ئەلمەلائیکـە، بـاس لـە بۆچـوونێکی خـەزامی سـەبری دەکـات، کـە دەڵێـت : (( شـیعر بابەتێکـە هـیچ پەیوەندییـەکی بـە کـێش و سـەرواوە نییـە ، بـەڵکو کـێش خەسـڵەتێکی لاوەکییـە و شـیعر دەتوانێـت بـێ ئـەوەش درووسـت بێـت )) [3] . کە خودی نازك ئەلمەلائیکە دژی بووە.

---

[1] – د.شکری عزیز الماضی، تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر 2010 ، لا 102 .

[2] – بڕوانە : هێمن عومەر خۆشناو، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لا 48 .

[3] – نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر ، لا 215 .

**واتــه ئــەو ڕەگــەزەی کــە لــە پێشــوودا لایــەنی ســەرەکیی جیاکــەرەوەی پەخشــان و شـیعربوو ئـەو گرنگییـەی نـەما ، بۆیـە کاتێـك شـیعر دەکەوێتـە بـەر ڕەوتـی گـۆڕانی کـێش و سـەروا لـە سـەرەتادا ڕوودەکاتـە بـەکارهێنانی کـێش و سـەروای ئـازاد و شـاعیر بـە ئـازادی لــە دێڕەکانــدا کــێش و ســەروا بــەکار دەهێنــێ ، ئــەو کاتــە لــە هونــەری پەخشــان نزیــك دەبێتەوە و پەخشانە شیعر سەرهەڵئەدا [1] .**

**لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو بۆچــوونەدا کــە بەتــەواوەتی ســاغنەبۆتەوە وڕای جیـاوازی دەربـارە هەیـە، نوسـەرێك پێـی وایـە دەشـێت شـاڕێی شـیعرو پەخشـان کـە لایــەنی مۆســیقا و زمانــە (( لــە یــەك نزیــك ببنــەوە و ڕەگــەزێکی تێکــەڵ لــە هــەردووکیان دروسـت بێـت ، لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا پە*خشانەشـیعر*، ڕۆمانـە شـیعر بەرچـاو دەکـەون، کە نموونەی ئەم تێکەڵییەن)) [2] .**

**هەنــدێ لــە بۆچــوونەکان هــۆی ئــەم هاوبەشــییە دەگەڕێننــەوە بــۆ لاوازبــوونی شــیعر و نزمبوونــەوەی ئــەو ئاســتەی کــە لــە ئــەدەبی کــۆن و کلاســیکدا هــەیبووە بەتایبــەتی لــە ســەردەمی مۆدێرنــەدا کــە ئــەدەب ڕوو لــە ژانــری ڕۆمــان دەکــات [3] ، بــۆ قەرەبووکردنــەوەی ئــەم ناتەواوییــەش پــەنای بــۆ ژانرەکــانی تــری ئــەدەب بــردووە بــۆ مانــەوە و بــەردەوامبوونی، بۆیــە شــێرکۆ بیکــەس لــەم بارەیــەوە لــە چــاوپێکەوتنێکدا دەڵێــت : (( شــیعر تاڕادەیــەك خــەریك بــوو لەبــەردەم هونــەری پەخشــان ببــەزێ ، ئــەم ڕاسـتییەش لـە لایـەن ئەورووپییەکانـەوە هـەر زوو هەسـتی پێکـراوە وبۆیـە زیـاتر پـەلیان بـۆ هــەموو ژانرەکــانی تــر هاویشــت بــێ ئــەوەی خۆشــی وەك ژانــر خەســڵەتەکانی لــە دەســت بـدات . ئـەم پەلهاویشـتنەی شـیعر خـۆی لـە پەخشـانە شـیعر و داسـتانە شـیعرو درامـای شــیعری .......پاشــانیش چــیرۆکە شــیعر یــان ڕۆمانــە شــیعردا دەدۆزێتــەوە)) [4] . دیــارە**

---

[1] –بڕوانە: ئەردەڵان بەکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا(نامەی ماستەر ) ، لا 4 .

[2] –بڕوانە: سەنگەر قادر، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین ی ئەحمەدی خانی و شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی )دا ، لا 85 .

[3] – اسـتیون کـانور، نظـریـەای ادبـی پسـامدرن، ادبیـات پسـا مـدرن، تـدوین و ترجمـە پیـام یزانجـو ، چاپ دووم، نشر مرکز، تهران ،1381، لا211 .

[4] – 955دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، هەڤپەیڤین و ئامادەکردنی : شێرزاد هەینی ، چاپخانەی تیشك، هەولێر ،2008.، لا 4 .

مەبەســت لــە قۆنــاغی ســەرهەڵدانی پەخشــانی هونەرییــە ، چــونکە وەك ئاشــکرایە هــەموو ژانرو جۆرەکانی ئەدەب لە سەرەتادا بە شیعر بوون.

ســەرەتای ئــەم پەیوەندییــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ درووســتبوونی شــیعری ئــازادو نــەمانی یاسـا کۆنـەکانی شـیعر، هەرچـەندە ڕای وایـش هەیـە کـە پێـی وایـە شـیعری کـۆنیش لــە خۆیــدا دژی ئــەم پێکەوەبوونــە نییــە و لــە م بارەیــەوە لێکۆڵــەری ناســراو ، ســۆزان بیرنـار، لـە نامـەی دکتۆراکەیـدا ئامـاژەی بـە ڕایـەکی فلـۆبێر داوە کـە دەڵـێ: (( شـیعری کـۆن بەرهەڵسـتی شـیعرو هونـەری پەخشـانیی تـازە ناکـات ، بـەڵکو لـەوە تێـدەگات ڕۆمـان – کـە جـۆریکی *پەخشـانە* – شـیعرێکە مەبەسـتی تایبـەتی خـۆی هەیـە بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆو جیــاواز لــە چــیرۆك، بیانووەکــەی ئەوەیــە کــە داهێنــانی ســەربەخۆی هەیــە ))[1] . یــان دەڵێـت: (( دەتـوانین بڵـێین کـە لـە ڕۆمـانی " *مـەدام بوڤـاری*" دا ، کـە بـە ڕۆمـانی واقیعـی دادەنرێـت، شـیعر دەبینرێـت ))[2] . بـە پێـی ئـەم ڕایـە دەکرێـت لـە نـاو هـەر ژانرێکـدا ڕەگـەزو سێبەری ژانرێکی تر هەستی پێ بکرێت .

لــە ئــەدەبی عەرەبیشــدا بــە پێچــەوانەی ئــەو ڕایانــەی کــە پێشــتر باسمــان کــرد لایــەنگرانی شــیعری پەخشــانئامێز بــە لایانــەوە کــێش تــەنها فــۆڕمێکی دەرەکییــە و ڕووکەشــە و کلاسـیکەکانی پێشــوو بــە مــەرجی شــیعریان دانــاوەو لەســەری ڕێککــەوتوون ، ئەگـەر بیشـی سـڕنەوە لـە شـیعردا و بـە بـێ ئـەوە{ واتـە کـێش} شـیعر بنووسـن ، ئەوکاتـە شــــیعریان لــــە لاســــاییکردنەوی بــــاو ڕزگــــار کــــردووە و شــــتێکی تــــازەی جوانیــــان هێناوەتەکایــەوە . ئەمــەش ڕێگــە خۆشــکەرە بــۆ بردنــی بــەرەو هونــەری پەخشــان و دواتــر ژانرەکانی تر .[3]

لــە ئــەدەبیاتی ئێرانیشــدا وەکــو نەتــەوەکانی تــر، هاوســێیەتی شــیعرو پەخشــان لــە بەرهەمــە کۆنەکانــدا بەرچــاو دەکــەوێ ، بــەڵام بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ و ســوودوەرگرتن لــە پەخشــان زۆربــەی ڕاکــان دەیگەڕێننــەوە بــۆ قۆنــاغی شــاعیری نوێخــوازی فــارس *نیمــا یوشــیج* و بــاوەڕی ئــەو بــە نزیکیــی شــیعرو پەخشــان ، لــەم بارەیــەوە خــۆی دەڵــێ: ((

---

[1] – سوزان بیرنار، قصیدة النثر، لا51 .

[2] – سەرچاوەی پێشوو ، لا 52 .

[3] – بڕوانە: نازك الملائكة، قضايا الشعر المعاصر، لا 225 .

باوەڕی مـن ئەوەیـە کـە دەگونجـێ و دەبـێ شـیعرو هـۆنراوە لـە پەخشـان نزیـك ببنـەوە ، چونکە لەخۆیاندا ئامادەیی ئەم نزیکییەیان هەیە))[1] .

بێگومـان ئـەم بەیەکداچـوون و پەیوەندییـەش وەك هـەموو گـەلانی تـر پەڕیوەتـەوە بـۆ نـاو ئـەدەبی کـوردی و بـە شـێوازی تایبـەت بـە خـۆی ڕەنگیداوەتـەوە ، لـە قۆنـاغی (گـۆران) بـە دواوە شـیعری ئـازاد و پەخشـانئامێز دەبینرێـت . ئـەم ڕەوتـەش درێـژەی هـەبووەو بەردەوامـەو لـە قۆنـاغی هەفتاکانـەوە دەتـوانین بڵـێین کـە چـەردەیەك لـەو شـیعرانەی کـە دەنووسـرێن دەچـنە نـاو قـاڵبی پەخشـانە شـیعرەوە کـە پێشـڕەوانی ئـەم جـۆرە نووسـینانە هـەروەك گـەلانی تـر : (( سـەرەتا وەك یاخیبوونێـك لـە شـیعری بـاو و پاشان یاخیبوون لە ژانرێکی دیاریکراو ))[2] ، ئەم جۆرە شیعرانەیان نووسیوە.

هەوڵـدەدەین بـە شـێوەیەکی کـورت بـاس لـە چـەمك و تایبەتمەنـدیی ژانـری پەخشـانە شـیعر لـە ئـەدەبیاتی جیهـان و کوردیـدا بکـەین . ئـەم ژانـرە نموونـەی تێکـەڵیی شـیعرو پەخشـانەو دواتـر بـاس لـە چـەندین جـۆری تـری وەك چیرۆکەشـیعر وشـیعری چـیرۆك ئامێز و ...هتد ، دەکەین.

## أ–پەخشانە شیعر

دەتـوانین ئـەم هونـەرە بـە ناولێنـان و وەرگێڕانێکـی بـاوی وشـەی فەرەنسـی ( le poeme en prose) دابنـێین، ئەگەرچـی زیـاتر مەبەسـت لـە قەسـیدەیە لـە جـۆری شـیعر[3] . ئـەم زاراوەیـە ڕەگێکـی ئـەورووپی بـە تایبـەتی فەڕەنسـی هەیـەو وەك ڕوونبۆتـەوە ئـەم ژانـرە لـە ئـەنجامی بەریەککـەوتنی دووجـۆرە سـەرەکییەکەی ئـەدەب –*شـیعرو پەخشـان*–درووسـت بـووە و لـە ئـەدەبیاتی ئەورووپیـدا سـەرەتاکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆمانسـی و دواتـر . بـە تایبـەتی لـە ئـەدەبی فەڕەنسـیدا ، گرنگـی و گەشـەی

[1] – بڕوانـە: علـی اصـغر ارجـی، از شـعر روایـی تـا روایـت شـاعرانە، رشـد ، شمـارە سـوم، امـوزش زبـان و ادب فارسی ، بهار، 1390 ھ.ش ، لا37 .

[2] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەق لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا، ئەزموونی خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، لا 61 .

[3] – موحسین ئەحمەد عومەر ، فەرهەنگی ئەدەبی ، لا73.

شـيعری فەرەنسـی دەگەڕێتـەوە بـۆ تێکشـکاندنی سـەرجەم کـۆت و بەنـدە باوەکـانی ئـەو قۆناغـە ، کـە ڕۆحـی شـیعریی تێـدا قـەتیس مـابوو، وەك کـێش و قافیـە و زۆربـەی یاسـا باوەکـانی شـیعری کلاسـیکی . لـە ئـەنجامی ئـەم دژایـەتی وناکۆکییـەوە شـیعری پەخشـان ئـامێز– *پەخشـانە شـیعر* هاتـە کایـەوەو ئەمـەش جۆرێـك لـە یـاخیبون بـوو کـە قاڵـب و یاسـای نـوێی بـۆ شـیعرو ئـەدەب هێنایـە ئـاراوە [1] . ئـەو تێکەڵییـەی کـە لـە نێـوان پەخشـانە شـیعرو شـیعری ئـازاد دا دروسـتبوو کێشـەی لـە تێنەگەشـتنی هەریـەك لەوجۆرانـە درووسـتکرد ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەوە بـوو کـە پاشـخانی ڕۆشـنبیریی هەریـەك لـەو جۆرانـە یـەك شـت بـوون لـە لایەکـەوە و تێکـەڵیی بەشـەکانی ئـەدەب بـوون لەلایـەکی تـرەوە [2] . هەنـدێك لـە ڕەخنـەگران ومێـژوو نووسـانی ئـەدەب ، ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە بـە سـەرەتایەکی ڕاسـتەقینە بـۆ دەرکـەوتنی پەخشـانە شـیعر لەئـەدەبی ئەورووپیـدا دەزانـن لای شـاعیرانی وەك : ڕامبـۆ، نێرڤـال و بـۆدلێرو چـەندینی تـر [3] ، هـەروەها (( دەبـێ ئـەوە لـە بەرچـاو دابنـێین کـە شـیعر هـیچ کاتێـك خـۆی لەوتوخمانـە دوورە پـەرێز نـەگرتووە کـە پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆیان بـە پەخشـانەوە هەیـە ، وەك مەسـەلەی گێڕانـەوە )) [4] ، کـە ئەمـەش لـە ڕۆمـانی شـیعریی ئـەورووپی و داسـتانە شـیعری ڕۆژهەڵاتیـدا بـاوبووە، هەرچـەندە هەنـدێك نوسـەر بنـەڕەتی ئـەم جـۆرە هونـەرە دەبەنـەوە بـۆ سـەردەمانی زۆر لـە پێشـترو دەڵـێن : (( لـە تێکئـالانی پەخشـان بـە شـیعرەوە هونـەرێکی دی هاتـە کایـەوە کـە ئـەویش *پەخشانەشـیعرە* ، واتـە پەخشـانێکی بەشـیعر نووسـراو ، هەرچـەندە ڕەگـی ئـەم جـۆرە هونـەرە لـە چیرۆکەشـیعری سـەردەمی درامـای یۆنانییـەوە، ڕیشـەدار دەبێـت، بـەڵام دواجـار وەك هونـەرێکی سـەربەخۆ دێتەکایـەوە )) [5] . ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا پەیوەنـدیی شـیعر و چیرۆك و شـیعرو پەخشـانە کـە بـە پێـی ئـەم ڕایـە سەرچـاوەکەیان یـەك شـتە کـە داسـتانە کۆنەکانـە، ئەمـەش کارئاسـانی بـۆ بـوونی شـیعری چـیرۆکی لـە شـیعری پەخشـانئامێزی نوێـدا و لـەم سـەردەمەدا دەکـات. بـەڵام ئـەوەی کـە تـا ڕادەیـەك نامۆیـە لـەم بارەیـەوە بـە ڕێژەیـەکی کـەم ، ئەوەیـە کـە ئـەم هونـەرە بـە پەخشـانی نووسـراو دەداتـە قەڵـەم ، ئەمـەش پێچـەوانەیە لەگـەڵ ئـەو ڕایـەی د.محمـد بکـردا کـە پێـی وایـە، پەخشـانە شـیعر

---

1 –بڕوانە: سوزان بیرنار، قصیدة النثر ، لا12 .

2 –د.علی جعفر العلامة، في حداثة النص الشعري ، دار الشروق للنشر والتوزیع ، عمان،2003، ص 117 .

3 –بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسود ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، لا 203– 204 .

4 – موحسین ئەحمەد عومەر ، فەرهەنگی ئەدەبی ، لا 74 .

5 – هەڤاڵ ئەبوبەکر ، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسییەکان وڕەنگدانەوەیان لە ( ژیان و ژین ) دا، لا48 .

جۆرێکی تایبەتە لە شیعر نەك پەخشان و ئەدگارو خاڵی جیاکەرەوەی خۆی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە [1] .هەرچەندە لە کۆتایشدا محمد بکر دەڵێ: کە ئێستا هونەرێکی سەربەخۆیە ، واتە دەکرێ بە تەواوی سەر بە هیچیان نەبێت ، بۆ ئەمەش ڕای جیاواز هەیە کە پێی وایە پەخشانە شیعر ڕەگەزێکی تری ئەدەبی نییە بۆ نموونە نەجات حەمید ئەحمەد دەڵێ: (( مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرەش هەر لە دووتوێی لایەنەکانی ڕستەی شیعرییەوە نەیتوانیوە وەك جۆرێکی سەربەخۆ دابڕانێکی جۆرکاری لە دەربڕینەدا بێنێتە کایەوە )) [2] . ئەوەی جێگەی سەرنجە پرۆسەی وەرگێڕان ڕۆڵێکی بەرچاو و بەرجەستەی هەبووە لە ئاشناکردن و زەمینەخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر ، چونکە وەرگێڕانی شیعر لە شێوەی پەخشان و دوور لە کێش و سەروا لەبەر گرانی و تێکنەچوونی مانای دەقەکان لەو سەردەمەدا دەکران، ئەم جۆرە وەرگێڕانەش سەرنجی شاعیرانی بۆ جۆرێکی ترلە نووسینی شیعر ڕاکێشا ئەویش شیعری ئازاد و پەخشانی بوو، کە ئازادییەکی زیاتری دەبەخشی بە شاعیران بۆ گوزارشتکردنی خەیاڵ و مەبەستەکانیان [3] .

هەرچەندە پەخشانەشیعر هەندێ خاڵی جیاکەرەوەو تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ نموونە (موسوعة الشعر والشعرية)ی زانکۆی برنستۆن لە پێناسەی پەخشانە شیعر دا نووسیویەتی، کە هەموو تایبەتییەکانی شیعری لیریکی لە خۆ دەگرێت لەگەڵ یەك جیاوازیی تایبەتدا کە ئەویش لە ڕووی زمان و نووسینەوەیە [4] ، سەرەڕای ئەوەش سۆزان بیرنار پێی وایە پەخشانە شیعر پێناسەیەکی دیاریکراو و چەسپاو ڕەخنەی تایبەت بە خۆی نییە ، بەڵکو کارێکی خودییە و تایبەتە بە خودی تاك یان نوسەرەکەوە، واتە لای هەر نوسەرێك کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، لەم بارەیەوە ئاماژە بە وتەی (مۆریس شاپلان ) دەکات کە دەڵێ: (( تا ئێستا هیچ کەسێك ئازایەتی ئەوەی پیشان نەداوە بە تایبەت لە تیۆردانەرەکان ، کە بتوانێت یاساکان بۆ پەخشانە شیعر بە گشتی دیاریبکات ، هەروەها دەڵێت، ئەو سەربەستییەی کە پێی دەناسرێتەوە تایبەتە بە خۆی و سەرجەم جۆرە باوەکانی تری شیعری لیریکی لەدەستداوە )) [5] ،

---

[1] – محمد بکر ، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر2004 ، لا 32 .

[2] – نەجات حمید ئەحمەد ، تیۆری بنیاتی شاراوە، لا199 .

[3] – بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسود، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، لا205 .

[4] –د. علی جعفر العلامة ، حداثة النص الشعري ، لا 118 .

[5] – سوزان بيرنار، قصيدة النثر ، لا 12 .

**بـــەڵام لەگـــەڵ چەســـپاندن و بڵاوبوونـــەوەی لـــە نـــاو میللەتانـــدا هەوڵـــدراوە پێناســـەی تاڕادەیـــەك جـێگیری بـــۆ بکرێــت و چوارچـێوەکەی دیاریبکرێــت کــە هەنــدێکیان دەخەینــە ڕوو:**

**ئەنســـکلۆپیدیای شـــیعری زانکـــۆی برنســـتۆنی ئـــەمریکایی ئـــاوا پێناســـەی دەکـــات : ((پەخشـــانە شـــیعر داڕشـــتنێکە هـــەموو ئـــەدگارەکانی شـــیعری لیریکـــی تێدایـــە ، جگـــە لـــەوەی وەکـــو پەخشـــان لەســـەر پـــەڕە دەنووســـرێت )) [1] ، هـــەروەها پێناســـەی وا کـــە زیـــاتر ئـــەم هونـــەرە بـــەلای پەخشـــاندا یـــان ژانـــری ســـەربەخۆ دا دەشـــکێننەوە نـــەك شـــیعر ، واتـــە دەڵێن پەخشانەو شیعری تێکەڵ بووە .**

**بـە شـێوەیەکی گشـتی پەخشـانە شـیعر لـە ئـەدەبی ئەورووپیـدا خـاوەنی چـەندین تایبەتمەندییە کە سۆزان بیرنار لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە باسی کردوون:**

**– هـــەڵگری یـــەکێتی و یەکپارچـــەیی توخمەکانییـــەتی، کـــە جیـــای دەکاتـــەوە لـــە چـــیرۆك و ڕۆمـــان ، ئەمـــەش بۆئـــەوەی ســـیفەتی شـــیعری جـــۆری *قەســـیدە* لـــە دەســـت نـــەدات ، چـــونکە دەکـــرێ ئـــەوە ڕووبـــدات کـــە بـــە چـــامەیەکی شـــیعری بڵـــێین (چـــیرۆك یـــان حیکایـــەت) و پێچەوانەکشـــی هـــەر ڕاســـتە.بۆیـــە لـــە حاڵـــەتی لـــەم جـــۆرەدا پێویســـتە تایبەتمەنـــدیی شیعری و یەکیەتییەکەی بپارێزرێت .**

**– ئـــەم جـــۆرەی ئـــەدەب توانـــای بـــەکارهێنانی خاســـیەت و تایبەتمەنـــدیی گێڕانـــەوەی هەیـــە بـــە پێـــی کـــارکردنی لـــەناو کۆمەڵـــدا ، ئەمـــەش بێســـنووری بـــەم ژانـــرە دەبەخشـــێت لـــە وەرگرتنی شێوازو ڕەگەزی ژانرەکانی تر بۆ دەربڕین .**

**–کورتبڕی و بەهێزی و کاریگەری ، گرژو ڕاچڵەکێنە و لە سۆزو ئەندێشەدا گەرمە [2] .**

**لـــە ئـــەدەبی کوردیـــدا ناونـــانی دەق بـــە پەخشـــانە شـــیعر لـــە لایـــەن شـــاعیرەکان خۆیانـــەوە و لـــە لایـــەن لیکۆڵەرەوەکانیشـــەوە جیـــاوازە و ڕای جـــۆراو جـــۆری لـــە ســـەرە ، هەنـــدێك نوســـەر پێیـــان وایـــە کـــە: (( ئـــەم ناولێنانـــەی کـــە لـــەلای هەنـــدێ شـــاعیر نـــراوە ، زیاتر چاولێکەرییە ، وەك هەڵهێنجانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکە )) [3] .**

---

[1] – **محمد بکر، پەخشانە شیعری کوردی ، لا 31 وەرگیراوە لە ( عبدالستار جوان، قصیدة النثر فی الادب الانکلیزي، لا 47 ) .**

[2] –**بڕوانە: سۆزان بیرنار، قصیدة النثر ، لا 18 .**

[3] – **لوقمـان رۆوف ، پەخشـانە شـیعر ، گۆڤـاری ئاینـدە ، ژمـارە 76 ،چـاپخانەی سـەردەم، سـلێمانی، کانوونی دووەم 2008. ، لا66 .**

هەر لەسەر ئەم بابەتە ئەحمەدی مەلا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی لە سێ دەقی شێرکۆ بێکەس کە هەریەکەیان ناوێکی جیای لێ نراوە " *شیعر، پەخشان، پەخشانە شیعر* "، هەوڵی داوە کە ناونانی ئەم بەرهەمانە لەسەر بنەمایەکی تیۆری و ڕێکخراو شیبکاتەوە و لە کۆتاییدا بەوە دەگات کە ئەم بەرهەمانە جیاوازی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە لەڕووی پەیکەرو زمانی شیعرییەوە. کەچی شاعیر ناوی جیای لێ ناون .[1]

لێرەدا لەسەر وردەکاری ئەم باسە ناڕۆین ، تەنها ئەوەندە نەبێ کە ئێمەش رامان وایە بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەدەبی کوردیدا ناونانی دەق بە ***پەخشانەشیعر*** یان باسکردنی، زیاتر بۆ ئەو دەقانە دەگەڕێتەوە کە کێشە کۆنەکەیان پەیڕەو نەکردووەو شێوەیەکی ئازادیان لە قاڵب و داڕشتنیاندا هەیە، جگە لەوەش لە ئەدەبی کوردیدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی جدی لە تایبەتییەکانی پەخشانە شیعری کوردی بکۆڵرێتەوە ، دیارترینیان لێکۆڵینەوەیەکە بە ناوی (( پەخشانە شیعری کوردی )) ، کە د.محەمەد بەکر تیایدا ئەو خاڵانەی خستۆتەڕوو، کە دەبێتە جیاکەرەوەو هۆی ناسینەوەی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا و تاڕادەیەك بە پەخشانە شیعری جیهانی و ئەوەی لەسەری وتراوە بەراورد کردووە. سەرەڕای ئەمەش هەندێ لێکۆڵینەوەی تر لە گۆڤارەکاندا بەر چاو دەکەون ، کە گرنگییان بەم لایەنانە داوە .

لە پەخشانەشیعردا وەك هەمان لێکۆڵەر دەڵێ بابەتی ریتم گرنگەو بە دوور لە شێوە پێشینەکەی کێش ، لە ڕێگای بەرجەستەکردنی ئاستی دەنگسازی و سیمانتیکیی دەقەوە ، کە پەیکەرێکی یەکگرتووی دەنگسازی پێ دەبەخشێت ، هەروەها هێزو پلەی بەرزو نزمی ئاوازەکان و جۆری دەنگ و کورتی و درێژی ڤاوڵەکان کاریگەرن، ئەم جۆرە شیعرە هەڵگری تایبەتمەندی ریتمی ناوەوەیە و تایبەتە بەو شاعیرەی بەکاری دەهێنێت . جگە لە دووبارە کردنەوەی بەند و وشەو دەستەواژە .[2]

هەروەها د. محەمەد بەکر لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ، پەخشانە شیعری کوردی بە پێچەوانەی پێوەرە جیهانییەکان بە گشتی دەقێکی درێژو تاڕادەیەکیش ئینشائییە . ئەم دیاردەیە ، بە هۆکاری هونەریی وەك –ئامرازی زمانی و زاڵبوونی

[1] –بڕوانە: ئەحمەدی مەلا ، بنبەست لەشیعری شێرکۆ بێکەس و چەند بابەتێکی تر ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپی نما، هەولێر، 2012، لا 72 .

[2] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد بکر، پەخشانە شیعری کوردی ، لا 79، 80 .

ڕستەی ناسادەی لێکدراو و داڕژاو و هۆکاری مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی دروستبووە و هاتۆتەپێش. هەروەها ئاوازەی ویژدانیی تیایدا گەرم و کاریگەرە ئەمەش بە هۆی ڕاستگۆیی وموعاناتی شاعیران و ڕەسەنایەتی تاقیکردنەوەکان و کاریگەری ئاوازی حەیران و بەیتە کوردییەکانەوە بووە. و چەند تایبەتمەندی تر کە بە وردی باسی کردوون.[1]

بەم جۆرە بە پێی زۆربەی ڕاکان پەخشانە شیعر وەك جۆرێکی تایبەت و سەربەخۆی شیعر دەردەکەوێت و ئەم بۆچوونەش زیاتر ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە .کە نوسەرێکی تر دەڵێ: (( دەگەینە ئەوەی کە بتوانین بڵێین پەخشانە شیعری کوردی لە شیکردنەوەی نهێنییەکاندا دەیەوێ بگاتە ئەو قۆناغەی کە هەوڵدەدات خاسیەتی شیعر بە دەست بهێنێت بە بێ ئەوەی پشت ببەستێت بەو ئەرکانەی کە شیعر فەرزیکردووە)) .[2]

لە کۆتایی ئەم پارەدا هەوڵی خستنەڕووی خێرای ئەم ژانرەمان دا چونکە بە پێویستمان زانی و لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو دەقانەی لە باسەکەی ئێمەدان لە چوارچێوەی شێوازی ئەم ژانرە نزیکدەبنەوە ، جگە لەمەش وەك ئاشکرایە ژانری پەخشان چەندین جۆری هەیە کە گرنگترینیان چیرۆك و ڕۆمانە ، واتە ئەو بوارەی کە ڕەگەزی گێڕانەوە بەسەریدا زاڵە. ئەم ڕەگەزانەش جارێکی تر تێکەڵی شیعر بوونەتەوەو ژانری نوێیان پێکهێناوە. بەڵام ئەوەی گرنگەو مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە ژانری چیرۆکە شیعر یان شیعری چیرۆك ئامێزە کە هەوڵدەدەین لە بارەیەوە بدوێین.

---

[1] – محمد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، لا 112– 113 .

[2] – ئوسامە حسێن ڕەسوڵ ، سەرەتایەك لە پەخشانە شیعری کوردی، خەیاڵ و ڕۆح، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2004، لا 413 .

## ب- چیرۆکەشیعر- شیعری چیرۆکئامێز

له ئەنجامی نزیکی و چوونەناویەکی ژانرەکان له ئەدەبیاتی نویٚ و قۆناغێکی تردا جۆرێکی تر له ژانر سەرهەڵدەدات ، ئەویش شیعری چیرۆکئامێز یان چیرۆکه شیعره ، که ڕەگی له ئەدەبیاتی کۆنی زۆربەی میللەتاندا هەیه، له شێوەو قاڵبی شیعری نویٚ و پەخشانئامێزیشدا بەشێکی دیار و جێگەی خۆی گرتووه .

بۆ ناساندن و ڕوونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی که جیای دەکاتەوه له جۆرەکانی تری شیعر ، دەچینه ناو ئەم بابەتەوه و ڕوونیدەکەینەوه .

چیرۆك توخمێکی ڕەسەنه له هونەرەکانی گێڕانەوه و له کۆنترین سەردەمەکانەوه هاوەڵی هونەری شیعرییه ، نموونەی ئەوەش داستانه شیعرییه کۆنەکانه ، بە جۆرێك کە پرسی وەرگرتن و بردن و ناردنی تایبەتمەندیی چیرۆك ، کە شیعر وەك وەبەرهێنانەوه بە هەموو شێوەکانییەوه بەکاریهێناوه . شیعر هەتا هەنووکەش لە هونەری گێڕانەوه یان چیرۆك هەڵدەگۆزێت و لێیەوه سروش وەردەگرێت و بەرهەمی خۆی پێ چڕوپڕ دەکات و پێشدەخات ، ئەمەش گرنگی بەخشیوه بە هونەری شیعری و بەو پێیەی کە هونەری چیرۆك و گێڕانەوه نزیکە لە هەستەوەری شیعرییەوه ، قەسیده و شیعری سەردەمیش لە زۆربەری کردەکانیدا دەکریٚ سەرقاڵ بێت بە بیرۆکە بردن و قەرزکردن و خۆهەڵواسین و چوونەناویەك لەگەڵ هونەرەکانی تر، بەتایبەتی هونەره نووسراوەکان و له نێوانیاندا ژانری چیرۆك [1] .

بە شێوەیەکی گشتی وەك نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەڵیٚ : (( هیچ ژانرێك نییە بەتەواوی گوزارشت لە ژانرەکەی خۆی بکات و کاریگەری ژانرەکانی تری بەسەرەوه نەبێت ، نە شیعر بەتەنها ڕەگەزەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت و نە چیرۆك و نە ڕۆمان....هتد، بەڵکو ئاوێزانبوونێکی شیعری لە سەرانسەری ڕەگەزەکانی ژانره جیاجیاکاندا درووستدەبێت و تێکستێکی نویٚ بەرهەم دەهێنێت )) [2] . واتە هەمیشە ئەم ژانرانە لە سنووری یەك نزیك دەبنەوەو تێکەڵی یەکدەبن .

شیعرو چیرۆکیش یان بەکارهێنانی هونەری چیرۆك لە نێوەندو بنەما شیعرییەکاندا کە زیاتر مەبەستی ئێمەیە، ئاستەنگی قورسی توش دەبێت ، بەتایبەتی

---

[1] -بڕوانه : محمد صابر عبيد ، فضاء الكون الشعري من التشكيل الى التدليل ، دارنينوى ، سورية ، لا 166 .

[2] - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزمونی خوێندنەوه چەند لاپەڕیەکی ڕەخنەیی ، لا 121 .

وەك نوسەری عەرەب موحسین ئیتمیش پێی وایە : (( کاتێك شاعیر هەوڵی کۆکردنەوەی دوو هونەر دەدات لە بەرهەمێکدا ، پێویستە توانای هەبێت زۆر بە ئاگایانەوە دەست بگرێت بەسەر داواکارییەکانی هەردوو هونەرەکەدا)) [1]. لەگەڵ ئەوەی لەکاتی تێکەڵبوونی ئەم هونەرانەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری بنەڕەتی ڕوودەدات ، بەو جۆرەی کاتێك چیرۆك دەخرێتە قاڵبێکی شیعرییەوە ، تەواو ناچێتە ژێر یاسای ئەو هونەرەوە و بەڵکو ڕەگەزەکانی خۆی هەر دەمێنێ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت ، هەروەها نابێت چاوەڕوانیی ئەوەمان لە شیعری چیرۆکی یان گێڕانەوەیی هەبێت کە بە تەواوی هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆك لە ناو خۆیدا جێگە بکاتەوە ، ئەوە تایبەتمەندییی شیعرییە کە تا قووڵایی زمان لە خوازەو واژە زمانییەکاندا دەڕوات و ڕەگەزەکانی چیرۆك لە زۆر باردا لە ناو شیعرییەتی خۆیدا دەتوێنێتەوە [2].

ئەم جۆرە شیعرە تا ڕادەیەك پێناسەی بۆکراوە، هەوڵدەدەین هەندێکیان باسبکەین :

بۆ نموونە محەمەد سابر ، دانەری کتێبی ( فضاء الكون الشعري من التشكيل الى التدليل ) دەڵێ : (( چیرۆکی شیعری بەوە پەسندەکرێ ، کە ئەو چیرۆکەیە هەموو ئامرازەکانی گێڕانەوە و وتن بەکار دەهێنێ و دەیخوازێ )) [3]. لە جێگەیەکی تردا نوسەرێکی تر ئاوا پێناسەی دەکات کە :(( شیعرێکە شاعیر لە شێوەی جۆراو جۆردا ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە ، یان شیعرێکە کە بە خوێندنەوەی یان بیستنی بەلانی کەمەوە سەر گوزەشتەیەك یان چیرۆکێك لای خوێنەر یا بیسەر جێدەهێڵێت )) [4].

ئەوەی ئەم جۆرە شیعرەی پێ دەناسرێتەوە ڕەگەزی گێڕانەوەیە لە تێکستەکاندا و بە جۆرێك ، کە هەندێك لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب شیعری چیرۆکی بە شیعری گێڕانەوەیی ناو دەبەن و ئەو زاراوەیەیان بۆ هەڵبژاردووە. ئەمەش بۆ داستانەشیعری کۆن و شیعری چیرۆکئامێزی نوێش بەکاردێنن، کە ڕەگەزی گێڕانەوەییان تێدا زاڵ بێت و هەوڵدراوە ئاوا پێناسە بکرێت بۆ نموونە لە "فرهنگ نظريه و نقد ادبى" دا شیعری گێڕانەوەیی: (( شیعرێکە کە چیرۆکێك دەخاتە ڕوو، سێ جۆری هەبووە لە –داستان ، شیعری گۆرانی(ترانە– ballad ) و شیعری لیریکیی

[1] – محسين اطيمش، ديرالملاك ، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام ، بغداد 1982 ، لا 38 .

[2] –بروانة : على اصغر ارجي ، از شعر روايى تا روايت شاعرانة، لا 34 .

[3] – محمد صابر عبيد، فضاء الكون الشعرى من التشكيل الى التدليل ، لا167 .

[4] – رضا روحانى–احمد رضا منصورى ، غزل روايى خاستگاه ان در شعر فارسى، لا 106 .

شـانۆیی کـه وا باشـتره  شـیعری لیریکیـی گێڕانـەوەیی پـیٚ بڵـیٚین )) [1] ، ئـەم زاراوەیـە لـە چـەندین فەرهـەنگی تریشـدا لەوانـە "فـرهنگ اصـطلاحات ادبـی" [2] هـەروا ڕۆیشـتووە و چەسپاوە..

سـەرەڕای ئـەوەش لـە هەنـدیٚ سەرچـاوەدا ئـەم جـۆرە شـیعرە بـە جۆریٚـك لـە جۆرەکـانی چـیرۆك دەزانـن، کـە لەسـەر شـیٚوازی شـیعری حیکایەتەکـەی دەگیٚڕیٚتـەوە و هەنـدیٚ لـە نوسـەرانیش بـەراوردی دەکـەن بـە پەخشـانی شـاعیرانە، یـان دەیچـویٚنن بـە پەخشـانی ئـەدەبی کـە زۆر نزیـك دەبیٚتـەوە لـە شـیعر و سـوود لـە ڕەگـەزی شـیعری وەردەگریٚـت . ئـەم چـیرۆکەش لـە قـاڵبی شـیعریدا لـە هـەردوو جـۆری کـۆن و نویٚشـدا ڕەگـەزەکانی خـۆی لـە پلـۆت و کـات و شـویٚن و ڕەگـەزی سـەرەکی کـە گیٚڕانەوەیـە بەرجەسـتەدەکات ، جـەمال مـیر سـادقی نوسـەری ئیٚرانـی سـەرەڕای ئـەوەی بـە چـیرۆك پیٚناسـەی دەکـات، بـە شـیعری چـیرۆکئامیٚزیش لـە ئـەدەبی فارسـیداو poetryas fiction لە ئەدەبی ئینگیلیزیدا ناوی دەبات [3] .

وەك باسمـان کـرد و بـە پشـت بەسـتن بـە سەرچـاوەکان لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا درووسـتبوونی ئـەم جـۆرە شـیعرە بـەهۆی ڕەگـەزی گیٚڕانـەوەوە بـووە، هەرچـەندە لـە بـەراوردکردنی شـیعر بـە گیٚڕانـەوە یـان چـیرۆك ، شـیعر بـە ئاسـت بـەرزتر دادەنریٚـت و لـەکاتی تیٚکـەڵکردنی ئـەم دوو ژانـرەدا پیٚیـان وایـە کـە بـۆ گونجانـدنی ئـەم پیٚکەوەبوونـە ، گیٚڕانـەوە بـۆ ئاسـتی شـیعر بـەرز دەکەنـەوە، هـەر بۆیـە شـاعیری فـارس ، مەهـدی ئیخـوان ثالـث ، کـە شـیعری چـیرۆك ئـامیٚزی زۆرە، دەڵـیٚ: (( مـن گیٚڕانـەوەم (روایـت) بـۆ ئاسـتی شـیعر بـەرز کردۆتـەوە نـەك شـیعر بـۆ ئاسـتی گیٚڕانـەوە دابـەزیٚنم )) [4] .

ئـەم بۆچـوونەش بنـەماو پیٚشـینەی کـۆن و پیٚشـووتری هەیـە و بـەو پیٚیـەی لـە کۆنـدا ژانـری شـیعر لـە پیٚشـەنگدا بـووە وتەنانـەت چیرۆکیشـی پـیٚ نووسـراوە ، بۆیـە کاتیٚـك لـە ئـەدەبیاتی قۆنـاغی دواتـردا چـیرۆك و ڕۆمـان بـە شـیٚوەی پەخشـان دەنووسـریٚن، داوای لیٚبـوردن لـە شـیعر دەکریٚـت و لـەم بارەیـەوە نوسـەران " لـین ئۆلنبیرنـد و لیـزلی لـویس" دەڵـیٚن : (( بـاوەڕی بـاویش تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهـەم وابـوو، کـە چـیرۆکی دریٚـژ زیـان بـە ڕەوشـت دەگەیـەنیٚ و بـەزۆری نوسـەران کـاتیٚ چـیرۆکیان دەنووسـی و

[1] – سعید سبزیان م.، دکتر میر جلال الدین کزازی، فرهنگ نظریه و نقد ادبی، لا341 .

[2] -بڕوانە: سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی ، لا 311.

[3] –بڕوانە: جمال میرصادقی، واژەنامە هنر داستان نویسی، لا209 .

[4] – سید جمال الدین مرتضوی ، فراینده و روایت در شعر اخوان ، لا 190 www. Ensani.ir .

پێشکەشیان دەکرد لێبوردنیان لەوە دەخواست کە ئاستی لە پلە بەرزەکانی شیعر نزمترە )) [1] ، دەکرێ ئەمە بۆچوونی سەدەی نۆزدە بە گشتی نەبێت، بەلاّم نموونەی بەرجەستەمان لەبەر دەستدا نییە و سەرباری ئەم حالّەتەش هێشتا ئەم دوو ژانرە ئاوێزان بوون . بێجگە لەوەی باسیشمان کرد بە تێڕوانینی هەندێك لێکۆڵەران بۆ نموونە، نوسەر ، عەلی ئەسغەر ئارجی، هۆکاری نەگونجانی ئەم دوو ژانرە ئەوەیە کە شیعر زیاتر حالّەتی ئیلهامی هەیە و چیرۆك گێڕانەوەو زەمینەسازی و ڕێکخستنە، بەلاّم لەبەر ئەوەی شیعریش پێویستی بە ئەزموون و هێزی دەرەکی و فێربوون هەیە لە درووستبوون و دەربڕیندا، بۆ ئەمەش پێویستی بە گێڕانەوە دەبێت و لەم بارەیەوە یارمەتی پێکهێنانی مانا و بەدەستهێنانی ڕاڤەیەکی گشتی لە هەندی باردا دەدا ، هەروەها بۆ پێناسەو وەسفکردن دەستەوداماني گێڕانەوەو هونەری چیرۆك دەبێت [2] . یان وەك ( سادق فتحی دەهکری و شلیر فەتحی) ئاماژەیان بۆ کردووە ، کاتیك شاعیر دەیەوێ سوود وەربگرێ لە ئەزموونی ژیانی واقیعی و ناواقیعی کە کاری کردووەتە سەر بۆچوونەکانی و دەگەڕێ بە دوای ڕێگایەکدا بۆ دەربڕینی ئەم بیرۆکانەی ، ئەویش لە ڕێگەی لێهاتوویی شیعرییەوە شێوازێك بەکاردێنێ کە شێوازی چیرۆکەشیعرە [3] .

لەبەرئەوەی ڕەگەزی گێڕانەوە سەرەکیترین و دیارترین هۆکاری خستنەڕووی ئەم جۆرە شیعرەیە و بە وپێیەی کە : یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی چیرۆك گێڕانەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی و ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە شیعریشدا، بەلاّم بەشێوەی جیاواز ، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی و بەهای گێڕانەوە لە بونیادی شیعردا زیاتر دەرکەوتووە و برەوی هەبووە. ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابوونی زاراوەی نوێ، کە هەڵگرو کۆکەرەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆك و شیعریشە ، ئەویش *چیرۆکە شیعرە* ، بۆیە بە پێویستی دەزانین کەمێك لەسەر ئەم ڕەگەزە سەرەکییەو پەیوەندیی بە هونەری شیعرەوە زیاتر بوەستین .

---

[1] – لین ئۆلنبیرند – لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە سەلاّح عومەر ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2003. لا 7 .

[2] – بڕوانە: **علی اصغر ارجی** ازشعر روایی تا روایت شاعرانه ، لا 37 .

[3] – بڕوانە: صادق فتحی دهکری و شلیر فتحی ، القصص الشعرية في ديوان ايليا ابی ماضی، بحوث في اللغة العربية و ادابها: نصف سنوية لقسم اللغة العربية وآدابها بجامعة إصفهان ، عد د 5، 1390، لا84 .

شـــاعیری چـــیرۆکە شـــیعر پشـــت بـــە ڕەگـــەزی گێڕانـــەوە و هێنانـــە بەرچـــاوی ڕووداوەکـــان وگەڕانـــەوە بـــۆ ڕابـــردوو و باســـکردنەوەیان جـــارێکی تـــر لـــە دەقەکانـــدا دەبەســـتێت ، لـەم بارەیـەوە نـەوزاد ئەحمـەد پێـی وایـە کـە : (( گێڕانـەوە لـە نـاو شـیعردا فۆرمـەکانی خـۆی دەشـکێنێ و فـۆرمێکی تـری ڕەنگـاو ڕەنـگ و ئیسـتاتیکییانە لـە خـۆ دەگرێـت ))[1] . هەرچـەندە ئـەم نوسـەرە ڕوونـی نەکردۆتـەوە کـە لـە نـاو شـیعردا ئـەم ڕەگـەزە چـۆن کاردەکـات ، بـەلام بێگومـان دەبـێ جیـاواز بێـت و هـەڵگری هـەمان خاسـییەتی نـاو چـیرۆك نییـە و وەك "محەمـەد سـابر" لـە کتێبەکەیـدا ئامـاژەی پێکـردووە، لـە شـیعری چـیرۆکئامێزدا بـە شـێوەیەکی دوورودرێـژ چـیرۆکەکە ناخاتـە ڕوو، هەرچـەندە دەکـرێ هەنـدێ جـار حاڵـەتی لـەم جۆرەشـی تیابێـت ، وەك چـۆن لـە چیرۆك و ڕۆمانـدا بـاوە ، بـەڵکو تـەنها بـە پەنجـە ڕاکێشـان بـۆ ڕوواڵـەت و هەسـتیاری و وێنـە گشـتییەکان ئـەوە دەکـات و بـەو جـۆرەی کـە لەگـەڵ داڕشـتنی شـیعریدا و لـە ڕووی دەربـڕین و پێکهاتنـەوە گونجـاوە ، بـەلام کـەش و هـەوای گێڕانـەوەیی بـە زەقـی تێـدا زاڵـە ، بەتایبـەتی ئـەو کاتـەی شـاعیر دەبێتـە گێـڕەرەوەی چیرۆکەکە، لـە چـەند لایەکـەوە دەیگێڕێتـەوە و لـە پێنـاو سـەرکەوتنی وەبەرهێنانەکەیـدا پـەنا بـۆ هـەموو کەرەسـتەکانی گێڕانـەوە دەبـات ، لـە هـەمان کاتـدا پارێزگـاری لـە ڕەگـەزە شـیعرییەکانی زمـان و وێنـە و هـارمۆنی و بـیر دەکـات[2] . بـە تایبـەتی لـە ئاسـتی وێنـەدا ڕەگـەزی گێڕانـەوە کاریگـەری خـۆی هەیـە هـەروەك نوسـەرو ڕەخنـەگر عەبـدوڵڵا بـەرزنجی دەڵێـت : (( دیمـەنێك کـە بریتییـە لـە چـەند وێنەیـەك پێکـەوە وێنەیـەکی گـەورەو تـەواو دروسـت دەکـات و پێـی دەوترێـت وێنـەی گشـتی ، کـە لـە ئـەنجامی کەڵەکـەبوونی چـەند دیمـەنێك دروسـت دەبێـت و هێڵێکـی گێڕانـەوە کۆیـان دەکاتـەوە و لـەو جـۆرە وێنانـە ناچـێت کـە لـە ڕەوانبێـژی کۆنـدا لـە لێکچـواندن دروسـت دەبـوون ، بـەڵکو هێڵـی گێڕانەوەکـە لـە بونیـادی دەقەکـەدا وا دەکـات وێنـە گشـتییەکە ، کـەوەك دیمـەنێك وایـە، بـە کەڵەکـەبوونی وێنـە بچـووکەکان تـا کۆتـایی تـەواو نـەبێت ))[3] .هـەروەها وەك لێکۆڵـەرێك ئامـاژەی پێـداوە سـەرەڕای ئـەوەی ئەوکەسـایەتییانەی کـە لـەناو شـیعردان بـە هـۆی گێڕانـەوەوە بـە تایبـەتی کەسـایەتییە

---

[1] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزمونی خوێندنەوەی چەندلاپەڕەی ڕەخنەیی – پێکهاتەکانی گێڕانەوە لە سرووده بەردینەکان ، لا 119 .

[2] – بڕوانە: محمد صابر عبید، فضاء الکون الشعری من التشکیل الی التدلیل ، لا 167 .

[3] – عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سینەما ، گەلاوێژی نوێ، ژ 56– 57، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2012 ، لا 77 .

**پایـــەدارو باڵاكانـــەوە ، دوای تـــەواوبوونی شـــیعرەكەش هـــەر ناچـــنە دەرەوەی گێڕانـــەوەو زەمەنەوەو بەردەوام لە زەین و دەروونی خوێنەردا دەمێننەوە [1] .**

**لـــە یـــەكێك لـــە سەرچـــاوەكاندا نوســـەرێك ئامـــاژە بـــەوە دەكـــات كـــە یـــەكێك لـــە ســـوودو گرنگییـــەكانی گێڕانـــەوە یـــان بـــوونی چـــیرۆك لـــە شـــیعردا ، گونجانـــدنی ئاســـتی ئاســـۆیی و ســـتوونیی دەقـــەو لـــە كۆتاییـــدا گونجانـــدنێكی زۆر لـــە نێـــوان شـــیعرو گـــوێگردا دروســـت دەبێـــت ، هـــەروەها گێڕانـــەوە دەتوانێـــت گـــوێگر یـــان ڕەخنـــەگر بـــەرەو ئامـــانج و دەربڕینـــەكانی شـــاعیر بـــەرێت و یارمـــەتی دەدات زووتـــر هەســـت بـــەنهێنیی دەروونـــی شـاعیر بكـات ، چـونكە لـە ڕێگـەی گێڕانـەوەوە ئـەو حاڵەتانـە جـوانترو زووتـر دەردەكـەون ، هاوتـــای ئـــەوەی گێڕانـــەوەی شـــیعری لـــە ڕووی جوانناســـییەوە نرخـــی خـــۆی هەیـــە و كاریگـــەری تـــازە و جیـــاواز لەســـەر خوێنـــەر جـــێ دەهێڵێـــت و هەســـتە خـــودی و لیریكییـــەكانی شـــاعیر دەپەڕێنێتـــەوە بـــۆ ســـەر گـــوێگرو هەســـت بـــە ســـۆزو هەســـتەكانی دەكرێـــت ، ئەگـــەر هـــاتوو بـــە جـــوانی و هونـــەری ئـــەم شـــێوازو حاڵەتـــە لـــە دەقەكـــەدا چنرابێت [2] .**

**بێگومـان ڕەگـی ئـەم جـۆرە هونـەرەش بـۆ سـەردەمانی زۆر پێشـتر دەگەڕێتـەوە ، ســـەرەڕای ئـــەوەی ژانـــری شـــیعرو ئـــەم جـــۆرە نوێیانەشـــی لـــە ئـــەنجامی گـــۆڕانی شـــیعری ســـەردەمانی پێشـــووەوە بـــووە و ژانـــری چـــیرۆكیش بـــە هـــەمان شـــێوە لـــە ئـــەنجامی پەرەســـەندنی هـــەمان ژانـــری شـــیعری پێشـــووترەوە بـــووە و هـــەروەها بۆچـــوونی تـــریش هەیـــە لەوانـــە زۆزان ســـادق ، پێـــی وایـــە :(( بڵاوبوونـــەوەی چـــیرۆكی پەخشـــان لـــە ئێســـتادا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ فەرامۆشـــكردنی چـــیرۆكە شـــیعر لای شـــاعیران و ڕەخنـــەگران ، وە زۆربـــەی خوێنـــەران حـــەز لـــە خوێندنـــەوەی چـــیرۆك دەكـــەن لەبەرئـــەوەی چـــیرۆكی بـــە پەخشـــان نووســـراو ئاســـانەو خۆشـــترە بـــۆ خوێندنـــەوەو تێگەیشـــتن )) [3] ، واتـــە مەبەســـتی پەیـــدابوونی چـــیرۆك جگـــە لـــە پەرەســـەندنی شـــیعری پێشـــوو وەك پێشـــتر ئامارەمـــان پێـــدا ، بـــەڕای لێكۆڵـەر زۆزان سـادق، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە ئـەو جـۆرە شـیعرە لـە لایـەن شـاعیرانەوە فەرامۆشـكراوە ، هاوتـا خواسـتی خـەڵك بـۆ چـیرۆك هـەر هەیـە ، بۆیـە دەكـرێ جـارێكی تـر**

---

3– **بروانە: غزال مرادی، بررسی روایت در شعر مایكوفسكی ، لا** 1 ، www.chouk.ir .

[2] – **بڕوانە: احمد رضا ، غزل روایی و خاستگاە ان در شعر فارسی، لا**116، www. Ensani. Ir.

[3] – **زۆزان صادق تروانشی ، چیرۆكە شعرا كوردی، لا** 102 .

لــە شــێوەی شــیعریدا دەربکەوێتــەوە ، بەتایبــەتی شــیعری پەخشــان ئــامێز – پەخشــانە شیعر ، کە لە ئەدەبیاتی نوێدا جێکردنەوەی هونەری چیرۆك تێیدا ئاسانترە.

لـــە ڕووی تێکـــەڵاویی ئـــەم دوو ژانـــرەوە و لەئـــەنجامی گەشـــەی چـــیرۆك و پەیــدابوونی چــیرۆکی کــورت بۆچــوونێکی تــر هاتــە کایــەوە، ئــەویش ئەوەیــە کــە پەیوەندییــەکی بــەتین لــە نێــوان چــیرۆکی کــورت و شــیعری لیریکیــدا لــە زۆر بــەکارهێنانی دەنــگ و رەگــەزە هونەرییەکانــدا هەیــە و ، هەنــدێك نوســەر هــەر بــە چــیرۆکی کــورت دەڵــێن چــیرۆکی لیریکــی ئەمــەش بــەهۆی چــڕوپڕی و لایــەنی زمــان و مۆســیقاوە و ســەرەڕای ئەمــەش هەنــدێ جــار هــەر بــە چــامەی شیعریشــی نــاو دەبــەن و دەڵــێن کــە زۆربــەی پێویستی و ڕەگەزەکانیان هاوبەشە [1] .

لــە ڕووی قاڵبیشــەوە هەرچــەندە لــە کۆنــدا شــیعری چــیرۆکی بــە زۆری درێــژ بــوون، بێجگــە لــەو گێڕانەوانــەی کــە لــە غــەزەل و قەســیدە دا هــەبوون و شــێوازی چــیرۆکیان پێدەبەخشــی ، بــەڵام لــە ئێســتەدا مــەرج نییــە وا بێــت و ڕێدەکــەوێت کورتبێــت و ئــەوە لەبەرچـاو نـاگرێ کـە بـۆ جوانکـاریی شـیعریی شـیعرەکە کـورت بێـت. لێـرەدا قـاڵبی شـیعری ڕۆڵــی زۆر نییــە و حاڵــەتی گێڕانــەوە بــە ئاگــاو بێئاگــا جــاری وا هەیــە لــە نــاو شــیعردا ســەر هەڵــدەدات و شــێوازێکی چــیرۆکی بــە شــیعرەکە دەبەخشــێت. لەگــەڵ ئــەوەی گێڕانــەوە لــە قــاڵبی شــیعری کورتــدا گــرانترە و زیــاتر پێویســتی بــە قــاڵبی درێــژە ، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی هــەموو ئەمانــە لەســەر توانــای شــاعیرو چــۆنێتی چــنین و بــەکارهێنانی زمــان و گێڕانــەوەی بابەتــەکان کــەوتووە، نــەك قەبارەکــەی، واتــە بــەهێزیی شــیعرێك تــەنیا بــە کــورتی و درێــژیی ئاســتی گێڕانەوەکــەی نــاپێورێ، هەرچــەندە لەوانەیــە شــیعری درێــژ توانای زیاتری بۆ بەردەوام بوونی ڕووداو و درێژە دان بە ڕەوتی شیعری هەبێت.

بــەو پێیــەی کــە شــیعری چــیرۆکئامێز لــە رووی زەمەنــەوە بــەردەوام لــە نێــوان ڕابــردوو و ئێســتادا هــات و چــۆدەکات و ئەمــەش لــە ڕێگــەی زمــان و هونــەری گێڕانــەوەوە یــە، چــونکە زمــانی شــیعری وەك ئــازاد عبدالواحیــد دەڵــێ: (( دەتوانــێ کاتــەکانی شــیعر بــە یەکــەوە ببەســتێ و پرۆســەی زانــین بنیــات بنــێ ، واتــە پێکەوەگرێــدانی ڕووداوەکــانی ڕابــردوو بــە ئاینــدەوە بــە مــەرجی لــەئامێزگرتنی مانــاو پڕکردنــەوەی بۆشــایی مێــژوویی

[1] – بڕوانە: هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لا 57 .

نێــوان دەق و خوێنــەر )) [1] ، بۆیــە لەگــەڵ ئــەوەی لــەم جــۆرە شــیعرەدا دەشــێ مەوداکــەی کـورت بێـت، بـەڵام وەك یـەكێك لـە سەرچـاوەكان ئامـاژەی پێكـردووە هەنـدێ جـار زۆر درێـژ دەبێـت و فـۆڕمی ڕۆمانەشـیعر دەگرێتـەخۆی كـە زیـاتر لـە ڕۆمـان نزیـك دەبێتـەوە لـە شـێوازی شـیعریدا [2] ، چـونكە بـەپێی بۆچـوونی ئـەردەڵان بـەكر : ((زمـانی ڕۆمانـە شـیعر زمـانێكی ڕەوان و ئاسـانە و دوورە لـە هـەر جـۆرە تـەم ومـژ و ئاڵۆزییـەك كـە لـە شـیعری ئاسـاییدا بەرچـاو دەكـەوێت )) [3] ، واتـە ئاسـانترە و مـاوەی بـەردەوامی و درێژبوونـەوەی زۆرە، كـە وێنـەو دەربڕینـەكان تیایـدا زۆر ڕوون دەكرێنـەوە و چـڕی كـەم دەبێتـەوە و هەرچەندە شیعرییەتیش لە شیعری باش و سەركەوتوودا لەدەستنادات .

لایـەنێكی تـری ئـەم جـۆرە شـیعرە ئـەو پەیوەندییـە بەتینەیـە كـە لـە نێـوان ئـەم و ژیاننامـەدا هەیـە، یـاخود لـەم جـۆرە شـیعرانەدا زۆر جـار شـاعیر چـیرۆكی ژیـانی كەسـیی خـۆی تێكـەڵ بـە گێڕانـەوە دەكـات و لـە وێنـەی شـیعری و قاڵبـە ئەدەبییەكانـدا دایدەڕێژێتـەوە . ئـەم ئـەزموون و ڕووداوانـە كاتێـك سـۆزو هەسـتی ڕاسـتیی شـاعیرێك بـوو، دەبێتـە هـۆی درووسـتبوونی شـیعرو پەیكـەرێكی وێنـەیی پـێ دەبەخشـێت . هـەروەها تیایـدا كەسـایەتییەكان وەك پاڵـەوانی چـیرۆكی لـەو شـیعرانەدا بەرجەسـتە دەبـن [4] ، واتـە ژیـانی كەسـەكان بـە یـادەوەری و دیمەنەكانییـەوە ، بەتایبـەتی قۆنـاغی منـداڵی ، زۆربـەی كـات لـەم جـۆرە شـیعرەدا بەرجەسـتە دەبێتـەوە تەنانـەت وەك ئەدەبناسـێك ئامـاژەی پێـداوە: (( جـاری وا هەیـە شـاعیر پـەنا دەباتـە بـەر نووسـینی "ڕۆمـانی لیریكـی "و دەیـەوێت هەڵوێسـت و بـیرو بۆچـوونی خـۆی دەربـارەی مێـژووی ژیـانی خـۆی یـان قۆنـاغێكی كۆمـەڵ بنووسـێت )). [5] لـە شـیعری نوێشـدا گەڕانـەوە بـۆ منـداڵی و ژیـانی شـاعیر بەشـێكی گرنگـی ئـەم شـیعرانەیە و زۆرجـار بـەو هۆیـەوە وێنـەی ژیـانی ئـەو كۆمەڵگایـەش دەكێشـێت، چـونكە شـاعیریش تـاكیكی كۆمەڵـەو لـە هـەمان بـارودۆخی

---

[1] – ئازاد عبدالواحید، پەخشانەشیعر لە نێوان دەق و ڕەهایی زماندا ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 71 ، ناوەندی ڕۆشنبیری گولان، هەولێر، 5 مایسی 2002 ، لا 52 .

[2] –بڕوانە: 20-5-2013 , www.wikipedia .

[3] – ئەردەڵان بەكر، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا، لا26.

[4] – بڕوانە : عزت الله فولادوند ، اخوان ثالث حماسەسرایی روزگار؟ یا داستان سرایی كلاسیك؟ ، **حافظ** ، شمارەی– 24، نیمە دوم بهمن، 1384 هـ.ش ، لا 27.

[5] – پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، لا62 .

کۆمەڵایەتی تاکەکانی تردا دەژی. سەرەڕای ئەوەی ئەمە بووەتە لایەنێکی ئیستاتیکی لە دەقدا وەك نوسەری عەرەب جاسم عاصی دەڵێت: (( شیعر لێرەدا بەرەو ئەوە دەچێت کە ژیاننامە بکاتە تیۆرێکی ئیستاتیکی بۆ خوڵقاندن ))[1] ، واتە جگە لە گێڕانەوەی ڕووداو ئەم بەکارهێنانە شێوازێکی هونەرییە و بەهۆیەوە جوانی بە دەق دەبەخشێت و یەکێتی و جیهانێکی یەکگرتوو لە شیعردا لە ڕێگەی گێڕانەوەی ژیاننامەوە دەخولقێنێ . جاری وا هەیە شاعیر ژیاننامەی شوێن یان شتێك لە ڕێگەی بەکەسکردنییەوە و لە زمانی خودی شتەکە خۆیەوە یان لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەکی ترەوە دەگێڕێتەوە ، لەم ڕێگەیەوە وەك نوسەر محەمەد سابر عەبید دەڵێت:(( داهێنەر لە هەوڵیدا بۆ ئاشکراکردنی نهێنی شوێن دەیەوێت گیانی شوێن بە دەست بهێنێتەوە ، لە مێژوو و جوگرافیا و هەستیاری و ڕوانین لێی وەك مرۆڤێك بۆ نووسینەوەی ژیاننامەکەی بە شێوازو وێنەی ئیستاتیکی، بەو پێیەی کلیلێکە لە کلیلەکانی داهێنان ))[2] ، بەم جۆرە دەبینین ژیاننامەو یادەوەریی منداڵیی شاعیر یەکێك لە خاڵە دیارەکانی شیعری چیرۆکئامێز و لە زۆر باردا دەکرێ ئەم جۆرە شیعرەی پێ بناسرێتەوە .

شیعری چیرۆکئامێز لە ڕووی تەکنیکەوە پێویستی بەهەندێ ڕەگەزی تر دەبێت هاوتای ڕەگەزەکانی شیعر کە لە هونەری چیرۆکی دەخوازێت، بە تایبەتی بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی گێڕانەوە، لەوانە: بینین-دیتن (الرؤیة) ، چونکە هەر گێڕانەوەیەك سەرەتا لە بینینی ڕووداوێکەوە یە ، سەرەڕای ئەو ڕووداوانەی کە شوێنی ڕوودانیان تەنیا زەین و دەروونی کەسایەتییەکەیەو لە شێوەی بیردایە، لەگەڵ ڕەگەزو تەکنیکەکانی کات و شوێن و چنین plot و چەندینی تر[3]. بۆ ئەمە و بەردەوامبوونی گێڕانەوە هەندێ جار پەنا بۆ تەکنیکی وەکو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو – فلاشباك دەبرێت کە ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی تەکنیك و هەندێ هونەری شێوازەکانی تری هونەرن و هاتوونەتە ناو چیرۆکەوە و دواتریش لەم جۆرە شیعرانەدا بەکارهاتوون . ئەم جۆرە ڕەگەزانە زۆر جار هەمان ڕەگەزی درامان و لە هەندێ شوێندا ئەم شیعرانە لە شانۆ نزیك دەبنەوە ، بە تایبەتی ڕەگەزی گفتوگۆ (دیالۆگ) ،

---

[1] – جاسم عاصی ، مرایا الشعر، لا 96 .

[2] – محمد صابر عبید، شیفرة ادونیس الشعریة ( سیمیاء الدال ولعبة المعنی) ، الطبعة الاولی، منشورات الاختلاف، جزائر 2009 ،لا 188 .

[3] – بڕوانە: زۆزان صادق، چیرۆکە شیعرا کوردی، لا 103 .

چــونكه هــەروەك نوســەر فــاتيح عبدالســلام دەڵــێ: (( گفتوگــۆ نێردراوێكــە لــە پێگــەی جـێگیرو دەسـەڵات و چـەقی دراماوە بـۆ پێگـەی یارمەتیـدەر یـان لاوەكـی یـان پاشـكۆ لـە كورتــە چــیرۆك و ڕۆمانیشــدا ، بەیەكگەیشــتنی دیــالۆگ و گێڕانــەوە لــە بونیــادی وتــاری چــیرۆكدا دەبێتــە هــۆی ئامــادەبوونی ئــەركی نــوێ ، كــە لــەم پەیوەندییــە نوێیــە لەدایكـدەبێت ))[1] . ڕەگـەزی دیـالۆگیش لـە شـیعردا پێگەیـەكی كـۆن و جـێگیری هەیـە و لــەم بارەیــەوە نوســەرێكی ئێرانــی دەڵــێ: (( لــە شــیعردا دیــالۆگ وتراوێكــە، كــە ڕووداو دەگێڕێتــەوە ، –واتــە گێڕەرەوەیــە لەشــیعردا –واتــە كەســێك كــە دەنگــی ئــەو لــە شــیعردا دەبیستێت كاتێك گفتوگـۆی خـۆی لەگـەڵ یـەكێكی تـر یـان چـەند كەسـی تـر دەكـات ئـەوا لــە شــێوازی شــیعریدا دەیگێڕێتــەوە ))[2] . هەرچــەندە دەكــرێ دیــالۆگ گێڕانــەوەی ڕووداو لــەخۆ بگرێــت ، ئەمــە گشــتی نییــە و دەشــكرێ تــەنها ڕا گۆڕینــەوەی كەســایەتی و خستنە ڕووی بابـەتێك بێـت لـە شـیعردا ، بۆیـە بەیارمـەتی ئـەم هونـەرە لـە هەنـدێك بـارداو لــە شــیعری چــیرۆكئامێزدا گێڕانــەوەی ڕووداو ئــەنجام دەدرێــت . لەگــەڵ ئــەوەی دیــالۆگ ڕەگـەزی سـەرەكیی شـانۆیە بـەڵام هـەر لـە سـەردەمانی پێشـووەوە تـەكنیكێك بـووە لـەناو چیرۆك و شیعریشدا لە پێناو دەربڕین و ئیستاتیكای دەقدا بەكارهاتووە.

بـەكارهێنان وئاوڕدانـەوە لـە هونـەری چـیرۆك لـە دەقـی شـیعریدا بـەو شـێوەیەی ئامـاژەمـان پێكـرد ، لـەناو زۆربـەی میللەتانـدا مێژوویـەكی كـۆنی هەیـە ، بـۆ نموونـە وەك نوســەر ســتیون كــانور، ئامــاژەی پێكــردووە لــە ئــەدەبی ئەوروپیــدا بــەكارهێنانی گێڕانــەوە لــە ســەردەمی مــۆدێرن لای ت. س. ئیلیــۆت و نوســەرانی تــر هــەبووەو لــە ســەردەمی پۆســت مۆدێرنەشــدا بەهــەمان شــێوە ڕوو لــە ڕەگــەزی گێڕانــەوە دەكــەن، لەمەشـەوە شـیعر لەسـەر شـێوەی غـەیرە شـیعری و بـەكارهێنانی گفتوگـۆو بەرسـەهات بـرەوی پەیـدا كـردووە[3] ، و لـە ئـەدەبی ڕۆژهەڵاتیشـدا جگەلـە بـوونی داسـتانی شـیعری ، كـە زۆربـەیان سـەر بـە ژانـری ( epic ) بـوون، لـەو ژانرانـەش كەسـەر بـە ژانـری لیریـك بـوون لــە كۆنــدا ڕەگــەزەكانی ئــەم هونــەرەیان تێكــەڵكردووە، بــۆ نموونــە لــە غــەزەل و قەســیدەكانیاندا و تەنانــەت لــە شــیعری كــورتی لیریكیشــدا بــە تایبــەت لــە ئــەدەبیاتی

[1] – فاتح عبد السلام، الحوار القصصي (تقنيات و علاقات السردية)، الطبعة الاولى ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999، لا 239 .

[2] – علی محمدی اسیابادی ، گفتوگو و ساختار ان در غزلیات شمس، لا www.ensani.ir.188 .

[3] – ستیون کانور، نظریەای ادبی پسامدرن، ادبیات پسامدرن، ترجمە پیام یزدانجو، لا 209.

فارسـیدا ئەمــە دەبیــنین[1] . لــە ئــەدەب و شــیعری نــوێی ئــەم نەتەوانــەی ڕۆژهەڵاتیشــدا بــە شـێوازێکی تـر چـیرۆك تێکـەڵ بـە شـیعر بـووە و تەنانــەت بۆتـە هـۆی بـەکارهێنانی زاراوەی تایبـەت بـە خـۆی ئـەوەتا لـە ئـەدەبیاتی تـازەی فارسـیدا بـۆ ئـەم جـۆرە شـیعرە زاراوەکـانی – (شـیعر داسـتانی مـدرن – شـیعری چـیرۆکی مـۆدێرن ) بـەکار دەهێـنن کـە تیایـدا وتوویـژ و گێڕانــەوە لــە خــۆ دەگرێــت کــە هەســتێکی چـیرۆکئامێز بــە گــوێگر دەبەخشـێت و ئەمــەش دەکەن بە دوو بەشەوە:

گێڕانەوە– گفتوگۆیی ( تەنها بە دیالۆگ دەگێڕدرێتەوە)

ئەوانیش :شیعری

گێڕانەوە– چیرۆکی (واتە تەنها گێڕانەوەیی)

هەردوو جۆرەکەش لە قاڵبی پەخشانەشیعردا بەرجەستە دەبن ، یان لە ژێر ناوی – شعر روایی – داستانی، کە ئەویش جۆرێکی تایبەتە بەشیعری چیرۆکی و گێڕانەوە، لای شاعیرانی وەکو (نیمایوشیج، مهدی اخوان ثالث ، احمد شاملو ، حمید مصدق، سیاوەش کسرایی ، سپانلو منسور اوجی ، بیژن نجدی ، موسی علیجانی) و چەندینی تر بەرچاودەکەوێت، کە تیایدا وەسف و دیالۆگ قەبارەی ئەم شیعرانە دادەپۆشن تا ڕادەیەك وەکو چیرۆکی کورت لە هەندی شوێندا مامەڵە دەکەن. هەروەها تیایاندا ڕووداوێك و چەندین کەسایەتی و شوێن هەن و ئەوەی لە داستانە کۆنەکان جیایان دەکاتەوە، نەهێشتنی گێڕانەوەی ڕاست و گرنگیدانە بە چۆنێتیی وتن و گێڕانەوەکە نەك تەنها چی وتن لە قاڵبی شیعری نوێدا ، واتە ئاوێتەبوونی تەکنیك و هونەری تازەی چیرۆك بە گێڕانەوە.[2]

لە ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبیشدا بە گشتی لە دوای ساڵانی شەستەکانەوە بە تایبەتی لە ئەدەبی عێراقیدا کۆمەڵێك نموونەی شیعری هاتنەکایەوە ، کە نزیك بوون لە بازنەی چیرۆکەوە ، هەندێکیان گرنگیی زۆریان بە پاڵەوان دەدا و شاعیر خۆی دەبووە پاڵەوانی سەرەکی لە شێوەی ژیانی کەسی و لە شێوازی تردا ، ئەمەش لە شیعری شاعیرانی وەك ( بەدر شاکر سەیاب و

[1] – منصور رستگار ، بروانە انواع شعرفارسی ، لا 168 .

[2] – بڕوانــە: دکـتر علـی تسـلیمی، گزارەهـایی در شـعر معاصـر ایـران، چـاپ اول، نشـر اخـتران، 1383 لا 245 .

**بڵند حەیدەری و نازك ئەلمەلائیکە و چەندانی تر [1]. دا دەبینرێت یان لە شیعری ئەو شاعیرانەی کە سەر بە گرووپی تاراوگەو گرووپی دیوان و ئەپۆلۆ بوون [2]، کە هەست بە بەکارهێنانی ڕەگەزی چیرۆك لەو شیعرانەدا لە شێوەی جیاواز و تایبەت بە شاعیرەکەدا دەکرێ.**

**لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم ئاوێتەبوونە بنەمایەکی کۆنی هەیە، جگە لە ئەدەبیاتی سەرەتا و داستانەشیعری کوردی، لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە تێکەڵبوونی هەندێ ڕەگەزی چیرۆکی بە چامەکانی نالی و سالم، لە شیعری قۆناغی دواتریشدا لای گۆران و شاعیرانی تر ئەم جۆرە شیعرە دەبینین، بۆ نموونە لە "دوو هاوینەگەشتەکەی هەوارامان و قەرەداغ" ی گۆراندا کە تیایاندا هونەری چیرۆك و گێڕانەوەو ئاوێزانکردنی بە شیعر دەبینین [3]، کە زۆرجار لە قاڵبی چامەی شیعریدا بووە ، سەرەڕای ئەوەی شیعری چیرۆکی لە بەرهەمەکانی گۆراندا دەبینرێت بەڵام شێرکۆ بێکەس پێی وایە، کە هەرچەندە گۆرانی شاعیر لای خۆیەوە چەندبەردێکی بناغەی ئەم جۆرە شیعری داناوە ، بەڵام ئەو شیعرانە لە سنووری دەمەتەقێ و لە بازنەی بزوتنەوەیەکی هەناسە کورت و کەمخایەن و ڕوانینێکی یەك لایەنی تێنەپەڕیون [4]. لای ئێمە ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەك بێ بنەمایەو دەکرێ چەندین لێکۆڵینەوە دەربارەی بالاد و شیعری چیرۆکئامێز لای گۆران بکرێ ، کە جاری وا هەبووە لە شیعرێکی کورتدا شێوازی گێڕانەوەی بەکارهێناوەو گیانە لیریکییەکەشی لە ئاستێکی بەرزدا ڕاگرتووە، هەربۆ نموونە ئەم شیعرانەی : ( جوانی لە لادێ، لە درزی پەچەوە، بووکێکی ناکام....) و دەیان نموونەی تر. [5]**

**بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بوونی بۆچوونی جیاواز سەبارەت بەو چیرۆکە شیعرانەی گۆران بەڵام هەر دەکرێ بە ڕێچکە شکێن لە قەڵەمی بدەین لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی قالبی شیعرییەوە ئەو شیعرانە زۆربەیان قاڵبی ئازادیان نییە و لە دەرەوەی قۆناغی توێژینەوەکەی ئێمەوەن.**

**شیعری چیرۆکئامێز لەئەدەبی نوێشماندا ، لە قۆناغی حەفتاکان بە دواوە بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرچاودەکەوێت، بۆیە بۆ مەبەستی دەرخستنی خاڵە جیاکەرەوەو**

---

[1] – **محسین اطیمش ، دیرالملاك، ص 20 .**

[2] –**بڕوانە: صادق فتحی دهکری – شلیر فتحی ، القصص الشعریه فی دیوان ایلیا ابی ماضی، ص 3 .**

[3] – **بڕوانە: ئازاد ئەحمەد مەحمود، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2008، لا 57 .**

[4] – **شێرکۆ بێکەس، ئا. یاسین عومەر، ئەزموون ( گفتوگۆ) ، لا 34.**

[5]– **بڕوانە: دیوانی گۆران، لا: 57، 58، 72–73 .**

تایبەتمەندییەکانی و چۆنێتی ئاوێتەبوونی ژانری چیرۆك و شیعر لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا لە بەشەکانی تردا درێژە بەم باسە و هەوڵی خۆمان لەو پێناوەدا دەدەین.

## پ– چیرۆکی شیعری لەئەدەبی کوردیدا

لـە ئـەدەبی کوردیشـدا وەك ئـەدەبی زۆربـەی گـەلانی دنیـا، چـیرۆکی شـیعری بەشـێکی بنـەڕەتیی ئەدەبەکـەی پێکـدێنێنیت ، بەتایبـەتی لـە قۆناغێکـدا کـە زیـاتر ژانرەکـان بـە شـیعر نووسـراون، واتـە زۆربـەی حیکایـەت و بەسـەرهاتی خـەڵکیش لـە شـێوازە هونەرییەکەیـدا لـە قـاڵبی کـێش و سـەرواداری شـیعردا بـوون، سـەرەتا لـە ئـەدەبی سـەرزاری وفۆلکلـۆر و دواتـر لـە ئـەدەبی نووسـراو(کلاسـیك و میللـی)دا ، ژانرێکـی سـەرەکی ئـەدەب بـووە . بۆیـە وەك دەروازەیـەك و بـۆ چـوونە نـاو کرۆکـی باسـەکەمانەوە و باسـکردن لـە دەقـی شـیعری چـیرۆکئامێزی لیریکیـی قۆنـاغی لێکۆڵینەوەکـەمان، بـە شـێوەیەکی کـورت هەنـدێ لایـەنی چـیرۆکی شـیعری لـە قۆناغـە جیاوازەکـانی ئـەدەبی کوردیدا دەخەینەڕوو .

### 1- لە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللیدا:

بەشـێکی زۆری ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی ئـەو چـیرۆکانەن کـە لـە قـاڵبی شـیعردا نووسـراون یـان وتـراون، کـە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی هەنـدێکیان دیـار نییـەو گـەل بووەتـە خاوەنیـان و و وەك ئاوێنـەی خاسـییەتەکانی گـەل وان و گوزارشـت لـەو بەسـەرهاتی پاڵـەوانێتی و دڵدارییانـە دەکـەن، کـە لـە هـەناوی مێـژووی گەلێکـەوە هـەڵقووڵاون و دەمـاو دەم و لـە شـێوەی گێڕانـەوەی حیکایـەت و گـۆرانی و بـەیت و لاوك و حەیرانـدا وتـراون و بـە کۆمـەڵ گەیـەنراون. بەشـێکیان لـە قۆنـاغی دواتـردا نووسـراونەتەوە و هەنـدێکیان پـارێزراون و بوونەتـە سەرچـاوە و سرووشـی شـاعیرو نوسـەرانی تـر بـۆ نووسینی چیرۆکی شیعری و جۆرەکانی تری شیعر.

ئەو بەرهەمانەی لەم بارەیەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە ، کۆمەڵێك بەیت وچیرۆکی شیعرین ، کە هەندێکیان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانەوە کۆکراونەتەوەو پارێزراون، بۆ نموونە ئەلیکسندەر ژاباو ئۆسکارمان باسیل نیکیتین و چەندینی تر، کە دەقێکی زۆری بەیت و چیرۆکی کوردییان کۆکردۆتەوە .

لە ئەدەبی کوردیدا ئەدەبناسان لێکۆڵینەوەیان لەم بارەیەوە کردووە ، بۆنموونە کتێبەکەی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول " لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی"،[1] ئەو داستانانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا هەن، لە ڕووی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانەوە بەسەر داستانی قارەمانێتی و داستانی دڵداری و ئەڤیندا دابەش دەکات ، هەروەك دکتۆر مارف خەزنەدار لە "مێژووی ئەدەبی کوردی "[2] دا ئاماژەی بۆ کردووە، سەرچاوەی ئەو چیرۆکانە یا چیرۆکی ئایینین یا ڕووداو و بەسەرهاتی خۆماڵین یا وەرگرتن و وەرگێڕانی چیرۆکی ناو میللەتانی دراوسێن. واتە بەشێکی ئەو داستانانە لەگەڵ گەلانی دراوسێ و ناوچەکەدا هاوبەشن ، هەندێکیشیان پێش نووسینەوەیان لەلایەن نوسەر و شاعیرانی کوردەوە، لە "شانامەی فیردەوسی " دا هەن ، بۆنموونە ناوی داستانی " ڕۆستەم و زۆراب " دەهێنرێت کە یەکێکە لەداستانەکانی" شانامە"، بەڵام هەروەك د. عیزەدین ئاماژەی بۆ کردووە ناکرێ ئەو داستانانە کە لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بوون، بەشی کوردیشیان پێوە نەبێت.[3] جگە لەوەش ئەم چیرۆکە بە کرمانجی ژووررو و گۆرانی لە لایەن چەند کەسی ترەوە نووسراوەتەوە، کە نموونەیان ئەو دەقانەن کە لە شانامەی کوردی محەمەد ڕەشید ئەمینی و ئیرەج بەهرامی بڵاوکراونەتەوە[4] . لەم بارەیەوە نوسەرێك بەناوی "سیاوەش گودەرزی" ،

---

[1] –بڕوانە: عیزەدین مستەفا ڕەسوول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2010 ، لا 41 .

[2] – بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، لا 178– 179.

[3] – بڕوانە: عیزەدین مستەفا ڕەسوول، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا 41.

[4] – نەمانتوانی دەقی ئەم دوو چیرۆکە شیعرییە (شاهنامەی کوردیی موحومەد ڕەشید ئەمینی، و شاهنامە کوردیی ئیرەج بەهرامی) بە شێوەی سەربەخۆ لە شێوەی کتێبدا بەدەست بهێنین . بەڵکو نوسەر سیاوەش گودەرزی لە کتێبەکەی خۆیدا دەقی هەردووکیانی بڵاوکردۆتەوە. بڕوانە :پەراوێزی دواتر.

**بــەراوردی لەگــەڵ دەقەکــەی "شــانامە" دا  کــردووە و  پێــی وایــە کــە هەنــدێ شــەقڵی تایبــەتیان تێدایــە کــە هــی کــوردن و جیایــان دەکاتــەوە لــە دەقــە فارســییەکە و بەتایبــەتی دەڵــێ ئــەو چــیرۆکانە لــە فــۆڕم و ناوەڕۆکــدا جیــاوازن  و دەکــرێ  پێناســەیەکی کوردییــان هــەبێت. هــەروەها کاریگــەریی ئــاینی، بــە تایبــەتی هەنــدێ نیشــانەی تایبــەت بــە "ئــایینی یارســــان" یــان تێــدا دەبینرێــت، کــە بەڵگەیــەکی دیــارە بــۆ جیاکردنــەوەی شــانامە کوردییــەکان لــە ئــەوەی فیردەوســی ، ســەرەڕای هــەبوونی چــەندین جیــاوازی تــر لــەو دەقانەدا.** [1]

**بەشــێوەیەکی گشــتی چــیرۆکی شــیعری بەشــێکی فراوانــی ئــەدەبی فۆلکلــۆرو میللیمــانی گرتۆتــەوە بــە جۆرێــك کــە د.مــارف خەزنــەدار دەڵــێ : (( هــەموو شــاعیرانی کــورد ئەوانــەی کێشــی خۆماڵییــان بــەکار هێنــاوە ، پێــڕەوی ئــەدەبی میللییــان کــردووە ، ئــەم هونــەرەیان بــۆ داڕشــتنی بــیر و خــەیاڵ و ئەندێشــە و تێبینــی بەرامبــەر بــە ژیــان  بــەکار هێنــاوە ))** [2] **، بــەڵام دەتــوانین ئەمــە بــەم شــێوەیە بڵــێین کــە زۆرێــك لــە شــاعیران و شــیعرخوانەکانی کــورد لــە قۆناغێکــدا  گرنگــی زۆریــان بــە چــیرۆکی شــیعری داوەو لــە قووڵایی ئەو چیرۆکانەدا لەگەڵ بیسەران و خوێنەرانیاندا ژیاون.**

**لــە ڕووی ناوەرۆکــەوە ئــەم چــیرۆك و داســتانانە  بەشــی  هــەرە زۆریــان تــەرخانی کەســایەتییەکەن و هــەموو ڕووداوەکــان لــە دەوری ئــەو دەســووڕێنەوە . ئــەم داســتانانە لــە قولاییــدا هــەڵگری  نــاوەرۆکی ئــایینیی قــووڵ و بنــەماو پرســیارگەلی فەلســەفین  ســەبارەت بــە کــەون و لــە خــۆگرتنی  ماناکــانی وەك ( چــاکە و خراپــە ) و خۆشەویســتی ، کــە هــەڵقولاوی  بــیرو تێڕوانینــی  نەتــەوە و گــەلانن. لــەناو چــیرۆکی پاڵــەوانی و قارەمانێتیــدا ســەرەڕای بــوونی بەســەرهات  و ڕووداوی ســەیرو لــە توانــای مــرۆڤ بــەدەر ، لەهەنــدێ کاتــدا قارەمانەکــە هــەڵقوولاوی نــاو گەلــەو کارەکانیشــی دەچــنە چوارچــێوەی ئەقڵــەوە،  بــۆ نموونــە بــەیتی "شــەریف هەمەوەنــد" و داســتانی "ســوارۆ" چــەندینی تــر . یــان جــاری وا**

---

[1] – **بڕوانە:سیاوەش گودەرزی، شانامەی کوردی– چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2003، لا 223.**

[2] **- مارف خەزنەدار – مێژووی کوردی – بەرگی دووەم – لا 173**

هەیــە ڕووداوێکــی مێــژوویی دەگێڕدرێتــەوە و تێکــەڵ بــە خــەیاڵی شــاعیرانە دەکرێــت و دەبێتــە چــیرۆکێکی هونــەری، یــەکێك لەوانــە داســتانی" قــەڵای دمــدم" ە لــە ئــەدەبی ئێمــەدا، کــە بایــەخی تــەواوی لــە ئــەدەبی فۆلکلــۆرو میللیــدا هەیــەو بەرهــەمێکی گرنگــە بــۆ لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان فۆلکلۆرو واقیع و مێژوو.[1]

بــۆ نموونــە بەشــێکی کــورت لــە بــەیتی "ســوارۆ" دەهێنینــەوە کــە تێیــدا وەســفی ســوارۆ دەکات و وەك پاڵەوانێك پیشاندەدرێت:

سوار مەزنی، بەمنی مەزنی

سەرت لە پۆڵای چنگت لە ئاسنی

هەر قەڵاتەکی دەچییێ ئەتۆی لە بنی

هەر حاکمێکی زەڕەندەیە ئەتۆی لە کنی[2]

جگــە لــەو داســتانانەی بــاس لــە قارەمانیــەتی و شــەڕو شــۆڕ دەکــەن ، جــۆرێکی تــری چــیرۆکە شــیعری کــوردی ئــەو بــەیت و داســتانانەن کــە تــەوەری ســەرەکییان خۆشەویســتی و دڵدارییــە، کــە هــەروەك چــیرۆکەکانی تــر زۆربــەیان لەگــەڵ گــەلانی ڕۆژهەڵاتــدا هاوبەشــن، هەرچــەندە چیرۆکیشــمان هەیــە کــە تایبەتمەنــدی نەتــەوەی کــوردی پێــوە دیــارە، بــۆ نموونــە چــیرۆکە شــیعرەکانی ( بــارام و گوڵئەنــدام، ســیامەندو خــەجێ، لاس و خــەزاڵ) لــە ڕووی شــوێنی ڕوودانــی چیرۆکەکەشــەوە "شــیرین و خوســرەو" یــا "شــیرین و فــەرهاد" دەکەونــە ناوچــە کوردییەکانــەوە و ئــەو شــوێنەوارانەی کــە مــاون و بــە شوێندەســتی فــەرهاد لەقــەم دەدرێــن ، لــە ناوچــە کوردییەکانــدان، کــە بەڵگــەی ئەوەیــە ئــەو ڕووداوانــە لــەناو میللــەتی کــوردا ڕوویــان داوەو بنــەڕەتییان کوردییــە. بــەڵام لەبــەر نــەبوونی بەڵگــەی تــر دەکــرێ بڵــێین ئــەمیش هــەر داســتانێکی هاوبشــی گــەلانی ڕۆژهەڵاتــە. جگــە

---

[1] – بڕوانە: عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لا 42– 49.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 43، (لە محەمەد تۆفیق وردی، فۆلکلۆری کوردی ،ب1، بەغدا، 1968، لا 19 وەرگیراوە.)

لــەوەش زۆرێــك لــە بەیتــەكان لــە زۆر ڕووەوە ســیمای فۆلكــۆری تایبــەت بــە كوردیــان پێوەیــە. هــەروەك ســوارەی ئیلیخــانی زادە دەڵــێ: (( شــعری وتــاری– یــا بــەیت بــەلای منــەوە گــەنجێكی هێــژاو ســامانێكی گــەورەی زەوق و چێشــكەی هۆزەكەمانــە .هــەر لەبــەر ئەمەیــە كــە –باســیل نیكــتین –و خاچــاتوور ئابۆڤیــان–ی شــاعیری ئەرمــەنی دەڵێــت فۆلكلــۆری كــوردی ئەوەنــدە پــڕو بــەرزو خێرۆمەنــدە كــە هۆزەكــانی تــری هاوســێی كــوردیش كــەڵكیان لێ وەرگرتــووەو كەوتونەتــە ژێــر تەئســیریەوە)) . بــە پێــی ئــەم ڕایــە دەكــرێ میللــەتانی تــر ســوودیان لــە بــەیتی كــوردی بینیبێــت و ئــەو بەیتانــە خۆیــان لــە بنچــینەدا كــوردی بــن و هەنــدێكیان بــۆ نــاو میللــەتانی تــر گوێزرابنــەوە. بــە داخــەوە بەڵگــەی زیاترمــان لەبەردەســتدا نییــە كــە ئــەم ڕایــە تــەواو پشتڕاســت بكاتــەوە. ئــەم بەیتانــەش لــەناو میللــەتی كــورددا بەشــێوەی ســـــەرزاری و دەمــــاودەم بڵاوبوونەتــــەوە و لەســــەرزاری زۆربــــەی حیكایەتخوان و بەیت بێژەكان بوون.

نموونــەی ئــەم جــۆرە چــیرۆك و بەیتانــە بــە زاراوە جیاجاكــانی زمــانی كــوردی لــە لایــەن شــاعیران و نوســەرانەوە لــە دەستنووســی جیاجیــادا نووســراونەتەوە، لەوانــە چــیرۆكی "مــەمی ئــالان"ە كــە دواتــر بــووە بــە هــەوێنی نووســینی "مــەم و زیــن " لەلایــەن شــاعیری كــورد ئەحمــەدی خانییــەوە، هــەروەها چــیرۆك وبــەیتی " زەمبیــل فــرۆش" و" خــەج و ســیامەند" و "لــەیل و مــەجنوون"، كــە ئەمــەی دواییــان سەرچــاوەكەی كــوردی نییــە ، هــەروەها ئــەو چــیرۆكانەی كــە سەرچــاوەكانیان دەقــە ئایینەكانــە وەكــو چــیرۆكی " یوســف و زولــەیخا" و "شــێخی ســەنعان" ، هــەروەها چــیرۆكە دڵدارییــەكانی وەك " لاس و خــەزاڵ" و "ناســرو مــاڵ مــاڵ "و "شــێخ فــەرخ و خــاتوو ســتێ ".... ) و چــەندینی تــر ، كــە هەنــدێكیان لەلایــەن ئۆســكارمانەوە كۆكراونەتــەوەو تایبەتمەنــدیی هەنــدێ لایــەنی نــاوەڕۆك و هەنــدێ لایــەنی فــۆڕمی ئــەو بەیتانــەی خســتۆتەڕوو. ئــەوەتا لــە شــوێنێكدا شــاعیری ناســراوی كــورد هێمنــی موكریــانی لــە باســی بــەیتی "شــێخ فــەرخ و خــاتوو ســتێ" دا كــە لــە" توحفــەی موزەفەرییــەدا"یــەو ئۆســكارمان كۆیكردۆتــەوە ، پێــی وایــە

---

1–محمد بەهرەوەر، شیعروپەخشانی سوارە ، چاپخانەی خاجی هاشم ، هەولێر ، 2011 ، لا25.

کـە بەیتبێــژ دێتــە ســەر باســی شــیعرو بــە کێشــی خۆمانــە و تایبــەتی کــۆنی کــوردی نووســـراوەو جــاری وا هەیـــە دێرەکـــانی کـــورتن و جــاری واش هەیـــە درێـــژن، بـــەڵام لـــە زۆربـــەی بارەکانـــدا کـــێش و مۆســـیقا پـــارێزراوە و قافییـــەی زۆر بـــە گـــرنگ زانیـــوە بـــەڵام یاســـایەکی رێکـــوپێکی نییـــە و بـــەدڵی خـــۆی قافییـــەی گۆڕیـــوە.[1] واتـــە لەگـــەڵ نـــاوەڕۆکی بەیتەکاندا هەوڵیداوە کە لەڕووی مۆسیقاو فۆڕمی شیعرییەوە شییانبکاتەوە.

جگـــە لـــە تێمـــەی چـــیرۆکە شـــیعرییەکان کـــە زۆربـــەیان دڵـــداری و قارەمـــانین، بەشـــێوەیەکی گشـــتیش لـــە ڕووی ڕوخســـارەوە، چـــیرۆکی شـــیعری هـــەڵگری تایبەتمەنـــدی زۆریـــی دێـــڕ و درێژییـــە لـــە قـــەوارە دا ، زمـــانی ســـفت و پتـــەوەو زیـــاتر پێوەنـــدیی بـــە خوێنـــەوارەکانی ڕۆژگـــاری خۆیـــەوە هەیـــە ، لەگـــەڵ چـــوونە نـــاو خـــەڵك و گرنگـــی پێـــدان لـــە لایـــەن خـــەڵکی عامـــەوە و لـــە ڕووی کێشـــەوە ( عـــەروزی و خۆمـــاڵین– بڕگـــەیین لـــە ڕووی قافیەشـــەوە جـــوت قافیـــە ( مـــەثنـــە وی ) ە بـــەم جـــۆرە ( اا، ب ب ، ج ج ). بـــەڵام بـــەیت درێـــژی و قەبارەکـــەی کـــەمترە لـــە داســـتانە شـــیعری لـــەڕووی زمانـــەوە زیـــاتر زمـــانی خەڵکـــەو بەکێشـــی خۆمـــاڵی (ســـیلاب) دەنووســـرێت، قافیـــەی ڕەنگاوڕەنگـــە، زۆرجـــار لەســـەر بنچـــی کۆپلەیـــە، واتـــە بـــە شـــێوەی کۆپلـــە دەنووســـرێت، بـــۆ شـــێوەی گـــۆرانی شـــیاوە و وتنیـــان بـــە گـــۆرانی یارمـــەتی مانـــەوەیانی داوە و لـــە فـــەوتان پاراســـتوونی ، کـــەمتر وشـــەی قـــورس و هونەرەکانی ڕەوانبێژییان تێدا بەکارهاتووە[2].

لـــە ڕووی ناوەڕۆکـــەوە زیـــاتر بـــەیت و داســـتان لەیـــەك دەچـــن، ســـەرەڕای ئـــەوەی بـــە ڕای نوســـەر ، نـــەجات ئەحمـــەد حەمیـــد (( بـــەیت بـــە پێچـــەوانەی شـــیعرو حەقایـــەت و پەنـــدو ئیدیۆمـــەوە پابەنـــدی ئایـــدیالی کۆمەڵایەتییـــەو لـــە هۆنینەوەیـــدا حســـێب بـــۆ بابـــەتی قەدەغـــەکراو و نەشـــیاو دەکـــات، کـــە کۆمەڵگـــە بـــۆی هەیـــە ڕەتـــی بکاتـــەوە))[3] ، واتـــە

---

[1] – بڕوانە: ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر 2011، لا 66.

1– بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ، لا169.

[3] - نەجات ئەحمەد حەمید، تیۆری بنیاتی شاراوە، لا 728.

دەتوانرێت لە ڕێگەی بەیتەکانەوە ئەو یاساو پێوەرانە بزانرێت کە کۆمەڵگایەك لە قۆناغێکی مێژوویی دا پەسەندی کردووە.

## 2- چیرۆکی شیعری- شیعری گێڕانەوەیی لە ئەدەبی کلاسیکیی و قۆناغەکانی دواتری شیعری کوردیدا.

هەرچەندە زۆربەی ئەو چیرۆکە شیعرییانەی لە ئەدەبی کوردیدا هەن، هی قۆناغی پێش ئەدەبی کلاسیکین، بەلآم هەندێك لەو چیرۆکانە دەکرێ بچنە نێو ئەدەبی کلاسیکیمانەوە بە تایبەتی داستانی شیعریی " مەم و زین " ی ئەحمەدی خانی ، کە بەکێشی عەرووزی عەرەبی نووسراوە و چەندین هونەری ڕەوانبێژی و بیری فەلسەفی تێدا بەکار هاتووە ، ئەم بەرهەمە چەندین دەستنووسی هەیە و بۆ چەندین زمان لەوانە بۆ زمانەکانی ( عەرەبی و ڕووسی ، فارسی ، ئەڵمانی، تورکی و ئینگلیزی و ئازەری ) و هەندێکی تر وەرگێڕدراوە ، کە دەتوانین بڵێین تاکە بەرهەمە کە ئەوەندە بڵاوبۆتەوەو یەکێکە لەوبەرهەمە ئەدەبییانەی کە کوردی پێدەناسرێت.[1] ، بۆ نموونە دەهێنینەوە ، کە خراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی لە (مەم و زین)خانی نوسینی هەژار دا :

| | |
|---|---|
| نام تیە لوح نامیا عشق | نامێ تەیە لەوحێ نامەیە عشق |
| اسم تیە نقش خامیا عشق | ئیسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عشق |
| بی نقش تە نقش خامە خامە | بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە |
| بی نام تە نامە ناتمامە[2] | بێ نامێ تە نامە ناتەمامە |

بەلآم ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمانە شێوازی گێڕانەوەیە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی و قۆناغی دواتردا ، هەوڵدەدەین چەند نموونە لە شیعری ئەوشاعیرانە ( بە

[1] – بڕوانە: ئەحمەدی خانی ، مەم و زین، پێشەکی و لە چاپدانی نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەلێر، 2008، لا21.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا 35.

کرمـانجی خـواروو) بخەینـەڕوو، کـە شـیعرەکانیان شـێوازێکی چیرۆکی دەگرنـەخۆ . نـالی سەرمەشـقی قوتابخانـەی کلاسـیکی لـە چـامەکەیدا کـە بـۆ سـالمی نووسـیوە، هەنـدێ شـیوازی گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردوو و گێڕانـەی تێـدا بـەدی دەکرێـت جگـە لـەوەش لـە وەڵامـی قەسـیدەکەی نالیـدا، سـالمی شـاعیریش بـە شـێوازی گێڕانـەوەو لـە ڕێگـەی وەسـفەوە ئـەو گۆڕانکـاری و ڕووداوانـەی ، کـە بەسـەر ئـەو شـوێنانەدا هـاتوون، کـە نـالی هـەواڵی پرسیون ، پیشاندەدات . بە تایبەتی کاتێك شاعیر دەڵێت:

ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو

یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەك تیهی سەقەر

زستانی ئەووەڵین بوو دڕا بەرگی (شێخ هەباس)

ڕۆمی ئەوەندە شومە لە شەخصیش دەخەن زەرەر[1]

لـە ئـەدەبیاتی دواتـردا و لـە شـێوازێکی تـری شـیعردا، لـەلای حـاجی قـادری کـۆیی و لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەی ئـەدەبی کلاسـیکی بـەرەو ڕۆمانسـییەت و لـە ئـەدەبی کوردیـدا نموونـەی شـێوازی گێڕانـەوەی شـیعری لـە بەرهەمەکانیـدا دەبیـنین ، بـۆ نموونـە لـە شیعرێکیدا دەڵێ:

لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران

بە هەیئەت تێگەییم کوردە، بەشێوەی ئەهلی کوردستان

کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای

لە کام لا هاتووی؟ گریا. گوتی: بابان!گوتم بابان؟

---

[1] –دیوانی سالم، گیو موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1972 ، لا 67.

*لــە شــێوەی گفتوگــۆدا بــەردەوام* دەبێــت و لــە ڕێگــەی گەڕانــەوە بــۆ ڕابــردوو و وەســفەوە ڕابــردووی کــوردو ئــەو کارەســاتە سیاســییانەی بەســەریدا هــاتوون هــەر لــە داگیرکــاری وشێوانی سەراو هەیوانی گەورەکانی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە.بۆ نموونە دەڵێ:

لە ڕیزی زەبرو زەنگی وان کەسێکی تر نەبوو هەرگیز

بە شیرو حیشمەتی وانە دەمێنێ دەوڵەتی ئێران

سەراو هەیوانیان ئێستا کەلاوەی کوند و دالاشە

ئەگەر مەیدان و دیوانە سەراپا بوویتە جێی ڕۆمان[1]

هــەروەها هــەر حــاجی چــیرۆکی نیشــتنەوەی کەشــتی نــوح لــە چــیای جــودی ناوچــەی کوردستان بە شیعر دەگێڕیتەوەو ئەم هونەرەی بەکارهێناوە .[2]

لــە قۆنــاغێکی تــری ئــەدەبی کــوردی و لەگــەڵ نوێکردنــەوەی شــیعرو ســەرهەڵدانی قوتابخانــەی ڕۆمانســییەت ، لای شــاعیرانی ئــەم ســەردەمەش شــێوازی گێڕانــەوە لــە هەنــدێك دەقــدا دەبینرێــت بــۆ نموونــە لــە هاوینەگەشــتەکەی گــۆران، بــە تایبــەتی: " گەشــت لــە قــەرەداغ" و " نیــاز" و" لــە بەندیخانــە"و" وەلامــی پــرس"[3] و چــەندەها شــیعری تــردا ، ئــەم شــێوازە بەرچــاو دەکــەوێت . ئــەو شــیعرانەش لــە ڕووی ڕوخســارو ناوەڕۆکــەوە هــەڵگری تایبەتمەنــدی شــیعری ســەردەمەکەن و جیــاوازترن لــە چــیرۆکە شــیعرییەکانی پێشــوو. دواتــریش لای شــاعیرانی تــر کــەم وزۆر شــێوازی گێڕانــەوە لــە

[1] – حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادر، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعود محمد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان،بەغدا، 1986 ، لا92 .

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 195.

[3] – دیوانی گۆران، لاپەڕەکانی 121،63، 168، 173 .

شــيعرەکانیاندا دەبینرێــت، لای هێمنــی شــاعیر لــە شــیعری " ســوڕی دەوران" [1] دا ، کــە تــەواو گێڕانــەوەی چــیرۆکی دڵــداری نێــوان کــچ و کــوڕێکی کــوردە کــە گــیرۆدەی یاســاو ڕێســای کۆمــەڵ بــوون و تونــدو تیــژییان بەرامبــەر دەکرێــت، تــەواوی وەســفەکان لــە شــێوەی گێڕانەوەدان و لە هەندێك جێگەدا هونەری دیالۆگ دەبینرێت.

لـە قۆنـاغی دواتـرو لـە سـاڵانی حەفتاکانیشـەوە ئـەم شـێوازە شـیعرییە لـە بەرهـەمی هەنـدێ لـە شـاعیراندا دەبینرێـت بـۆ نموونـە : لـە چـەند شـیعرێکی شـێرکۆ بێکەسـدا شـێوازی گێڕانـەوەو چـیرۆکی شـیعری دەبینرێـت. بـۆ وێنـە شـیعرەکانی ( کـوڕی زەریـا ، بەیتی ئاگر ، داڵ ) [2] و چەندان شیعری لەم جۆرە لای شاعیرانی تر.

## 3 – شیعری چیرۆکئامێزی منداڵان

هــەروەك لــەبارەی شــیعری چــیرۆکئامێزەوە لــە ئــەدەبی فۆلکلــۆر و نووســراوی کوردیــدا پێشــتر – دوایــن ، دەمانــەوێ لێرەشــدا هــەر زۆر بــەکورتی و ڕاگــوزاری باســێکی ئــەم جــۆرە شــیعرە بکــەین، کــە بــۆ منــداڵان نووســراون و ڕاســتەوخۆش بچــینە نــاو کرۆکــی مەســەلەکەوە بــێ ئــەوەی ڕانــانێکی پەیــدابوونی شــیعر و چــیرۆکی منــداڵان بــە گشــتی لــە ئەدەبی کوردیدا بکەین .

ئـاخۆ شـیعری چـیرۆکئامێزی منـداڵان لای کـورد هـەبووە و دەتـوانین کـام شـیعرە بـە نموونـە بهێنینـەوە کـە ڕەگـەزی چـیرۆکی تێـدا بـێ ؟ د . فازیـل مەجیـد لـەم بارەیـەوە دەڵـێ : (( لـە فۆلکلـۆری کوردیـدا جگـە لـە شـیعری گـۆرانی گـەڵێ چـیرۆکی فۆلکلـۆری هـەن کـە بەشـیعر وتـراون و بـۆ منـداڵان و لەلایـەن گـەورەوە بۆیـان دەخوێنرێتـەوە، کـە زۆربـەیان لەسـەر زمـانی ئـاژەڵ و ڕووەك و گیانـداران وتـراون یـان هـەر ئەمانـە ڕۆڵـی سـەرەکی تێـدا

[1] – هێمن موکریانی، دیوانی هێمن موکریانی، سەرپەرشتی: سەیران حیکمەت و سەردار شەمزاو، چاپخانەی کوردستان، 2005 ، لا 301.

[2] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی سێیەم، سوید، 2009، لاپەڕەکانی 326 ،367، 460 .

دەبیـنن وەك چـیرۆکی شـیعری ( شـێردا بـۆ داپـیردا و ریـوی و ئەسپەشـێ و گـورگ وبـزن و پشیله و مشك و . ) ... هتد ))[1] .

هــەر لــە هــەمان لێکۆڵینــەوەدا ئامــاژە بــەوە دراوە کــە حســێن حــوزنی موکریــانی چــیرۆکیکی شــیعری بــەناوی ( بزنۆکــە و مەڕۆکــە ) وە ســاڵی 1927 نووســیوە . دیــارە لەگــەڵ پەیــدابوونی قوتابخانــەی نوێــدا پیداویســتیی فێرکــاری مامۆســتایان و شــاعیرانی هانــداوە کــە بــۆ پــەروەردە و فێرکــردن قەڵــەم بخەنــە کــار و لــەم بــوارەدا بــەگوێرەی توانــا و زرووفەکــە بەرهــەم پێشکەشــی منــداڵان و بەتایبــەتی قوتابیــان – بکــەن . شــاعیرانی وەکــو زێــوەر و بێکــەس و دواتــریش: گــۆران ، ع .ع . شــەونم و کاکــەی فــەلاح و عومــەر عەبــدولڕەحیم و فەرەیــدون عــەلی ئــەمین و چــەندین نوســەر و شــاعیری تــر ، بەرهــەمی بــەپێزیان لــەم بــوارەدا هــەبووە . لــەم ڕۆژگــارە پــڕ داهێنانــە تەکنیکییــەی ئەمڕۆشــدا لــە چــاو خۆیــدا ئــەدەبی منــداڵانی کــوردیش تــا ئاســتێکی بــاش هــەنگاوی چ لــە رووی نووســین و چ وەرگێڕانــەوە لــە زمــا نی بێگانــەوە نــاوە ، ئێمــە لەبــەر بــێ دەرفــەتی دوو نموونــە دێنینــەوە کــە هــی دوو دەیــەی جیــاوازن و بــە لای ئێمــەوە شــیعرێکن کــە رەگــەزی گێڕانــەوەیان تێدایــە ، ئەو دوو شاعیرەش فایەق بێکەس و لەتیف هەڵمەتن ، بێکەس دەڵێ :

دوو پشیلەی جووت و ڕێك — هەستان و چوونە جێ یەك

بۆ دزی سەلکێ پەنیر — کەوتنە پیلان و تەدبیر

بۆ تەماع و بەشی زۆر — لێیان بوو بەشەڕ و شۆڕ

...............

پشیلەکان بە بێ بەش — مانەوە مات و رووڕەش

---

[1] – د. فازل مەجید مەحموود ، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی، 2004 ،ل 105.

خولاسەی ئەم قسانە          تەماعکار پەشیمانە[1]

هەرچەندە لە هەمان سەرچاوەدا و بەهەمان مانا لەتیف هەڵمەتیش پشیلەی وەك ڕەمزی دڕەندەیی و زۆرداری و بەشێوازێکی تر بەکارهێناوە ، بەڵام ئێمە بۆ ڕەنگینکردنی نموونەکان لە " دیوانی منداڵان " ی هەڵمەت هەر شیعرێك ( کلك ) کە بۆ پشیلە و ئەرکێکی ئەرێنی وتراوە هەڵدەبژێرین ، کە دەڵێ :

پشیلە گوتی کلکی من          جوانترە لە کلکی بزن

بزن لێی هاتە زمان          کەوتنە شەڕ و لێکتردان

دارتوویەکی میهرەبان          رایکرد بۆ ناوبژییان

....................

ئیتر هەردوو دەستوبرد          سوپاسی دارتوویان کرد

ئێستا پشیلە و بزن          هەردوو هاوڕێی یەکترن[2]

لەم دوو نموونە شیعرییەدا کە بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاری نووسراون و بەشێوەی گێڕانەوە داڕێژراون و تەنانەت گفتوگۆیەکی ساکاریشیان تێدایە ، لایەنی لیریکییشیان تێدا بەرجەستەبووە و بە زمانێکی شیعری و وێنەی جوان دەربڕدراون و دەریدەخەن کە شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی منداڵانی کوردا گەلێك نموونەی بەرچاو و ڕەنگاورەنگی هەیە.

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو ، کە لەم بارەیەوە زانیاریی چاکی تێدایە و توێژینەوەیەکی باشی ئەدەبی منداڵانە.

[2] – لەتیف هەڵمەت . دیوانی منداڵان – شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان ، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، 2005 ، ل 97–98 .

بــەم شــێوەیە دەبیــنین چــیرۆکی شــیعری یــاخود گێڕانــەوە لــە شــیعردا لــە زۆربــەی قۆناغــە جیاجیاکــانی ئــەدەبی کوردیــدا بەرچــاو دەکــەوێت. قــاڵبێکی ســەرەکیی شــیعری ئــەدەبیاتی فۆلکلــۆرو میللــی بــووە ، هــەروەك گــەلێ بەرهــەمی ئــەو قۆناغــە کــە بــۆ ئێمــە مابێتــەوە ئــەم شــێوازە شــیعرییە یــە و تیایــدا خــەون و بــیرو چــۆنێتیی ژیــان و هەنــدێ لایــەنی ژیــاریی مرۆڤــی ئــەو ســەردەمانە دەخاتــەڕوو . لــە قۆناغــەکانی دواتریشــدا وەك باســکرا ئەگــەر بەشــێوەیەکی کــەمیش بێــت، لەگــەڵ بــوونی شــیعری چــیرۆکئامێزی زۆر جــوان لــە ئــەدەبی منداڵانیشــدا ، چــیرۆکی شــیعری و هونــەری گێڕانــەوە بــەکارهێنراون .. ئــەم ژانــرە ئەدەبییــە لــە چوارچــێوەی ڕۆژگــاری توێژینەوەکــەی ئێمــەدا ، گەشــەو برەوێکــی بــاش بەخۆیــەوە دەبینــێ، ئێمــە هەوڵــدەدەین لــە بەشــەکانی تــری لێکۆڵینەوەکــەدا ئــاوڕی لێ بدەینەوەو تایبەتمەندییەکانی لە ڕووی تێمە و بونیادەوە بخەینە ڕوو.

## بەشی دووەم

## بابەت (تێمە) لە چوارچێوەی قەبارە جیاوازەکانی شیعری گێڕانەوەیی – چیرۆکئامێز دا .

هەر دەقێکی ئەدەبی پێکهاتەی دوو بەشی سەرەکین، ئەوانیش ڕووخسار یا ئەو بونیادە ئیستاتیکییانەی کە دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، هەروەها لایەنێکی گرنگی تر، ناوەڕۆك یا تێمە و بابەتی بەرهەمی ئەدەبییە ، کە لە ڕێگەی زمان و چنینی دەقەکانەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو تێمانە بەشێوەیەکی گشتی ، کە کرۆکی شیعرە چیرۆکئامێزەکانیان پێکهێناوە، بخەینە ڕوو.

وەك لە فەرهەنگە ئەدەبییەکانیشدا ڕوونکراوەتەوە، تێمە ((بۆ بابەت، یا ئایدیایەك کە شاعیر شیعرەکەی لەسەر بنیاتدەنێت، بەکاردێت. ))[1] . یاخود تێمە ، واتای بنەڕەتیی ناوەوەی هەر شتێکە ، لە بواری ئەدەبیشدا (( بریتییە لە بیری سەرەکی و بەهێز وگشتگیر لە هەر بەرهەمێکدا، هێڵێکی کێشراوی ناو هەر بەرهەمێکە، کە ڕوداوەکانی چیرۆکێك پێکەوە دەبەستێتەوە، تێمە ئاراستەی بیرو توانای بینین و دەرککردنی نوسەرەکەی پیشاندەدات ))[2] . بە شێوەیەکی پوخت وچڕ تێمە : (( وشەیەکی یۆنانییە، بنەما دەگەیەنێ، ئەوەی کە بنەڕەتە، ئەو ڕووداوانەی کە بنەمای بەرهەمی ئەدەبی پێکدێنن. بابەت – واقیع و بەها ئیستێکییەکان پێکەوە گرێدەدا. لە ڕووی واقیعەوە، ئەو ناوەڕۆکەیە لەبەرهەمەکەدا هەیە. لە ڕووی ئیستێتیکییەوە دەتوانین باس لە ناوەوەی بابەتەکە ، واتە: تایبەتمەندیی هونەریی بەرهەمی نوسەرەکە بکەین))[3] .

---

[1] – ایرنا ریما مکاریك، دانشنامەی نظریةهای ادبی معاصر، لا 120.

[2] – سیماداد ، فرهنگ اصطلاحات ادبی،لا 219 .

[3] – ئالیکساندەر دیما ، پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد . وەرگێڕانی .ئەنوەر قادر محەمەد ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی 2011 ، لا 91.

بـــۆ شـــيكردنەوەو خســـتنەڕووی تێمـــەی شـــيعرە چـــيرۆكئامێزەكان ، لـــە كـــۆی ئـــەو شـيعرانەی كـە گێڕانـەوە لـە خـۆدەگرن و بەچـەند جـۆر لەگـەڵ شـێوازو تـەكنيكی چـيرۆكدا هاوبەشـن و دەكەونــە مــاوەی لێكۆڵينەوەكــەی ئێمــەوە ، ئێمــە بــۆ هەرشــاعيرێك نزيكــەی "پێـنج" دەقمـان هەڵبـژاردووە، واتـە لای هەنـدێك شـاعير ڕێژەكـە لـەوە كـەمترە . تـەنيا ئـەو شـــيعرانەشمان هەڵبـــژاردووە كـــە دەكەونـــە مـــاوەی لێكۆڵينەوەكەمانـــەوە ، چـــونكە هەندێكيان لە پێش يان لە پاش ئەو ماوەيەدا دەقە چيرۆكئامێزەكانيان نووسيوە.

پـاش خوێندنـەوەی شـيعرەكان، دەبيـنين كـە دەتوانرێـت، فـۆرم و قـەبارەی شـيعرەكان بـــۆ ســـێ شـــێوەی جيـــاواز پـــۆلێن بكـــەين ، كـــە هەوڵـــدەدەين چـــۆنێتيی تێمـــەكانيان دياريبكەين، ئەوانيش ئەمانەن:

## 1- شيعری كورت.

هـەموو ئـەو دەقـە چـيرۆكئامێزانە دەگرێتـەوە، كـە يـەك پـەڕە تێپـەڕناكات و لـە "چـوار " دێـڕەوە دەسـت پێـدەكات تـا "بيسـت " دێـڕ ، زۆربەشـيان بـە شـێوازی دێـڕی شـيعريی نـوێ و ئـازاد نووسـراون . هەنـدێك جـار بەيـەك وێنـە يـاخوود چـەند ڕسـتەيەك لـە زمـان و شێوازی شيعريدا چيرۆكێك دەگێڕێتەوە.

## 2- شيعری مامناوەند .

ئـەو شـيعرانە دەگرێتـەوە، كـە لەيـەك پـەڕە زيـاترن و لـە"بيسـت " دێـڕەوە دەسـت پێدەكـەن تـا "هەشـتا" دێـڕ . ئـەمانيش بـە هـەمان شـێوە، گێڕانـەوە بـە چـەندين شـێوە لـە خـۆ دەگـرن . زۆرجار بەهۆی ڕوونكردنەوەی زياتر و وەسفەكانەوە ، دەقەكە درێژتر دەبێتەوە.

## 3- شيعری درێژ.

ئەمـــەش گێڕانەوەيـــەك يـــاخوود چـــيرۆكە شـــيعرێكە، قەبارەكـــەی لـــە دوای شـــيعری مامناوەنـــدەوە دەســـت پێـــدەكات و بـــە پێـــی هـــەر شـــاعيرە و تايبەتمەنـــديی دەقەكـــە، درێژييەكـەی دەگۆڕێـت. تەنانـەت لای هەنـدێك شـاعير تێكـەڵی ژياننامـە دەكرێـت . يـان لـە

قــەبارەی ڕۆمــانێکی شــیعری نزیــك دەبێتــەوە. جگــە لــەوەی لــە هەنــدێك لــە شــیعرەکاندا گێڕانــەوەی تــر دێتــە پێشــەوەو چــیرۆك لــە نــاو چــیرۆکدا دەبینرێــت . یــاخود لــە دەقێکــی درێــژدا ڕێدەکــەوێت هــەموو دەقەکــە چــیرۆکئامێز نــەبێت، بــەڵکو لــە ناوەنــدی دەقەکــەدا شــێوازی چــیرۆکی و گێڕانــەوە ســەرهەڵدەدات و شــاعیر بــۆ ڕابــردوو دەگەڕێتــەوەو تــەکنیکی چــیرۆك بــە کاردێنێــت . یــا لــە کــۆی شــیعرەکەدا هەســت بــە بــوونی چــیرۆك و کــەش و هەوایەکی لەوجۆرە دەکرێت .

بــە پێــی ئــەو تێمەیــەی، کــە دەقــەکان دەیگرنــەخۆ و دەگێڕدرێتــەوە، هەوڵــدەدەین بــە پێــی بابــەت وکــرۆك و پوختــەی مەبەســتەکانیان، پــۆلێنی تیکســتەکان و دەرکــەوتنیان لــەو ســێ فۆرمــە جیــاوازەدا بکــەین و چــۆنێتی هــەر تێمەیــەك لــە فــۆرمێکی جیــاوازدا دیاریبکــەین، ڕێــژەی جــۆری ئــەو تێمانــەی لــە دەقــی نــوێی چــیرۆکئامێزدا گرنگییــان پێــدراوەو بوونەتــە نــاوەڕۆك و ڕۆحــی شــیعر و نوســەرانمان جــەختییان لــێ کردۆتــەوە، ڕوونبکەینەوە.

ئەو تێمانەی کە بەرچاون گرنگترینیان ئەمانەن:

## خۆشەویستی :

مەبەســت لــەم بابــەت و تێمەیــە، هــەموو ئــەو وەســف و وێنــە و دەربڕاوانــەن ، کــە سەرچــاوەکەیان بــوونی هەســتی خۆشەویســتیی و پەیوەنــدی مرۆڤەکانــە، کــە بــە درێــژایی مێــژوو جگــە لــە دەرکــەوتنیان لــە بەرهەمــە ئەدەبییەکانــدا بوونەتــە بابــەتێکی ســەرەکی کۆمەڵناســی و تەنانــەت فەلســەفەش ئــەوەتا بوونگــەراکان دەڵــێن: (( هەســت و ســۆز و جــۆش و خــرۆش ، بەشــێکن لــە تــان و پــۆی نــاوەوەی مــرۆڤ و هــەر هەوڵــدانێك بــۆ ناســینی مــرۆڤ نــاتوانێ فەرامۆشــیان بکــات)) [1] . خۆشەویســتی لــە چــەندین شــێوەدا وێنــەکراوە و وزەیــەکی هەمیشــەییە لــە مرۆڤەکانــدا ، مــرۆڤ لــە هــەر شــوێنێك و لــە هــەر کاتێکــدا بێــت ،

[1] – جۆن ماکواری ، فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی، 2005، لا 178 .

وزەی سـۆزگەرایی و ئیرۆسـیانە ، بەشـێکە لـە شـوناس و ناسـنامە و بەرجەسـتەکەری مرۆڤبوونەکـەی ، بـەلاّم مـەرج نییـە ئـەم وزەیـە لـە هـەموو سـەردەم و قۆناغەکانـدا بـواری بەرجەسـتەکردنی بـۆ برەخسـێ و بـە شـێوەیەکی تەندرووسـت گوزارشـت لـە خـۆی بکـات [1] . هـەروەها تێکـەڵکردنی بابـەتی جـوانی وئیرۆتیکـا لەشـیعرەکاندا . واتـە لەگـەڵ سـۆزەکەدا هەنـدێ وێنـەی تێکـەڵ بـە خۆشەویسـتیی سێکسـئامێز دەبینرێـت، کـە ئیرۆتیکـا دەگرێتـەوە و ئەمـەش بریتییـە لـە ئاوێتـەبوونی رۆح و جەسـتە... [2] . خۆشەویسـتی یەکێکـە لـە تێمـە زۆر سـەرەکییەکان و بـە بەشـێك لـە پاشـخان و قـووڵایی نـاخی مرۆڤـەوە پەیوەسـتە، لـە هەسـت و نەسـتیدا ڕەگیـداکوتاوەو وێنادەکرێتـەوە ، لـە بەرهـەمی چـیرۆکی و شیعریشـدا دەگێڕرێتـەوە و بـەردەوام شـاعیران بـۆی دەگەڕێنـەوە . ئـەم لایەنـە دەبێتـەوە بابـەت و خـەیاڵی زۆربـەی خوێنـەران و لـە گێڕانەوەشـدا جـوانی و گرنگییەکـەی دەردەکەوێتـەوە .ئـەم تێمەیـە لـە ئـەدەبی کوردیـدا ڕەگـی کـۆنی هەیـە, بـە جۆرێـك سـەرەڕای بـوونی داسـتانی قارەمـانی سـەرەکیترین تێمـە لـە داسـتان و چـیرۆکی کوردیـدا داسـتانی خۆشەویسـتی ودڵدارییـە ( وەك لـە بەشـی یەکەمـدا خسـتمانە ڕوو) ، واتـە ئـەم بابەتـە لـە ئەدەبی ڕۆژهەلاّت وکوردیشدا کرۆکی ئەدەبیاتی گێڕانەوەییە.

بـە پێـی فـۆڕمی شـیعرەکان و چـۆنێتی دەرکـەوتنی تێمـە، بابـەتی خۆشەویسـتی و جـوانی لـە هەرسـێ جـۆری شـیعری ( کـورت، مامناوەنـد، درێـژ ) دا لێکدەدەینەوە.

## شیعرە کورتەکان:

سـەرەتا شـیعرە کورتـەکان، ئەوانـەی بابـەتی شـیعرەکەیان ئـەم جۆرەیـە وەك: شـیعری (خـەون و مـاچ ، چـیرۆکی خۆشەویسـتییەك، نیشـتمانی ئـاگر، کەمانچـەو شـەو،

---

[1] – ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، 2005، لا 286.

[2] – بڕوانە: زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012، لا 19.

بەراورد ، سووتان، بۆ وەرزێك دەگەڕاین ، دزی ، گوڵەکانی قژم، باخچە، نامە) .کە بە ڕیزبەندی شیعرەکان هی شاعیران ( حەسیب قەرەداغی ، شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵا پەشێو، فەرهادشاکەلی ، قوبادی جەلی زادە، کەژاڵ ئەحمەد ) ن . جگە لە کەژاڵ ئەحمەد هەموو شاعیرەکانی تر ئەزموونی دەسپێکردنی شیعرییان دەکەوێتە پێش ساڵانی 1990–2000، واتە زۆربەیان قاڵبووی بواره شیعرییەکەن و گێڕانەوە لە شیعرەکانیاندا لەگەڵ ئەوانەی قۆناغەکەی ئێمەدا چ لە ڕووی کەڵەکەبوونی ئەزموون و چ شارەزایی لە زماندا جیاوازییان هەیە..

لەم شیعرانەدا ئەم لایەنە بەم شێوانەی خوارەوە خراونەتە ڕوو:

– وەسفی دڵبەر یاخود خۆشەویست یا کەسی بەرامبەر ، نرخاندنی جوانی و بەهای ئەو و بەراوردکردنی بە سرووشت و هەندێ ڕەگەزی تری بەهاداری تر لە وێنەکاندا ، ئەم وەسفانەش هەڵقوڵاوی هەستی خۆشەویستیی مرۆڤێکە بۆ یەکێکی تر. بۆ نموونە لە شیعری (بەراود)[1]دا عەبدولا پەشێو دەڵێ :

لە ئادگارت ورد بوومەوە.

پێلی شەوبۆ هەڵیگرتم

ڕایهەژاندم ئاوازێکی جاویدانی

کتێبەکەی دەستم داخست

خۆم ڕەهاکرد لە زیندانی

ڕووی پیرۆزی تۆم خوێندەوە

نەرمە نەرمە، ئایەت ئایەت، تا بەیانی

---

[1] –عەبدوللا پەشێو، دیوانی هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 2008، ل 199.

وەسفی خۆشەویست و خواستنی ڕوو بە کتێبێکی پیرۆز ( قورئان )، پێدانی جوانی و بەهایە بە خۆشەویست . ئەو زیادەڕەوییەش جگە لە لادانی واتایی و درووستکردنی شیعرییەت لەدەقدا ، ئاماژەشە بۆ بوونی ناوەڕۆکی خۆشەویستی .

یاخوود چوواندنی بە دار هەرمێ و تێکەڵکردنی بە لایەنی ئیرۆتیکی ودەرخستنی جوانی، بۆ ئاساییکردنەوەی هەستەکەو شیعرییەتی دەق ، لەشێوەی خەوندا ڕوودەدات و دواتر لەڕێگەی گێڕانەوەوە دەخرێتە ڕوو. بابەتی خەون و سێکس تەوەری سەرەکی بابەتی دەروونناسەکانە و پێیان وایە بەهۆی چەپاندن و چاودێری کۆمەڵایەتی و ئایینی و چەندین بەربەستی ترەوە مرۆڤەکان پەنا بۆ خەون دەبەن . باسکردنی ئیرۆتیکاو خەون لای هەندێ لە شاعیران دەبینرێت، بۆ وێنە لایەنی ئیرۆتیکی لە وێنەی شیعریدا لای حەسیب قەرەداغی دەبینرێت کاتێك دەڵێ:

خەونم دەدی ...لە باخێکدا دار هەرمێ بووی

ڕام وەشاندی

هەرمێ باران دەستی پێکرد

دەمگرتنەوەو دەبوون بە ماچ

دەمم لێکرد بە بەرکۆش و هەرهەموویم دا بە لێوم

ئەوسا زانیم بەم پایزەش چلۆن دزێکی بزێوم![1]

هەروەها لە شیعری (دزی)[2]ی قوبادی جەلیزادە دا، لە بەراوردکردنی جوانی مانگ و گێڕانەوەی ڕووداوی ڕووتبوونەوەی ئەودا ، بە وێنەی شیعری، ناڕاستەوخۆ وەسفی ژن و بەکارهێنانی دەستەواژەی ئیرۆتیکی و چواندنی مانگ بە ژن، دەکات. ئەم

---

[1] – حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،2002، لا 179.

[2] – قوبادی جەلیزادە، دیوانی سێدارەکانی بەهەشت، چاپخانەی ئۆفیسی بێسارانی، چاپی دووەم، سلێمانی، 1998 ، لا 64 .

جوان بينينەش دوورو نزيك پەيوەندى بە هەستى خۆشەويستى و پێويستى ڕەگەزەكانەوەيە بەيەكتر.

هەندێ لەدەقەكان كاريگەريى خۆشەويستى لە دەروون و ڕووخسارى كەسى عاشقدا پيشاندەدەن ، كە زۆربەى جار خودى شاعيرەو هەستى دڵ و ناخى خۆى دەردەبڕێت. ئەمەش بەشێكە لە نامۆيى سۆزدارى، كە لە ئەنجامى تێكچوونى پەيوەنديى نێوان دوو خۆشەويست بەهۆى دابڕان و يا هەر هۆكارێكى تر بێت ڕوودەدات. كە باروودۆخێكى تايبەت بە جێدەهێڵێت [1]. ئەم دياردەيەش گوێزاراوەتەوە بۆ ناو زۆرێك لە دەقە شيعرييەكان ، بۆ نموونە ئەم شيعرەى فەرهاد شاكەلى:

پشكۆيەكت خستە ناو دڵمەوەو

لە تاريكەشەوى ئەم شارەدا بە جێتهێشتم

ئەگەر ڕۆژێك گەيشتمە ئاستانەى ديدارت

پرسيارى تاريكايى و ڕۆشناييم لێ مەكە

من تەنيا هەرباسى سووتان دەزانم[2]

يان ، وەك لە شيعرى (باخچە)[3] دا كەژاڵ ئەحمەد دەڵێ:

لە چيمەنى چاوەكانيا پاڵكەوتم

لەگەڵ دەستى وەهما فڕيم

---

[1] – بڕوانە: سەركەوت سەعدى قادر، نامۆيى لە ڕۆمانەكانى سەلاح عومەردا ، چاپخانەى حاجى هاشم ، هەولێر، 2011، لا 45.

[2] – فەرهاد شاكەلى، ديوانى بڵاچەيەك درز دەخاتە تاريكەشەوى تەمەنم، چاپى يەكەم،دەزگاى ئاراس، هەولێر، 2009، لا 307 .

[3] – كەژاڵ ئەحمەد، كتێبى وتەكانى وتن، لە بڵاوكراوەكانى مەڵبەندى لاوانى ميديا، سلێمانى، 1999، لا42.

که چاوم کردەوە

ئەو منیشی لە باخچەکەیدا چاندبوو!

لەو کاتەوە

بە گەڵاو ڕەگەوە لەوێم.

لەم شیعرەدا حاڵەتی نامۆ و دروستکردنی شیعرییەت لەدەقدا، کە سەرچاوەکەی خۆشەویستییە، ڕەنگیداوەتەوە.

کاریگەری و هێزی ڕەگەزی بەرامبەر لە گۆڕانی بارە دەروونییەکاندا ، کە بەهۆی عەشقەوە ڕوودەدات، لای شێرکۆ بێکەسیش لە شیعرەکانی " نیشتمانی ئاگر" و "کەمانچەو شەو"[1] دا، دەبێتە تێمەیەکی شیعری و لە شێوازی گێڕانەوەدا پیشاندەدرێت. بۆنموونە:

دەروونم دارستانێ بوو

هێندەی شەوانی تەنیاییم پان وبەرین

وەك مەراقیشم چڕوپڕ

ئێوارەیەك لە پەناوە

تیلەی چاوی شۆڕە ژنێ

پریشکێکی تێهاویشت و

من لەو ساوە

بەهەشتێکم ئەسووتێم و

[1] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، سوید، 2009 ، بەرگی پێنجەم ، 143.

بووم به نیشتمانی ئاگر[1]

خـــەونی پێکـــەوەبوون و گێڕانـــەوەی بـــارە دەروونییـــەکان لـــە ڕابـــردوودا ، ئـــەو ڕووداوانـــەی کـــە بیـــنین و هەستپێکردنیشـــیان بـــە هـــۆی خۆشەوەیســـتییەوەیە، لـــە هەنـــدێك دەقدا وێناکراوە. بۆنموونە:

ڕوومان کردە شەوی گڕگرتوی شار

بۆ وەرزێك دەگەڕاین

نەرم و شێدارو هەوریشمین

من ئاژاوەی تەمەنی تێدا لە بیرکەم

تۆ سروەی سەوزی خەم و خۆشی تیا بدۆزیتەوە[2]

هـــەر لـــەم دەقـــە کورتانـــەدا پیشـــاندانی شـــێوەی ئـــاڵوگۆڕی خۆشەویســـتی و وێنـــەی پراکتیزەکـــردن و بینینـــی دڵـــدار لـــە کلتـــوری کوردیـــدا، یـــاخوود خۆشەویســـتی و تـــرس وەکـــو دووانـــەی پەیوەســـت بەیەکـــەوە و کـــاتی شـــەو بـــۆ خۆشەویســـتی کـــە ئـــەوە دەســـەلمێنێت، لـــە هەنـــدێ دەقـــدا ڕەنگدەداتـــەوە. بـــۆ نموونـــە لـــە شـــیعری (چـــیرۆکی خۆشەویستییەك)[3]ی شێرکۆبێکەسدا ئەمە ڕووندەبێتەوە. شاعیر دەڵێ:

لە پرێکا شەو شڵەقاو

گوڵە مێخەك کەوتە خوارێ و

لە باڵقۆندا کچ ئاوا بوو

کوڕ هاتەوە

---

[1] – شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم ، سوید ،2009 ، لا 225 .

[2] –فەرهاد شاکەلی، بلاْچەیەك درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم، لا 243.

[3] – شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم، لا155.

به ڕاکشاوی هاتەوەو

ئەمجارەیان لەسەر سنگی

خەنجەرێکی سور ڕووابوو.

هەروەها ناکامی عەشق وبەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە لە دەقەکاندا زۆر دیارە، دەرخستنی کێشەو چاوەڕوانی ژن وەك ڕەگەزی سەرەکی لە پەیوەندی خۆشەویستیدا ، ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵەوەو ترسی ژن لە دروستکردنی پەیوەندیدا . دەربارەی ئەم حاڵەتە کەژاڵ ئەحمەد دەڵێ:

ئاهەنگەکە دەستی پێکرد

من ئەو هەموو گوڵانەم دابوو لە قژم

هەروەك چاوەڕێی شتێ بم

برژانگە پەرۆشەکانم

لەسەریەك دانابوون

کە چاوم کردەوە

ئەو دەستی کچێکی گرتبوو بۆ سەما و

دەستەکانی پیاوێکی خورافی بالا بەرز

چاوەڕێی وەلامی دەستە شێتەکانی من بوون[1]

بەشێوەیەکی گشتی، لە شیعرە کورتەکاندا بابەتی خۆشەویستی بە چەندین شێوەو وێنە خراوەتە ڕوو ، هەرچەندە لە دەقی نوێدا کارێکی دژوارە، کە تەنها یەك تێمە هەست پێبکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی لەم تێکستانەدا تەوەری

[1] –کەژاڵ ئەحمەد، وتەکانی وتن، لا 59.

سـەرەکی شـیعرەکە لـە تێمـەی خۆشەویسـتیدا لـە دەوری یـەك بابـەتی بنـەڕەتی دەسـووڕێتەوە، لایەنـەکانی تـر لـە خزمـەتی تێمـەی سـەرەکیدان و بـۆ ڕوونکردنـەوەی هەمان مەبەست و جوانی دەقەکان هاتوونەتە ئاراوە.

## شیعرە مامناوەندەکان:

لـە شـیعرە مامناوەندەکانیشـدا ئـەو نموونانـەی کـە هەڵمانبـژاردوون: ( بـەهرەی خـوایی، خـەون، کورسـی، دارێکـی عاشـق، شـەفەق لـە زەردەپـەڕدا، بـەیانی بـوو وەك ئێسـتا، شـێوەت گرێـك بـوو، سـیگار ) ن و بەرهـەمی شـاعیران:( حەسـیب قـەرەداغی ، لـەتیف هەڵمـەت، عەبـدولا پەشـێو، ڕەفیـق سـابیر، فـەرهاد شـاکەلی ، جـەمال غـەمبار، هیـوا قادر) ن. کە تیایاندا:

– پیشـاندانی وتـە و دەربـڕاوی نێـوان کـچ و کـوڕ لـە شـێوەی دیالۆگـدا و لـە شـێوەی داسـتانە کۆنـەکان و ئـاڵوگۆڕی هەسـتی خۆشەویسـتی و وەسـفی یەکتریـدا دەبینرێـت. بەشێکی بچووك لە شیعرێکی حەسیب قەرەداغی بە نموونە دەهێنینەوە کە دەڵێ:

کوڕ،...

بەهرەی خوایی ئەی کیژۆڵە گوێ ڕاگرە بۆ ئەم ڕازەم

هۆ جوان ، هۆ جوان گیانی ڕەوان

کچ، هۆسوار، هۆسوار، هۆ بەهرەدار

گەر مەجنوون بی منیش لەیلم [1]

کە وێنەی ئەم شیعرە تا ڕادەیەك لەسەر بنەڕەتی دێرە شیعری گۆران ( هەی سوار سوار بێ ....هەی ژنی جوان ئارایشتی خۆی بکا بۆ ئاهەنگ) [2]، بونیاد نراوە.

---

[1] –دیوانی حەسیب قەرەداغی ، لا 146.

[2] – دیوانی گۆران ، شیعری" بوکێکی ناکام"، چاپی سێیەم، بلاوکراوەی پایز، تاران، 1386 لا 72.

لــه دەقێکــی تــردا  هــەر ئــەو شــاعیرە بــەناوی (خــەون) ، هــەمان تێمــە دەکاتــەوە بــە ناوەڕۆکی شـیعری ، کـە  کاریگـەری زۆر دەکاتـە سـەر شـاعیرو بـە جۆرێـك وێنـەی دڵـدار لـە مێشك و دەروونیدا دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت، کە دەڵێ:

فرمانم دا گەلاوێژیان خستە پێشم

دەستم هێنا ، بەرەولای خۆم ڕاتبکێشم

وتت نەکەی

دەست لە نهێنی خوا نەدەی

کە پێڵوی چاوی خۆم پروان... گەلاوێژم لێ ئاوابوو

هەر بۆنی تۆ لە ناوا بوو

هەر ناوی تۆ پڕ بە سروودی زارم بوو.[1]

لـەم نموونەیـەدا لـە ڕێگـەی وەسـف وگێڕانـەوەی خـەوەوە، هەسـتی مرۆڤێکـی عاشـق و پێویستی بۆ ئەوی تر دەخرێتەڕوو و لە هەندێك جێگەدا تێکەڵ بە ئیرۆتیکا دەکرێت.

جگـە لـەوەی باسمـان کـرد ئـەم مەبەسـتە شـیعرییە، ئـاوێزانی مەبەسـتی تـر دەکرێـت . بـۆ نموونـە لـە شـیعری ( دارێکـی عاشـق) ی شـاعیر لـەتیف هەڵمەتـدا، ئـەم حاڵەتـە دەبینرێـت، بـە تایبـەتی بابـەتی دوژمـن و دژەکـانی پرۆسـەی خۆشەویسـتی . شـاعیر وێنـەی ئـەم دژایەتییـە دەگوێزێتـەوە نـاو شـیعرو ئـازارو سـۆزەکانی خـاوەن هەسـت پیشـان دەدات ، تـا لـە کۆتاییـدا هێـزی عەشـق سـەردەکەوێت ونـەمری بەدەسـت دێنێـت ، لەڕێگـەی گێڕانـەوەی چـیرۆکی شـاعیرێکی عاشـقەوە کـە بـەدرەخت چـوێنراوە.  ئەمـەش وێنـەی شـیعریی دروسـتکردووە , کـورتکراوەی ئـەم شـیعرە گـۆڕان و بەرزبوونـەوی ئاکاری مرۆڤە بە هۆی خۆشەویستی و کۆڵنەدانییەوە. بۆ نموونە:

---

[1] – حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، لا 195.

پیره گوتی: ئا لێرەدا سەردەمی زوو

شاعیرێکی دڵدارو شێت

بە گیانێکی تەشەنگی تیشکی ئارەزوو

گۆرانییەك بۆ خۆشەویستی دەچرێت

تەوریَ ژەنگن, ژەنگن، ژەنگن

لە شاعیر دەبێ بە دوژمن

ئەمە گیانی ئەو شاعیرە دڵدارەیە تووڕە بووە

بە گۆرانی گوێی گەردوونی کەڕ کردووە

.....

لەو ڕۆژەوە..خەڵکی دێ گوێ

لە هاژەی ئەو چەمە دەگرن..

چەمی عاشق بۆیان دەدوێ

فێریان دەکا چۆن عاشق بن

چۆن بۆ ئەوەی چەمی عەشق هەر هاژەی بێ

لە تەوری ژەنگن نەترسن...![1]

لــە شــیعرێکی تریــدا ئــەم بابەتــە گرێدەداتــەوە بــە کۆمــەڵ و ، بــێ دەســەڵاتیی ژن لــە خۆشەویســتیدا و گــۆڕانی(شــێوە و دەروونــی) بــی خواســتی خــۆی پیشــاندەدرێت. کــە دەڵێ:

---

[1] –لەتیف هەڵمەت، دیوانی ئەم ڕووبارە وشك ناكات، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، 1991، لا 7.

لە ڕێی زانكۆ

عاشقی كوڕێك دەبێ بەناوی ڕەشەبا

(لەبیرم نییە وابزانم  وتی كوڕەكە /ڕەشەبا/ عاشقی ئەو دەبێ)

ڕۆژێ لە ڕێگا

لە خەڵوەی ژوانێكی سۆفیانەدا

باوەشی پیادا دەكات و

ئەوەندە توندی دەگوشێ

تێكی دەشكێنێ

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

دەڵێ ئیستا لەوە دەترسم

مامۆستاكەم عاشقم بێ

لە باتی مناڵ

دەباشیرو

تەختە ڕەش و

بۆینباخ و

قەڵەم پاندان و

دەسەسڕی كلینكسم ببێ..![1]

[1] – لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی، 2006، لا 675.

هـــەروەها کاریگـــەری و حاڵـــەتی دەروونـــی درووســـتبووی ئـــەو هەســـتە لـــە چـــەن دەقـــدا ئامـــاژەی بـــۆ دەکرێـــت ، کـــە تیایانـــدا خۆشەویســـتی : (( نـــە کورتخایەنـــە و نـــە دادەمرکێتـــەوە ، ڕاســـتە بڵێســـەی نامێنێـــت، وەلێ ژیلەمۆکـــەی هـــەر هەیـــە، تەنانـــەت بـــە دابڕانـــی دوو کەســـەکەش لـــە یـــەکتری، نـــە دوورکەوتنـــەوەی جـــوگرافی و ئـــاوارەبوونی وڵاتـــان و نـــە تێپـــەڕینی کـــات و تەمـــەن ، ئـــەو ســـاتانەمان بیردەبەنـــەوە ، کـــە ئێمـــە لـــە ڕوانگـــەی دەورووبـــەردا وەك شـــێت و دێوانـــە تەماشـــا دەکـــراین و لـــە ڕوانگـــەی خۆشمانـــەوە ئەڤینـدارو مەسـت )).[1] بـۆ نموونـە عەبـدوڵا پەشـێو لـە شـیعری ( شـەفەق لـە زەردە پـەڕدا)[2] تـەواو ئـەو پێناسـەیەی خۆشەویسـتی دەنەخشـێنێ. بـۆ نموونـە چـەند پارچـەی دەخەینـە ڕوو :

بە مناڵی

شێتی کچە هاوسێیەك بووم

ئەگەر ڕۆژێك نەمدیبایە

کفرم دەکرد

وام دەزانی عەرشی ئاسمان بێ خودایە

شـــاعیر بـــەردەوام دەبێـــت لەســـەر پیشـــاندانی تـــرس و دوودڵییـــەکانی لـــە نـــەبوونی خۆشەویســتا، لــە شــوێنێکی تــردا پەیوەســتبوونێکی زۆر بــە دڵــدارەوە تــا ڕادەیــەکی زۆر و حاڵەتی نا ئارامی، زەق دەبێتەوە و دەڵێ:

زۆرجار دەهات لە بیری کەم

کەچی لەپر دەیتروسکاند

[1] – ڕێبوار سیوەیلی ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، 2013، لا 35.

[2] – عەبدوڵلا پەشێو، دیوانی عەبدڵا پەشێو، لا273.

ژیلەمۆی بن خۆڵەکەوە.

یان لە کۆتایی هەمان شیعردا دەڵێ:

هەر ئەو ساتە، هەر ئەوشەوە

تێگەیشتم

جودایی من وهاوسێکەم

درۆیە، درۆیە، خەوە.

سەرەڕای ئەو شیعرانە، بەکارهێنانی تێمەی خۆشەویستی وەك بابەتی زیهنی و فکری وتێکەڵکردنی بە فەلسەفاندن و پرسیارکردن لە بارەیەوە، شێوازێکی تری دەربڕینەو گەیاندنی ئەم لایەنەیە بە ئاستێکی بەرزتر. هەندێك جار بەهۆی نەمانی کەسی بەرامبەر لە پەیوەندیدا و پچڕانی ڕووکەشانەی پەیوەندی، دەروونی شاعیر ئاڵۆز و ڕوانینی بۆ شتەکانی تر پرسیارئامێزو نامۆ دەکات. ئەم حاڵەتە لە شیعری (بەیانی بوو وەك ئێستا )[1]ی رفیق سابیردا دەردەکەوێت. کە دەڵێت:

لەو دیو ساتەکانەوە

بولێڵ و چاوەڕوانی بوو

وەك کوێر دەستم گێڕا

چنگم پڕی بۆشایی بوو

پڕی گومان و ترس

پڕی بێکۆتایی بوو

[1] –ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازو گومان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006، لا 237.

لەو سەری مەودایەکانیش

تۆ دیار نەمایت،

زەمان وەستا

بەیانی بوو وەك ئێستا

یـان لـە ڕێگـەی وەسـفکردنی دڵـدار و بـەهای ئـەو لـە گـۆڕانی بـارە دەروونییەکانـدا نەخشـێنراوە، لـە ڕێگـەی هونـەری چـواندنی خۆشەویسـت بـە شـتی تـر، ئـەو مەبەسـتە گەیـەنراوە، لـە زۆر جێگـەدا مەعشـوق وەکـو فریـادڕەس وفریشـتە ڕۆڵ دەگێڕێـت. بـۆ نموونە دەقی (شێوەت گرێك بوو)[1]ی فەرهاد شاکەلی، کاتێك دەڵێ:

دڕکێك بووم لە بناری ڕەوەزی نائارامیدا

بە پەڕەی دڵی خۆمدا دەچەقیم.

چنگم لە بەرۆکی هەموو گەڵایەکی ڕێبوار دەدا

بـەم جـۆرە بـەردەوام دەبێـت تـا ئـەوی تـر( خۆشەویسـت) پەیـدا دەبیـت و شـتەکان پێچـەوانە دەبنەوە.دەگاتە ئەوەی بڵێ:

چرایەك هات بە هانامەوە

لە ئاوێنەی دڵدا بوو بە ڕێژەنی تیشك، بوو بەکانی

ڕۆشنایی

تۆی سەروەری تیشك ، سەروەری ڕووناکی

دەنگت دەرگای زەمهەریری داخست و

[1] – فەرهاد شاکەلی، دیوانی ( بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009، لا292 .

بوو بە گەڵای درەختی مانگ

شێوەت گڕێك بوو ، لە مەیخانەکەی گەڕەکدا

کە دەرکەوت

مەی ومەینۆشانی هێنایەسەما.[1]

شێوازی تێمەی فرە ڕەهەند لە زۆربەی دەقەکاندا دەبینرێت. ئەگەرچی تێمەی سەرەکیش عەشق بێت . واتە لەگەڵ بابەتی خۆشەویستیدا، تێمەی تر بەرچاو دەکەوێت، لە شیعری (سیگار)[2]دا هیواقادر بابەتی غەریبی و ئاڵۆزی دەروونی پەیوەستی تێمەی سەرەکی دەکاتەوە ، کاتێك دەڵێ:

کە هاتی ،

دواهەمین مژم بوو

لەخەستی دوکەڵی سیگارێ

کە لە ژێرپەیکەری پوشکینا

دەمکێشا

ئەم نموونە شیعرییە نامۆیی و تەنیایی مرۆڤێك دەردەخات ، دواتر گۆڕانی بەسەردا دێت . لە کۆتاییدا بەهۆی ڕۆشتنی ئەو کەسەوە، شاعیر توشی دڵەڕاوکە و هەژان دەبێ و لەشێوەی گێڕانەوەدا ڕووداوی ڕۆشتنی و وەسفی ئەو و ئەوەی لە لای ئەم جێی هێشتووە دەخاتە ڕوو کە دەڵێت:

بێ ئەوەی تێبگەم

لەبەردەم دووڕیانی بێدەنگی و وشەدا

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 294.

[2] –هیواقادر، دیوانی هیوا قادر، چاپخانەی هاوڵاتی ، سلێمانی، 2012، لا 91 .

**كە ڕۆشتی:**

**سیمات لەئێوارەیەك دەچوو،**

**بۆنێكی فێنكت وەك سێبەر جێهێشت و**

**تێكەڵی ڕووباری پەمەیی**

**كچانی بەردەمی پۆشكین بووی.**

**لە هەردوو دەقی"لمی ئەم شۆرەزارە" [1]، "چۆڕێك منالی بنی مەركانەیەك"[2]یشدا ، كە هی شاعیران" فەرهاد شاكەلی ، دلاوەر قەرەداغی) ن ، تەوەری سەرەكی لە دەوری خۆشەویستی دەسوڕێتەوە، هەرچەندە تێكەڵی بابەتی دەروونی و مندالی و كرۆكی ژیان كراوە، خۆشەویست وەك فریشتەی رزگاری لە زۆر جێگەدا وێنە دەكریت.**

## تێمەی خۆشەویستی لە شیعری قەبارە درێژدا:

**هەمان تێمە، بە هەمان شێوە، لە شیعرە درێژە چیرۆكئامێزەكاندا دەبینرێت، بەلام بە تەنها نییەو لەگەڵ چەند تێمەی تردا بە تەریبی دەڕۆن . قالبی دەقەكان ڕێخۆشكەرن بۆ فرە ڕەهەندی لە تێمەكاندا. بۆ زیاتر دەرخستنی بابەتەكە چەند نموونە دەهێنینەوە.**

**لە شیعری " یاداشتی ماكەوێكی ڕەشپۆش"[3] ی شێركۆ بێكەسدا ، بابەتی ژن و خەم و تەنیاییەكانی تێكەڵ بە هەستی خۆشەویستی مرۆۋ و نیشتمان و هەروەها شۆڕش و پێشمەرگە و بابەتی دەروونی وزەینی لە شێوەی مۆنۆلۆگ و گێڕانەوەو وەسفدا كراوە و پێكەوە بوونەتە كرۆك و ناوەڕۆكی دەقەكە. لە هەندێ جێگەدا**

---

[1] **دیوانی فەرهاد شاكەلی، دیوانی بلاچەیەك درز دەخاتە تاریكەشەوی تەمەنم، لا 304.**

[2] **– دلاوەر قەرداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، چاپی یەكەم، بلاوكراوەی ئاراس، هەولێر، 2005، لا 142.**

[3] **– شێركۆ بێكەس، دیوانی شێركۆ بێكەس، بەرگی سێیەم، سوید ، 2009 لا 645 .**

**ئیرۆتیکـا بەتـەواوی وێنـەی کێشـراوە. واتـە بـە درێـژایی ئـەم دەقـە یـەك تێمـە نابینرێـت ، پێکهاتەیەکـە لـە تێمـەی جیـاواز. ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە بـەڕای ئێمـە، تـەوەری سـەرەکی لەسـەر پەیوەنـدی ژنێـك بـە پیاوێکـەوە بنیـاتنراوە، هـەوەها زۆربـەی وێنـەو دەربڕینـەکان ناڕاسـتەخۆ دەگەڕێنـەوە بـۆ هـەمان هەسـت و پەیوەنـدی مرۆڤـەکان پێکـەوەو وەسـف و وێنـەی مرۆڤـەکان زۆربـەی کـات بـە کاریگـەری تێمـەی خۆشەویسـتی دێنەکایـەوە . بـۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستەکەمان چەند پارچە لە دەقەکە، دەخەینە ڕوو:**

**بە بێ خشپە ، تریفە بوو دەرئەکەوت.**

**یان خەوێکی ئێجگار خۆش بوو، لە پڕێکدا پەیدا ئەبوو**

**منیش وەك ئاسکی خەواڵوو ڕائەپەڕیم**

**هەموو لەشم ئەنیشتە سەر ئاوی ترس .**

**هەموو جەستەم ئەبوو بە ئاو**

**بە هێواشی لە کەمەرەوە ئەیگرتم و**

**(چەکیش هێشتا بە شانەوە)**

**باوەشێکی پڕاوپڕی گەرم و تینووی پیا ئەکردم.**

**گەرمیانی ئارەزوومان**

**وەك بەردی بەر سوورە هەتاو تاوی ئەسەند**[1]

**یـان لـە شـوێنێکدا بـەراوردی خۆشەویسـتی مـرۆڤ و خـاك دەکـات و گرنگـی زیـاتر بـە دووەمیان دەدات، کاتێك دیالۆگ لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەکات :**

**زیز مەبە ! بەرد زیاتر... ئاو زیاتر... دار زیاتر**

---

[1] – **دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم ، لا** 648.

ئۆو: گیانە..کە بەردمان لە دەست چوو ئێمە چین

کە ئاومان فەوتی کرد ئێمە چین

ئەوینی بێ بەرد و بێ ئاوو بێ درەخت کوا هەیە![1]

لــە هەنــدێ جێگــەی هــەمان دەقــدا ، یــادەوەری و بــاری دەروونــی و حاڵــەتی مۆنۆلــۆگ، لــە وێنە و دەربڕدراوی زمانیدا ڕەنگیان تۆختر دەبێت ، بۆ نموونە:

...... من ئەزانم تۆ بەشەوی

ئاوا ڕووناك و لەبەرچاو نایەیتەوە من هەر لێرەم

لە قەفەزداو ماکەوێکم تاق و تەنیا و ناچمە دەرێ

هەموو جارێ بەیەکەوە مانگمان ئەدی

من بە بێ تۆ مانگ نابینم. بۆ بیبینم؟![2]

*　　　*　　　*

دواتر دەچێتە سەر گێڕانەوەی شۆڕش و بابەتە سیاسییەکانی کورد ودەڵێ:

ڕاپەڕینی بازووەکانی جادەو گەڕەگ

ژن و منداڵ

ڕاپەڕینی خۆشەویستی

لافاوی قاچ. لێشاوی دەست. سێڵاوی لەش

باهۆزی دەنگ

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا650.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا 659.

بوومەلەرزەی کۆت و زنجیر

هات و ڕوویدا

وەك تەلیسمیٚ .. وەك ئەفسانە

وەك خواوەندی ئازادی هات

بۆ یەکەم جار دەمی بەستراوی مێژوومان

کرایەوە و هەناسەی دا

ئاخ بازەکەم:

تۆ لە کویێ بووی؟![1]

عەشـــق و پەیوەنـــدیی بـــە جـــەنگ وکۆمەڵگـــە و باســـکردنی وەك بابـــەتێکی هەمیشـەیی مـرۆڤ و ڕۆڵـی پەیوەنـدی و بـەهای لایـەنی بەرامبـەر لـە گـۆڕینی وێنـەی ژیـان و پێچـــەوانەبوونەوەو تێکچـــوونی هـــەمان وێنـــە لـــە نەبوونیـــدا ، لـــەزۆر دەقـــدا ئامـــاژەی پێـدراوە. لـــە تێکســـتێکی قـــەبارە درێـــژی چـیرۆکئامێزی شـاعیر ڕەفیـق سـابیردا ، ئـەم نموونەیە بەرجەستەدەبێت. :

ئێمە بە مەیلی شێت بوون دڵداریمان دەکرد

بە مەیلی گومڕابوون باوەڕمان دەهێنا[2]

*                *                *

ئـاوێزانکردنی ئـەو لایەنـە بـە بـارە سیاسـییەکەو هەنـدێك دیمـەنی واقیعـی و سیاسـی لـە شیعردا لای هەمان شاعیر بەرجەستە بووە، کاتێك دەڵێ:

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 660.

[2] – ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازوگومان، بەرگی یەکەم، لا 333.

چاوەڕوانی تەرمی خنکاوەکان و

ترسی لەدەرگادانی  نیوە شەوان.

دۆزەخێك بوو ساتەکانی چاوەڕوانی

................

نە پەیڤەکان وەك جاران سەرەتایەکن

نە ئەڤین و باوەڕ مانایەك دەدەن  بە ژیان

ولاتیش ئێستا حیکایەتی خورافییە

ولات کۆلانێکی بەستراوە

بۆنی تەنیایی

بۆنی ترس و

barووت و

نامۆیی لێ دێت[1]

*        *

بێ مانایی هەموو شتەکانی ناو نیشتمان  کە سەرەکیترینیان باسی خۆشەویستین خراوەتە ڕوو، تادەگاتە چواندنی ولات بە دلدارانی، لە  بێئومێدیدا کاتێك دەلێ:

ولات دوودلداری لێکدابڕاوی وەك من و تۆیە

کە ڕەنگە یەکتری نەناسنەوە[2]

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 335 .

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا340.

جگــە لـــەو دەقانـــە لـــە قەســـیدەی(زەمـــانی عەشـــق زەمـــەنی ئـــەنفال) ی ڕێبـــوار ســـیوەیلیدا ، هەرچـــەند کـــۆی شـــیعرەکە کـــە زۆر درێـــژە، چـــیرۆکئامێز نییـــە، بـــەڵام لـــە زۆر شـــوێنی دەقەکـــەدا گێڕانـــەوە، لـــە شـــێوەکانی وەســـف و دیالۆگـــدا و گەڕانـــەوە بـــۆ ڕابـــڕدوو دەبینرێـــت. لـــەو جێگایانـــەدا تێمـــەی خۆشەویســـتی ونـــامۆبوونی مـــرۆڤ تێکـــەڵ بـــە ڕووداوی ئـــەنفال و کاریگەرییـــەکانی کـــراوە. یـــادەوەری و گەڕانـــەوە بـــۆ خـــود و شوناســـی مـــرۆڤ ، لـــەم دەقـــەدا بەشـــێوەیەکی دیـــار کـــار لـــە ســـەر کەســـایەتی و دەروونـــی و هەســـتی نـــاخ و نـــامۆبوون و مانـــەوەی بـــارە سیاســـییەکە لـــە قـــووڵایی ڕۆحـــی کەســـەکاندا کـــراوە. لـــە چـــەند جێگـــەدا تیمەی جۆراو جۆرو پەیوەست بە ناوەوەی مرۆڤ، ڕەنگیداوەتەوە, بۆ نموونە:

ڕادەکشێم و لە دوورەوە دەڕوانمە خۆم،

ئەی شەهرەزاد لە کاتێکدا بەجێتهێشتم

لەبەردەمی گوڵخانەکادا سەرم سوڕمابوو لە ڕەنگ

بەڕیوەبووم باوەشێ گوڵ بهێنمەوەو

کەچی تۆ گوڵدانەکەت شکاند.[2]

لـە شـوێنێکی تـردا کاتێـك وەسـفی حاڵـەتی خـۆی دەکـات لـە بـازارێکی غەریبیـدا دوودڵـی و نائارامی خۆی پیشاندەدات:

کچێ هات بە پیرمەوە و

ئەیزانی چەندە پەشێوو دوو دڵم و

هەموو شتێکم ئەوێ و

هیچم ناوێ

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 341.

[2] – ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال، چاپی یەکەم، ڕەنج، کوردستان، 2000، لا74 .

دەیزانی چەند شەیدابیم و چەند کوردم و چەند تەنیام.[1]

یان لە شێوەی مرۆڤێکدا کە بەردەوام دێتەوە پێش چاو و هاوتای مۆتەکە لە یەخەی شاعیر نابێتەوە، ئەنفال و ئەو ڕووداو و کارەساتە وێنا دەکرێنەوە، شاعیر لە شێوەی گێڕانەوەدا دەڵێ:

ئەنفال تەلەفۆنی بۆ دەکردم، لێم تووڕە دەبوو،

فەرمانی بۆ دەردەکردم، هەڕەشەی لێدەکردم

تەریقی دەکردمەوە

دواجاریش بە نازەوە پێی دەگوتم:

بەرخەکەم من و تۆ...جیاوازین.

تۆ... حەزت لە خەڵوەتەکانی شیعرە و

من شێتی کەرنەڤاڵەکانی خوێن

تۆ.. حەزت لە فیلمەکانی عەشقە و

من عەوداڵی تراژیدیاکانی خەندە

من و تۆ لە یەك بەلەمدا.

ئەستەمە جێبوونەوەمان![2]

لە دەقێکی تردا ، خۆشەویستی لەگەڵ تێکەڵکردنی بە بارە دەروونییەکە، بابەتی جەنگ و کۆمەڵگەو ناکامی پەیوەندی سۆزداری ویادەوەریی ناخۆش و تێکەڵی باری کولتووری و سیاسیی ناجێگیر و سەختی کورد کراوە. وێنەی ژیانێکی ئاڵۆز لە

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 75.

[2] – سەرچاوە پێشوو، لا 70.

وەســفکردنی ژن و ڕەگــەزی مێــدا لای جــەمال غــەمبار لــە شــێوەی گێڕانــەوەداو لــە ڕێگــەی وەسفەوە دەبینرێت، بۆ نموونە:

له (کانی فریشته) وه ، پاش ئەوەی

ساڵە جێماوەکانی داهاتوومان

بەخاك سپارد

بەرێکەوتین

عەشقمان لەوێ بە جێهێشت[1]

ئاڕاســتەی شــیعرەکە بــەردەوام دەبێــت و تــا هێنانــە نــاوەوەی وشــەی جــەنگ و بابــەتی مردن . هەروەك لە جێگەیەکی تردا دەڵێ:

لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا ، ئەوانەی

ئاوڵەی جەنگ

کوێری کردبوون

ئەوانەی ئینجیلەکانی مردنیان، موتالاَ کرد

یان کاتێك دەڵێ:

باوکە ناحەزەکەشت ، چەشنی (کاسیۆس)

شیعری خۆش نەدەویست

هەموو ڕۆژێ ئاوێنەکانی مناڵیتی دەشکاند[2]

---

[1] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی، 2010، لا 327.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 329.

توندوتیـــژی و زبـــری و باوکســـالاری ڕەنگدانـــەوەی هەیـــە، هـــەروەها تێکچـــوونی بارودۆخـــەکان بەتایبـــەتی ئـــەوەی پەیوەنـــدیی بـــە عەشـــق و پچـــڕانی پەیوەندییەکانـــەوە هەیە ، لە هەمان شیعردا، بۆ وێنە:

دەهرێکە لیمۆ گیان عاشقانت

چوونە سەروەیسیان بیرچۆتەوە

بـــە پێـــی ئـــەو نموونانـــەی کـــە خســـتمانە ڕوو بۆمـــان ڕووندەبێتـــەوە، کـــە تێمـــەی خۆشەویســـتی و بابـــەتی ســـۆزداری بەشـــێکی بنـــەڕەتین لـــە هەرســـێ فۆرمـــە جیاوازەکـــەی شـــیعری چـــیرۆکئامێزدا. خـــاڵێکی جیاکـــەرەوەی ئـــەم فۆڕمانـــە ئەوەیـــە کـــە هـــەتا قـــەبارەی شـــیعرەکان بـــەرەوفراوان بـــوون و درێژبوونـــەوە بـــڕۆن، جـــۆری ئـــەو تێمەیەیـــەی کـــە دەیخاتـــە ڕوو، دەگۆڕێـــت. بـــە شـــێوەیەك کـــە تێمـــەی خۆشەویســـتی لـــە دەقـــە کورتەکانـــدا تـــا ڕادەیـــەك بـــە تـــەنهاو لـــە ڕووی هونەرییـــەوە بـــە شـــێوەیەکی چـــڕ دەربـــڕاون، کەچـــی لـــە هەنـــدێك لـــە شـــیعرە مامناوەنـــدەکان و هـــەموو شـــیعرە درێژەکانـــدا ئـــەم تێمەیـــە تێکـــەڵ بـــە بابـــەتی تـــر بـــە هـــۆی وەســـف و لایەنـــە ئیســـتاکییەکانەوە کـــراوە، کـــە بـــە ڕوونـــی هەســـتی پێـــدەکرێ و تایبەتمەنـــدی تێمـــەی فـــرە ڕەهەنـــد و فـــرە مەبەســـت وەکـــو ســـیمای شـــیعریی نـــوێ و چیرۆکئامێز لەخۆدەگرن.

## بابەت – تێمەی سیاسی و نیشتیمانی:

لەو شیعرانەی کە شێوازی سەرەکییان گێڕانەوەیییە، تێمەیەکی تریش زۆر بەرچاو دەکەوێت ئەویش نیشتیمان و بابەتە سیاسییەکانە، بە پێی بۆچوونی چەندین لێکۆڵەرو نوسەری سیاسی، سیاسەت: (( زانستی خوێندنەوەی مرۆڤەکان و پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ دەسەڵاتە، بە واتایەکی دیکە، لە سیاسەتدا، دەمانەوێ بزانین چ کەسێك بابەتەکان دادەڕێژێ)) [1]. لەمەوە هەر بابەتێك پەیوەندی بە دەسەڵات و سەپاندن و مامەڵەی ئەو لەگەل کۆمەڵدا

[1] – دی ئەی . ئیستریکلەند ، ئاڵ ڤید، ئاڕ. جانسۆن ، پێشەکییەك لەسەر شیکردنەوەی سیاسی ، وەرگێڕانی . حەسەنی دانیشفەڕ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2007، لا 12 .

**دەچێتە چوارچێوەی چەمکی سیاسەتەوە. کەوتنەوەی چەندین ئەنجامی تر بەهۆی خراپیی سیاسەتەوە لەبەرهەمەکاندا ولە شێوەی چیرۆکی شیعریدا بەهۆی زمانی شیعرییەوە داڕێژراوە. هەندێ جار ئەم بابەتە لە شێوەی دەربڕینی خۆشەویستیی نیشتمان و هەستی ناسۆنالیستی بەرامبەر نەتەوە دەربڕاون. ئەم تێمەیە وەك شیعری زۆربەی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی، بەرچاوەو شیعری پەیوەست بە خاك و وڵاتەوە کردووە. لەم دەقانەدا شاعیریش بەشێکە لە وڵات و شوێن و کارەساتەکان و لە ڕوویەکی ترەوە پرسی شوناس و خەونەکانی وەکو تاکێك لەم خاکەدا دەخاتەوە ڕوو. لەهەندێ لە شیعرەکاندا ڕووی نەرێنی و ڕووداوە ناخۆشەکان و تێمەی نیشتیمانی بە چەندین شێوە هەستیان پێدەکرێت، واتە کاریگەرییان لەسەر جەستەو دەروونی تاکەکان و ڕاپێچکردنیان بەرەو کۆچ و لەناوچوونی پیرۆزیی سرووشت و ژیان و لایەنە موقەدەسەکانی ژیانی مرۆڤە. کە دواتر دەبێتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤەکان بە تایبەتی لە هەندێ دەقدا نامۆیی جوگرافی دەبینین کە :(( بریتییە لەوەی مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە هەڵکەندرێ بۆ ژینگەیەکی تر، بە جۆرێك سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییەکی ڕۆحی لە ناخی ئەو خودەدا لە ( ئەوێ) سەبارەت بە زێد و ئازیزانی هەبێت ))[1] . هەروەها ئەو ڕووداوە سیاسییانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون، جارێکی ترو بەشێوەی تر، لە دیدگای شاعیرانەوە وەکو ڕووداوی ئەنفال و کیمیاباران و شەهید بوون دەگێڕدرێنەوە. کە ئەمانەش جارێکی تر نامۆیی وەك دیاردەیەکی دەروونی لای شاعیران دەخوڵقێننەوە، چونکە کاتێك ئەو کۆمەڵگایانەی کە حیزبێك بە هێزی ترس و تۆقاندن و سەرکوتکردن دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ، دواجار بیرو باوەڕەکانی تر ڕەتدەکاتەوە و قبووڵی ناکات لەبارترین ژینگەیە بۆ چاندنی تۆوی نامۆیی لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا[2] .**

**لێرەوە پرسی مردن و بوون و ئازادی و شەڕ، وەکو بابەتە فەلسەفییەکان دێنەوە ناو کایەی شیعری و لەڕووی ماناوە شیعرییەت دەخوڵقینن. ئەم تێمانەش لەوێنەی شیعری و دەستەواژە زمانییەکاندا هەستیان پێدەکرێت، یان لە لادانی شیعری و بەکارهێنانی میتافۆرەوە**

[1] – **سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری کوردیی تاراوگەدا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 48، هەولێر، ، 2000، لا 51 .**

[2] – **بروانە: سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا، لا 48 .**

**ماناى نوێ لە خزمەت فیکرو تێمەی دەقدا دەخولقێنێن. لەبەر ئەوەی ئەو لایەنانە دەچنە قاڵبی فۆرم و لایەنی ئیستاتیکییەوە، بۆیە لەکاتی هێنانەوەی دەقەکاندا وەك نموونە، لەم بەشەدا شییان ناکەینەوە. ئەم تێمەیەش لە هەرسێ جۆر فۆرمی شیعری کورت و مامناوەندو درێژدا بەرچاو دەکەوێت و بۆ شێوازو چۆنێتی دەرکەوتنی تێمەکان نموونەی شیعری لە فۆرمی جیاجیا دەخەینە بەرچاو.**

## دەقی شیعریی کورت

**چەند دەقی شیعری بەرچاو دەکەون کە بەجۆری جیاواز ئەم بابەتە لەخۆ دەگرن. کە هەوڵدەدەین بیانخەینە ڕوو. لە نموونە شیعرییەکانی ( های تریێ، گرەو، شەهید، نەخشە) کە هی شاعیران ( حەسیب قەرەداغی، عەبدوڵا پەشێو، قوبادی جەلیزادە، ڕەفیق سابیر)ن هەروەها دوو شیعری لەتیف هەڵمەت کە ناویان نییە . گێڕانەوەی باری تێکچووی وڵات (دێ وەك نموونەی جوانی و ژیان) ، وێرانبوونی بەهۆی کارەساتی جەنگ و وەسفکردنی میوەو باخ لەشێوەی مرۆڤدا, هێنانەوەی ناوی هیتلەر، کە تەواو شەڕوکوشتن بیری خوێنەر دەخاتەوەو تێمەکە بە بابەتی سیاسییەوە گرێدەدات، ئەمەش لەشێوەی وەسف وگێرانەوەدایە، حەسیب قەرەداغی لە دەقی "های تریێ" دا دەڵێ:**

**هەرمێ و هەنجیر لە تینوانا خۆیان دەکوشت**

**گوێزی باڵابەرز بێبەر بوو**

**ئیتر لەجیاتی های تریێ و های هەنجیریش**

**های هیتلەر بوو![1]**

[1] حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ، لا 12.

یــان لەڕێگــەی دەربــڕینی خۆشەویســتی بــۆ نیشــتمانەوە لــە شــێوازی شــیعریدا، تەنانــەت هەنـــدێ جـــار گـــەورەکردن ونرخـــدانی زیـــاتر بـــە ئەســـتێرەکانی ئێـــرە لەڕێگـــەی بەراوردکردنیانــەوە بــە ئەســتێرەی شــوێنی تــر, ئەمــە لای عەبــدوڵا پەشــێو دەبینرێــت . کاتێك لەشیعری " گرەو"دا دەڵێ:

هەموویان گوتیان

"ئەوانەی لەوێن ئەمانەی لێرەن

شکی تیا نییە هەمان ئەستێرەن

........

دیسان لەسەر گازی پشتم,

چاوم لەئاسمان بڕیوە

گومانی ئەوسام ئێستە یەقینە

ئەستێرەناسی

هەموو جیهانیش بە گژمدا چن

ئەستێرەکانی دنیای هەندەران

قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن![1] *

---

[1]- عەبدوڵلا پەشێو، هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا ، لا186.

*– ئەم جۆرە بەراوردکردنە لای شاعیرانی عەرەبیش دەبینرێت ، بۆ نموونە لای (بدر شاكر السياب ) لە شیعری " غريب على الخليج" ص 182 دا ، لە ( الاعمال الشعرية الكاملة ، الطبعة الثالثة، دار الحرية للطباعة

یەكێك لەو ڕووداوانەی كە بەردەوام لە شیعردا جێگەی بۆتەوە و بە چەندین جۆر و لای هەر شاعیرە بە شێوازێك بۆتە بابەتی گێڕانەوە، ئەویش ڕووداوە مێژووییەكان و كەسایەتییە ناودارەكانە، دروستكردنی وێنەو چیرۆكی تر لێیانەوە، بۆ نموونە شیعرێكی لەتیف هەڵمەت سیمای شارو حكومەت و ناتەواوییەكانی ژیانی مرۆڤ و دیاردەی پیرۆزكردنی كەسایەتییە مێژوویی و سیاسییەكان ، دەخاتە ڕوو ، تێیدا دەڵێ:

شێخی نەمرم دی بەدەوری سلیمانیدا دەخولایەوە

گوتم گەورەم بۆكێ دەگەڕێی ؟

فەرمووی چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژم

حەمە ڕەشم بینی تفەنگەكەی خۆی دەشكان

وتم ئەڵێی ماندووبوی گەورەم ؟

گووتی ترسنۆكن ئەوانەی بەشداری شەڕی برا كوژی دەكەن....

عزەدین قەرەم بینی بە كفنە سوورەكەیەوە بەرەو هەندەران دەڕۆی

گوتم:تەنانەت تۆش دەڕۆی گەورەم؟

گووتی: ئاخر دەترسم داوای بەشداری كردنی

شەڕی برا كوژیم لێ بكەن.[1]

---

والنشر، بغداد، 2000.) كە تیایدا تەنانەت شەوی وڵاتی خۆی لە شوێنی تر پێ جوانترە و ئەمیش لە شاعیری تورك نازم حیكمەتەوە وەریگرتووە .

[1] – لەتیف هەڵمەت ، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی 2006، لا 465.

لەم نموونە شیعرییەدا جگە لە دەرخستنی وێنەی کەسایەتی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ و درووستبوونی دیاردەی کۆچ و ئاڵۆزی سیاسی پیشاندراوە. لەشیعرێکی تریدا، بارە سیاسییەکە شۆڕبۆتەوە بۆ گەندەڵیی ئیداری و تێیدا وێنەی گەنجیك دەگێڕێتەوە کەتەنها دڵی بەوە خۆشە کەلەدوای دەرچووونی، لە پۆلیسی گومرکدا دابمەزرێت. ئەمەش دەرخستنی نالەباری و ڕەخنەگرتن لەحکومەت و پلان و سیاسەتی بەرێوەبردنە، کە دەڵێ:

قوتابییەك کۆلێژی بەسەرکەوتوویی

تەواوکرد

باوکی ودایکی وخوشکەکەی ودەزگیرانەکەی

دڵیان خۆشە...ئەو مەسئوولەی هاوڕێی خوشکەکەیەتی

بەڵێنی داوە بیکات بە پۆلیسی گومرگ..[1]

یـــاخود ئـــەم بابەتـــە لـــە شـــێوەی وەســـفی شـــەهید و نرخانـــدنی ، نـــەمری و مامەڵـــەکردنی وەکـــو مرۆڤێکـــی زینـــدوو دەردەخرێـــت. وەك چـــۆن قوبـــادی جـــەلیزادە لـــە شیعری " شەهید"[2] دا ئامازەی بۆ کردووە و دەڵێ:

نۆ

پێشمەرگە بووین

لە دوورەوە تاتەشۆرێکی کزرمان

لەبەر قاپی مزگەوتێکا بەدی کرد

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا240.

[2] –قوبادی جەلی زادە، دیوانی سێدارەکانی بەهەشت، چاپخانەی ئۆفیسی بێسارانی، چاپی دووەم، سلێمانی، 1998 لا 6.

"ولاتحسبن الذين قتلوا فى سبيل الله..." (امواتا) *

فاتيحامان خوێند خۆی بوو بەخێرهاتنی كردین

رحم الله لمن اعادة الفاتحة دڵنیام خۆی بوو

باسكی زەردەخەنەی كردینە مل و بەڕێی خستین

لەدوورەوە كە ئاوڕمان لەمزگەوتەكە دایەوە, تاتەشۆرەكە نەمابوو

هەركەخۆشمان یەكە یەكە سەرژمێركرد بووبووین بە دە.

هەســتانەوەی شــەهید و ڕۆیشــتنی لەگــەڵ ئەوانــدا ، مانایــەكی تــر بــە دەق دەدات، نــەمری وپــیرۆزی بــە پێشــمەرگەو شــەهید دەبەخشــێت. و چــەمكی قوربانیــدان ، لــە پێنــاو خــاكێكی پیرۆزكراودا دەنرخێنێت .

یان لە شێوازی خەو بینین بە دەوڵەت ونەخشەی وڵاتەوە ئەم هەستە دەربڕاوە, كە تێمەكەی لەسەر بەدی نەهاتنی خواست و مانەوەی لە حاڵەتی خەوندا بنیات نراوە, بەجۆرێك كە بێئومێدی لەو بارەوە زاڵە.ئەمەش لە شیعرێكی كورتی "رەفیق سابیردا" دەبینرێت بەناوی(نەخشە)، تێیدا ئەم بابەتەی تێكەڵ بەكوردایەتی كردووە و دەڵێ:

كە ڕابوۆوە

وتی :بەنێو ئاژاوەدا دەپەڕمەوە

وتی: وڵاتە ونەكەم

دەدۆزمەوە!

---

* –ئاماژەیە بۆ دەقێكی قورئانی كە شاعیر تەواوی نەكردووە ( ئەوەی ناو كەوانەكە) بە پێویستمان زانی خۆمان تەواوی بكەین كە دەكەوێتە سورەتی " ال عمران ، آیة 169 " وە .

لەسەر مەزرا

نەخشەی ولاٚتەکەی کێشا

بەتیشك ئالاٚی بۆ چنی

لای ئێواریٚ و

منالٚ ئاسا, خەوبردییەوە...

جارێکی دی

خەو, ولاٚت وئالاٚیەکەی

لیٚ دزیەوە![1]

## دەقی شیعریی مامناوەند:

لە دەقە مامناوەندەکانیشدا ، هەمان تێمە لە شێوازی جۆراو جۆردا دەبینرێت، لە نموونەی شیعرەکانی ( نزای بوونەوەر، حەبیبەش گەیشتە سوید، زیندان ، کۆتایی داستانیٚ )کە هی شاعیران ( قوبادی جەلیزادە، عەبدولاٚ پەشێو ، شێرکۆ بێکەس ) ن ، ئەنفال و وێنەی کارەسات و ترس و جیابوونەوەش، بابەتێکی سەرەکییەو لەزمانی گیانەوەران و گێڕانەوەی دوعاو خەونەکانی ئەوان بۆ مانەوەیان دەرخراوە, کە ئەمەش قەبارەی ئەو کارەساتە دەردەخات، کەتەنها مرۆۋ بەرکەوتەی نییەو و بەناو فیکرو خەون و ژیانی مرۆڤی کورددا ڕۆچووەو ترسی لە ناو ئاژەڵەکانیشدا چاندووە. تێمەی نیشتیمان و شەڕو کاولکردن و کوشتن لە پالٚ ئاستە قووڵەکانی خواستی هەموو بوونەوەردا, پیشاندانی تاوان لەڕوانگەیەکی تردا و لەزمانی غەیرە مرۆڤەوە لای "قوبادی جەلی زادە" لە زمانی (دار, مریشك, چۆلەکە, چێڵ) ەوە، ئەم ترس و خەمە پیشاندەدرێت. بۆ نموونە :

---

[1] – ڕەفیق سابیر، ڕازو گومان، بەرگی دووەم ، لا 53.

مریشکە ڕەش هەر کە ئاوی دەخواردەوە

زۆر بە کڕی....

سەری بۆئاسمان هەڵئەبڕی!

(خوایە هەتا جووجەڵەکانم هەڵدێنم

با – ژەهری کۆچ هەڵنەڕێژێ

خوایە هەتا جووجەڵەکانم هەڵدێنم

باڵ وپێم شەتەك نەدەن و

نەمخەنە سەر,

تیرەقەی پشتی گوێدرێژێ!!)[1]

هەروەها جگە لە گێڕانەوەو دووبارە چنینەوەی ئەو چیرۆك و ڕووداوە مێژووییە سەختانەی بەسەر کوردا هاتوون، جارێکی تر بەکارهێنانیان وەك کەرەستەو تێمەی شیعری , ونبوونی سیمبۆلی پیرۆزی و بەهای مرۆڤ و ژن و جوانی و ئەدەب وتەنانەت نیشتمانیش لە هەندێك دەقدا دەبینرێن، بۆ نموونە لە شیعری "حەبیبەش گەیشتە سوید" دا پیشان دەدرێت. قوبادی جەلی زادە لەڕێگەی کۆچی حەبیبەوە کۆچی خەون و کۆچی وڵات و بێ بەهایی نیشتمان و کارەساتی تاکی کورد پیشاندەدات، کەچەندان تێمەو بابەت لەخۆ دەگرێت. لەڕێگەی گێڕانەوەی سەفەرو ژیانی حەبیبەوە لەم دەقەدا , کارەساتە مێژوویی و نیشتیمانییەکان و خەمی مرۆڤ و ونبوونی شوناس وپێگەکەی بە گشتی، لە ڕووی ناوەڕۆکی شیعرییەوە بەرجەستە کراوە ، کاتێك شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئێستاکە حەبیبە لەشەقامە سفوورەکانی سویدا

[1] – قوبادی جەلیزادە ، سێدارەکانی بەهەشت، لا 53

**تەنیایە**

**پەنجە لووسەکانی: لەپەنجە تووکنەکانی نالی دەگێڕیٚ**

**خەو بە چنگیٚ خۆڵی,خاك وخۆڵەوە دەبینیٚ.**[1]

**بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ترۆپکی بابەتەکەو دەڵیٚ:**

**ئەفسوس**

**ئەفسوس**

**هەرشەوە لەنێو پێخەفێکی دوکەڵاویدا**

**ستیانە سوورەکەی جێدەهێڵیٚ.**

**لە چرکە دۆزەخییەکانی ئۆرجازمیشدا**

**بەنینۆك!**

**لەسەرشان وپشتی کوڕە سەرخۆشەکانی نیوە شەودا**

**تابلۆیەکی تەڵخی !کەلاوەکانی بابان و**

**وێنەیەکی ڕەشی, عومەری خاوەر دەکێشیٚ.**[2]

**گەڕانەوە بۆ شوناس و خەو بینین بە ڕابردوو و کێشانی ئەو جۆرە وێنەیە، قووڵیی ئازاری مرۆڤ لە وەها کاتێکدا دەگەیەنێتە لوتکە.**

---

[1] **–سەرچاوەی پێشوو، لا** 122.

[2] **– قوبادی جەلیزادە ، لا**122.

لــــه شــــيعرەکانی"زینــــدان"[1] و کۆتـــاییی داســــتانێك"[2]ی عەبـــدولاّ پەشــــێو و شــــێرکۆ بێکەسیشـدا هــەمان تێمــە لــە شـێوەی وەسـفی پاڵــەوان و قوربانیـدان لــەپێناوی نیشـتمان و ولاتدا بەرچاو دەکەوێتەوە.

## دەقی شیعریی درێژ:

لەشــیعرە درێــژەکانی بــۆ نموونــە وەك : ( بــۆ شــەهیدەکانی قازانقایــە، هەڵەبجــە ســەفەری هەمیشــەیی برینــەکان، وەرزە ئاڵــەکانی عــەدەم، بەشــێك لــە ئێــوارانی ئیمپراتــۆر، لــە چــاو تروکانێکـا سـەری ولاّتم سـپی بـوو ) ی شـاعیران ( حەسـیب قـەرەداغی، جـەمال غـەمبار، دلاوەر قــــەرەداغی ) دا، ئــــەم تێمەیــــە لەشــــێوەی وەســــفی شــــەهید و خۆشەویســــتیی نیشــــتمان و دووبــــارە وێناکردنــــەوەی بــــرین وخەمــــەکانی ولاّت و گێڕانــــەوەی ڕووداوی ئــەنفال و هەڵەبجــە دا دەبینرێــت. لەبیرنــەکردنی مــەرگ وحــوزن وەك دوو کــۆڵی قورســی ســــەر شــــانی نیشــــتمان و کەســــەکانی نــــاوی لای حەســــیب قــــەرەداغی لەشــــیعری ( بــــۆ شــەهیدەکانی قازانقایــە)[3] دا بەرجەســتە دەبێــت ، شــاعیر گێڕانــەوەی مێــژووی سیاســی و ڕاپـــەڕین و شـــەهید بـــوونی ڕۆڵـــەکانی لەپێناویـــدا دەکاتـــە تێمـــەی شـــیعری و وێنـــەی ڕووداوەکان و وەسفکرنیان لەزمانی شیعریدا دەردەبڕێت . کاتێك دەڵێ:

ڕۆژگار ڕەش بوو

شەوگار دێوی دەم کراوەی بیم وخەش بوو

دوژمن ئێجگار دڵنیابوو

لەگۆڕیدا وای دەزانی کەس نەماوە

:

[1] – عەبدوللاّ پەشێو، هەسپم هەورەو رکێفم چیا، لا153.

[2] – شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم، لا103.

[3] – حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، لا 269.

هەرکویَ دەچووی هەر (وحدە) بوو

هەرکویَ دەچووی (رسالە)بوو

هەرکویَ دەچووی پاپە (صدام) وەکو کلاَش و کالە بوو

هەرکویَ دەچووی ئەوەی دەتبیست هەر (قال)ە بوو

هەرکویَ دەچووی هەر(بعثی) بوو وەك عالە بوو[1]

تادەگاتە بانگکردنی ڕۆڵەکانی گەل و ئاگاداریان دەکاتەوە بەرەو شۆرش وەك چۆن لە پێشووتردا ڕوویداوە ، وەك دەڵێ:

شوانە, ئاشتی, سمکۆ, ڕێبوار

هزرو کردار

چوون بەیەکا شریخە بوو

کۆبوونەوەو برووسکەبوو!

نەزرگەکانی ئەیلولیان داگیرسان و

باوەڕو چەك جووتەیان گرت

شۆڕشیان بوو![2]

گۆڕانی بارودۆخ ونرخی شۆڕش ونیشتمان وگەڕانەوەی بەها, دواتر شەهیدبوون وگریان و جارێکی تر شۆڕش و هانا بردنەوە بۆی، لای شاعیر پیشاندەدرێت. کاتێك دەڵێ:

دەرس وەرگرن هەل ڕەخساوە

قیرائەتی سەبعەی ئەنفال

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 270.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 271.

**هیشتا لەناو بڵندگۆدا خوێناوییە**

**هێشتا بنباخەڵی دوژمن یۆرانیۆم و کیمیاوییە**

**هێشتا هەڵەبجەی شەهیدمان**

**بەدوای گۆڕی بێگۆڕاندا هەر عەودالە.**[1]

**هەوڵــدان وڕەنجــدان و وازهێنــان لــە خورافــات و شــەڕ بــۆ نیشــتمان لــە هەنــدێ پارچــەی شیعرەکەدا دەنوێنرێت بۆ وێنە:**

**هەزار ساڵە کەڵەشێرمان دەخوێنێت وهەر ناوەختە!**

**دەبێ خۆمان سەری بڕین هەتا سەری خۆمان نەخوا**

:

**کورد واتەنی...خوا بەو ڕۆژە نەکاو نەکا**

**ئەگەر کڵپەی ڕاپەڕینمان کوژایەوە**

**ئەگەر خوێنی برادەرمان ڕژایەوە**

**هەنگاو هەنگاو بەرەو دواوە کشاینەوە**[2]

........

**ئێسە وەرن چارەی دەردان دەستنیشانکەن**

**دایکی هیوا ژانی لێ سارد نەبێتەوە**

**لەنوێ داوای گەرمە ژان کەن**

**وەرن ئێستە هۆکاری بەدبەختیمان لەبۆ ڕیزکەن**

---

[1] – **سەرچاوەی پێشوو، لا**273.

[2] – **سەرچاوەی پێشوو، لا** 275.

وەرن لەناو بارودۆخی ئەمڕۆماندا پاك وپیس كەن

پاك پاكتركەن , ئەوی پیسە سەركۆزەرە

ئەوسا نۆكەر, بۆیەش كریێ , بەخوا ئەمڕۆش هەر نۆكەرە

:

ئەمجارەیان بەردە قارەمان شەرمن بیێ, مردن چاكە

گوێتان لێبیێ, هاوڕیێ, هەڤالێ, مامە, كاكە!.[1]

جــەمال غــەمباریش چــیرۆكی هەڵەبجــە وەك مرۆڤێــك وپــێش كارەســاتی كیمیــاوی و جــوانی و بەرائــەتی ئــەو لەوێنــەی شــیعریدا دەردەخــات، هــەروەها باســی خــەون و جــوانی وهەڵەبجــە بەدرێــژایی مێــژوو، لــەدوای كارەســاتەكەش مــەرگ وتێكچــوونی خــەون و دواتــریش ڕاهــاتن لەگەڵیانــدا دەكــات. وەك چــۆن لەشــیعری (هەڵەبجــە ســەفەری هەمیشــەیی برینەكان)[2] دا دەڵیێ:

دەمبینی ئەو ڕۆژانەی بە خەریتەیەكی قوڕاوی و لێڵەوە

بۆگۆڕە بەكۆمەڵەكان دەگەڕا...

لەوپێدەشتە قەرسیلییەی شارەزووردا,

خەت خەتێن وچاوشاركێی

لەگەڵ مەرگ و قەدەردا دەكرد!

---

[1] –حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ، لا276.

[2] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی 2010، لا 333 .

هــــەروەها یــــادەوەری و کاریگــــەریی کارەســــات بەســــەر مرۆڤــــەکان وگێڕانــــەوەی ئــــەو نەهامەتییــە لــە زمــانی ســیمبۆلی مــردن و شــەهیدی هەڵەبجــەوە کــە(عومــەری خــاوەرە) لــە هەمان شیعردا دەکات. کاتێك دەڵێ:

عومەر دەستی لەسەر شانی هەڵەبجە

دانابوو.

بەخەمێکی ڕوونەوە, پێی دەوت:

مەولام, ئەی کۆستی بەردەوامی ئێرەم و

میحنەتی سەرەڕۆی ئەوێم!

لەکوێ, مێخەکی ناونیشانت بدۆزمەوە؟

لەقاوشی کام بیمارستانی دنیادا

چەرپایەکت بۆ پەیداکەم.[1]

** *

هــەر لــە درێــژەی شــیعرەکەیدا کــە هەڵەبجــە بــە مــرۆۆ دەکــات و بــاس لــە کۆســت و تەنیاییــەکانی دەکــات و پیشــانی دەدات کــە کــەس بــۆمردن و لــەناو چوونیشــی دەربەســت نییە. دەڵێ:

لەکورتەی هەواڵەکاندا,

وەکو پەرچەمی بایەکی کوژراو,

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 337.

پەخش دەبێ!

لەمەراسیمی ناشتنیا

کەس کۆتەڵی گریان ناگرێ![1]

مەرگ و مردن وەك کۆتایی شتەکان و ونبوونی یەکجارەکی لەپاڵ بابەتە سیاسییە گەورەکەدا ، خەون وحوزنی مرۆڤ و شار و مردن و پرسیارە ئاڵۆزەکانی و تەنیاییەکانی، تێمەی سەرەکین لەم شیعرەدا:

هاتیت و سەعاتی چاوەڕوانیت

ژەنگ لێی دابوو

هاتیت و وادەی هیجرەتی خۆت پێ وتم

سەفەری هەمیشەیی برینەکانت نیشان دام !

لەکوێوە هاتی و چۆن هاتی؟

ئەوەیانم لە بیر نییە

هێندەم لە بیرە, بەچەند وشەیەك,

سلاّوی تەرمەکانم سەندەوەو وتم؟

مێرگە کیمیاییەکانی رۆح...

میوانە نووستووەکانی دنیا

[1] – سەرچاوەی پێشوو، 339.

هەڵەبجەتان باش!.[1]

هەروەها لە شیعری (لە چاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپی بوو)[2] ی دلاوەر قەرەداغی دا ، هەڵەبجە جارێکی تر وەك سیمبوڵی مەرگ ونەهامەتی و حوزن و وێنەی سیاسەتی نیشتمانێکی وێرانکراو، دەبێتەوە تێمەو بۆ ناو قووڵایی مرۆڤەکان شۆڕدەبێتەوە, مانەوەی یادەوەری و گێڕانەوەی ڕووداوەکە لەدیدگای شاعیرو شیعرەوە، جارێکی تر تێکەڵ بە پرسیارە گەورەکانی مرۆڤ بەرانبەر بە بوون ومەرگ، هەروەها ئاڵۆزیی دەروونی و بابەتی نیشتمانی و خۆشویستنی وڵات دەکرێت و لە وێنەو دەربڕاوەکاندا بەرجەستە دەبێت. بۆنموونە:

سالْ بووە پێنج وەرز

بەهار ،هاوین ، پایز, هەڵەبجە ، زستان..

خۆر سەری ئاوابوونی لێهاتەوەیەك

لەچاو تروکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو

پیربـــــوونی خێـــــرای وڵات، کۆتاییهـــــاتنی لاوی و جـــــوانی و ئـــــارامیی ئـــــەو شـــــارە ، لاوانەوەیـــەکی هونەرییـــە و تراژیـــدیا دەگێڕێتـــەوە. ئـــەم حاڵەتـــە زیـــاتر ڕووندەبێتـــەوە، کاتێـــك دەڵێ:

هیجرەتە هیجرەت هیجرەت

هیجرەتی شارو شیعرو شنروێ

هیجرەتی هەڵەبجە

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 340.

[2] – دلاوەر قەرەداغی، دیوانیماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2005 لا 110.

دواتر:

بمان بە, سوودی نییە نامە

خەمی ڕدێن سپی هەڵەبجە نایەتە تەحریر

لەسەر باڵی هاژەت

ڕیز ڕیز لەگوڵدانی بەر پەنجەرەی

نەخۆشخانەکانی تاراندا بمانڕوێنە.

لەویٚ بوون ئەو ڕۆژەی

(گولاٚن) دڵی تێکەڵ هات و

(سیروان) لەپیٚ کەوت و

مێژوو ڕشایەوە![1]

لە هەمان شیعردا بەردەوام دەبێت و باس لەو فەرامۆشکردنە دەکات کە لەلایەن کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانە سەبارەت بە دۆسێی هەڵەبجە لە کاتی خۆیدا کرا، دەڵیٚ:

وەك هەڵەبجەی

ناو دۆسیەی تۆز لیٚ نیشتووی

ئەمینستی ئینتەرناشناڵ وئەنجوومەنی ئاساییش و یوئێن

سپی سپی دەچینەوە ئەی بادی سەبا.[2]

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 112.

لـــه چـــەندین نموونـــەدا ، چـــیرۆکی هەڵەبجـــەو ئـــەنفال وبابـــەتی كـــۆچ و كاریگـــەریی ئـــەم بەســـەرهاتە ترســـناكانە، بوونەتـــە تێمـــەی ســـەرەكی وبەچـــەندین وێنـــەو جـــۆر گێڕدراونەتـــەوە و مانـــەوەی ئەنجامـــەكانی دوای ســـاڵانێكی زۆریـــش دەبینـــرێن. كـــە لـــە خوارەوە نموونەی ئەم دەقانە دەهێنینەوە.

جـــارێكی تـــر ئـــەنفال ، وێنـــەو كاردانـــەوەی لـــەزمانی شـــیعریدا و گێڕانـــەوەی چـــۆنێتی بردنـــی خـــەڵك ومردنیـــان لـــە دەقـــە درێـــژە چـــیرۆكئامێزەكاندا، بەرجەســـتە دەبێتـــەوە. لەشـــیعرێكی قـــەبارە درێـــژی جـــەمال غـــەمباردا، بـــەناوی ( وەرزە ئاڵـــەكانی عەدەم)[2] ، ئەم ڕووداوە وەك زامی مێژوو و نیشتمان كۆتایی نایەت ونایەت. كە دەڵێ:

هەرچی مینای دڵەكان بوو هەڵیان وەراند

ئەوهەموو گۆزە جوانانەیان شكاند ،

ئەو هەموو كانی و ئاوەیان گوێزایەوە

:

ئەوان كەهاتن ڕەوە كوللەی

ناو میحنەتەكانی مێژوو بوون

هەوای دۆزەخ هێنابوونی

لـــە هـــەمان شـــیعریدا شـــاعیر لـــە ڕێگـــەی وەســـفی دوژمنـــەوە وێنـــەی ئـــەو و خواســـتی شەڕەنگێزیی لە دێر زەمانەوە دەخاتە ڕوو بۆ نموونە:

ئەوان لە ئەزەلەوە هەروابوون

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 114.

[2] –جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا301 .

جوانترین گەمەیان: کوشتن و

ناسکترین وشەیان: خوێن بووە.[1]

یان مردنی بە کۆمەڵ و تێکچوونی بەرنامەو شێوە ئاساییەکانی ژیان دەبینرێت. کاتێك دەڵێ:

بەناوی ئێوەوە مەملەکەتێك لەژێر(لم)دا,

میرنشینێکی بێ میرو, بەبێ رەعیەت,

وڵاتێکی بێ ئاڵاو, سروودی نیشتمانی

لەوێدا, لەو سەحرایەدا ئیعلان کرا.[2]

نائومێدی و نەهاتنەوەی ئەوانەی بران لە دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت، هەروەها داوای دەستلێشۆردنیان و کۆتایی هێنان بەو حوزنە گەورەیە دەکات، کاتێك لە شێوەی مۆنۆلۆگدا بەخۆی دەڵێت :

تۆش ئەی زاکیرەی ئەنفال کراوم,

درەنگە خۆت کۆکەرەوە,

بەدیار ئێوارەیەکەوە دامەنیشە,

ئەستێرەی تێدا هەڵنایەت.

چاوەڕوانی هاتنەوەی منداڵێك مەکە,

دەستەکانی پڕن لەدوکەڵ

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 302.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا304.

**چاوەڕوانی چی دەکەیت**

**ئیتر گۆزەکان لەکانی نایەنەوە...**[1]

**لەشـــیعرێکی تـــری جـــەمال غـــەمباردا بـــەناوی (بەشـــێك لـــەئێوارانی ئیمپراتـــۆر)**[2] **دا ، کـــە دەقێکـــی درێـــژە لـــەڕووی قـــەبارەوە, لەگـــەڵ ئـــەوەی تێمەکـــەی فـــرە ڕەهەنـــدە و تێیـــدا وێنـــەی دیکتـــاتۆر و مـــەرگ و وێرانـــە وبـــاری سیاســـی و جـــەنگ و مـــردن , عەشـــق وەك هـــەوڵێکی نـــەزۆك و بـــێ ئـــەنجام دەنەخشـــێنرێت. جگـــە لـــە پیشـــاندانی گەنـــدەڵیی سیاســـی و کۆمەلأیـــەتی، گێڕانـــەوەی ئێـــواران و ژیـــانی کەســـایەتیی "ئیمپـــرا تـــۆر" وەك ســـیمبۆلی زەبـــرو زەنـــگ وکوشـــتن , تێکـــەڵ بەهەنـــدێ پرســـیار لـــەبارەی چارەنووسەوە دەبینرێت. بۆ نموونە:**

**من ئەوم خۆی کە هەمیشە لێم دەپرسیت:**

**کلیلی ئەم نەعشە بەکێ یە؟**

**لەتەرمی ئازادی زیاتر**

**کاممان تیا ڕاکشاوین؟.**[3]

**یـــان لـــە پیشـــاندانی وێنـــەی جـــەنگ و کوشـــتن و ئاوێتـــەبوون بـــە مرۆڤـــەکان هـــەر لـــە منداڵییەوەو مۆتەکەی درووستبوونی جەلاد دا دەڵێ :**

**دەبێ تۆ داوای لێبوردن لەمن بکەیت**

**من بە سیانزەساڵی, بیست و یەك تەرمم بینی و**

---

[1] **–سەرچاوەی پێشوو، لا** 308.

[2] **– سەرچاوەی پێشوو، لا**199 .

[3] **–سەرچاوەی پێشوو ، لا**201.

له باڵق بوونیشا

له جیاتی جەستەی حۆرییەك

پۆرترێتی ئیمپراتۆریان پیشاندام.[1]

وێران بوونی کەسایەتی وعەشق ، له چوارچێوەی جەنگدا دەگێڕێتەوه کاتێك دەڵێ:

ئێمه هەموو مناڵه زۆڵ و سەقەتەکانی ئیمپڕاتۆر بووین

له بەرمیل و زبڵخانەکانی

قەڕنێکی تری شەڕەکانی ئەودا

نه عاشق بووین...

نه مەعشوقەیەکمان هەبوو.[2]

## چەند جۆرێکی تری تێمه – فره ڕەهەند

تێمەی جۆراو جۆر له دەقێکدا له تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەم قۆناغەیه و فره ڕەهەندی تیایاندا دەبینرێت که هەوڵدەدەین نمونەیان بۆ بهێنینەوه و جۆری تێمه زەقەکان دەربخەین. یەکێکی تر لەو ناوەڕۆك و بابەتانەی که شیعری چیرۆکئامێزی ئەم قۆناغه له پرۆسەی گێڕانەوەدا مەبەستیەتی و جەختی لەسەر دەکرێتەوه، بابەتی فیکری و تێکەڵ بە پرسی گومان و دوودڵی مرۆڤ بەرانبەر بوون و خودا و شوناس و بابەته ڕۆحییەکانه، ئەم دوودڵی و دڕدۆنگییەی مرۆڤیش بنچینەیەکی زۆر کۆنی هەیەو بەردەوام مایەی لێکدانەوەی فەلسەفه و دواتریش ئەدەب بووه، لەم بارەوه کیرکەگۆری فەیلەسوفی بوونگەرا: (( دڕدۆنگی به سرووشتی تایبەتی ئادەمیزادەوه دەبەستێتەوه، بەو پێیەی جەستەو دەروون ڕۆح

[1] – سەرچاوەی پێشوو ، لا 205.

[2] –سەرچاوەی پێشوو، لا211.

کۆیاندەکاتەوە. سرووشتی ئادەمیزاد خۆی وای لێدەکات دووچاری گرژی بێت ، ئەو گرژییەش دڕدۆنگییە )) [1] ، کە ئەمەش لە وەهمەکان و لە هەستکردن بە دڵنیایی هەڵخەڵەتێنەر بەئاگامان دەهێنێتەوە، تاکە کەسەکان بەرەو ڕووی بەرپرسیاریەتی دەکاتەوە و بانگێشتیان دەکات بۆ پەیبردن بە بوونی ڕەسەنی خۆیان [2] . جگە لەوە تێمەی مردن و ژیان بەشێکی زۆری شیعرەکان پێکدینن، لەگەڵ هەستی پوچگەرایی و بێ مانایی کە ئەمەش دووبارە بەشێکە لە هەمان فەلسەفە ، کە برەوی هەبووە لە سەدەی بیستدا و لە ئەدەبی ئەو قۆناغەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا وەك جۆن ماكواری ئاماژەی پێكردووە، كە نوسەرانی وەك " كامۆ ، سارتەر" لە بەرهەمەكانیاندا " تاعوون، هێڵنج، دەرگا داخراوەكان " بنەمای ئەم فەلسەفەیەیان بە گوێرەی سەردەم دارشتوّتەوە و كاریان لە هونەرمەند و نوسەران و توێژاڵی لاوان كردووە، هەرچەندە بنەمای ئەم فەلسەفەیە بە سەدەها پێش ئەوان داڕێژراوەو هەر لە سەرەتای پەیدابوونی فیكری فەلسەفییەوە هەبووە . بۆ وێنە باس لە كاریگەری شیعرێكی شاعیر " هۆڵدەرلین " دەكرێت بەسەر نیچەی فەیلەسوفەوە، چونكە ئەم نوسەرانە هەستیان بە پەرتبوون و نامۆبوون كردووە ، كە كۆمەڵە هەستێكن موچڕك بە لەشدا دەهێنن و لەم بارەوە "ولیەم باریت William barret " دەڵێت وێنەی مرۆڤی نوێ لەو دێرە شیعرەی " ت.س. ئیلۆت " دا دەبینینەوە كاتێك دەڵێ: " خەڵكی كۆمەڵێك پارچە كاغەزن بەدەم بای ساردەوە "[3] . بەهەمان شێوە بابەتی مردن یەكێكە لە بابەتە دیارەكانی ئەم شیعرانەو بەردەوام پرسیاری لە بارەوە كراوەو وەك هۆكاری نامۆبوونی شاعیران دەردەكەوێت. ئەمە گەورەترین پرسیاری مرۆڤە لە سەرەتای بوونییەوەو بۆی لێكنەدراوەتەوە كە بۆچی (( بوون و مردن تەواوكەری یەكترین و لەبەرئەوەی كە هەیە دەبێ بمرێت ، یان ئەو دەمرێت چونكە هەیە )) [4] ، هەروەك چۆن لای فەیلەسووفانیش (( گەورەترین

---

[1] – جۆن ماكواری ، فەلسەفەی بوونگەرا ، لا 191.

[2] – بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا 193.

[3] – بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا 296 و 297 .

[4] – د. محەمەد كەمال ، بوون و داهێنان، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، 2004، لا 146.

لایەنی شاراوە و ناڕوونی بوونە و دوا بەڵگەیە لەسەر پووچی مرۆڤ و جیهان , کامۆ و سارتەریش وەك هایدگەر پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە وەك ڕاستییەك، ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە، بەڵام ئەم ڕاستییەشە، کە دواجار شتەکان یەکسان و بێبایەخ دەکات ))[1] .

جگە لە بابەتی مردن بەشێکی تری شیعرەکان شۆڕبوونەوەیە بەناو دەروون وناخ و قووڵایی مرۆڤدا. کە خودی مرۆڤ و یادەوەرییەکانی لە زمانی شیعریدا، منداڵی و خەونەکانی، کرۆکی هەندیٚ شیعر پێکدێنن. ئەمەش لە هەندێك جێگەدا تێکەڵی بابەتی ئەفسانەیی و فیکری گشتی کۆمەڵ کراوە، کە سیمایەکی چیرۆکی نوێی کوردییە. زۆربەی ئەم تێمانە لە زۆربەی دەقەکاندا دەبینرێن. بەتایبەتی لە شیعرە مامناوەند و درێژەکاندا، لە هەندێك لە شیعرە کورتەکانیشدا تێمەی فرەڕەهەند کە پێکهاتەیەکە لەو تێمانەی سەرەوە دەبینرێت. لە هەندێك دەقدا نەبێت، کە سنووری شیعرەکە تەنیا ڕێگە بە بوونی تێمەیەك، یان یەك بابەت دەدات. یاخود یەکێك لە تێمەکان بەتۆخی هێڵەکەی دەکێشرێت و هەستی پێدەکرێت. هەوڵدەدەین نموونەی ئەو شیعرانەی کە زیاتر دەچنە ئەم قاڵبەوە– بخەینە ڕوو.

## فرە ڕەهەندی لە شیعری کورتدا

لــە یــەکێك لــە شــیعرەکانی لــەتیف هەڵمەتــدا کــە نانیشــانی (دەنکــە شــقارتە و شــتەکانی دی)یــە، لــە دیوانەکەیــدا، دەبیــنین کــە تێمــەی شــیعرەکەی لــە دەوری گرنگــی و بــەهای خوێنــدن و قوتابخانــە و پەناگــەی منــداڵان لــە دەســتی هێــزی شــەڕ و خراپــە (جنۆکــە) دەســووڕێتەوە, کــە ناڕاســتەوخۆ ئاماژەیــە بــەو بابەتــە ئەفســانەیی و کولتووریانــەی کــە پەیوەنــدیی پــیرەژن و دارســتان و جنۆکــە ڕێکدەخــەن و بــوونی منــداڵ وەك نێچــیر لەوکاتــەدا بــە نموونــەی پــاکی و ئاشــتی دەرخــراوە، ئەمــەی لــە شــێوەی چیرۆکێکدا داڕشتووە. وەك دەڵێت: زەمانی زوو

پیرێژنێك هات

---

[1] – جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرا، لا 225 .

جنۆکەو خێوی

هەموودارستانەکانی

بەرەڵای

شەقامەکان کرد

لەوساتەوە

منالأن خۆیان

لەقوتابخانەکاندا

دەشارنەوە[1]

لـــەم شـــیعرەدا دەوری قوتابخانـــە و پەناگـــەبوونی ، لەبەرامبـــەر هێـــزی شـــەڕوو نەزانینـــدا. پیشاندەدرێت.

هەرلـــەو دەقـــە کورتانـــەدا مـــرۆڤ و تواناکـــانی وچـــۆنیتی داهینـــانی شـــیعر بوونەتـــە تێمـــەی ســـــەرەکی و لەشـــێوەی وێنـــەی شـــیعریدا چـــووێنراوە بـــە (ماســـی)و سەریشـــی بـــەزەریا. هـــەروەها هەولـــدان وکۆڵنـــەدانی مـــرۆڤ پیشـــاندەدرێت .( ئاماژەیـــەك بـــۆ ڕۆمـــانی پیرەمـــیرد و زەریـــا)[2] و لەشـــێوەی گێرانـــەوەدا ، هەرچـــەندە وەك لـــە کۆتـــاییی شـــیعرەکەدا دەردەکـــەوێت ســـەرنەکەوتنی شـــاعیر پیشـــاندەدرێت ، کـــە تـــا ڕادەیـــەك پێچـــەوانە دەبێتـــەوە لەگـــەڵ هـــەمان وێنـــەی نـــاو "پـــیرە مێـــرد و زەریـــادا" ئـــەویش بـــەهۆی دوو هۆکـــار ماســـییەکانی شـــاعیر(شـــیعر) ورد بـــوون( ئامـــاژە بـــۆ بـــیر و وێنـــەی جـــوانی) نـــەك ماســـییە گەورەکـــە و ســـەرئەنجام هـــیچ نیشـــانەیەکی بردنـــەوە یـــاخوود بەڵگـــەی بەدەســـتهێنان

[1] – لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، لا 618.
[2] – ئیرنست هیمنگوای، پیرەمێرد و زەریا ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە . شێرکۆ بێکەس، پێداچوونەوەی شوکر مستەفا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی،بەغدا، 1982 .

نابینرێــت بــە  پێچــەوانەی پیرەمێردەکــەوە  کــە ئێســکی ماســییەکەی  وەك بەڵگــەی ئــەوە، پێبوو. لەم بارەیەوە عەبدولا پەشێو دەڵێت:

سەرم چەشنی زەریایەك بوو

وەکوو ماسیی

سەراو دەبوون .. بذاو دەبوون بیری وردورد

تابەیانی تۆڕم هاویشت،

ماسییەکم وەگیرهینا،

دوای چەند گەوزێك ئەویشم مرد! [1]

لــەم شــیعرە کورتانــەدا بابــەت و تێمــەی دەروونــی , یــاخود رابــردوو یــادەوەری لــە شــێوەی فشــاری  دەروونــی و ئــەو وێنــەو  ژیانــەی کــە لــەناخ و دەروونــی مرۆڤــدا ڕەگ دادەکــوتێ، دەبێتــە تێمــەی بەشــێك لــە دەقــەکان و بــەردەوام لــە گەڵیــدا دەژی و تــەوەرێکی ســەرەکییەتی،  کــە بەهۆیانــەوە نــاخ و نــامۆیی شــاعیر دەربــڕاوە ، کــە :(( دیاردەیــەکی دەروونییــە و لــە ئــەنجامی کــارتێکردنی کۆمــەڵێك هۆکــاری کۆمەلایەتییــەوە درووســت دەبێــت ، لەوانــە هــەژاری و لێقــەومان و کارەســاتی دڵتــەزێن و نــەبوونی هێــزی پاڵپشــت و چارەســەر نــەکردنی گرفتــەکانی ژیــان ، بــە شــێوەیەك تــاك هەســت بکــات پشــتگوێ خــراوەو هیچ پەناو نرخێکی لە ژیاندا نەماوە )) [2].

هــــەروەها  پیشــــاندانی عەبەســــییەت و تــــەنیاییی مــــرۆڤ و گــــەڕان بــــە دوای خۆشەویســـتیدا، بەتایبـــەتی ســـەرهەڵدانی نـــامۆیی دوای نـــەمانی دایـــك وەك نـــزیکترین

---

[1] –عەبدوللا پەشێو، دیوانی هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، لا176.

[2] – کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی دەروونی و گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی ، چاپخانەی زانکۆ، سەلاحەدین، هەولێر، 1999، لا 54 .

بوونـەوەر لـە زۆربـەی مرۆڤەكانـەوە. لـەم بارەیـەوە هیـوا قـادر لـە شـعری "دوای مـردن "[1] دا دەگەڕێتـەوە بـۆ منـداڵیی پەیوەسـت بـە خـەون و خۆشەویسـتی , پووچـی و حـوزن و تەنیایی مرۆڤ لە گەورەییدا وگەڕانەوە بۆ خود و ناوەوە بەئاشكرا دیارە كاتێك دەڵێ :

باران گرێ

فەقیانەكەی دایكمی توند كرد

كە دایكم مرد ,

گرێی فەقیانەكەم قرتاند

عانەكەی مندالیم بینی

ژەنگ گرتبووی

كێ بایی تەنها عانەیەك

خۆشەویستیم پێ دەفرۆشێ.

دەركـەوتنی ئـەم حاڵەتـە و نـاوەوەی كەسـایەتی ونـامۆیی، نموونـەی لـە شـیعری تریشـدا دەبینرێت بۆ وێنە:

لەسەر پردی ریالتۆ راوەستابووم

گوێم ڕاگرتبوو

لەولای قەراغی زێی زاتەوە

چەند كەشتییەك

سندووقی فیشەك و چەك و گوللەیان بار دەكرد:

---

[1] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر، لا46.

لەقەراغ دوورگەی بوورانۆشەو

چەند کەشتیەکی زەبەلاحی تر

سندووقی گەورەی شوشەی ڕەنگاو ڕەنگ

تەنیا

تێر

پر بە دڵ

حەزم دەکرد بە دووی یەکێك لەو کەشتیانە بکەوم و

هەرگیز نەگەڕێمەوە هیچ شوێنێك[1].

فـــەرهاد پیربـــاڵ لـــە شـــیعرێکی تریشـــیدا بـــەناوی "پـــۆرترێتی هـــاورێم ســـەرگۆن پـــۆڵس" ، حالـــەتی بـــێ ئاگـــایی و گەڕانـــەوە بـــۆ رابـــردوو ڕووداوەکـــانی ژیـــانی (مـــرۆڤ و یادەوەری ودەروونی و ناوەوەی) ،ناوەڕۆکی شیعرەکەن و لەوبارەیەوە دەڵێ:

ئەو کۆڵانە تریفەییەی کە تێیدا خوا حافیزیم لە دایکم کرد.

ئەو بەندینخانەیەی کاتێك جێم هێشت

زیندانییەکان شەڕیان لەسەر بەتانییە جێماوەکەم کرد

هەروەها چەند شووقەیەکی کۆنی پەڕپووتی

تاران و دیمەشق و ئەنقەرە و چەند سۆزانییەك

کە تا بەیانی لەناو نوێنەکەمدا کۆخە کۆخیان بوو.[2]

---

[1] – فەرهاد پیربال، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران، هەولێر، 1999، لا44.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، لا 55.

هەروەها لە شیعری "ژیانم لەچەند دێڕێکدا."[1]ی هەمان شاعیردا ، کە گێڕانەوەیی یە ، ڕابردووی مرۆڤ دەبێتەوە تێمە .

لای سەباح ڕەنجدەریش حاڵەتی نائاسایی و باری دەروونی و ئاڵۆزی و جەنگ دەکاتە بابەتی شیعرێکی چیرۆکئامێز و دەڵێ:

ئاوی نەفخی سور خورایەوە

خوداوەند

فریشتە

دەرگای بەهەشتیان لە ڕوالەت داخراو

لە دڵەوە کرایەوە

کەڵەکی فریاکەوتن

پەراسووی ئادەم

بزماری

ئەو ددانانەی لە سێو ڕەش بوون

چارۆکەی

پەڕۆی ڕوو بڵندی شەوی پەردەی حەوا

شادمانی سەر زەمین

نغرۆ بۆمن کە نامەی شەڕ کەرەکانم بۆ دایك و باوکە نەخوێندەوارەکانیان دەخوێندەوە، نغرۆتر بۆ ئەوەی گوێ لەدەنگ وباسی شەر دەگریت و ئاگری شکانی لایەك دەرونی ڕووناك دەکاتەوە،

---

[1] –سەرچاوەی پێشوو، لا 60.

نغروتریش بۆ ئەوانەی خواردن بۆ بەرەکانی شەر دەبەن.

## فرەڕەهەندی لەشیعری مامناوەنددا:

لەناوشیعرە مامناوەندەکانیشدا بابەتە فیکری و فەلسەفییەکان و پرسیارەکانی مرۆڤ سەبارەت بە گەردوون و ژیان دەبینرێت. لەهەر شیعرێکیشدا زیاتر لە تێمەیەک دەبینرێت.لەم بارەیەوە(4) دەق بەنموونە وەردەگرین، کە دەکەونە ئەم قۆناغەوە و لەشێوازی گێڕانەوەو چیرۆکئامێزدا نووسراون.

لەشیعری ( ئێواران شوعلەی مۆمێك بەسە بۆ حونجەکردنی غەریبی)[2] هیواقادر دا, تێمەی جۆراو جۆر بەتایبەتی بابەتی نائومێدی و پووچبینینی دونیا دەبینرێت. جگە لەهەستی غەریبی و ئەو نامۆیی و تەنیاییەی کە بە مرۆڤی دەبەخشێت, ئەمەش هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە هەستی پێدەکرێت.ئەم دەقە لەشێوەی دیالۆگی نێوان باوك وکچێکدا دەخرێتە ڕوو. هەروەها پرسیارەکانی مرۆڤ و گومان و تێنەگەیشتنی لە بوون و گەردوون وبابەتی نامۆیی مرۆڤ لە خۆیی و کەون بەگشتی، ڕەنگیداوەتەوە. بۆنموونە شاعیر دەڵێت:

کچم منیش عەشقی فڕین گەیاندمییە مەنفاو باڵەکانم

دۆڕاند

..............

هەموونیشتنەوەیەك دۆڕاندنە, دۆڕاندن

گەر نیشتنەوەی باڵدارەکان نەبوایە,

مرۆڤ بە ئاسانی لەفێڵەکانی ڕاو نەئەگەیشت

---

[1] - سەباح ڕەنجدەر، سی ساڵ شیعر ،لا 159.

[2] – هیوا قادر، دیوانی هیواقادر، لا107.

تــا دەگاتــە ئــەوەی گفتوگــۆی نێــوان کــچ و بــاوك، وەك بیرکردنــەوەی دوو نــەوەی جیــاواز دەربکــەوێت  کــە بــەردەوام جیــاوازیی تێدایــە، جــا ئەگــەر ئــەم دوو نەوەیــە هــی دوو قۆنــاغی جیــای سیاســی و کۆمەڵایــەتیش بــن ، لــەم ڕێگەیــەوە مانــدوویی لەشــەرو نائومێــدی لــە ژیــان لای نــەوە کۆنەکــەو هیــواو هەوڵــدان و بەگژداچــوونەوەی جــەنگ، لــە وتــەکانی نــەوەی نوێــدا دەبینرێت،  ئەمەش بەشێکە لە تێمەو  دنیابینی دەقەکە کاتێك دەڵێ :

– بابە تۆماندوویت, ماندووی دوای فڕینێکی دوورو درێژو

دۆڕاندنی خەونەکانت.

من لەتۆ تێناگەم بابە:

من هەمیشە خەو بە فڕینەوە دەبینم

فڕین بەسەر خاکێکدا مەرگ وجەنگی نەبینیبێت,

خاکێك دوای نیشتنەوەش, باڵەکانم لێ زەوت نەکات

:

_کچم شوعلەی مۆمێك بەسە بۆ فڕین

دەنا باڵێك نییە دوای فڕین بەگڕی بێ ئومێدی

نەسوتێ......[1]

لای "قوبــادی جــەلی زادە" یــش تێمــەو پرســی سیاســی و ئــاینی و مــردن و جیابوونــەوەی ئــاوێزان کــردووە بــە کارەســات و ڕووداوەکــانی دەقەکــەوە , هــەروەها ئــاڵۆزی و نــامۆیی مــرۆڤ لــە تێمەکــەدا ڕەنگدەداتــەوە. وێنــەی هــاتنی باڵنــدەی "ڤــارتۆ" هەرچــەندە هێــزی شەڕوئاشــتی یــە، بــەڵام لــەم دەقــەدا شــەڕدەهێنێت  بــۆ ئــەم، ئەمەیش لەشێوەی گفتوگۆو گێڕانەوەو وەسفی ڕووداودا پیشاندەدات و دەڵێ:

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 109.

**چاویلکەکەم کەوتە سەر پێڵاوە ئاسنینەکانی و**

**چاوێکی شکا**

**یەك تاکە گۆرەویم دۆزییەوەو**

**لەبری زنجیری پانتۆڵەکەم دابخەم.**

**بەرلەوەی سەتەلایتەکە بکوژێتەوە, زۆپاکەی خامۆش کردو**

**کەناڵی 1: کچێك خەوی بەجوتێك پێڵاوی سوورەوە دەبینی**

**2: لەکەناڵێکی موشەفەردا, ناڵەی ئاگرینی ژن وپیاوێك**

................

**ڤارتۆ هات...فرمێسکە سەوزەکانی من و ئینجانە سوورەکانی**

**شیعری**

**ل یٚ ك**

**دابڕی**

**ڤارتۆ هات...ڕێی گۆڕستانێکی نیشاندام**

**کەمردووەکانی بە گەنجی پیردەبن...**[1]

**هـــەروەها وەســـفی کەســـایەتی شـــاعیر (محەمـــەد عومـــەر عوسمـــان ) و نرخانـــدنی جوانییـــەکانی لـــە شـــیعری "پێـــاوێکی ڕژاوی ژێـــر چـــەتر"[2] ی دلاوەر قەرەداغیشـــدا دەبینرێت.**

---

[1] – **قوبادی جەلیزادە، سێدارەکانی بەهەشت، لا**58.

## فره ڕەهەندی لە شیعری درێژدا:

لــە دەقــە درێژەكانیشــدا بابــەتی فیكــری و دەروونیــەكانی مــرۆڤ و لەئــەنجامی گێڕانــەوەی چــیرۆكێكدا ڕەنگدەداتــەوە. تــەوەری ســـەرەكی خراوەتـــە ســـەر بابـــەت و مەبەســتی شــیعرەكە, لــەم شیعرانەشــدا تێمــەكان بــەزۆری فــرە ڕەهەنــدن، دەشــێت لــە یــەك جــۆر زیــاتر بــن و ڕووە قووڵەكــەی ژیــان لــەخۆ بگــرن, پرســیاری بــوون و مــردن و خــەمی قووڵی مرۆڤ بخەنە ڕوو.

ڕەفیــق ســـابیر لـــەدوو شـــیعری درێـــژدا كـــە گێڕانـــەوە زاڵـــە بەســـەریانداو چــیرۆكئامێزن، ئــەوانیش (زێــوان)[1] و(شــەوانی ئاخــاوتن )[2]ن.كــە بابەتــەكانی ژیــان و مــردن و شــەڕو جــەنگ, حەقیقــەتی ژیــان , هــەروەها بابــەتی فەلســەفیش ســەبارەت بــە بــوون و شــوێن و كــات, لــە م دەقانــەدا ڕەنگیانداوەتــەوە، چــەند پارچــە لــەو شــیعرانە وەك نموونــە دەهێنینەوە :

ئێمەش لە سێرمۆنی تاك بونەوەدا غەیب دەدوێنین

لە كۆمەرگی لەناكاوی باڵندە تۆقیوەكان ڕادەمێنین

بەدەم شڵەژانەوە بێهودە بەگژ هیچدا دەچین

هەردوو چنگمان پڕدەكەین لەو لمە تینوەی كە لەسەر بۆنی شێداری

ڕووبار بە گژماندا دێت

بێئومێدانە چاو بۆ سیمای خوا دەگێڕین, كەمانگ ئاسا

نیمچەكەوانی و بێ ئادگارە.[3]

---

[1] – دلاوەر قەرەداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، لا 142

[2] – ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازو گومان ، لا 83.

[3] –سەرچاوەی پێشوو، لا 109.

:

"ئەگەر نەگەین بەکویٚ ئەگەین؟"

ئێستا کاتی پرسین نییە, بیست وحەوت"

یەکیان بەدەم ژماردنی تەرمەکانەوە وەڵامی دایەوە!

ئێمەش لە چاڵێکی شەوین و شێداردا.

:

جەستەیان لەلم و تەزوو دەتەکێنن

لاسارانە بەدوای رێگای گەڕانەوەدا دەگەڕێن و دەگەڕێن.

:

:

دەڵێی چارەنوسی خۆیان لیٚ ڕوونە

دەڵێی

دەزانن کە مردن زێوانی

ڕۆحە بێدارەکانە .

دەبینین کە وشەکانی ( تەرم، شەو، چارەنووس، مردن، ڕۆح) ، هەموو ئاماژەن بۆ ئەو ناوەڕۆکەی کە باس لە بیٚ ئومێدی مرۆڤ لە چارەنووسی خۆی و چاوەڕوانیکردنی مردنە تایبەتی لە کەش و هەوای جەنگدا ، کە فەزای ئەو چەند دێڕەیە، دووبارە شاعیرو کەسایەتییەکانی ناو دەقی توشی نامۆیی و گومانی گەیشتن بە شوێنی مەبەست کردووە ، کە ڕەنگە خواستی گەیشتن بە ئارامی بێت، کە لەو بارووزرووفەدا ناچارن خۆیانی لێبدزنەوە. بە دەستەواژەی "ئێستا کاتی پرسین نییە" ئەمە چارەسەر

دەکەن. تەواوی شیعرەکە کە قەبارەکەی درێژ ترە جەخت لەسەر ئەو تێمانە دەکاتەوە کە پێشتر باسمانکردن.

لە شیعری شەوانی ئاخاوتنیشدا دەڵێ:

"خۆ ئێمە نەبوین ژیانمان هەڵبژارد

ژیان خۆی ئێمەی هەڵبژارد"

......................

نیگا بە پرسەکانیشت بێ ئارام دووریيان دەپشکنی,

وەکو لەچاوی ژیاندا سیمای مردنت دیبێت

یان چاوەڕێ بێت بەو شەوە ئەبەدییەت خۆی بێتە ژوان

تا بەچاوی خۆت هەموو شتێك ببینیت.

کە تەوەری سەرەکیی لەسەر دوانەی ژیان و مردن و گومانی مرۆڤ و بێ توانایی ئەو لە بەرامبەر پرسیارەکاندا یە. هەروەها بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەو دەڵێ:

لەو ساتەدا ئەگەر نۆرە قسەی من بوایە,

دەموت:

دەشێت زەمان تەنیا وێنەیەکی خۆمان بێت

یان ئێمە ئاوێنەیەك بین

کە شێوەو ڕەنگی شتەکانی گرتبێت

کەچی ئێمە ئەوەین کە هەین

ئەوەین کە دەیکەین ونایکەین.

..............

دەبیـــنین دووبـــارە  بیروبۆچـــوون و لێکدانـــەوەکانی مرۆڤـــی ئـــەم قۆناغـــە لـــە دوودڵییـــەکانی بەرامبـــەر زەمـــان و خـــودی مرۆڤـــەکان پیشـــاندەدرێت، هـــەروەها گرنگـــی و بـــەهای کـــاتی ئێســـتاو ئـــەو کـــردارەی کـــە تێیـــدا دەکـــرێ وەکـــو بۆچـــوونێکی دیـــارو  نادڵنیـــایی بەرامبـــەر داهـــاتووش لەهەمانکاتـــدا و ترســـی مـــردن و نەگەڕانـــەوە دەبینرێـــت. بـــە تایبـــەتی کاتێـــک لـــەو شیعرەدا دەڵێت:

بەڵام چۆن لەداهاتوو دڵنیابین

کاتێك بیرە تازەکان سامناك و

ئازادی وەهم بێت؟

کاتێك حەقیقەت گەمە بێت

کەواتە هاوڕێم بەیادی تۆوە دەڵێم:

چۆن بتوانین شوێنێك پەیداکەین

کەپابەندی زەمان و مردنمان نەکات ؟

لە کوێ کەسێك بدۆزینەوە

کەقووڵیی پشکنیبێ،

وەك "لازارۆس"بەچاوی خۆی

هەموو شتێکی دیتبێت؟

جگـە لـەوە پرسـی شـوناس و گەڕانـەوە بـۆ خـود لـە چـەند دەقـی تـردا، هاوتـا لەگـەڵ چـەند مەبەسـتی تـردا، دەبێتـە تێمـەی شـیعری. ئـەوەتا (ئەحمـەدی مـەلا) لـە شـیعری "ئاقیقی زڕو زستانێکی زۆر"[1] دا کە گێڕانەوەیە, دەڵێت:

منیش بە ئەسپایی پەڕە مووچیٚ,

شەوم شیتەڵ دەکردو هەستم دەکرد خزمی نالی–م

وەدەچووومە سەربانی ماڵی مەحوی وسەیری

ناو حەوشەیانم دەکرد, ڕیزیٚ فریشتەی ژن،

ریزیٚ ئەجنەی سپی گۆرانییان بۆ ناسوتەکان

دەوت.

بـەراوردی فکـری ڕۆژهـەلاَت و ڕۆژئـاوا دێتـەوە نـاو دەق و هۆکـاری مانـدوویی شـاعیر دەردەخات ودەڵیٚ :

لێرە ڕم بەدەست بەرامبەر بە

دەسەلاَتی یەقین, لەوێش مێشك وەکو مەشکە.

عەقل و تۆراخ دەتەرشن[2]

:

هـەروەها ونبـوونی مـرۆڤ و ئارامنـەبوونی لـە هـیچ جێگەیـەك و پـەرتبوونی لـە ڕووی دەروونییەوە هەست پێدەکرێت بۆ نموونە:

ئەریٚ ئەو سالاَنە

[1] – ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2008 ،لا 266.
[2] –سەرچاوەی پێشوو، لا268.

لەچ دەگەڕام

لەخۆم یا لەئەو؟

لە شوێن یا لەکات؟

لە خەون یا لە هۆشیاری؟

ونبـــوونی خـــود و سەرلێشـــوانی تەنانـــەت بـــەجۆرێك كـــە لـــە شـــێوەی مۆنۆلۆگـــدا بـەخۆی دەڵـێ مـن بۆچـی و لەچـی گـەڕاوم، ئـەوە پشتڕاسـت دەكاتـەوە، كـە لـە تاراوگـەدا مرۆڤـەكان تووشـی نـامۆیی و ونكردنـی ناسـنامەی خۆیـان دەبـن. كـە بەشـێكی تێمـەی ئـەم دەقەیە. كاتێك هەر لەو شیعرەدا دەڵێ:

لەو شەوانەدا بوو

خەونم بە باشوورەوە دەبینی ولە باشور بووم

لەكیشوەرەكەی خۆم

ڕزگار ببووم لەدەست وەهمی شۆڕش

ڕزگار ببوم لەدەست كەلەپچەی نەتەوایەتی

ڕزگار ببوم لەدەست فرت و فێڵی كۆدێتاو

نەخشەی تەسكی جەمەدانی

رزگار ببوم لەدەست باكورو زستانە

بێ ئەژمارەكانی.[1]

[1] –سەرچاوەی پێشوو، لا282

کـە تێیـدا بابـەتی زادگـاو وڵات و خـەونی گەڕانـەوە و مانـدوویی مـرۆڤ لـە دەسـت مـەنفا و غەریبی دەبینرێت.

هـەروەها تێکـەڵکردنی تێمـەی خۆشەویسـتی و شـەڕو مـەرگ و کـۆچ و بابەتـە دەروونـی و فکرییـەکان لـەم دەقـە درێژانەشـدا دەبینرێـت, بۆنموونـە لـە شـیعری (کەسـێ نـەبوو تـوڕە ببێـت)[1] ی جـەمال غـەمباردا کـە دەقێکـی درێـژو فـرە ڕەهەنـدە و چـیرۆکی سـێ هـاوڕێ دەگێڕێتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی بابـەتی جۆراوجـۆر هەسـتپێدەکرێت. کاتێـک دەڵێ:

سێهەممان

چونکە لە قوببەکانی ئاو شارەزابوو

چونکە عاشق بوو,

بەخەم ساردییەوە پێی وتین!

هەموو زەمین گۆڕێکی جوانە بۆ ئێمە.

.............

باسکردنی عەشق و بێباکی بەرامبەر شتەکانی تر، یاخوود نەترسان و پشت ئەستوور بوون بەخۆشەویستی ، لەهەمانکاتدا چواندنی زەوی بەگۆڕ، بەڵام گۆڕێکی جوان، بۆ خۆی گرێدانی خۆشەویستی و ئازارە لە لایەکەوەو، لە لایەکی ترەوە بینینی جوانییە بەهۆی ئەو هەستەوە، لە خراپترین بارودۆخەکانیشدا. یان کاتێك دەڵێ:

هاوڕێی سێیەممان پێی وابوو:

لە ڕێگا: ئەردەڵانییەك دێت و

بەو ژنێتییەی خۆیەوە

[1] –جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا230 .

پێمان دەڵێ:

تازە ئێوە بۆ گۆڕێك بگەڕێن

نەفرەتەکانی خۆتانی تێدا بشارنەوە

سەفەری ئێوە سەفەری گەڕان بوو

بەدووی ڕەنگێکدا

نە بۆ گۆرانی ,

نە بۆ شیعر,

نە بۆ گەڕانەوە بۆلای

جەستەی مۆنالیزاییەکان نەشیا !

.......

بەترپەی دڵ, نامەمان بۆ

شەرابنۆشێکی ناو فارگۆنە بەتاڵەکانی

ژیان نوسی:

..........

–وەرە باریبنمان فێرکە

بمانکەوە بە ئادەمی.[1]

---

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 247.

کـە ئەمــەش هــەر زیــاتر پیشــاندانی نــامۆیی مرۆڤــە لــەخۆی و گەڕانــە بــەدوای خــۆی دا کــە بەرجەســتەکردنی وێنــای مرۆڤــی نوێیــە ، کــە پووچــیی ژیــان بەشــێکە لــە ئایدیاکــەی، بــە تایبەتی کاتێك ژیان بە فارغۆنی بەتاڵ دەچوێنێ .

هەروەها تێمەی تەنیایی و گەڕانەوە بۆناخ و دەروون و بابەتی یادەوەری مرۆڤ و خواستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و هەستکردن بە پوچگەرایی، لە گەورەیی و قۆناغێکی تری ژیانی مرۆڤدا , بەشێکی ئەم شیعرانە داگیر دەکات. ئەمەش لای هەردوو شاعیر(هیوا قادر و دلاوەر قەرەداغی ) دەبینرێت . لە شیعرەکانی (کلاوەکەم پرە لە باران و گوڵ) و (وەك ئاو ڕووت و قوت )دا کە هەردوو شیعرەکە لە ڕەوتی گێڕانەوەدا و لە شێوازی وێنەو ئاماژەی زمانیدا، باری قووڵی دەروون و یادەوەری و تەنیاییی هەمیشە پەیوەستە و ئامادەیی هەیە. لەگەڵ بوونی چەند بابەتێکی تردا, کە گرنگتریندیان سەفەر و کۆچ و نەهامەتی و نا ئارامی مرۆڤە . بۆ نموونە هیوا قادر دەڵێ:

بلووری چرای ئاوییەکان شکا بوون

حەپەی سەگ نە دەهات

گڵۆنکەکان نەدەلەرینەوە

دەنگی ڕژانی شیری گوانی مانگاکان دەهات

لەناو مەنجەڵی ژێر دیوارە ڕووخاوەکاندا[1]

.........

حاڵەتی نائاسایی لە شکانی بلوری چرا ، کشانی کپی بەسەر دێداو، ڕژانی شیری مانگاکان، ڕووخانی دیوار، لە وێنەکانی ئەم دێڕانەدا دەبینرێت، کە ڕەمزی ئەو کاولکارییە پیشاندەدان ، کە دواتر کۆچ دەخولقێنێت. هەروەها لە هەمان شیعردا دەڵێ:

[1] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر، لا 76.

گڤەیەك لە نا ئومێدیی وە

بەسەر پێ دەشتەكاندا دەكشا

گۆچانی شوانەكان لە چاوەڕوانی دا!

ملیان ڕێك ببووەو دەیان ڕوانی

باپیرانمان هاتبوونە ناو ئەشكەوتەكان

سمێلیان بە چەوری ناو چەوانیان بادەدا

لە وەحشەتی تەنیایدا دەچووینە مەغریبسانەكان

مردووەكانمان بەخەبەر دەهێنا[1]

كە دووبارە نامۆیی مرۆڤ و نائومێدی و پیشاندانی ئەو وێنانەی مرۆڤ كە ئەو بابەتانە دەسەلمێنن لە كۆی شیعرەكەدا دەبینرێت.

لای دلاوەریش بەهەمان شێوە دوودڵی و نا ئارامی مرۆڤی هاوچەرخ دەبینرێت، كە هەمیشە تەنیا ییەكی قوڵی هەیەو ئەمەشی لە ئەنجامی جێهشتن و دووركەوتنەوە لە حەقیقەت و دووچاربوون بە گومانەوەیە كاتێك خۆی وەك هاوكێشەی ئاڵۆزی ناتەواو دەبینێت و دەڵێ:

وەك هاوكێشەیەكی ناتەواو

لەسەر تەختەڕەشی قوتابخانە

مامۆستایەكی شپرزە

بۆ گومانی بۆری پۆلەكان جێی هێشتم

جێمام وەك دەفتەری سی لاپەرەیی بێ بەرگ

[1] – هیواقادر، لا76.

مناڵێکی تەمبەڵ

لەسەر ڕەفەکانی فەرامۆشی جێی هێڵاٚم

تەنیا مام[1]

....

گەڕانەوە بۆرابردوو و مناڵی و خەون ئامادەیی هەیە، ئەمەش بە دیوێکی تردا پیشاندانی تەنیایی و خەمی مرۆڤە لە گەورەییدا و بێزارییە لە ئێستای خۆی ، بۆ ڕەهابوون لەم ئازارەش بەردەوام هانا بۆ ڕابردوو دەباتەوە.کاتێك دەڵێ:

ئەوساتانە

ڕەهایی هەبوو

هەڵزنین هەبوو

تامەزرۆیی هەبوو

چا هەبوو

................

ئای ئەو ڕۆژانە

بووکە شووشە ڕەفیقی ئاوێنە بوو

درەخت ڕووت و قووت بە پێی پەتی

بە چیمەنەکاندا ڕایدەکرد

خودایە... سوێسکە چ کەیفێکی هەبوو

[1] – دلاوەر قەرداغی، لا 69.

ئای ئەو ئێوارانە

هەموو شتێك ئاوی بوو.[]

کە لەو وێنانەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕابردوو و منداڵی تەواو پێچەوانەی حاڵەتی ئێستایەو هەموو شت جوان و لە جێی خۆیدا بووە.

تێمەی فرەڕەهەند لە چەند شیعری تریشدا بەرچاو دەکەوێت. لە شیعری "ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان" ی دلاوەر قەرەداغی دا، کە سەرلەبەری شیعرەکە چیرۆك و گێڕانەوەیە، هەرچەندە بۆ جوانی و دەرخستنی واقیعێك ، دەق لە شوێنێکدا دەڵێ (ئەمە گێڕانەوە نییە)، کە تێمەی لە دەوری خۆشەویستی و تەنیایی مرۆڤ وهەستی پووچێتی و بارە دەروونییەکانی مرۆڤدایە، ئەمەش لە هێنانەوەی چەندین وێنەو دەربڕاوی شیعریدا، ئەو بابەت و چەمکانە دەسەلمێنێت.کە دەڵێ:

مەحاڵ بوو تەرجوومەکردنی سێبەر

بۆ دیوە ڕۆشنەکەی

مەحاڵ بوو تێگەیشتن لە تەنیایی

بە مەفهومی سەرجادە

چ هەوەسێ بوو ئازایەتی دامەبەر

لەوێوە بانگت کەم،

هۆو هەنار....من ئامادەم

ئەو نەزیفە بەخوڕە ڕاگرم

کە لە ڕۆحت دێ[1]

---

[1] – دلاوەر قەرەداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان ، لا73.

تـەنیایی مـرۆڤ و ونبـوونی بەشـێکە لـەو تێمەیـەو بـۆ رزگاربوونیشـی هانـا بـۆ خۆشەویسـتی دەبـات یـان خۆشەویسـتی و ئـەوی تـر وەك فریـاد ڕەسـێك پیشـاندەدرێت، هەرچـەندە بـەکارهێنانی وشـەی هـەوەس تاڕادەیـەك بابـەتی خۆشەویسـتی لاواز دەکـات، لەگـەڵ وێناکردنی ئازارەکانی ئەویتریشدا.

یان دەڵێ:

ئێوەم بینی:

پێکهاتەیەکی سەیر بوون لەگومان

لە خۆ کوشتنێکی بەکۆمەڵ دەچوون و

نەدەچوون,

لەتەنیاییەکی ڕاونراو دەچووون و

نەدەچووون

کۆتاییەکی قوڵ بوون بۆ ڕۆچوون

سەرەتایەکی پێچاوپێچ بوون

بۆ ونبوون

...........

لە دوورکەوتنەوەیەکی زەیتونی

دەچووم ونەدەچووم

پێکهاتەیەکی لینج بووم

[1] – دلاوەر قەرەداغی، مالێك لە ناو زەریاماڵیك لە تەنیشت بیابان، لا124.

له تەنیایی.[1]

لەو وێنەو دەستەواژانەی  شیعرەکە لەخۆی دەگرێت لە وشەکانی سەفەر و تەنیایی و گومان و ونبوون ، نا ئارامی مرۆڤ و هەستە دەروونییەکانی وێنا دەکرێت.

جگــە لــەو تێمانــەی کــە باســکران لــە دوو شــیعری مامناوەنــدی شــاعیر "ئەحمــەدی مــەلا" دا تیمــەی ســەرەکی جــوانی و ژن و خەونــەکانی و چــاوەڕوانی ئــەو و خــەم و تــەنیایی ئەوانــە . لــە زمــانی شــیعری و لــە قــاڵبی چــیرۆکی و گێڕانــەوەدا خراونەتــەڕوو، ئــەوانیش شــیعرەکانی "کتێبــی شــیعر- بەشــی دووەم"[2] لــە دیوانەکــەی و،" بەشــی ســێیەم[3] " لــە کتێبــی شــیعرن، لــە هــەر شــیعرەیان بەشــێکی کــورت وەك نموونــە دەهێنینەوە:

چڵی دووم

قژی خۆی لەبەردەم کانی شانە دەکرد

ماسی دەژمارد، ئاوی دەخواردەوە

چڵی پێنجەم

دەستی کردبووە کەپری تەوێڵی، سەیری ڕێبوارانی دەکرد.

لە بەشی سێیەمدا دەڵێ:

کیژۆڵەی دووەم

گڤەی با لە ژێر باڵییەوە

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا127 .

[2] –ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا ، لا 91.

[3] –سەرچاوەی پێشوو، لا 93.

ڕیشۆڵەی خەون لە قژییەوە هەڵدەوەری.[1]

ئـــەوەی لـــەم بەشـــەدا ڕوونبـــووەوە، ئەوەیـــە کـــە لـــە دەقـــە چـــیرۆکئامێزەکاندا چـــەندین جـــۆری تێمـــە بـــە زۆر شـــێوەو وێنـــەی جیـــاواز خراوەنەتـــەڕوو .کـــە لـــە هەندێکیانـــدا بەتایبـــەتی دەقـــە کورتـــەکان نـــاوەڕۆکی شـــیعرێك بـــە گشـــیتی یـــەك جـــۆر بابـــەت لـــەخۆ دەگرێـــت، واتـــە یەکیـــەتیی تێمـــە لـــە هەندێکیانـــدا دەرکـــەوتووە، بـــە پێچەوانەشـــەوە لـــە زۆربـــەی نموونـــەکانی تـــردا لـــە ڕووی تێمـــەوە یەکیـــەتی و یـــەك بابـــەتی نابینرێـــت . هەرچـــەندە لـــە ڕووی فـــۆرم و بـــەهۆی شـــێوازی گێڕانـــەوە و چـــیرۆکییەوە ، یـــاخوود بـــەهۆی ســـیمای گشـــتییەوە کـــە لـــە زۆر دەقـــدا دەبینرێـــت، شـــیعرەکان دەبنـــەوە بـــە کۆیـــەکی یـــەکگرتوو و تاڕادەیـــەك وەك یـــەك دیمـــەن یـــا فیلمێـــك پیشـــاندەدرێن، کـــە بابەتـــەکانی ڕایـــەڵێکی پتـــەو بەیەکیانـــەوە دەبەســـتێتەوە. هـــەروەها جگـــە لـــە تێمـــەی خۆشەویســـتی و نیشـــتمانی، زۆربـــەی دەقـــەکان گەڕانەوەیـــە بـــۆ دەروون و خـــودی مـــرۆڤ بـــە هـــەموو لایەنەکانییـــەوە، کـــە ئەمـــەش لیریکێتـــی ئـــەم بەرهەمانـــە دەســـەلمێنێ و یەکێکـــە لـــە تایبەتمەندییـــەکانی شـــیعری چـــیرۆکئامێز ،کـــە لەگـــەڵ باســـکردنی تێمـــەی جـــۆراو جـــۆر و بابـــەتی تـــردا ، بـــە شـــێوەیەکی دیـــار چ لـــە و شـــیعرانەی باســـیان لـــە خۆشەویســـتی دەکـــرد یـــاخوود لـــە بابەتـــەکانی تریشـــدا ، زۆربـــەی جـــار سەرچـــاوەی ئـــەو هەســـتانە دەگەڕانـــەوە بـــۆ خودی شاعیر، کە خودێتی ئەم بەرهەمانە لە قاڵبی گێڕانەوەدا دەردەخەن.

[1] – سەرچاوەی پێشوو، لا 94.

## ئەنجامی ئاماری شاعیرو دەقی کورت و مامناوەندو درێژو جۆری تێمەکان:

| ناوی شاعیر | ژمارەی دەق | دەقی کورت | دەقی مامناوەند | دەقی درێژ | جۆری تێمە |
|---|---|---|---|---|---|
| حەسیب قەرەداغی | 5 | 2 | 2 | 1 | 3 خۆشویستی<br>2 سیاسی |
| شێرکۆ بێکەس | 5 | 3 | 1 | 1 | 4 خۆشەویستی<br>1 سیاسی |
| عەبدوڵا پەشێو | 5 | 3 | 2 | | 2خۆشەویستی<br>2سیاسی<br>1 فرەڕەهەند |
| لەتیف هەڵمەت | 5 | 3 | 2 | | 2 خۆشەویستی<br>2 سیاسی<br>1 فرەڕەهەند |
| فەرهاد شاکەلی | 4 | 2 | 2 | | 4 خۆشەویستی |
| ڕەفیق سابیر | 5 | 1 | 1 | 3 | 2 خۆشەویستی<br>1سیاسی<br>2 فرە ڕەهەند |
| فەرهاد پیربالْ | 3 | 3 | | | 3فرەڕەهەند |
| قوبادی جەلیزادە | 5 | 2 | 3 | | 1 خۆشەویستی<br>3 سیاسی<br>1 فرەڕەهەند |
| ئەحمەدی مەلا | 3 | 1 | 1 | 1 | 3 فرەڕەهەند |
| جەمال غەمبار | 5 | | | 5 | 1 خۆشەویستی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | سیاسی 3<br>فرەڕەهەند 1 |
| ڕێبوار سیوەیلی | 1 | | | 1 | خۆشەویستی 1 |
| سەباح ڕەنجدەر | 1 | 1 | | | فرەڕەهەند 1 |
| دلاوەر قەرەداغی | 5 | | 2 | 3 | خۆشەویستی 1<br>سیاسی 1<br>فرەڕەهەند 3 |
| کەژاڵ ئەحمەد | 3 | 3 | | | خۆشەویستی 3 |
| هیوا قادر | 4 | 1 | 2 | 1 | خۆشەویستی 1<br>فرەڕەهەند 3 |
| کۆ | 59 | 25 | 18 | 16 | خۆشەویستی 25<br>سیاسی 15<br>فرەڕەهەند 19 |

**بەپێی ئەو خشتەیەی خستمانە ڕوو زۆرترین جۆری تێمە کە بەکار هاتووە تێمەی خۆشەویستییە کە ژمارەیان ( 25) دەقە، لە دوای ئەویش تێمەی فرەڕەهەندە، کە ( 19) دەقە دێت و دواتریش تێمەی سیاسی کە ( 15) دەقە، کە سیمای دیاری شیعری چیرۆکئامێزی قۆناغەکەن ڕێژەی دەرکەوتنیشیان لە جۆری دەقەکاندا خراوەتە ڕوو.**

## بەشی سێیەم – تایبەتمەندیی بونیادی هونەریی

## شیعری چیرۆکئامێزی قۆناغەکە

هەموو دەقێکی ئەدەبی هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەی هونەرییە، شیعری چیرۆکئامێزی ئەم قۆناغەش، وەك لەبەشی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە، دوو تەوەری زۆر سەرەکی لە خۆدەگرێت، ئەوانیش: لایەنی لیریکی و گێڕانەوەن. سەرەڕای ئەوەش ، چەندین بونیادی تری هونەری کە پەیکەر و سیمای شیعرەکانیان پێکهێناوە، لەم بەشەدا بە نموونەوە دەیانخەینەڕوو.

لیریك ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە دەربڕی هەست و نەست و ئەندێشەی (خود)ن وبەدەوری شاعیر–مرۆڤدا وەك تاك دەسووڕێنەوە، شیعری توێژینەوەکەی ئێمەش هەمان ڕواڵەت و تایبەتمەندیی هەیە. بێجگە لەمانەش ڕەگەزی هونەری گێڕانەوەیان تێدایە کە تایبەتمەندیی ژانرەکانی تری شیعرە ، بۆیە دەمانەوێ بەکورتی هەڵوێستەیەك لەسەر کەسایەتی – پاڵەوان بکەین و باسی نموونە و وێنەیان لە چیرۆکە شیعرییەکاندا بکەین.

## کەسایەتی– پاڵەوان

کەسایەتی یاخود کارەکتەر، بەشێکی سەرەکییە لە هونەری گێڕانەوەدا ، لە چیرۆکیشدا هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکانە، یاخود خودی خۆی دەبێتە ڕووداو. لە چیرۆکی نوێدا کە چاوی نوسەر لەسەر ڕووداوەکانی مێشك و دەروونی مرۆڤ و کەسەکانە زیاتر هەست بەوەدەکرێت، لە شیعریشدا بە تایبەتی لە شیعری لیریکیدا خودی کەس چ نوسەر (شاعیر) یان هەر کەسێکی تری ناو دەقەکە بێت، تەوەری سەرەکییەو ڕووداوە دەروونی و دەرەکییەکان بەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە و تایبەت بە ئەون. لەم بارەیەوە جەمال میر سادقی دەڵێت: ((ئەو درووستکراوەی لە چیرۆك و شانۆو فیلمنامەدا دەردەکەوێت، کەسایەتیی پێ دەڵێن، کە درووستکراوی زیهنی

نوسـەرەو لەوانەیـە هەمیشـە مـرۆڤ نـەبێت و گیانـەوەر یـان هـەر شـتێکی تـر بێـت))[1] ، ئـەم شتانەش لە دەقی شیعریدا زۆر جار بە زیندەوەر یان مرۆڤ دەکرێن.

هاوتـای ژانـری چـیرۆك کەسـایەتی پێکهاتەیـەکی شیعریشـە، بـە تایبـەتی لـەو شـیعرانەدا کـە چـیرۆکئامێزن و زۆربـەی جـار لـە شـێوەی گێـڕەرەوە یـان کەسـایەتی تـردا، لـەنێو شـیعرەکاندا دەردەکـەون. هەنـدێك جـار لـە شـیعری لیریکیـدا جیاوازییەکـەی لەگـەڵ چـیرۆکدا چـۆنێتی دەرکەوتنیـەتی، وەك نـەوزاد ئەحمـەد دەڵێـت، لـە هەنـدێك لـەو شـیعرانەدا کـە هـەڵگری تایبەتمەنـدیی چـیرۆکن، کەسـایەتی ناڕاسـتەوخۆ شـاعیر خۆیـەتی و هەرخۆشـی گێـڕەوەی شـیعرییە، بـەڵام لـە چـیرۆکدا کەسـایەتی جیـاوازو زۆرن بـە گێڕەرەوەشـەوە[2] ، بـەڵام ئەمـە گشـتی نییـە و لـە هەنـدێك شـیعردا دەتوانرێـت کەسایەتی تر جگە لە شاعیر ببینرێت.

لـە شـیعرەکاندا کەسـایەتی بەشـێکی سـەرەکیی دەقـە چـیرۆکئامێزەکانی گرتۆتـەوە، بـەڵام بـەڕای نوسـەر سـەلاح حەسـەن پاڵـەوان، بەشـێك لـەو کەسـایەتییانە لـە شـیعری کوردیـدا، تـەنیا وەك یادکرنـەوەو شـیوەن و بـەرز ڕاگرتنـی ناوەکانیـان بـووەو کەسـایەتی نـەکراوە بـە کاراکتـەرو ڕۆڵێکـی ئەکتـەر ئاسـای پـێ بـدرێت و ئامـانجێ بـەجێ بینـێ، زۆرجـار شـاعیران بـیرەوەری و بیۆگرافیـای کەسـایەتییەکانیان کـردووە بـە شـیعر، وەکـو کەسـایەتییە سیاسـی و ئـاینی و کۆمەڵایەتییـەکان[3] ، بـەڵام ئەمـەش ڕایـەکی گشـتگیر نییـە و زیـاتر بـۆ دەقـی کلاسـیکی دەسـتدەدات. هـەروەها کەسـایەتی لـە دەقـی شـیعریی نوێـدا، ڕۆڵـی گێـڕەرەوەو کەسـایەتیی سـەرەکی و کارەکتـەرەکانی تـری چـیرۆك دەگێڕێـت، لەگـەڵ بـوونی کەسـایەتی مێـژوویی و واقیعـیش، یـان لـە هەنـدێ کاتـدا دەقـەکان لـە ژیاننامـە نزیکدەبنـەوە. لـە کەرەسـە شـیعرییەکانی توێژینەوەکەمانـدا نموونـەی پاڵەوانی جۆراو جۆر دەبینرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

---

[1] –جمال میر صادقی، ادبیات داستانی، ( قصه، رمانس، داستان کوتاه، رمان) ، چاپ چهارم، مرکز چاپ بهمن ، تهران ، 1382ه.ش، لا 299.

[2] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، پێکهاتەکانی گێڕانەوە لە سرووده بەردینەکانی شێرکۆبێکەسدا، لا 121.

[3] – سەلاح حەسەن پاڵەوان، شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، لا 48، 49.

1- پاڵــەوانێك كــە خــودی شــاعیرە و زۆربـــەی جــار هەرخۆشـــی گێــڕەرەوەی چـــیرۆكە شــیعرییەكەیە. ئــەم جۆرەیــان ڕێژەیــەكی بەرچــاوی شــیعرەكان دەگرێتــەخۆ، بــۆ نموونــە لــە شـــیعری ( "نیشـــتمانی ئـــاگر"[1]ی شـــێركۆ بێكـــەس ، "خـــەون و مـــاچ "[2]ی حەســـیب قــەرەداغی، "ماڵێــك لــە نــاو زەریــا ..ماڵێــك لــە تەنیشــت بیابــان"[3] ی دلاوەر قــەرەداغی و "گوڵــەكانی قــژم" ی كــەژاڵ ئەحمــەد)[4] و چــەندینی تــر دا. بــۆ وێنــە: لــە شــیعری "خــەون و ماچ"دا حەسیب قەرەداغی دەڵێ:

خەونم دەدی ....لە باخێكا دار هەرمێ بووی

ڕام وەشانی

هەرمێ باران دەستی پێكرد

دەمگرتنەوە، دەبوون بە ماچ

دەمم لێكرد بە بەركۆش و هەرهەموویم دا بە لێوم

ئەوسا زانیم بەم پاییزەش چلۆن دزێكی بزێوم!

2- پاڵـــەوان، كـــە كەســـایەتییەكی تـــری ناوچـــیرۆكە شـــیعرەكەیە و هەنـــدێ جـــار هـــیچ پەیوەنــدیی بــە گێــڕەڕەوەوە نییــە. بــۆ نموونــە لــە شــیعری( "دارێكــی عاشــق"[5] ی لــەتیف هەڵمـــەت و "كۆتـــایی داســـتانێ"[6] ی شـــێركۆ بێكـــەس، شـــیعری "پیـــاوێكی ڕژاوی ژێـــر چەتر" ی دلاوەر قەرداغی)[7] دا ، دەبینرێت.

---

[1] - شێركۆبێكەس ، بەرگی چوارەم ، لا225.

[2] - حەسیب قەرەداغی ، فەرهەنگی خەم، لا 179.

[3] - دلاوەر قەرەداغی ، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان ، لا 123.

[4] – كەژاڵ ئەحمەد ، وتەكانی وتن ، لا 59 .

[5] – لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشك ناكات، لا 6.

[6] - شێركۆ بێكەس، بەرگی چوارەم ، لا 103.

[7] –دلاوەر قەرەداغی، هەمان سەرچاوە ، لا 149.

3– پاڵــەوان،  کــە کەســی نــاو چــیرۆکە شــیعرەکەن و زۆرجــار دوای کــەمێك ، گێڕانــەوە لـــە دەمــی گێــڕەرەوەی ســەرەکی " شــاعیر" وەردەگــرن و خۆیــان چــیرۆکەکە تــەواو دەکــەن ، کــە ڕاســتەوخۆ پەیوەســتە بــە خــودی خۆیانــەوە ، بــۆ نموونــە لــە( "یاداشــتی ماکــەوێکی ڕەشپۆش"  ی شێرکۆ بێکەس، کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ" ی هیواقادر )[1] دا.

4– لـە هەنـدێ لـە شیعرەکانیشـدا پاڵـەوان  (شـوێن)ێکـە، کـە  لـە شـێوەی ڕەمـزدا ، یـاخوود بەشــێوەی هونــەری بەکەســکراوە.  بــۆ نموونــە لــە شــیعری " هەڵەبجــە .. ســـەفەری هەمیشــەیی برینــەکان "[2]ی جــەمال  غــەمباردا،  ئــەم جــۆرە کەســایەتییە  دەبینرێــت . بــۆ وێنە :

دەستەکانی پڕبوون لە پەپولە ، کەچی

شەو لە باخەڵی گریانا دەخەوت

لە کۆی شیعرەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوە هەڵەبجەیە لە وێنەی مرۆڤێکداو بە کەسکراوە.

## گێڕانەوە

گێڕانــەوەش تــەوەری ســەرەکییە لــە هــەموو شــیعرەکاندا و شــێواز و ڕەگــەزی ســەرەکییە لــە زۆربــەی  ژانــرە ئەدەبییــەکان و لــە زۆربــەی قۆناغــەکانی  مێــژوودا،  ســەرەتا لــە داســتانە شــیعرییەکان و دواتــریش لــە ئــەدەبی نوێــدا و لــە دەقــی پەخشــانیی وەکــو چــیرۆك و ڕۆمــان و شیعریشــدا بنەمایــەکی هونــەریی و دیــاری  ئــەدەبی جیهانییــە. لــە فەرهــەنگی زاراوەی ئەدەبیــدا  پرۆســەی  گێڕانــەوە: (( زاراوەیــەکی گشــتییە  بــۆ هــەردەقێك ، کــە چــیرۆکێك، بەســەرهاتێك  دەگوێزێتــەوە یــان دەگێڕێتــەوە– بــەکاردەهێنرێت . لــە ئــەدەبی ئینگلیزیــدا (  narrative  ) بــە هــەر نووســراوێك دەوترێــت،  کــە ڕووداو و کەســایەتی تێــدابێت  و گوێزانــەوەی وتــارو کــرداری کەســایەتییەکانی بێــت، جــا چ شــعر

[1] – شێرکۆ بێکەس،  دیوانی شێرکۆ، بەرگی سێیەم ، لا 645 ؛  دیوانی هیوا قادر ، لا 71.
[2] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا 333.

یـان پەخشـان بێـت)) [1]. ئـەدەبناس مـارتن مکـوئیلان دەڵـێ، کـە دەقـی گێڕانـەوەیی هـەر دەقێکـە، کـە تیایـدا هۆکاریـك، چـیرۆکێك دەگوێزێتـەوە یـان دەگێڕێتـەوە [2]. هـەر دەقێـك گـۆڕانی ڕووداو لـە حاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵـەتێکی تـر بگێڕێتـەوە دەقـی گێڕانـەوەیی یـان چـیرۆکییە ، ئەگەرچـی زۆربـەی سەرچـاوەکان ئامـاژە بـە پێویسـتی بـوونی ڕووداو دەکـەن بـۆ گێڕانـەوە، بـەڵام دەکرێـت بڵـێین بـوونی بابـەتێك بـۆ گێڕانـەوە گرنگـە نـەك تـەنها ڕووداو، چـونکە هـەروەك مـارتین مکـوئیلان ڕوونیکردۆتـەوە لـە هـەر دەقێکـی گێڕانەوەییـدا نوسـەر دەتوانێـت کۆمـەڵێك بـەش و کۆپلـە بێنێـت کـە ڕووداو ناگێڕنـەوە، بـەڵکو بـاوەڕێکن دەربـارەی شـتێك، یـان جۆرێـك لـە پـەردە هەڵدانـەوە سـەبارەت بـە گێـڕەرەوە یـان کەسـەکانی تـرن، بـە تایبـەتی لـە شـیعردا، کـە جـاری وا هەیـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە ڕووداوەکانـەوە نییـە و دەکـرێ تـەنها وەسـفی ڕووخسـارێك یـان شـوێن و حاڵـەتی ڕووداوێـك بێـت [3]. لـە ئـەدەبیاتی نوێشـدا، گێڕانـەوە ڕەگـەزێکی سـەرەکییە و شـێوازێکی هونـەری و ئیسـتاتیکییە لـە بەرهـەمهێنانی تێکسـتدا، لـە ئـەدەبی فارسـیدا وەك غـەزال مـورادی لـەم بارەیـەوە پێـی وایـە لـە شـیعری ئەحمـەدی شـاملودا بـە زۆری دەبینرێـت، کاتێـك ئـاوێزانی وێنـەی شـیعری دەبێـت و گێڕانەوەکـە بـە وێنەیـەك دەکێشـێت. کـە گێڕانەوەی وێنەییە لە شیعردا [4].

هـەموو گێڕانەوەیـەك جگـە لـە بابـەتی گێڕانـەوە وئـەو لایەنانـەی کـە چـیرۆکەکەی دەربـارە دەگێڕدرێتـەوە، پێویسـتیی سـەرەکیی بـە گێـڕەرەوە هەیـە کـە وەك جۆناتـان کوللـەر ئامـاژەی پێـداوە: (( دەشـێت لـە دەرەوەی چـیرۆك وەسـتابێت ، یـان یـەکێك بێـت

[1] –سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، لا 253.

[2] –بڕوانـە: مـارتن مکـوئیلان، گزیـده مقـالات روایـت، ترجمـه فتـاح محمـدی، ، چـاپ اول، انتشـارات مینوی خرد، تهران، 1388 هـ.ش، لا 130.

[3] -بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لا 133.

[4] –غزال مرادی، بررسی روایت در شعر احمد شاملو، لا 1. WWW.degaridisg2. persion blog.ir.

**لـه كەسـەكانی نـاو چـیرۆكەكە))[1] ، وەك هـەمان نوسـەر لـە كتێبێكـی تریـدا دەڵـێ : (( لـە شـیعری لیریكیـی تازەشـدا هەنـدێ ڕسـتەو دەربڕاوەكـان تـەنها بـارودۆخی گفتوگۆكـان ناخەنـە دەسـتی خۆمانـەوە، بـەڵكو ناچـارمان دەكـەن گێڕەرەوەیـەك بـۆ شـیعر لەبەرچـاو بگـرین، كـە دەتوانێـت پێویسـتییەكانی نـاوەڕۆكی تـەواوی شـیعرەكە دابـین و مسـۆگەر بكات ))[2] .**

**گێـڕەرەوە لـە دەقـە لیریكییەكانـدا زۆرتـرین كـات، بـە تـەواوی نزیكـە لـە شـاعیرو لـەبری ئـەو قسـە دەكـات، یـاخود خـودی شـاعیرە ، هەنـدێ جـاریش لـە ڕێگـەی كەسـێك یـان شتێكی ناو گێڕانەوەكەوە ئەمە دەكات. كە پێشتر نموونەمان لەم بارەیەوە هێنایەوە.**

**گێـڕەرەوەش بەچـەند ڕێگـای جیـاوازو بـە چـەندین جـۆر، ئـەركی گێڕانـەوە ئـەنجام دەدات و ئەمەش بە گۆشەنیگا ناودەبرێت .**

***گۆشـەنیگاش* ئـەو تەكنیكەیـە كـە نوسـەر لـە ڕێگەیـەوە وێنـاو بینینـی جیـاواز بـۆ ڕوداوێـك دەخاتـەڕوو، یـاخوود وەك ئـەدەبناس ئـەبو تـوراب خەسـرەوی دەڵێـت: ((چـۆنێتی بینینـی ڕووداوی چـیرۆك لـە ڕوانگـەی نوسـەرەوە، بـۆ بەدەسـتهێنان و ئاشـكراكردنی مانـای تـازە، دەردەخـات ))[3] . هەنـدێ جـار لـە دەقـدا زیـاتر لـە گۆشـەنیگایەك پیشـاندەدرێن ، بـەڵام دەشـكرێ تـەنها یـەك گۆشـەنیگا بـەكاربهێنرێت، كـە لێكۆڵـەر دەیڤـد لـۆج لـەم بارەیـەوە پێـی وایـە : ((بـە سـنووردارکردنی گێڕانـەوە لـە یـەك گۆشـەنیگادا، دەتوانرێـت جۆرێـك لـە جـەختكردن و پەیوەندییـەكی ڕاسـتەوخۆتر لەگـەڵ**

[1] – **جاناتـان كـالر، نظریـە ادبـی، ترجمـە فرزانـە طـاهری ، چـاپ سـوم، نشـر مركـز، تهـران،** 1389 **ه.ش، لا** 116 .

[2] –**جاناتـان كـالر، بوطیقـای سـاخت گـرا، ترجمـە كـوروش صـفوی، چـاپ اول، انتشـارات مینـوی خرد، تهران،** 1388 **ه.ش، لا** 233.

[3] – **ابـوتراب خسـروی، حاشـیە ای بـر مبـانی داسـتان، چـاپ اول، نشـر ثالـث، تهـران،** 1388 **ه.ش، لا** 58 .

خوێنەر ببەسترێت و لانی کەم نوسەر هینری جیمس ئەم باوەڕەی هەبووە))[1]. هەردوو ڕەخنەگری فەرەنسی جان پۆیۆن و تزڤیتان تۆدۆرۆف، گۆشەنیگا دابەش دەکەن بۆ سێ جۆری جیاواز کە ئەمانەن:( بینین لە دواوە (هەمووشتزان)، بینین لەگەڵ (هەمانشتزان)، بینین لە دەرەوە (کەمشتزان).[2] لە نموونە شیعرییەکاندا لەبەر ئەوەی شیعرەکان لیریکین و زۆربەیان گێڕانەوەی حاڵەتێکی خودی شاعیرن ، لەم بارەیەوە دەکرێ بوترێ زۆربەی گێڕانەوەکانیش یەك گۆشەنیگاو لە جۆری هەمووشت زاندایە، هەرچەندە لە هەندێ دەقی کەمدا بۆ نموونە (دارێکی عاشق)[3]ی لەتیف هەڵمەت، ( ئێواران شوعلەی مۆمێك بەسە بۆ حەنجەکردنی غەریبی)[4] ی هیوا قادردا، گۆشەنیگای هەمانشتزان دەبینرێت.

هەندێك جار، وەك نوسەر خەسرەوی دەڵێت: ((کاتێك ڕووداوێك لە لایەن گێڕەڕەوەوە نەبینراوەو شاهیدی ئەو ڕووداوە نەبووەو نییە، یان بەهۆی کات و شوێنەوە ناتوانێت ئەو ڕووداوە ببینێت لە ڕێگەی دیالۆگەوە، خوێنەر دەتوانێت بیان بینێت))[5]. هەر وەك دکتۆر عەلی تەسلیمی ئاماژەی بۆ کردووە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی گفتوگۆ و ئاوێتەبوونی بەشێوەیەکی هونەری لەگەڵ گێڕانەوەدا ، دەقەکە لە یەك ئایدۆلۆژی ئازاد دەکات و بەرەو بابەتیبوون و بەرهەمێکی فرەدەنگی دەیبات[6]، نەك تەنها خودێتی کە سیمای شیعرە لیریکییەکانە، بابەتی بوون بەتایبەتی لەو شیعرە چیرۆکئامیزانەی کە پاڵەوان و گێڕەرەوە یەك کەس نین یان لە هەندێ جێگەدا جیادەبنەوە زیاتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە شیعری " یاداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش" ی شێرکۆ بێکەسدا، کە بەهۆی زیاد لە گێڕەرەوەیەك و هونەرەکانی دیالۆگ وئاوێزانکردنی ئەمانە لە دەقێکی ئەدەبیدا هاتۆتە ئاراوە.

---

[1] – دیود لاج، هنر داستان نویسی، ترجمەء. رضا رضایی ، نشر نی، تهران، 1388هـ.ش ، لا 67 .

[2] –بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، لا 243.

[3] – لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشك ناکات، لا 6.

[4] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر، لا 107.

[5] - ابوتراب خوسروی، حاشیەای بر مبانی داستان، لا 75 .

[6] –دکتر علی تسلیمی، گزارەهای درشعر معاصر ایران ، لا241.

گێڕانــەوەش بــە شــێوازەکانی:{ وەســـف، گفتوگــۆ–دیــالۆگ، خۆدوانــدن – مۆنۆلــۆگ یاخود گەڕانەوە بۆ ڕابردوو – فلاشباك)  ئەنجام دراون، کە ئەوانیش:

## 1- وەسف:

تــەکنیکی ســەرەکیی داڕشــتنەوە و گێڕانــەوەی ئــەو ڕووداوانەیــە، کــە بینــای دەقەکــە پێکــدەهێنن. مەبەســتی ســەرەکیی ئــەم هونــەرە چەســپاندنی ئــەو دیمــەن و ڕووداوانەیــە لــە بــیر و دەروونــی خوێنــەردا و ڕوونکردنــەوەی  لایەنــەکانی تــری چــیرۆکە بــە چــەند شــێوەیەك وەکــو وەســفی کارەکتــەر–کەســایەتی، شــوێن، کــات، شــت و دیاردەکــانی ناو چیرۆك [1]

زۆربــەی گێڕانــەوەکان لــە شــیعرەکاندا  بــەهۆی ئــەم تەکنیکــەوە کــراون و ڕێژەیــەکی زۆری لایەنی هونەریی دەقەکانی پێکهێناوە. بۆ نموونە جەمال غەمبار دەڵێت :

ئەوکاتە من، پیاوێکی عادەتی بووم و

تۆی نیشتمانیش لیمۆ گیان، مێیینەیەکی پیرۆز

باوکە ناحەزەکەشت  چەشنی (کاسیۆس)

شیعری خۆش نەدەویست [2]

دەبیــنین بــە زمــانی شــیعری و هونــەری چــواندن و شــێوازی تــر ، یەکــە یەکــە وەســفی کەســــایەتییەکانی وەك ( مــــن، تــــۆ، باوکــــت) لــــە دەقەکــــەدا کــــراون و تایبەتمەنــــدیی هەریەکەیانی دەرخستووە.

[1] – بڕوانە: ئەردەڵان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرییەکانی شێرکۆبێکەس  دا، لا 100.

[2] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا 329.

## 2- گفتوگۆ- دیالۆگ

دیالۆگیش بە مانای قسەکردن و وتوویژ لەگەڵ یەك دێت . ئاڵگۆڕی بیروباوەڕە لە شیعر،چیرۆك، شانۆو فیلمنامەدا بەکاردەهێنرێت، بەمانایەکی تر قسەیەك کە لە نێوان کەسەکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەکرێت دیالۆگی پێدەوترێت و لەگەڵ خۆیدا تایبەتمەندیی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی کەسەکان دەخاتە ڕوو[1]. لەم بارەوە نوسەر ئیبراهیم یونسی زیاتر تایبەتمەندیی ئەم ڕەگەزە هونەرییەی ڕوونکردۆتەوە و پێی وایە کە دیالۆگ بۆ مەبەستی ئاشکراکردنی کەسایەتییەکانی چیرۆك ، بەرەوپێشبردنی ڕووداو، بەهێزکردنی گێڕانەوە، هێنانەناوەوەی ڕووداوی نوێ بۆ ناوگێڕانەوەکە، هەروەها پێدانی زانیارییە بە خوێنەر[2] . لە شیعری ئەم قۆناغەدا، هەندێك جار شاعیر هونەری گفتوگۆی لە شیعرەکەیدا بەکارهێناوە و بەهۆیەوە ڕەوتی گێڕانەوە بەردەوامی پێدراوە. بۆ نموونە هیوا قادر لە شیعرێکیدا دەڵێ:

– کچەکەم تەنها مۆمێك بەسە بۆ هاوڕێ زیندووەکانم.

– بابە داگیرسانی مۆم بۆ مردووەکانە نەك زیندوو!

– کچەکەم شوعلەی مۆمێك بەسە ، دەنا ئەو هەموو

مۆمە داگیرسێنم بۆ مردووەکانم دنیا گڕدەگرێت

– بابە تۆ ماندوویت ، ماندووی دوای فڕینێکی دوورو درێژ"[3]

دەبینین هیوا قادر لە شێوەی دیالۆگی نێوان خۆی و کچەکەیدا لەم دەقەدا تێمەی شیعرەکە دەخاتە ڕوو و سەرگوزەشتەیەکی ڕابووردوومان بۆ دەگێڕێتەوە.

---

[1] –جمال میر صادقی، ادبیات داستانی لا 305.

[2] –بڕوانە: ابراهیم یونسی، هنر داستان نویسی، چاپ یازدهم ، انتشارات نگاه ، تهران، 1392 ه.ش، لا 351
.

[3] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر،لا 108.

## 3- خۆدواندن- مۆنۆلۆگ

هونــەری مۆنۆلــۆگ، جــۆرە تەکنیکێکــە، کــە تیایــدا کەســایەتییەکان لەگــەڵ خۆیانــدا دەدوێـــن و بەهۆیـــەوە چـــەندین ڕووداو و حاڵـــەت دەردەخـــرێن، بەتایبـــەتی بـــارە دەروونییــەکان ، بــە مەبەســتی دەرخســتنی دیــوی نــاوەوەی کەســایەتییەکان لــە شــێوازی ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ دا بــەکار دەهێنرێــت[1]. ئەمــەش تــەکنیکی نوێیــە لــە چــیرۆك و شیعردا ، کە لە هەندێ لە دەقەکاندا بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە:

لەم زەمەنە لووسکەیەدا

شەرم مەکە لە لەشی تووکداپۆشاوت

لە ڕەگەزو تەباری بریندارى خۆت

بۆنی عەرەقی ماندوویی و بۆنی پێستی وەك بایامت

بپرژێنەو شانەکانت ڕاسکەرەوەو پێبکەنەو

سەما بکە و شالاو بۆ ئەو گولانە بەرە کە چڵ ئەکەن بەدەستا.[2]

یان :

ئەرێ ئەو سالانە

لەچ دەگەڕام

[1] -بڕوانــە: ئیــبراهیم قــادر محمــد، لێکۆڵینــەوەی کورتــە چــیرۆکی کــوردی لــە کوردســـتانی باشــوردا(1970-1980)، ( نامــەی دکتــۆرا)، کۆلێــژی ئــاداب، زانکــۆی ســەلاحەدین، هــەولێر، 1997، لا 167.

[2] - ڕێبوار سیوەلی، زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال، لا 87.

**لەخۆم یا لەئەو؟**

**لە شوێن یا لەکات؟**

**لە خەون یا لە هۆشیاری؟**[1]

## 4- گەڕانەوە بۆ ڕابردوو- فلاشباك

**نووسەر زۆرجار لە دەمی گێڕانەوەدا، ڕووداوێك کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە دەیهێنێتەوە کاتی ئێستای گێڕانەوە و وەسفی دەکات، واتە لە ڕێڕەوی ئاسایی گێڕانەوەدا بچڕانێك ڕوودەدات، لە پێناوی خستنەڕووی ئەوەی، کەلە کاتێکی زووتردا ڕوویداوە. ئەم هونەرە بەزۆری تەکنیکی سینەمایەو بەهۆی کاریگەریی قوتابخانە دەروونییەکانەوە هاتۆتە ناو ئەدەبەوە. گێڕانەوەش لە چیرۆکدا هەندێ جار بەرەو داهاتوش دەڕوات وەکو پێشبینی و یاخود گێڕانەوەی ڕووداوێك کە دەکرێت ڕووبدات، ئەوەی کە دکتۆر عەلی تەسلیمی ناوی ناوە سەیرکردنی داهاتوو یان بەردەم کە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا دەبینرێت[2]، دەربارەی فلاشباك لە ئەدەبی کوردیدا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی دەڵێت: ((فلاشباك زیاتر لە حەفتاکانەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و چیرۆك بە تایبەتی و پاشانیش لە چەندین نموونەی شیعریدا لای نەوزاد ڕەفعەت و شێرکۆ و شاعیرانی سالانی نەوەد دەبینرێت))[3]. لە شیعری ئەم قۆناغەشدا زۆر جار ئەم هونەرە دەبینین و شاعیر جارێکی تر بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و بە زمانی شیعری، هۆکاری بارودۆخی ئێستا دەبەستێتەوە بەوەی کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە. بۆ نموونە:**

**لەوێ بووی ئەی پەیکی شارەزا**

**ئەو ڕۆژەی جێ کەڵبەی ژەهراویی گورگ**

---

[1] - ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، لا 268.

[2] -دکتر علی تسلیمی، نقد ادبی، چاپ دوم، نشر کتاب امه ، تهران، 1388ه.ش، لا 72 .

[3] -عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سینەما، گەلاوێژی نوێ، ژ56-57، لا 81 .

به جەستەی کار ئاسکەکەی

سەحرای هەڵەبجەمەوە به جێما[1]

یان فەرهاد پیربالْ له شیعرێکیدا دەڵێ:

بوتڵێك براندی دەدۆزمەوە بینی پێوەدەنێم

تا سەرخۆش دەبم

دەزگیرانێکی 17 سالْ پێش ئێستەی خۆمم بیردێتەوە

چەند هاوڕێیەك که له جەنگی عێراق–ئێراندا کوژران

نیوەشەوە سەرخۆشه هاوینییەکانی سالانی حەفتا[2].

## مۆسیقای شیعری

مۆسیقاش هەموو ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانە دەگرێتەوە که جوانی و کاریگەری بەدەق دەبەخشێت. له دەقی شیعریدا ئەم ڕەگەزه دابەشدەبێت بەسەر مۆسیقای ناوەوەو مۆسیقای دەرەوەدا. مۆسیقای دەرەوە : کێش و سەروا دەگرێتەوە و ئەمەش له شیعری هەر قۆناغێکدا جیاوازیی هەیە . جۆرەکانی عەرووز و کێشی پەنجە له ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتدا باوبوون، کێشیش پشت بە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵێك بڕگەی دیاریکراو دەبەستێت و ڕێکخەری ڕەگەزه دەنگی و وشەیی و ڕستەییەکانی تره و به پێی سرووشتی زمانی دەقەکەو قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندنی شیعریی هەر میللەتێك دەگۆڕێت. سەرواش له زۆربەی بارەکاندا، ئاماژه به کۆتا دەنگی دێڕی شیعری دەدات و له سیستێمی مۆسیقا و جوانیی شیعردا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. مۆسیقای ناوەوەش : ((هەستکردنه به ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگی و ڕۆنانی.

---

[1] – دلاوەر قەرداغی، له چاوتروکانێکا سەری ولاتم سپی بوو، لا 112 .

[2] – فەرهاد پیربالْ، کتێبی سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، لا 55.

ئەمـەش واتـە مۆسـیقایەکی لـەم جـۆرە پشـت نابەسـتێت بـە شـێوەی پـێ، بـەڵکو لـە ڕێگـەی چـەند دیـاردەو بنـەماو تـەکنیکی تایبەتـەوە دێتـە کایـەوە))[1] ، یـان وەك لێکۆڵـەر د. دڵشـاد عـەلی محەمـەد دەڵـێ: ((بریتییـە لـە ئـاوازی دەنگـەکان و لێکـدان و پێکـەوەگونجانیان و پـاش و پێشخسـتنی وشـەو بـەکارهێنانی هەنـدێك لـە ئـامرازە زمانییـەکان ، بـە جۆرێـك هەنـدێك جـار لـە کێشـەکان کاریگـەرتر دەبـن))[2] ، ئەمـەش لـە جۆرەکـانی هاوشـێوەی دەنگـی و دووبارەبوونـەوەی گوزارشـت و ڕسـتەو کۆپلـەو هـەروەها هەنـدێ وشـەی سـەرەتای شـیعر لـە کۆتـاییی شـیعردا دەبینـرێ لـە هەنـدێ دەقـدا، یـان دووبارەکردنـەوەی چـەند وشـەیەك لـە کۆتـایی دێڕەکانـدا. ئـەم جـۆرە مۆسـیقایە بـە تایبەتمەنـدیی شـیعری هاوچـەرخ لـە قەڵـەم دەدرێـت و ((ناوەنـدێکی مۆسـیقای شـیاوی پـڕ لـە هەسـتە ، هـەموو جوڵـەو شـەپۆلەکانی بـە تـەرازووی پێـوان هاوسـەنگ دەکـرێن ، پڕاوپـڕن لـە گونجـان و ڕێکـی. هـەموو بـزاوتنێکیش هاوبەندییـەکی ئۆرگـانیکی بـە ریتمـی دەبەسـتێتەوە))[3] ، بۆیە بە چەندین جۆر مۆسیقای ناوەوە لە شیعری نوێدا، دەخوڵقێنرێت.

سـەرەڕای ئـەوەش مۆسـیقای نـاوەوە پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی بـە مانـاو نـاوەڕۆکی شـیعرییەوە هەیـە بـە تایبـەتی لـە هەنـدێ شـوێندا وەك ئەدەبناسـی ئێرانـی محەمـەد ڕەزا شـەفیعی کـدکنی بـە "مۆسـیقای مەعنـەوی" دەیناسـێنێت کـە لـە کەرەسـتەو وشـە و بابەتـە دژەکانـدا دروسـت دەبێـت ، نـەك بـەهۆی بیسـتن و دەنگـی وشـەکانەوە[4] . واتـە پەیوەنـدیی شـاراوەی نێـوان کەرەسـەکانی بـەیتی شـیعرییە ، کـە لەسـەر بابـەتی دژیـەکی دروسـتبووە. دواتـر چـەندین نموونـەی ئـەم هونـەرە( دژیـەك) بـە نموونـە دەهێنینەوە.

---

[1] – جـەبار ئەحمـەد حسـێن، ئیسـتاتیکای دەقـی شـیعری کـوردیی کوردسـتانی عێـراق ( 1950–1970 ) ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2008، لا198.

[2] – دڵشاد عەلی محمد، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، لا 89 .

[3] – ئـازاد ئەحمـەد مـەحمود، بونیـاتی زمـان لـە شـیعری هاوچـەرخی کوردیـدا (1985 – 2005) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2009، لا 91.

[4] – بڕوانە : محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، لا 307 .

لــەو دەقانــەی ئێمــە لێیــان کۆڵیوینەتــەوە ، هــەردوو جــۆرە مۆســیقاکە دەبینــرێن، بــەڵام مۆســـــیقای دەرەوە بەڕێژەیـــــەکی زۆر کـــــەمتر و زۆربـــــەی دەقـــــەکان هـــــەڵگری مۆســـــیقای نــاوەوەن. لــە نموونــەی مۆســیقای دەرەوە : شــیعرەکانی "بــەهرەی خــوایی" ی حەســیب قــەرەداغی کــە کێشــی (8) بڕگەییــە قافیــەی ڕەنگــاو ڕەنگــە، هــەروەها چــەند شــیعری تــر کــە هــەموویان لەســـەر کێشـــی بڕگـــەیی کـــوردی بنیـــاتنراون و هـــەروەها قافییـــەی جۆراوجـــۆرن : بۆ نموونە: لە شیعری "دارێکی عاشق"[1] دا لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

لەسەر کێوێکی تەماوی

دارگوێزێك هەر پشکۆی فرمێسکی دەباران

شەو گلۆڵەی خەوی چاوی

خەڵکی گوندی هەڵدەقرچان

دانشتووی دێ کۆبوونەوە و

دارگوێزەیان لەبن سوتان..

کێشـــی بڕگـــەیی تێکـــەڵ، کـــە 12 بڕگەییـــەو بەســـەر دێڕەکانـــدا بـــە شـــێوەی جیـــاواز دابەشـــبوون، بـــەزۆری 8 – (4+4 ) بڕگـــەیی و 4+4+4 بڕگـــەیی یـــە. هـــەروەها شـــیعرەکە لەســـەر بنـــەڕەتی کۆپلـــە دامـــەزراوە، کـــە هەنـــدێکیان دوو نیـــوە دێـــڕن و هەندێکیشـــیان لەســـەر شـــێوەی چـــوارینەن و قافیـــەیان هەیـــە کـــە ئەمانـــەن{ ن، ێ، ر، ت، ن، وە }، واتـــە قافییـــەی ڕەنگاو ڕەنگن.

زۆربــەی شــیعرەکانی تــر مۆســیقای ناوەوەیــان هەیــە بــە چــەندین جــۆر دروســت بــوون ، بــە تایبـــەتی ئـــەو شـــیعرانەی لـــە ڕووی قـــەبارەوە درێـــژن، کـــە نموونـــەمان لـــە بەشـــی دووەمـــدا هێناوەتەوە.

[1] –لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشك ناکات، لا6 .

## وێنەی شیعری

سـەرەکیترین بنـەماو پێکهاتـەی شـیعرییەو بەدرێـژایی مێـژووی شـیعر، یـەکێك بـووە لـە ڕەگـەزە گرنگـەکانی و بـەردەوام زیندوویـەتی بـەدەق بەخشـیوە، کـە تیایـدا هـەموو ڕەگـەزەکانی تـری شـیعری بەرجەسـتە دەبێـت. هـەروەك ڕۆبێـرت ئەنـدوز دەڵێـت: ((ڕاسـت نییـە کـە وێنـە کوڵەکەیـەکی شـیعرە، بـەڵکو جەوهـەرو گیـان و لاشـەی شـیعرە))[1]، هـەروەها وێنـە ((بـە دیـالۆگێکی نێـوان واقیـع وداهێنـەر دادەنرێـت، کـە پـەردە لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتانە هەڵدەداتـەوە کـە ئـەزموون لـەژیانی داهێنەرەکانـدا دەیـوروژێنێ و دەربڕینێکـە لـە خـودی شـاعیر، کـە بەشـێوەیەکی بابەتیانـە لـە نـاو وێنـەدا بەرجەسـتە دەبـێ))[2]، ئەمـەش بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پیشـاندانی واقیـع نییـە، بـەڵکو گـۆڕانی بەسـەردا دێـت و ئاوێتـەی ئەندێشـە و خەونـەکانی شـاعیر دەبـێ. ((واتـە وێنـەی شـیعری ناسـینی شـتەکان نییـە، بـەڵکو تێڕوانینـی تازەیـە بۆشـتەکان))[3]. سـەرەڕای ئـەوەی کـە زۆرجـار وێنـە لـە دەقەکانـدا، تـەنیا دروسـتکراوی زەیـن و خـەیاڵی شـاعیرەو بـوونێکی واقیعیشـی نییـە، ئەگەرچـی ڕووداو و واقیعـی دەرەوەی شـاعیریش کاریگـەریی بەرچـاوی لە دروستکردنی وێنەکەدا هەبێت.

داهێنـانی وێنـەی هونـەری بـە چـەندین ڕێگـە و شـێواز لـە شـیعرەکاندا دەبینرێـت، کـە هەوڵدەدەین بە نموونەوە چۆنێتییان بخەینە ڕوو.

1- بەهۆی هونەرە ڕەوانبێژی و ناسکبێژییەکانی وەك:

---

[1] -ئاسۆعومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکی یەکانی شیعر لای ( پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح و گۆران) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك ، 2009، لا 138.

[2] -سـەردار ئەحمـەد حەسـەن گـەردی، بنیـاتی وێنـەی هونـەری لەشـیعری کوردیـدا( 1970 -1991 ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، 2004 ، لا 78 .

[3] - جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی , لا 94.

**ا-ئاركيتيپ:**

ئـەم زاراوەيــە لــە دوو بــەش پێكهـاتووە: arche بنــەوان، typos واتــە نموونــە ، كــە پێكــەوە واتــە وێنــەی ئــەوەڵ- يەكــەمجار، ئەوەيــە كــە هەنــدێ وێنــەو ڕووداو و ســيمبۆل و داب و نــەريتی كــۆن هەيــە و لــە يــادەوەری و نەســتی خەڵكــدا ماوەتــەوە و جــارێكی تــر لــە نــاو ئەدەبــدا ســـەرهەڵدەدەنەوەو مـــرۆڤ لەبـــەر بـــوونی پێشـــينە لەبارەيانـــەوە، زوو تێيـــان دەگات. ئەمەش لە ئەدەبناسيدا بە " لەدايكبوونەوەی مۆدێلە كۆنەكان " ناودەبرێت.[1]

ئـەم هونــەرەش هاوتــا لەگــەڵ ســيمبۆل و هونــەری تــر لــە نــاو دەقەكانــدا بــەكارهاتوون. لــە خوارەوە چەند نموونەيەك دە هێنينەوە، حەسيب قەرەداخی دەڵێ:

لەسەر پشتی ئەسپی قابيل وەرە خوارێ

وا سەرەتای وەرزی عەشقە

سەرپەڵەيە گوڵ دەبارێ[2]

هێنانــەوەی وێنــەی " ئەســپی قابيــل"، وێنەيــەكی كۆنــە و سەرچــاوەكەی بــەهۆی دەقــە ئايينييەكانەوەيــە، كــە بووەتــە بەشــێك لــە كوولتــور و لــە نەســتی بەكۆمەڵــدا چەســپاوە. شــاعير دووبــارە دەيخاتــەوە گــەڕو وێنــەی نــوێی لێ دەچــنێ. يــان شــێركۆ بێكــەس لــە دەقێكدا دەڵێ:

-ئەمجارەيان لەسەر سنگی

خەنجەرێكی سوور ڕوابوو![3]

---

[1] - بڕوانە: پيتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تيۆری ئەدەبی و شێوازناسی، لا 75 .

[2] - حەسيب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، لا 147 .

[3] - شێركۆ بێكەس ، بەرگی چوارەم، لا 156 .

دەستەواژە و وێنەی " خەنجەری سوور"[1] کە جێگەی" گوڵی سوور"ی گرتۆتەوە، بنەوانەکەی بۆ گۆرانی شاعیر دەگەڕێتەوە، لە شیعری "گوڵی خوێناوی" دا، کە تیایدا وێنەی پێکرانی خۆشەویست بەهۆی هێنانی گوڵی سوورەوە ، کە ڕەمزی خۆشەویستییە، بۆ دڵدارەکەی دەبینرێت و لەم شیعرەشدا جارێکی تر وێنەی شیعری پێدەخولقێنرێتەوە.یان لە شوێنێکی تردا هەمان شاعیر دەڵێ:

– تونی باباو ئاوی ئاموونی ئەنفال و

دوای ئەنفالی هەمووی بڕی و

لە سەفەری گردی ڕەشدا هەموو جارێ

کەمەندی ئەو بێچووە درنجێکی ئەگرت[2]

" تونی بابا" و " ئاوی ئاموون" و " سەفەری گردی ڕەش" کە ناو و شوێنی ئەفسانەئامێزن ، بەشێکن لە فەرهەنگ و کولتووری دێرینی کوردو میللەتانی ڕۆژهەڵات . شاعیر جارێکی تر ئەم وێنەیەی بەهۆیەوە دروستکردووە .

یان شاعیرێکی تر دەڵێ:

میحرابەکانیش هەر چەشنی برۆی

ژنە خواوەندەکەی مەحوی لە هەرێمی خەیاڵەوە

"مەلا" باسی چی دەکرد؟ ئەویش ڕووت و قووت

بەرماڵی مەی پیا ڕژاو دەڵێ مزگەوت

چۆڵکەن، کەی نوێژی قیامەت قبووڵە؟[3]

---

1 – دیوانی گۆران، لا 47.

2 –دیوانی شێرکۆ، بەرگی چوارەم ، لا 104 .

3 – ئەحمەدی مەلا ، کۆی شیعرەکانی، لا 272 .

**هەروەها چەند نموونەی تری وەك:**

**– دەهرێکە لیمۆگیان عاشقانت**

**چونە سەر "وەیس " یان بیرچۆتەوە**

**– دەنگی دڵ لە دوور خۆشە[1]**

**– خوای گەورە لەسەر خواردنی سێوێك**

**نیشتمانەکەمی کرد بە بەرد[2]**

**لەو دوو نموونەیەدا ئامـاژە، بـە مـەحوی و شـیعرەکەی دراوە، کـە وەسـفی بـرۆی یارەکـەی دەکات و دەڵێت:**

**وا موشەووەش بوو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام**

**ئیزنی خەڵقیی دا ، کە دنیا ئاخیرە بۆ دێنە نوێژ[3]**

**هـەروەها دوورتـر لـەوەیش گەڕانـەوە بـۆ دەقـە ئاینییـەکان و کـاتی قیامـەت و یاسـاو ڕێسـای ئەوکاتـە. هـەروەها وێنـەی" چـوونە سـەر وەیـس"و پەیوەنـدیی بـە خۆشەویسـتییەوە، گەڕانەوەیـە بـۆ دەقـی فۆلکلـۆریی کـوردی، نموونـەی ئـەم بەیتـەی خوارەوە:**

**بابچینە سەر وەیس وەیسی خۆمانە**

**پرسیاری لێ بکەین خەتای کاممانە**

---

[1] – **جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا 330 .**

[2] – **دلاوەر قەرەداغی، دیوانیماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، لا 124 .**

[3] – **دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی حسام، سنە1984، لا 143.**

هـــەروەها  گەڕانـــەوە بـــۆ چـــیرۆکی "خـــواردنی میـــوەی قەدەغـــەی ( ســـێو)  و دەرکردنـــی پێغەمبـــەر ئـــادەم لـــە بەهەشـــت"[1] ، کـــە ئاماژەیـــە بـــۆ دەقێکـــی قورئـــانی و پەیوەســـتکراوەتەوە بـــە کیمابـــارانکردنی هەڵەبجـــە و بـــۆنی ســـێو ، هـــەموو ئەمانـــە ئـــەو وێنانـــەن، کـــە بنەچـــەیەکی کۆن و کولتوورییان هەیەو جارێکی تر هاتوونەتەوە ناو دەقە شیعرییە نوێکان.

## ب- سیمبۆل:

نیشـــانەیەکە وێنـــەی جۆراوجـــۆر دەگرێتـــەخۆ و پەیوەنـــدیی ڕاســـتەوخۆی بـــە کولتـــوورو بـــارە مێژووییەکانـــەوە هەیـــە . لـــە زۆربـــەی بارەکانـــدا (( بـــۆ خـــودی خـــۆی بـــەکار نایـــەت ، بـــەڵکو بـــۆ ئـــەو شـــتانە بـــەکاردێ، کـــە بەخۆیەوەگرێـــدەداو دەچـــنەوە ســـەری))[2] . کـــە ڕادەی تێگەیشـــتن لێیـــان پەیوەنـــدی بـــە ئاســـت و باکگراونـــدی خوێنـــەرەوە هەیـــە، چـــونکە لەگـــەڵ ئـــەوەی هەنـــدێ لـــە ڕەمزەکـــان گشـــتین و پەیوەنـــدییان بـــە کولتـــوورەوە هەیـــە، هەنـــدێ ڕەمـــزی تاکیشـــی تێدایـــە کـــــە درووســـــتکراوی شـــــاعیرەو پەیوەســـــتە بـــــە ئەزموونـــــەکانی ئـــــەوەوە و دەرکپێکردنـــــی بیرکردنـــەوەی زۆری دەوێـــت ، چـــونکە پێویســـتمان بـــە  زانینـــی تێڕوانینـــی خـــودی شـــاعیرە ســـەبارەت بـــەو وێنـــەو بابەتـــە[3] .    ئـــەم شـــیعرەی حەســـیب قـــەرەداخی بـــە نموونـــەی ســـیمبۆل دەهێنینەوە :

| | | |
|---|---|---|
| - گەر مەجنوونی منیش لەیلم ← | مەجنوون، لەیل،  فەرهاد، شیرین، | |
| گەر فەرهادی من شیرینی دەروون کەیلم | مەم، زین.... سیمبۆلی خۆشەویسین | |

کاکە مەمیت خاتوو زینم

ئەگەر وەلیت من شەمەکەی بیٚ نگینم[4]

---

[1] –قورئانی پیرۆز ، سورەتی ( البقرة) ، ئایەتی ژمارە 36 و 37 .

[2] – بڕوانە: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، لا75 .

[3] – بڕوانە: سەردار ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا( 1970 – 1991) ،لا  260، 261 .

[4] – حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، لا 146 .

یان شاعیر لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا دەڵێ:

– حەمە ڕەشم بینی تفەنگەکەی خۆی دەشکان

وتم ئەڵێی ماندوو بوی گەورەم؟

گوتی: ترسنۆکن ئەوانەی بەشداری

شەڕی براکوژی دەکەن[1]

حەمـــە ڕەش، ســـیمبۆلی ئازایـــەتی و چاونەترســـی یـــە ، ئـــەم ســـیمبۆلە زۆر گشـــتی نییـــەو ڕۆنەچـــۆتە نـــاو کولتـــورەوە ، بـــەڵکو زیـــاتر بـــەلای ڕەمزێکـــی تاکـــدا دەچـــێت ، کـــە شـــاعیر خـــۆی بـــە پێـــی ئـــەزموونی خـــۆی لـــە بینینـــی شـــۆڕش و ئازایەتیـــدا ئـــەم کەســـایەتییەی وەك سیمبۆلی ئازایەتی و چاونەترسی لەقەڵەم داوە.

ئـــەم جـــۆرە بـــەکارهێنان و وێنـــە کێشـــانانە، بـــە شـــێوەیەکی تـــر دەچـــنە قـــاڵبی هونـــەری دەقئاوێزانـــەوە، کـــە بەکارهێنانـــەوەی کەرەســـتەو نموونـــەی دەقـــی پێشـــووترە لـــە داهێنـــــانی بەرهـــــەمێکی ئەدەبیـــــدا. ئەمـــــەش بـــــە هـــــەردوو جـــــۆری دەقئـــــاوێزانی "هاوچـــەرخێتی" کـــــە بـــــەکارهێنان و ئـــــاوێزانکردنی وێنـــــەو دەســـــتەواژەی شـــــاعیران و نوســـەرانی هاوچـــەرخی شـــاعیری ئامـــادە ، یـــان "دەقئـــاوێزانی دەرەکـــی" ، کـــە ئاوێتـــەبوونی دەقـــی نوســـەرێکە بـــە سەرچـــاوە دەرەکییـــەکانی وەك ئەفســـانە و ئـــایین و ئـــەدەبیاتی کـــۆن و کولتـــوورو فۆلکلـــۆری کـــۆنی نەتەوەیـــە ، کـــە لـــە ڕەخنـــەی هاوچـــەرخدا بـــە "دەقئـــاوێزان" ناســـراوە.[2] وەك شـــیمانکردەوە ئـــەم جـــۆرە ئاوێتەبوونـــە لـــە زۆربـــەی چـــیرۆکە شـــیعرییەکاندا دەبینرێت .

---

[1] – لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، لا 464 .

[2] – بڕوانە : ئاوارە فەرەیدوون قادر، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد ) دا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2011 ، لا 90 ، 97 .

## پ- خوازە:

ئـەم هونـەرەش ڕەگـی لـە ئـەدەبیاتی کـۆن و نوێشـدا هەیـەو (( بریتییـە لـەوەی کـە وشـەیەك بـۆ مانـای درووسـتی خـۆی بەکارنـەبرێ، بـەڵکو بـۆ مانایـەکی تـر بخـوازرێ و مەبەسـتێکی تـر بگەیـەنێ .)) [1] . بـۆ نموونـە: شـاعیران شـێرکۆ بێکـەس و عەبـدوڵا پەشـێو لـەم دێڕانـەدا بەکاریان هێناوە :

- لە دۆزەخی کڵاو سوورو کڵاو ڕەشدا [2]

لێـرەدا شـاعیر وشـەی " کڵاوسـوور و کـڵاوڕەش " ی بـۆ واتـا بنەڕەتەکـەی خـۆی بـەکار نـەهێناوە، بـەڵکو بـۆ هـەردوو حیزبـی کـوردی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان خـوازراوە ، کـە جامانـەی ڕەش و سـوور ڕەمـز و بـەکارهێنراوی ئـەو دوو حیزبـە و وشـەی دۆزەخـیش بـە هـەمان شـێوە خـوازراوە بـۆ شـەڕی براکـوژیی نێوانیان. یان لەو نموونەی تردا:

- دەزانم... کێ دەستە چیلەکە پێ دەکا [3]

وشـەی "دەسـتە چـیلە" [4] ، کـە دەربڕینێکـی فۆلکـۆری کوردییـە ئاماژەیـە بـۆ کۆکردنـەوەی داروچـیلکە بـۆ سـوتاندن ، بـەڵام لـەم شـیعرەدا بـۆ مەبەسـتی دەسـتپێکردنی شۆڕش و هاندانی ئەوانی تر بۆ ئەم مەبەستە. خوازراوە و وێنەی نوێی پێداهێنراوە.

ئـەم هونـەرە تێکـەڵ دەبێتـەوە لەگـەڵ هونـەری خواسـتن و چـواندندا و بنەچـەی هـەموویان دەچـنەوە سـەر یـەك شـت، بۆیـە لای هەنـدێ لـە لێکۆڵـەران هونـەری "بـە مرۆڤکـردن" بـە خـوازە دادەنـێن و پێـی دەڵـێن "خـوازەی ژیـری" کـە دانـەپاڵی سـیفاتێك بـۆ

---

[1] - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا 1972، ل 67.

[2] - شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم ، ل 647 .

[3] - عەبدوڵلا پەشێو، 156 .

[4] - بڕوانە: هەژاری موکریانی، فەرهەنگی هەمانە بۆرینە، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروش، تاران، 1388، ل 318.

شتێکی تر کە هی ئەو نەبێت[1]، بۆ وێنە لە لێکۆڵینەوەی " شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم "[2] دا ئەمە دەبینین بۆ وێنە لە دێڕی شیعری :

بگرمێنیٚ، تەپ ونم دا بکا، بیکاتە شەست هەرگیز

نەوەستیٚ قوڵپی گریانی، نەوەستیٚ هەورەکەی پاییز (دیوانی گۆران ،لا 136)

لێکۆڵەر گریانی هەور وەك مرۆڤ بە خوازەی ژێری داناوە. کە جۆرێکە لە بەمرۆڤکردن.

## ت-خواستن-میتافۆر

خواستنیش ئەو هونەرەیە، کە لەسەر بنەڕەتی لێکچواندن دامەزراوە، یەکێك لە دوو تەوەرەکەی چواندن ( چوێنراو وپێچوێنراو) نایەت و کە شاعیر مەبەستی نەهاتووەکەیە و بەهۆی لایەنە هاتووەکەوە وێنە و مەبەستەکە دەخاتەڕوو و سیفاتی هەردوو شتەکە تەواو چونەتە ناو یەك و ئەمەش چڕکردنەوەو بەشێکی جوانی و وێنەی شیعرییە.[3]

لەم نموونانەی خوارەوەدا هونەری خواستن ، کە وێنەی شیعرییان لە زۆربەی دەقەکاندا پێکهێناوە، دەخەینە ڕوو:

- به برژانگما دەیان گلۆپی ڕەنگاو ڕەنگ
بەم بۆنەیەوە هەڵکرا[4]

گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ لە جێی
" فرمێسك" خواستراوە

یان:

---

[1] – بڕوانە :عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی یەکەم ، لا 86 .

[2] – سامان جەلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2010، لا 54.

[3] – بڕوانە: ابو یعقوب سکاکی ، مفتاح العلوم، مطبعة مصطفی الباب الحلبی ، القاهرة، 1973 ، لا 180.

[4] –حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ، 252.

– ژەهری سەدام ... هەرچەندی کرد

ئەم ڕووبارەی پێنەخنکا[1] { ڕووبار لە جێگەی مرۆڤ خواستراوە} بۆ وەسفی کەسایەتی.

یان شاعیرێکی تر دەڵێ:

– ئەو دوو پشکە بێ ئامانە[2]

کە شاعیر لە جێگەی کەسێك وشەی دووپشکی هێناوەتە ناو ڕێڕەوی شیعر و بۆ دەرخستنی سیفاتی ئەو کەسە، کە گوایە وەك دووپشك وایە و لە هەرکاتێکدا بێت دەست دەوەشێنێ و پێوەیان دەدا . یان لەم نموونەیەی تردا:

–ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی ئەرژەنگی دێو نەبوایە

ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی دۆڵپای تاعوونی بەغدا نەبوایە[3]

کە تیایدا "ئەرژەنگی دێو" و " دۆڵپای تاعوون" لە جێگەی ڕژێمی بەعسی پێشوو هاتوون و خراپی و توندو تیژیی ئەو دەسەڵاتە دەخاتەڕوو.

لە سەر بنەمای چواندن و خواستن چەند شێوەی تری هونەری بەکارهاتوون، کە بەشێکن لە پێکهێنانی وێنەی هونەریدا ، ئەوانیش:

## 1–بەکەسکردن– مرۆڤاندن

ئەم هونەرەش بەکاردێت بۆ زیادکردنی سیفاتی ژیاندان بەو کەرەستەو شتانەی کە نازیندوون و مادین یاخوود وێنەیان نییە و ژیرین، یان خستنەسەری سرووشتی مرۆڤە بۆ سەر ئەو شتانەی تر، بە مەبەستی پێدانی وێنەیەکی واقیعی و ڕاستییەك بە

[1] – شێرکۆبێکەس ، بەرگی چوارەم ، لا 105 .
[2] – عەبدوڵلاّ پەشێو، هەسپم هەورەو رکێفم چیا، لا 156 .
[3] – شێرکۆبێکەس، بەرگی سێیەم، لا 661 .

بابەتەکــە، کــە بەهۆیــەوە شــاعیر وێنــەی شــیعری دەخــوڵقێنێ و زیندوویــەتی بــە دەق دەبەخشــێت[1] . لــە شــیعرەکاندا هەنــدێ جــار ڕۆڵــی کەســایەتیی چــێرۆکی شــیعری دەبیــنن.

بۆ نموونەی ئەم هونەرە چەند پارچە و دێڕ لە شیعرەکان دەهێنینەوە:

– شەو خەواڵوو بەرەو کۆتایی خۆی دەچوو[2]

یان:

– ئەوان حەوزێکی لیخنیان نەهێشتەوە

درەختە ڕیش سپییەکانی ئاوایی،

لەبەریا دەستنوێژ هەڵگرن...[3]

ئەم وێنەیە لەسەر بنەڕەتی شیعرەکەی گۆران چنراوە، کە دەڵێت " وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە نێو حەوزێکی لیخندا"[4] .

یان:

–خۆر لەسەر بەرماڵی سەوزی گەڵا

نوێژی دادەبەست[5]

وشــەکانی: (شــەو، بــەرد، دار، زەوی، ئاســمــان، درەخــت، خــۆر ) لــە دەقەکانــدا بــە مرۆڤکــراون و هــەڵس و کــەوتی مرۆڤانــە ئەنجامــدەدەن و وەك بوونــەوەرێکی زینــدوو ڕەفتار دەکەن.

---

[1] – بڕوانە: سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، لا 140.

[2] – ڕەفیق سابیر، ڕازو گومان ، لا 109 .

[3] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار ، لا 303.

[4] – دیوانی گۆران، لا 111 .

[5] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر ، لا 71 .

## 2-به شت كردن

ئـــەم هونـــەرەش شـــێوازێكی تـــرە لـــە شـــیعری نوێـــدا ، كـــە بەهۆیـــەوە لـــە دەقەكانـــدا كەسـایەتییەكان یـاخوود شـت و كەرەسـتەی تـر، بـە شـت یـان گیانـدار دەكـرێن ، كـە تیایـدا ئـەو شـتانەی مەعنـەوین و وێنـەیان نییـە بـە شـتێكی بەرجەسـتە دەچـوێنرێن ، یـاخوود دەخرێنـە قـاڵبی تـەنێكی بەرجەسـتەوە و وێنـەیان پێدەبەخشـرێت، لـە پێنـاو جوانكـاریی دەقداو داهێنانی وێنەی شیعری . بۆ نموونە:

-مێژوویەكی بەردەلان و

كاروانسەرای ترس و بیمدا

بە ناو مردنێكی چڕدا [1]

مێـژوو سـیفاتی تـەنی پێـدراوە بـەهۆی وشـەی "بـەردەلان"ەوە ، تـرس و بـیم سـیفاتی شـوێنێكی مادییـان پێبەخشـراوە و وەك كاروانسـەرا وان. هـەروەها مـردن یەكسـانە بـە مادەیـەك كـە چـڕی هـەبێت بـۆ وێنـە" دوكـەڵ" كـە بـەهۆی ئـەو چـواندن و سـیفاتانەوە كـردەی نـامۆكردن و وێنەیـەكی دەگمـەن درووسـت دەبێـت ، كـە تێمـەو مانـای تایبـەت بـە دەق دەبەخشێت .

یان لەم نموونەیەدا:

- لە سوچێكدا

زەرد شەمایەكی گوشراو

توڕدرابوو [2]

---

[1] - شێركۆبێكەس ،بەرگی چوارەم ، لا 103.

[2]- عەبدوڵلا پەشێو، هەسپم هەورەو ركێفم چیا ، لا 153 .

لــەبری مــرۆڤ وشــەی شــەمامە خواســتراوە، بــۆ مەبەســتی پێــدانی ماناکــانی منــداڵی و جــوانی و لــە ڕووی هونەرییــەوە وێنەشــی پێکهێنــاوە . یــان لــە شــیعرێکی تــردا ، شــاعیران ئەحمەدی مەلا و فەرهاد شاکەلی دەڵێن:

— ڕزگاربوم لە دەست وەهمی شۆڕش.

رزگار بووم لە کەلەبچەی نەتەوایەتی[1]

–هەڵۆی ڕۆح شاباڵی بە چڵەپۆپەی با ڕەنگین دەکرد[2]

دەبیــنین وشــەکانی (نەتەوایــەتی ، ڕۆح، بــا) لــە ڕێگــەی وشــەکانی (کەلەپچــە، هــەڵۆ ، چــڵەپۆپە) وە ســیفاتی تــەنێك یــاخوود شــتێکی بەرجەســتەیان پێــدراوەو وێنەکــەیان پــێ چنراوە.

## 3–بە گیاندارکردن

وەك پێشــتر باســمــان کــرد چــواندنی مرۆڤــە بــەئاژەڵ یــاخوود خواســتنی ئاژەڵێکــە لــە جێگەی مرۆڤ بۆ مەبەستی واتایی و هونەری.بۆ نموونە:

– گورگی کەڵبەو چنگ خوێناوی

لە چوار لاوە تێی ئالابوون[3]

بــەهۆی مانــای گشــتیی شــیعرەکەوە ئەمــە ڕووندەبێتــەوە، کــە مەبەســت مرۆڤــی خوێنڕێــژ و وەك گورگ دڕندەیە. واتە لە جێگەی مرۆڤ وشەی گورگ خواستراوە.

یــا بــەهۆی ئــاڵوگۆڕی هەســتەکانەوە خواســتن و وێنــەی هونــەری لــە هەنــدێك شــیعردا داهێنراوە. بۆ وێنە:

[1] –ئەحمەدی مەلا ، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، لا 279 .

[2] –فەرهاد شاکەلی، دیوانی فەرهادشاکەلی ، لا 294 .

[3] – عەبدوڵلا پەشێو، هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا ، لا 153 .

**– کێ لەگەڵ مندا ئەم ڕەنگە**

**دێنێتەوە قسەخۆشەکانی جاران** [1]

## ج– دژیەك

**دژیــەك دیــاردەیکی زمانییــە ، پەیوەنــدی بــە بــیری مرۆڤەکانــەوە هەیــە و زۆر لــە کۆنــەوە بنچــینەیەکی بــەهێزی ئــەدەبی و وێنــەی شــیعری و هونەرییــە ئــەو وشــانە دەگرێتــەوە، کــە لــە ناوەڕۆکــدا یــا لــە بــەکارهێنان لــە ناوەنــدی دەقــدا دژی یــەکن . وەکــو وشــەکانی:( چــاك و خــراپ، ژیــان و مــردن، بــەرز و نــزم و ...) چــەندینی تــر ، کــە بــە بۆچــوونی لێکۆڵــەر عــەزیز گــەردی هــەموو ئەمانــە وەکــو لێکچــواندن لــە بنەڕەتــەوە لەســەر ئــەوە هــاتوون کــە مانــای یــەکێکیان بــەهۆی ئــەوی تریانــەوە بگەیــەنرێت.** [2] **دژیــەك لــە ئــەدەبیاتی جیهانیــدا زاراوەی " ئــەنتی تێــز" ی بــۆ بــەکاردێت ، کــاتێکیش دوو وشــە ناکۆکییــەکی ناوەوەیــان تێدایــە ، دەچــێتە چوارچــێوەی "پــارادۆکس" ەوە کــە نــەگونجان و ناکۆکییەکــەیان زۆر ڕوونــترە وشــاعیر بەهۆیــەوە هــەوڵی وتنــی شــتێکی گــرنگ دەربــارەی واقیــع دەدات بــۆ نموونــە " خۆشــی و ئــازار" لــە دەقــدا دەبەســتێتەوە بــە یەکــەوە، کــاتێکیش زیــاتر دان بــە چــەند وشــەی دژدا دەنرێــت بــۆ جەختکردنــەوە ئەوکاتــە پێــی دەوترێــت "ئۆکســیمۆرن " oxymorn، بــۆ نموونــە چــنینی وشــەکانی "ژیــری– بــێ ئــەقلی" نموونــەی ئۆســکیمۆرنە.** [3] **هونــەری دژیــەکی لــە ئــەدەبیاتی هاوچــەرخدا، تایبەتمەنــدیی بنــەڕەتیی شــیعرە و زمــانی شــیعری و وێنــەی پــێ دەوڵەمەنــد دەبێــت، تەنانــەت لای هەنــدێ لــە ئەدەبناســان بــۆ نموونــە (( دیچــز، زمــانی دوالیزمــی دژیــەك، بــە زمــانی شــیعر دەزانێــت کــە بــڕوای وایــە دەربڕینــەکان لــە ڕێــی دوالیزمــی دژیەکــەوە زۆر گونجــاوە لــە زمــانی شــیعریدا، شــاعیر لــە**

---

[1] – **جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، لا** 230 .

[2] – **بڕوانە: عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم ، لا** 68.

[3] – **بڕوانە: پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، لا** 90.

ڕێــی دوالیزمـــە دژیەکەکانـــەوە ڕاســـتییەکان دەردەبڕێـــت))[1] . بـــۆ نموونـــەی ئـــەم چـــەمکە چەندین نموونە لە دەقە شیعرییەکاندا دەخەینە بەرچاو:

– دەنا ئێمە چ کارێکمان بەم ئاگردانە تەزیوانەیە کە ڕەشەبایان

بەگژدا کردوین[2]

وشـــەی "ئـــاگردان" و "تـــەزیو"، لـــە بنەڕەتـــدا دژی تێدایـــە چـــونکە ئـــاگردان گەرمـــە و بـــۆ نەتەزینە.

یان:

– لە تاریکستانی باوەڕدا یەکتریمان ناسی

هەریەقین نەبوو گومڕای کردین[3]

وشــــەکانی( تاریکســـــتان و بـــاوەڕ، یـــــەقین و گـــــومڕا ) لــــە ڕووی ناوەڕۆکـــەوە دژییـــــەکیی تۆخیان تێدایە... یان :

– بەهەشـــتێکم ئەســـوتێم[4] ←———— ( بەهەشـــت و ســـوتان لـــە ئاســـتی قووڵـــدا دژی تێدایـــەو پێکـــەوە نایـــەن، بەهەشـــت دژی دۆزەخـــە، کـــە تیایـــدا ئـــاگرو ســـوتان هەیـــە. دەبیـــنین زیـــادەڕوی تێـــدا کـــراوە و بەهۆیـــەوە نـــامۆیی و شـــیعرییەت لـــە زمـــانی شـــیعری و وێنـــە خوڵقێنراوە ) . یان:

–هەستم دەکرد تووشی درەوشانەوە هاتووم و

---

[1] – لهـۆن قـادر ، دوالیزمـی دژیـەك لـە هـۆنراوە لیریکییـەکانی مـەولای ڕۆمـی و مەولـەوی تـاوەگۆزی دا( نامەی ماستەر) ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2013، لا 54.

[2] – ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازوگومان، لا 85 .

[3] سەرچاوەی پێشوو، ڕازو گومان، لا 336 ،337 .

[4] – شێرکۆبێکەس ، بەرگی چوارەم ، لا 225 .

ڕزگارم نابێت لەو شەوە ئەنگوستەچاوە[1]

( درەوشانەوەو ئەنگوستەچاو ) دو وشەن کە ناگونجێن لە ڕووی ماناوە بەڵام بەهۆی چنینیان لە دەقدا ، حاڵەتێکی دەروونیی پێ جەختدەکرێتەوەو وێنە درووست دەکات.

یان لەم نموونەی تردا، لە شیعری "کەسێ نەبوو تورەببێ" ی جەمال غەمبار دا:

– کە هاتم دەمێك بوو خۆر لە سەرما دا

فووی بە لەپ و پەنجە سڕەکانیدا دەکرد.[2]

خۆر و سەرما دوو چەمکی زۆر دژن لە ناوەڕۆکدا، مەبەست تێکچوونی زیاد لە سنووری باری ئاساییە، نامۆیی و وێنەیەکی شیعریی بە دەقەکە بەخشیوە. هەروەها لەم نموونەیەی تریشدا:

– منداڵەکان هەڵماتێنیان

بە یاقووتی تاجی پاشاکان ئەکرد

میوە بەهەشتییەکان لەبەر دەرگای جەهەنەمدا

دەبەخشرانەوە ،[3]

کەلا، یاقوت لە ڕووی ئەوماناو چەمکەی هەڵیدەگرێت و لە دەقەکەدا پێیەوە پەیوەستە، دژی یەکن ، "کەلا" ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە منداڵی و هەژارییەوە هەیە، کە پێچەوانەیە لەگەڵ گەورەیی و یاقووتی پاشا کە نیشانەی هێز و دەسەڵات و دەوڵەمەندییە، یان هەر هیچ نەبێ یاری کردنی منداڵ بەیاقووتی پاشا و چنینی لەو شیعرەدا وێنەی بەهۆی دژی واتاوە درووستکردووە، هەروەها چەمکەکانی بەهەشت و جەهەنەم، دژن و هاتنیان بەو جۆرە لە شیعرەکەدا نامۆیی درووستکرووە.

[1] –ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ، لا 278 .

[2] – جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار ، لا 245 .

[3] – هیوا قادر، دیوانی هیوا قادر ، لا 83 .

یان لەم نموونەی خوارەوەدا دلاوەر قەرەداغی لە شیعریکیدا دەڵێ:

- چ هەتاوێکی شەرمن

گوێم لێ بوو

کە لە ژوورەکانا دایکرد و

کتێب.. کتێب

ڕەفیقە پایزییەکانمی

تەڕ کرد[1]

هەتاو بۆ گەرمی و وشککردنەوەیە، لەم دەقەدا کرداری تەڕکردن وەك باران ئەنجامدەدات و دژ واتاییەکی دیاری وێنەی بەخشیوە بە دەق . دەبینین نموونەی زۆری ئەم تەکنیکەلە دەقەکاندا، بەڵگەی فراوانی بەکارهێنانی دەکات و بەردەوام شاعیران بۆی گەڕاونەتەوە جگە لەوەی بەشێکیشن لە پێکهێنانی مۆسیقای ناوەوی شیعرەکان.

## چ- چواندنی زنجیرەیی

چواندنی ئاسایی، زۆر بە ڕوونی لە زۆربەی شیعرەکاندا دەبینرێت ، کە بنچینەی درووستبوونی هونەری خواستنیشە. هەروەها لە شیعرەکاندا جۆرە چواندنێکیش دەبینرێت ، کە یارمەتی درێژبوونەوەی دەقەکان و زیاتر گەیاندنی ماناو وەسفەکان دەدات ، ئەوەی تێیدا شتێك " چوێنراوێك" بە کۆمەلێك (نەك تەنیا یەك شت)، دەچوێنرێت ، بە تایبەتی لەو دەقانەدا کە درێژن . بۆ نموونە:

وڵات کۆڵانێکی بەستراوە

بۆنی تەنیایی

[1] - دلاوەر قەرەداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان ،لا 141 .

**بۆنی ترس و**

**بۆنی باروووت و**

**نامۆیی لێ دێت**

**وڵات تەرمێكی هەڵامساوە**

**شەپۆلێك دوای خۆر ئاوابوون بێباكانە**

**تووڕی دەداتە كەنار**

**منالێكی برسییە وڵات ....**[1]

**دەبینین وڵات بە كۆمەڵێك شتی تر چوێنراوە ، كە جەخت لە بارو دۆخی و دەرخستنی نالەباری و خراپی ئەو دەكاتەوە ( ئەم دووبارە كردنەوانە نموونەی بەكارهێنانی مۆسیقای ناوەوەن كە باسمان كرد). یان لەو نموونەیەی تردا كە شاعیر حەسیب قەرەداغی دەڵێ:**

**– ئێمە وەكو مەی و ئاوین**

**ئێمە وەكو نیگاو چاوین**

**ئێمە وەكو كەس و ناوین**

**ئێمە وەكو ئاسۆو خۆرین**[2]

**دەبینین ئێمە بە زیاد لە یەك شت بۆ ڕوونكردنەوەی ماناو جەختكردنەوە لەسەر مەبەستەكە چوێنراوە.**

---

[1] – **ڕەفیق سابیر، ڕاز و گومان، بەرگی یەكەم ،لا340 .**

[2] – **حەسیب قەرداغی، فەرهەنگی خەم ، لا 147 .**

## ح- درکە

درکـەش وەسـفکرن یـان هێنـانی سـیفاتی شـتێك لـە جێگـەی خـۆی لـە دەقەکـەدا ، کـە بە مەسـت نـاوی شـتە بنەڕەتییەکـە نابرێـت، بـەڵام دەیناسـینەوە کـە ئـەوە، چـونکە (( لەسەر بنەمای خزمایەتی یان پەیوەندیی ڕاستەقینەوە دادەمەزرێندرێ)).[1]

بۆ نموونە:

تنۆکە خوێنی سەرشانەکانی

لەناو ڕەوەدا لە گشتیان زۆرتر

ئەم وەسفە لەم شیعرەدا ناڕاستەوخۆ درکەیە لە کەسێك کە زۆر خوێنڕێژو توندو تیژە.

## 2-داهێنان و دەربڕینی وێنەی شیعری بە ڕێگەی سینتاکسی :

ئـەوەی پێشـتر باسمـان کـرد، درووسـتکردنی وێنـە بـوو لـە ڕێگـەی ئـەو هونەرانـەی پەیوەسـت بـوون بـە ئاسـتی واتـاوە لـە زمانـدا. سـەرەڕای ئەوانـە وێنـە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـە جیاوازەکـانی ئاسـتی سینتاکسـیی زمانیشـدا پیکـدەهێنرێت. کـە بـە " لادانـی ڕستەسـازی " ناودەبرێـت ، لـەجۆرەکانی کرتانـدن ، پـاش و پێشخسـتن و بـە لووتکـەکردن و جەختکرنـەوە و چـەند شـێوەی تـر[2]. ئـەم کـارەش بـە چـەندین ڕێگـە دەکرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:

---

[1] - پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، لا81.

[2] – بڕوانـە: نـاز ئەحمـەد سـەعید ، لادان لـە شـیعری لـەتیف هەڵمـەت دا، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2013، لا 213.

## ا- پاش و پێشخستن

ئەم هونەرە پاش و پێشخستنی کەرەستە زمانییەکانە و (( شاعیر هەوڵدەدات لە ڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستەی زمانی خۆکار، لە زمانی خۆکار لابدات و بەمەش لادانی ڕستەسازی ڕوودەدات )).[1] ئەم لادانەش هەندێ جار لەبەر پێویستی و لە خزمەتی کێش و قافیەی شیعردایە و لەبەر تێکنەچوونی ئاواز دەکرێ.[2] بۆ نموونە:

- بێنە دەستت هانێ دەستم[3]

یان

-دەمم لێکرد بە بەرکۆش و هەر هەموویم دا بە لێوم[4]

لەم دوو نموونەیەدا دەبینین کە کاری ڕستەکان :( بێنە، هانێ، لێکرد، دا) لەگەڵ کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکەدا ئاڵوگۆڕکراون و ئەمەش لەبەر مۆسیقای دەقەکان و ڕێکخستنی وێنەکەیە. نموونەی ئەم هونەرە لە دێڕەکانی دواتردا زیاتر ڕووندەکەینەوە:

- خۆڵەمێشی دارگوێزەکە....بوو بە چەمێ

گڕەی هاژەی لێ دەبارێ هەموو دەمێ[5]

---

[1] - دلێر کانەبی ، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد ( ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیربالْ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی، دهۆك ،2009 ، لا 33.

[2] - بڕوانە: عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللاَ ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر 2008 ، لا 139 .

[3] - حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم ، لا 147 .

[4] - سەرچاوەی پێشوو، لا179.

[5] - لەتیف هەڵمەت، ئەم ڕووبارە وشك ناکات ، لا 7 .

لـەم شیعرەشـدا کارەکـان پـێش کـەوتوون، لەبـەر گونجـانی قافییـەی شـیعرەکە . یـان لـەم دەقـەی خـوارەوەدا بـۆ مەبەسـتی جەختکردنـەوەی "وەکیـەکی" و بـە لوتکـەکردنی مەبەستی لێکچووون پاش و پێشی دانە زمانییەکان کراوە، کە شاعیر دەڵێ:

– ئەڵێی بەفرین لە کاتی باریندا

ئەڵێی چاوین لە کاتی ڕوانینا

دەڵێی پەلکە سەوزەکانی کانی ئاشقانین

لە کاتی ژاکان و وەریندا[1]

یـان لـەم نموونەیـەدا شـێرکۆ بێکـەس بـەهۆی کرتانـدن و نـەهێنانی کـاری ڕسـتەوە و هەروەها پێشخستنیشی وێنەکەی داهێناوە:

هەواڵی تۆی بردبۆوە بۆ لای بەفر

بۆ لای مێرگ و

بۆ لای گوڵە کێویلەکان[2]

لـەم نموونـەی سەرەوەشـدا بەهـەمان شـێوە کـاری ڕسـتەکە پێشـکەوتووە ، لـە نموونـەی دووەمـدا یـەك کـار هـاتووە، کـە پێشـکەوتووە و بـۆ هەرسـێ ڕسـتەکە یـاخوود دێڕەکـە، کـە جـەختی لەسـەر ڕووداو یـا کـار کراوەتـەوە لـە لایەکـەوە و لەلایـەکی تریشـەوە، لـە پێنـاو ئاواز و مۆسیقای شیعرەکاندا و وێنەی لە ئاستی سینتاکسدا خوڵقاندووە.

---

[1] – دلاوەر قەرەداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان ، لا 114 .

[2] – شێرکۆ بێکەس ، بەرگی سێیەم ، لا 650 .

## ب- بەدوای یەکداهاتن- خستنەپاڵ یەك

برتییە لە بەدوای یەکداهاتنی کۆمەڵێك وشەو یان دەستەواژە و ئەمیش بنەمای کۆنی هەیە لە ئەدەبیاتدا و بەهۆیەوە شیعر بەرەو هونەریبوون ڕۆیشتووە. لە ئەدەبیاتی نوێشدا، (( یەکێکە لەو بنەمایانەی ئیمەیجستەکان بەگشتی ، بە کاریگەریی ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنان و ژاپۆنی، بە تایبەتی ژاپۆنی لە شیعرەکانیاندا گرنگییان پێداوە، مەبەست لەم هونەرە هێنانەوەو خستنە پاڵیەکی چەند وشەیەك ، چەند دەستەواژەیەك، چەند ڕستەیەك، چەند دیمەنێك، یان چەند وێنەیەکە بۆ مەبەستی بەراورد کردن ))[1] دەرخستنی تایبەتمەندی و وردەکاریی شیعرییە لە وێنەکاندا. بۆ نموونە: عەبدوڵا پەشێو لەم نموونانەدا دەڵێ:

خودا، ئاسمان، شەمامەکەی منیان پێکا[2]

هێنانی وشەکانی خودا و ئاسمان و شەمامە بەدوای یەکداو بۆ جوانکردنی شیعرەکە هاتوون، لە پێناو دەرخستنی سیفاتی خۆشەویستداو بەراوردکردنی ئەو بەو چەمکانەدایە . یان: — جودایی من و هاوسێکەم

درۆیە، مۆتەیە، خەوە[3]

ڕیزبەندیی وشەکانی" درۆ، مۆتە، خەو " لە پێناو گەیاندنی ماناو جەختکردنەوەدایەو شیعرییەت دەبەخشێت. یان:

ڕۆژ نەبوو

دەشت و کەژ و چۆڵەوانیی ئەم دوورستانە نەپێوم [4]

---

[1] – بڕوانە : سامان جەلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، لا 105.

[2] – عەبدوڵڵا پەشێو، دیوانی هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، لا 158 .

[3] –سەرچاوەی پێشوو، لا 277 .

[4] – فەرهاد شاکەلی، دیوانی بلاچەیەك درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم ، لا 305.

بەدوای یەکداهاتنی ئەو دەستەواژەو وشانە وێنەی درووستکردووە و هەڵچوون و حاڵەتی دەروونی ونامۆیی کەسایەتی ناو شیعر دەردەخات لەگەڵ جەختکردنەوە لە گەڕان و وێڵبوون لە پێناوی ئەودا . یان لە و نموونەیەی تردا:

– زستانی عەقڵ

زستانی مەملەکەتی ئابووری وزەکاتێکی ڕێك و پێك

بۆ دابینکردنی عەقڵی دیکارتی

زستانی دەرگاو پەنجەره[1]

بەدوایەکداهاتن و دووبارەکردنەوەی وشەی" زستان" جگە لە بەخشینی ئاوازی ناوەوە بە شیعرەکە، جوانیی بە دەق بەخشیوە و وێنەو وەسفەکانی زیاتر ڕوونکردۆتەوە.

## پ– پرسیاری ڕەوانبێژی

مەبەست لێی، ئەو پرسیارانەیە کە لە شیعرێکدا دەکرێ و مەبەستی سەرەکی دەستخستنی وەڵام نییە، بەڵکو بۆ دەربڕینی گومان و ورووژاندنی بابەتێکە و بۆ بەهێزکردنی دەربڕاوەکە دەکرێت. نموونەی لەم شێوەیەش لە شیعرەکاندا دەبینرێت .

بۆ وێنە: چۆن لە داهاتوو دڵنیا بین

کاتێك بیرە تازەکان سامناك و

ئازادی وەهم بێت؟

کاتێك حەقیقەت گەمە بێت؟[2]

---

[1] – ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، لا 281 .

[2] – ڕەفیق سابیر، ڕازو گومان، بەرگی یەکەم، لا 123 .

یان:

– چۆن  زانیبوومایە مروارییەك ڕازخانەی سەدەف

بەجێ دەهێڵێت و

لە زەریایەكی بێناودا لەنگەر دەگرێ؟[1]

هەروەها لەم نموونەیەشدا جەمال غەمبار دەڵێ:

كە هەمیشە لێم دەپرسیت:

كلیلی ئەم نەعشە بە كێیە؟

لە تەرمی ئازادی زیاتر،

كاممان تیا ڕاكشاوین؟[2]

هەموو ئەم پرسیارانە مەبەستی پیشاندانی حاڵەت و بابەتێكی تایبەتە نەك هاوشێوەی پرسیاری ئاسایی ، واتە وەڵامی ناوێت.

## ت– سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی

بەهەمان شێوەی پرسیاری ڕەوانبێژی، ئەو ڕستەو دەربڕینە شیعرییانەن، كە لە شێوەی سەر سووڕماندان و زیاتر لە شێوەی خوێندنەوەیاندا هەستی پێدەكرێت و تۆنێكی بەرز و نزمیی پێوەیەو بایەخی هەڵچوون و حاڵەتی دەروونی شاعیر ، لەگەڵ داهێنانی وێنەشدا، دەردەخات.[3] بۆ نموونە:

سیامەندم بۆ خەجێتان هەناوی كرد بە دارا!

---

[1] – فەرهاد شاكەلی، دیوانی  بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریكەشەوی تەمەنم ، لا  292.

[2] – جەماڵ  غەمبار ، دیوانی جەمال غەمبار  ، لا 201 .

[3] – بڕوانە: پیتەر هاڵبیرگ و دانەرانی تر،  تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، لا 96.

**دەروێش ئەولاّم بۆ گۆرانتان**

**شمشاڵی نا بە لێویەوە لە ناو شارا**

**شیعرم بۆ ئێوە کرد بە نان لە کۆڕەوی بێ ئاقارا ![1]**

## ج- بێ ئامرازی و ئامراز زۆری

**بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکان چ بە ڕێژەیەکی زۆر یان بەکارنەهێنانیان دووبارە لە ئاستی ڕستەسازییەوە، دەبێتەهۆی بەخشینی وێنە بە چیرۆکە شیعرییەکان وەك تایبەتمەندیی شیعری ، بۆ نموونە لەم دێڕانەدا ئامراز ڕێژەیەکی بەرچاوی هەیە وەکوئامرازەکانی( ی، و). کە ئەرکی خستنەسەرو گەیاندن و چڕکردنەوەی مانای لە شیعرەکەدا هەیە. شاعیر دەڵی: - لە عیشقی ئاو و منداڵ و**

**لە عیشقی مەل و درەخت و**

**لە عیشقی خاك و هەژاران**

**چرکەیەك جوێ نەبوونەوە[2]**

**جگە لە وێنەی تاك کە پێشتر خستمانەڕوو، وێنەی گشتی لەم شیعرانەدا دەبینرێت، کە زیاتر تایبەتمەندیی ئەو شیعرانەن ، کە یەکیەتی بابەتیان تێدایەو بە ڕای ت. س. ئیلیوت یەکیەتی بابەت بوونی هاوسەنگی و گونجاندنێکی زۆر پوختە لە نێوان فۆڕم و مانادا ، ئەم گونجانەش لای خوێنەر هەستی پێدەکرێت و مانایەکی گشتگیر بە دەقەکە دەبەخشێت، کە کار لە دەروونی خوێنەر دەکات و وەك لایەنی بەهێزی شیعرو شانۆ و چیرۆك و ڕۆمان سوودی لێ وەر گیراوە، هەروەها وێنەیەکی**

---

[1] - **حەسیب قەرەداغی، دیوانی فەرهەنگی خەم، لا** 276 .

[2] -**شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم ، لا**105.

یەکگرتوو بە دەق دەبەخشێت[1]، وێنەی گشتیش وەك لێكۆڵەر سەردار ئەحمەد گەردی ئاماژەی پێداوە: ((ئەو چوارچێوە گشتییە یە لە شیعردا، کە وێنە تاك و لێکدراوەکانی تێدا ڕێکدەخرێت و وێنە پاژەییەکان دەچنە پاڵ یەك و بە گشتیشیان ئەو وێنە گشتییە دەکێشن ، کە واتای شیعرەکە دەخاتە ڕوو ))[2] .

جگە لەمەش لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا بوونیادی شیعر هەروەك عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی دەڵێت:((پشت بە چیرۆك دەبەستێت))[3] , و ئەمەش لە درووستکردنی وێنەی شیعریدا بە "بوونیادی چیرۆکی" ناودەبرێت، کە بەشێکی سەرەکیی وێنەی گشتییە ، شاعیر چیرۆکێك بە شێوەی شیعرو لەسەر بنەمای گێڕانەوە بە زمانی شیعری دادەڕێژێتەوە، واتە کەسێکی تر دەتوانێت ئەم دەقە بە زمانی پەخشانی بکاتە بنەمای چیرۆکێك . هەر لەم بارەیەوەوە لێکۆڵەر هاوژین سلێوە پێی وایە تەنها زمانی نووسینەکە وای کردووە شیعر بێت ئەگینا ڕووداو و گێڕانەوەکان چیرۆکن. کە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی ڕەگەزەکانی تری چیرۆك دەبێت لە شیعرداو شێوازێکی چیرۆکئامێزیی پێدەبەخشێت[4]، تیایدا شاعیر زۆربەی جار ڕووداوێك دەکاتە تەوەری سەرەکی شیعرەکەو وێنە گشتییەکەی لەسەر بنیات دەنێت.

جگە لەوەی چیرۆك کاریگەری و ڕۆڵی هەیە لە بوونیاتنانی وێنەی هونەریدا ، وەك جۆناتان کۆلەر ڕوونیکردۆتەوە بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگی هەموو ڕەگەزەکانی شیعر، هەندێ جار شیعر جۆرێك لە گێڕەرەوە قەرز دەکات، کە ڕۆڵی گونجاندن و هاوئاهەنگکردنیان دەگێڕێت و لە کۆشدا بابەتێکی جوان و ڕێکخراو دەئافرێنێ[5].

---

[1] –د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لا 310 .

[2] –سەردا ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، لا 154 .

[3] –عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سینەما، گەلاوێژی نوێ، ژ56–57، لا 78 .

[4] – هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009، لا157 – 158 .

[5] –جاناتان کالر، بوطیقای ساختارگرا، لا 238 .

دەتــوانین بــەهۆی بــوونی ڕەگــەزی گێڕانــەوەوە لــە شــیعرەکاندا، بڵــێین زۆربــەی شــیعرەکان خــاوەنی وێنــەی گشــتین و وەك یەکپارچــە دەبینــرێن .یــا هــەموو وێنــەو دیمەنــەکانی تــری ناوشــیعرەکان بەتــەواوی پەیوەســتن پێکــەوەو ڕووداو و تێمــەو وێنــەکان گرێــدراوی یــەکترین . تەنانــەت هەنــدێ دەق زۆر بەکــەمی لــە ڕووی هــەردوو ئاســتی واتــایی و سینتاکســییەوە وێنــەی تاکیــان تێدایــە، بــەڵام لــە کــۆی شــیعرەکەدا هەســت بــە وێنەیــەکی گشــتی دەکرێــت و وەك یــەك دیمــەن دێنــە پێشچــاو، کــە لــە ئەدەبناســیدا "تــابلۆی ئــەلیگۆری" پــێ دەوتــرێ. بــۆ نموونــە: لــەتیف هەڵمــەت لــە شیعرێکیدا دەڵێ:

قوتابییەك کۆلێژی بەسەرکەوتوویی

تەواوکرد

باوکی و دایکی و خوشکەکەی و دەزگیرانەکەی

دڵیان خۆشە ... ئەو مەسئولەی هاوڕێی خوشکەکەیەتی

بەڵێنی داوە بیکات بە پۆلیسی گومرگ[1]

یان لە شیعری (دوای مردن)[2] ی هیواقادردا بەهەمان شێوە. ئەم جۆرە وێنەیە دەبینرێت.

دەبیــنین لــەو نموونەشــیعرییەی لــەتیف هەڵمەتــدا ، دەربڕاوەکــان زیــاتر قســەی ئاســایی نــاو خەڵکــەو دوورە لــە بــەکارهێنانی هونــەرەکانی ڕەوانبێــژی ، تــەنها بــەهۆی حاڵــەتی کەســەکانەوە و خســتنە ڕووی ڕووداوی چــیرۆکەکەوە وێنــەو پێکهاتەیــەکی گشــتی بــە دەقەکــە لەســەر بنــەڕەتی مانــا و بابــەت بەخشــیوە ، لەمەشــدا دەربــڕاوەو وێنــەکان هاوشــێوەی قوتابخانــەی ئیمەیجســتییە کــە (( ئــەوان پێشکەشــکەرن نــەك وەســفکەر))[3] واتــە کــەمتر پــەنا بــۆ ســیمبوڵ و هونــەرەکانی تــر دەبــەن . بۆیــە وێنــەکان

[1] – لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەلمەت ، لا 240.
[2] – هیوا قادر ، دیوانی هیوا قادر ، لا 46 .
[3] – سامان جەلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، لا 49 .

لەسەر بنەمای واتای وشەکان پێکەوە داهێنراون وەك وێنەی ئیمەیجستی گشتی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی و نزیکیی شیعری چیرۆکئامێز لە هەندێ ڕووەوە ، لە جۆری وێنەی ئەو قوتابخانەیەوە .

یان لە هەندێ دەقدا وێنەی گشتی لەسەر بنەڕەتی گێڕانەوەو بنیاتی بازنەیی دروستبووە، بە دووبارەکردنەوەی کۆپلەیەك لە شیعرەکە لە سەرەتاو کۆتاییی شیعرەکەدا . بۆ نموونە لەشیعری "لە چاوترووکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو"[1] کۆپلەی:

دەڵێی بەفرین لەکاتی باریندا

دەڵێی چاوین لە کاتی ڕوانیندا

دەڵێی باڵین لە کاتی فڕیندا

دەڵێی پەلکە سەوزەکانی کانی عاشقانین

لە کاتی ژاکان و وەریندا

لە دوو جێگەدا، ئەو کۆپلەیە دووبارە دەکاتەوە و وێنەیەکی نیگارئامێز بە دەقەکە دەبەخشێت.

## فەرهەنگی وشە و چنینی لە تێکستە شیعرییەکاندا.

لە نێو شیعرەکاندا دەتوانین فەرهەنگی ئەو وشانەی کە زۆر بەکار هاتوون، بکەین بە چەند بەشێکەوە کە دیارترینیان ئەمانەن:

### 1- سرووشت و پەیوەندیی دەروونی

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دیاردەو شتەکانی ناو سرووشت دەخاتە ڕوو ، هەروەها لە دەقەکاندا پەیوەستن بە باری دەروونی مرۆڤەوەو یاخوود بۆ دەرخستنی حاڵەتی

---

[1] – دلاوەر قەرەداغی، دیوانی ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، لا 110.

کەسێك لەشێوەی چواندن و هونەرەکانی تردا ، ئەم بارە ڕوونکراوەتەوە. نموونەی ئەم وشانە لای شاعیران ( حەسیب قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، لە تیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕێبوار سیوەیلی، کەژاڵ ئەحمەد ) دەبینرێت. لە جۆری وشەکانی:( بازی بەخت، باران، سەرپەڵە، بۆلێڵ، پەنا، پاسێر، بڵێسە، گۆپاڵە باران، چەخماخە، دارستان، سورە هەتاو، قەڵبەزە، خۆرنشین، زنە، داربەڕوو، تراویلکە، لێزمە، کزەبا، چواله، بەلاڵووك، زەریا، پایز، خونچە) ، کە جگە لە دەربڕینی بارودۆخی دەرەوەی شیعرەکە ، لە کاتی چنینیان لە تێکستەکاندا، ناڕاستەخۆ پەیوەندییان بە بینینی مرۆڤەکان و حاڵەتە دەروونییەکەیانەوە هەیە .بۆ نموونە:

– لە چاوانیا چارەنووسێکی پایزە وەکوو گەڵا لەرەی ئەهات.

– لەچاوانیا خۆرنشینی خۆم ئەبینی ...خەوم ئەدی: [1]

## 2- ئەو وشانەی دەربڕی حاڵەتی شەڕو باری سیاسین

بۆنموونە لای شاعیران ( حەسیب قەرەداخی، شێرکۆبێکەس، فەرهاد پیربال، ڕێبوار سیوەیلی، جەمال غەمبار) لە وشەکانی:( عروبە، سۆسیالیست، وەحدە، صدام، حوکمی زاتی، یۆرانێوم، بوورژوا، کیمیاوی، دەمانچە، نارنجۆك، باروت، مەقەڕ، سەنگەر، ڕیزە زیل، فڕۆکەخانە، جەنگ، بەندیخانە، زیندان، شەڕی ناوخۆ، کەرنەڤاڵی خوێن ) و چەندین وشەی تردا وێنا کراون، بۆ نموونە: حەسیب قەرەداغی لەشیعری "بۆ شەهیدەکانی قازانقایە" دا دەڵێ:

هەر کوێ دەچووی هەر (وحدە) بوو

هەرکوێ دەچووی (رسالە) بوو

هەر کوێ دەچووی پاپە (صدام) وەکو کلاش و کالە بوو

[1]– دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی سێیەم، لا 649، 650 .

هەرکوێ دەچووی ئەوەی دەتبیست هەر ( قال) ە بوو[1]

## 3- وشەی کولتووری و پەیوەست بە کوردەوە.

لــە شــیعرە چــیرۆکامێزەکاندا زۆرجــار وەك سەرچــاوەی وێنــە شــیعرییەکان و بــۆ مەبەســتی شــیعری، شــاعیران گەڕاونەتــەوە بــۆ وشــە کولتــووری و فۆلکلۆرییــەکانی کــورد و شــیعرەکانیان پــێ ڕازاندۆتــەوە.بــۆ وێنــە لای شــاعیران ( حەســیب قــەرەداغی، لــەتیف هەڵمــەت، عەبــدوڵا پەشــێو، جــەمال غــەمبار، هیــوا قــادر) و چــەندینی تــر دەبینرێــت . وەك وشــەکانی: ( بــەرکۆش، دەغــڵ، شــەن، لارەڕێ، کــوڕی هــەیاس، ئاســۆگە، کەشــکەلان، کــەودەن، کاســەلێس، ڕســتکراو، مێڵــۆ، بەرســیلە، ڕەشمــاڵ، هــۆرە، گــۆزە، ئــاوایی، گوێســوانە، گلۆڵــە ، تەشــەنگ، چــەپەك، ماڵێژگــە، هــەرزاڵ، زمانــەگا، ژیلــەمۆ، ســتێرك، گرفە). بۆ نموونە عەبدولا پەشێو لە شیعرێکیدا دەڵێ:

ماڵێژگەیەکمان دادەنا،

هەرزاڵەیەك بۆ پێخەف و

کەندووڵەیەك بۆ ئازووخەو

گۆزەڵەیەك بۆ سەر کانیاو[2]

## 4- وشە و دەربڕاوی ئاینی

هــەروەها کۆمــەڵێك وشــەش دەبینرێــت کــە بنــەڕەتییان ئایینییــە و پەیوەنــدییان بــە تێمــەو نــاوەڕۆکی دەقــە ئایینییەکانــەوە هەیــە ، کــە هەنــدێکیان بــۆ نــاو زاراوە ئاینییــەکان شــۆڕبوونەتەوە. بــۆ وێنــە لای شــاعیران ( حەســیب قــەرەداغی ، قوبــادی جــەلیزادە، ڕەفیــق ســابیر، ئەحمــەدی مــەلا، جــەمال غــەمبار) بــەکارهێنانی وشــەکانی :( قابیــل، فاتیحــە، ڕۆح،

---

[1] – حەسیب قەرەداغی، دیوانی فەرهەنگی خەم، لا 270.

[2] – عەبدوڵلا پەشێو، هەسپم هەرەو ڕکێفم چیا، لا 274 .

یــونس، مــەلا، فریشــتە، جبــە، کڵێســا ، حــوجرە، خــودا، گومــان، بــاوەڕ، گــومڕا، یــەقین ....) دەبینرێت. قوبادی جەلیزادە لە شیعری " شەهید"دا دەڵێ:

لە دوورەوە تاتە شۆڕێکی کزرمان

لەبەر قاپی مزگەوتێکا بەدی کرد

(ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله...

فاتیحامان خوێند،...[1]

## 5- وشەی تایبەت بە ئەفسانە و چیرۆك

بــەکارهێنانی ئــەو وشــانەی، کــە ڕەگێکــی ئەفســانەیی و چــیرۆکە کۆنــەکانیان هەیــە . کــە هەنــدێکیان بوونەتــە ڕەمــز و بــۆ مەبەســتی تایبــەتی بــەکاردێت. ئــەوەش لای شــاعیران ( حەســیب قــەرەداغی ، شــێرکۆبێکەس، لــەتیف هەڵمــەت، قوبــادی جــەلیزادە ، هێــوا قــادر،...) لــە جــۆری وشــەکانی : ( دێــو، فــوی ئەوانگــەل ، ســیمرغ، جنۆکــە، خێــو، ڤــارتۆ، حــەزیا، پیرێــژنی ئەفســانەیی، ئاوێنەبەنــد، ...) دا دەبینــرێن . بــۆ نموونــە حەســیب قەرەداخی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

وڵات ئاشی ئاو کەوتووە یا زاوایەکی ناکامە و بە فووی ئەوانگەل بەستراوە[2]

## 6- وشەی تایبەت بە حاڵەتی دەروونی و پەیوەست بە ڕامانەوە لە ژیان.

ئــــەم جــــۆرە وشــــەو دەربڕینانــــە، ئەوانــــەن کــــە دەربــــڕی حاڵــــەتی دەروونــــین و پەیوەندیشــــیان بــــە هەنــــدێ لــــە پرســــیارەکانی مرۆڤــــەوە هەیــــە.کەنموونــــەیان لای شــــاعیرانی وەك ( ڕفیــــق ســــابیر – شــــەوانی ئاخــــاوتن ، جــــەمال غــــەمبار- بەشــــێك لــــە ئێــــوارانی ئیمپڕاتــــۆر، ڕێبــــوار ســــیوەیلی- زمــــانی عەشــــق زەمــــەنی ئــــەنفال ، هیواقــــادر-

[1] – قوبادی جەلی زادە، دیوانی سێدارەکانی بەهەشت ، لا6.

[2] – حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، لا 270.

کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ لا 71، دلاوەر قەرەداخی – ماڵێک لەناو زەریا ماڵێک لە تەنیش بیابان لا 123 ..) بۆ نموونە وشەکانی ( یەئس، وەهم ، حیکمەت، واهیمە، تەنیایی، هزر، فڕین، ژیان ، مردن، ئازادی، حەقیقەت، قەدەر، جەوهەر، ) بۆ نموونە ڕەفیق سابیر لە شیعری "شەوانی ئاخاوتن"دا دەڵێت:

– دەموت:

ئێمە وێنە بین یان جەوهەر

بوونمان ڕێکەوت بێت، یان قەدەر

ئەوەتا مەحکوومی ژیانین

مەحکوومی شوێن و زەمانین[1]

کە بەهۆی ئەو وشانەوە شاعیر فیکرو باری دەروونی خۆی کە ئاڵۆز و گوماناوییە دەخاتە ڕوو.

## 7–بەکارهێنانی زاراوە و وشە و ناوی بیانی

ناوهێنانی کۆمەڵێك ناوی شوێن و شتی تری بیانی، کە نیشانەن بۆ دەربڕینی غەریبی و سەفەر و نامۆیی شاعیر، بۆ وێنە لای شاعیران ( فەرهاد پیربالْ، ئەحمەدی مەلا، هیوا قادر، دلاوەر قەرەداغی) لە زۆربەی شیعرەکانیاندا دەبینرێن، لە نموونەی وشەکانی: (ڕیالْتۆ، زێی زاتەرە، بورانۆش، پاریس، پەناهەندە، ئەلب، لامانچا، پوشکین، ئەمینستی ئینتەر ناشنالْ، یوئێن ( UN)، کە کورتکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە united nations). بۆ نموونە:

– لە پاریس ، لە گەڕەکی سانت دونیس، لە شوقەکەی خۆمدا[2]

---

[1] – ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازو گومان، بەرگە یەکەم، لا 123 .

[2] – فەرهاد پیربالْ، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، لا 55.

## 8- بەکارهێنانی وشەی عەرەبی ونزیك لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی:

بـــەزۆری لای شـــاعیر جـــەمال غـــەمبار" زۆربـــەی شـــیعرەکانی" و، دلاوەر قـــەرەداغی لـــە شـــیعری " لــە چــاوتروکانێکا ســەری ولاتم ســپی بــوو"، نموونــەی وشــەکانی: ( نــەعش، خــەتا، مەعشــوقە، نەســل، قەفــەس، مەنبــەع، مــەوج، حەســرەت، شــەمعدان، موســتەعار، عــەدەم، غوربــەتزەدە، مەوســیم، عەرعــەر، قاســید، ویقــار، خــۆش مــرور، پــەیك، بــادی ســەبا، ســەحرا،..) بــەکار هــاتوون . بــۆ نموونــە شــاعیر جــەمال غــەمبار لــە شــیعری " کەســێ نــەبوو تورە ببێ" دا دەڵێ :

بەر لەوەی تۆش

بکەویتە ناو شەمعەدانی قەسیدەوە

لە هێلانەیەکدا ، کەهی خۆت نەبوو

موستەعار بوو،[1]

جگــە لەوانــە بــەکارهێنانی وشــەی ئاســایی ڕۆژانــە، بــەکارهێنانی وشــەی تایبــەت بــە ڕەنــگ بــۆ مەبەســتی دیــاریکراو و ئــەرك پێــدانی، هــەروەها چــەندین وشــەی سرووشــتی کــە بــۆ مەبەســتی دەربڕینــی جــوانی بــەکار دێــن ، زۆربــەی وشــەکان لــەم دەقانــەدا بــە مەبەســت زیاتر لە مانای فەرهەنگی هەڵدەگرن.

بـــەو جـــۆرەی خرایـــەڕوو ، شـــیعری چـــیرۆکئامێزی ئـــەم قۆناغـــە هـــەڵگری چـــەندین تایبەتمەنــدی و بونیــادی هونــەریی شــیعرین ، کــە لەلایەکــەوە ڕوواڵــەتی شــیعری لیریکــی و تایبەتمەندییـــەکانی ئـــەم ژانـــرە و لـــە لایـــەکی تـــرەوە ڕەگـــەزەکانی گێڕانـــەوەیان بـــەش بـــە حــاڵی شــیعری لیریکــی تێــدا بــەدی دەکرێــت، ئەمــەش نیشــانەی دەوڵەمەنــدی و بــە پێزیــی " شیعری چیرۆکئامێز" ە کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە .

---

[1] – جەمال غەمبار ، دیوانی جەمال غەمبار ، لا 244 .

## ئەنجام

- شـیعری چـیرۆکئامێز ڕەگ وبنچـینەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پەیوەندییـە دێرینـەی شـێوە بنەڕەتییـەکانی ئـەدەب هەیانـە و بـە درێـژایی مێـژوو هەرچـەندە لـە یـەکتر دوورکەوتبنـەوە ، یـان ڕەگـەزی تریـان لێ بووبێتـەوە ، بـەڵام بـە پێـی خواسـتی سـەردەم و قۆنـاغی ئـەدەبی جـارێکی تـر چـوونەتەوە ناویـەك . بەتایبـەتی ***لیریـك وئیپیـك،*** کـە دواتـر لـە پەیوەنـدیی ئـەو ژانرانـەی کـە لـەم دوو بەشـەوە پێکهـاتوون لـە ئـەدەبی نوێـدا، وەك ژانـری (شـیعری نـوێ و چـیرۆك) ، پەیوەسـت و تێکـەڵی یەکتر بوونەتەوەو شیعری چیرۆکئامێزیان لێ کەوتۆتەوە.
- ڕەگـەزی سـەرەکی، کـە ئـەم دوو ژانـرە لێـك نزیکدەکاتـەوە لـە شـیعری چـیرۆکئامێزدا، ***گێڕانەوەیـە*** واتـە ئـەوە گێڕانەوەیـە وا لـە شـیعرە لیریکییـەکانی پێشـوو و ئـەم قۆناغـە دەکـات، کـە جۆرێـك شـێوازی چـیرۆك بـەخۆوە ببیـنن. ئـەم ڕەگـەزەش بـە درێـژایی مێـژووی ئـەدەب لـە شـیعرو پەخشانیشـدا سـیمایەکی سەرەکی بووە.
- نموونـەی پەیوەنـدیی شـیعرو چیرۆك جگـە لـە چیرۆکی شـیعری کـۆن – ئێپیـك ، کـە زیـاتر سـەر بـە ژانـری لیریـك بێـت ***بـاڵادە*** ، کـە لـە ڕووی بونیـادەوە جیـاوازی لەگـەڵ شـیعرە چـیرۆکئامێزەکاندا هەیـە، دیـارە لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا " بـاڵاد" ژانرێکـی ئـەدەبی ئەوروپاییـەو جـۆرە ڕیـتم و کـێش و دابەشـکردنێکی تایبـەتی هەیـە ، بـەڵام لـە ڕووی بابەتـە لیریکییـەکانی وەکـو خۆشەویسـتی– سـۆزداری و مـردن و غەمـەوە نزیکییـەکی زۆری لەگـەڵ بـەیتی کـوردی لەپێشـوودا و ئـەم جۆرە شیعرانەی ئەم قۆناغەشدا هەیە.
- شـیعری چـیرۆکئامێزی ئـەم قۆناغـە لـە ڕووی بونیـادەوە بـە زۆری هەنـدێ تایبەتمەنـدیی پەخشـانە شـیعری هەیـە، بەتایبـەتی لـە ڕووی مۆسـیقای شـیعرییەوە کـە زیـاتر لەسـەر بنـەڕەتی مۆسـیقای نـاوەوە بنیـاد نـراوە، هەرچـەندە لـە ڕاسـتیدا ئەگـەر بـە پێـی پێوانـەی ئـەورووپایی بێـت ، لـە نموونـەی کـەمی ئـەو شیعرانەدا ئەو تێکچڕژان و هاوئاهەنگییەی ئاوازی شیعری هەیە.
- لەڕووی تێمەو ناوەرۆکی شیعرییەوە:

أ- ئـەم جـۆرە شـیعرانە بابـەتی هەمـە چەشـن لـەخۆدەگرن ، گرنگترینیـان تێمـەی خۆشەویسـتییە کـە لـە هەنـدێ دەقـدا تێکـەڵی ئیرۆتیکـا کـراوە و بـە شـێوازەکانی گێڕانـەوەی چـیرۆکی خۆشەویسـتی و وەسـفی دڵـداری و نـامۆیی سـۆزدارین و تێکەڵ بە بابەتەکانی تر کراون.

ب- هـەروەها تێمـەی نیشـتمانی و سیاسـی کـە ئـەویش لـە بابەتـەکانی خۆشەویسـتیی نیشـتمان و شـەڕ و نـامۆیی جـوگرافی ، شـەهید ، هەڵەبجـە و ئەنفالدا ڕەنگیانداوەتەوە.

ئـەم دوو تێمەیـەی پێشـوو تاڕادەیـەك هـەمان بابـەتی چـیرۆکە شـیعری کـۆنی کوردییـە کـە بابـەتی دڵـداری و قارەمـانی بـووە ، واتـە لـەو ژانرانـەی کـە گێڕانـەوە تیایاندا تەوەری سەرەکییە و بەردەوام برەویان هەیە.

ج- جگـە لەوانـەش چـەندین جـۆری تـری تێمـە بـە تێکـەڵی و هاوشـانی یـەکتری لـە چـیرۆکە شـیعرییەکاندا دەبینـرێن کـە بـە تێمـەی فرەڕەهەنـد ناومـان بـردوون و زیـاتر ئـەو بابەتانـەن کـە لـە قۆنـاغی هاوچـەرخدا دەرکـەوتوون، وەکـو بابەتـە دەروونییـەکان هـەروەها بابەتـەکانی ئـازادیی تـاك ویـادەوەریی منـداڵی و بـوون و مـردن ، ئـەم تیمانـە چـۆنێتی بـەکارهێنانیان و دەرکـەوتنیان بـە پێـی قـەبارەی شـیعرەکان گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. شـیعرە قـەبارە درێـژو مامناوەنـدەکان زیـاتر لە یەك تێمە لەخۆدەگرن و زۆربەیان فرەڕەهەندن.

- لـە ڕووی بونیـادی شـیعرییەوە لـەم شـیعرانەدا چـەندین هونـەری جوانکـاریی شـیعری بـەکارهێنراون کـە زۆربـەیان تایبەتمەنـدیی شـیعری لیریکـین ، جگـە لـە ڕەگـەزی گێڕانـەوە و پاڵـەوان-کەسـایەتیی نـاو چـیرۆکە شـیعرییەکان نـەبێت ، کـە تایبەتمەندیی ژانری چیرۆکن .

گێڕانـەوەش بـە شـێوازی جیـاوازی وەك: وەسـف ، کـە زۆرتـرین ڕێژەیـە و هـەروەها دیـالۆگ و مۆنۆلـۆگ و هونـەری فلاشـباك لـە لایـەن خـودی شـاعیرەوە یـان لـە ڕێگـەی کەسـانی تـری نـاو چیرۆکەشـیعرییەکانەوە ، یـا لـە زمـانی شـوێنێکی بـە کەسـکراوی نـاو دەقەکانـەوە، زیـاتریش لـە گۆشـەنیگای هەمووشـتزانەوەن و هەنـدێ جـاریش گێڕانەوەی هەمانشتزان، داڕێژراون.

- مۆسیقای شیعری وەك ئامازەمان پێدا زیاتر مۆسیقای ناوەوەیە لەگەڵ بوونی کێش و قافیەش لە هەندێ دەقدا کە ڕێژەیان زۆر کەمە.
- زمانی شیعری و بەهۆیەوە وێنەی شیعری سەرەکیترین جۆری بونیادنانی شیعرییە لەم دەقانەدا کە بە هەردوو جۆری واتایی و سینتاکسی ڕێکخراون و بەرهەمەشیعرییەکەیان بە بەکارهێنانی ئارکیتیپ و سیمبۆل و خوازەو درکە و دژیەك و چواندن و چواندنی زنجیرەیی و هەروەها وێنەی گشتی لەسەر بنەڕەتی گێڕانەوە کە ڕواڵەت و خاڵی جیاکەرەوەی شیعرەکانن بونیادنراون . جگە لە وانەش هونەرە ناسکبێژییەکانی وەکو پاش و پێشخستن و بەدوای یەکداهاتن و پرسیارو سەرسوڕمانی ڕەوانبێژی زۆری و کەمی ئامراز ئەو پێکهاتانەن کە وێنە شیعرییەکانیان لێ پێکهاتووە.
- یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەم جۆرە شیعرە لەگەل تازەکردنەوەی فۆرمی شیعردا، شۆڕشێکی فیکری و سیاسی نوێشی هێناوەتە کایەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بابەتە پەیوەندییەکی چڕوپڕی بە داب و نەریت و کەلتوورەوە هەیە، بە تایبەتی پەیوەندیی ئەم ژانرە لەگەڵ ژانری داستانە شیعری کوردیدا.
- هەروەها لەم دەقانەدا کۆمەڵێك وشەی فەرهەنگی بەکارهاتوون کە چۆنێتییان لە دەقەکاندا ئامازەیە بۆ چەند بابەت و تێمە و چنینی شیعری ، کە پۆلێنمان کردوون بۆ وشەی پەیوەست بە ( سرووشت، دەروون، سیاسەت، کەلتوور، ئاینی ، حیکایەت و ئەفسانەی کۆن ، هەروەها وشەی بیانی و دەستەواژەی تایبەت بە ئەدەبی پێشوو و کلاسیکی کوردی ) کە ئەمانیش شێوازێکی هونەرییان بە شیعرە چیرۆکئامێزەکان بەخشیوە .

# سەرچاوەکان

**کوردییەکان**

**کتێب :**


**1- ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(1985 - 2005) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2009.**

**2- ئازاد ئەحمەد مەحمود، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2008.**

**3- ئاسۆعومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای ( پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح و گۆران) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009.**

**4- ئالیکساندەر دیما ، پرنسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد . وەرگێڕانی .ئەنوەر قادر محەمەد ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی 2011.**

**5- ئەحمەدی مەلا ، بنبەست لەشیعری شێرکۆ بێکەس و چەند بابەتێکی تر ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپی نما، هەولێر، 2012.**

**6- ئەرستو ، هونەری شیعر، و. عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2011.**

**7- ئوسامە حسێن ڕەسوڵ ، سەرەتایەك لە پەخشانە شیعری کوردی، خەیاڵ و ڕۆح، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2004 .**

**8 - ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر 2011.**

**9- ئیرنست هیمنگوای، پیرەمێرد و زەریا ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە . شێرکۆ بێکەس، پێداچوونەوەی شوکر مستەفا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا، 1982 .**

**10- بۆکنەر- ب تراك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی حمە کەریم عارف ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.**

11- پەروین عەبدوولا ، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا . چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2008 .
12- پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی ، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محمد ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، 2010.
13- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردیی کوردستانی عێراق ( 1950- 1970 ) ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2008.
14- جۆن ماکوای ، فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی، 2005.
15- دلێر کانەبی ، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، ( ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیرباڵ) ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی، دهۆك ،2009 .
16- دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی، 1998 .
17- دی ئەی . ئیستریکلەند ، ئاڵ ڤید، ئاڕ. جانسۆن ، پێشەکییەك لەسەر شیکردنەوەی سیاسی ، وەرگێڕانی . حەسەنی دانیشفەڕ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، 2007.
18 - ڕێبوار سیوەیلی ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ، 2013.
19 - زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.
20- زاهیر ڕۆژبەیانی، شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2008 .
21 - زۆزان سادق سەعید تروانشی، چیرۆکە شیعرا کوردی ( ئەدگارێن ڤەگێڕانێ- ئاست و شێواز ، قەدری جان وەکو نموونە) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك ، 2008 .

22 – سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا( 1970 –1991 ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، 2004 .

23 – سەرکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر، 2011.

24 – سەلاح حەسەن پاڵەوان، شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،2010.

25 – سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلیدا ،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك 2009 .

26 – سیاوەش گودەرزی، شانامەی کوردی– چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2003.

27 – شکری عزیز الماضی، تیۆری ئەدەبی، وەرگێرانی سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر 2010 .

28 – شێرزاد هەینی( هەڤپەیڤین و ئامادەکردنی) ، 955دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، چاپخانەی تیشك، هەولێر ، 2008

29 – عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر 2008.

30– عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا 1972.

31 – عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا 1972.

32 – عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2010 .

33– د. فازل مەجید مەحموود ، شیعری مناڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ، .2004

34–کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی دەروونی  و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی زانکۆ، سەلاحەدین، هەولێر، 1999.

35– لین ئۆلنبیرند – لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە سەڵاح عومەر ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2003.

36– مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2001.

37– مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2001.

38– مەریوان  وریا قانع، فیکر و دونیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، 2013.

39–  محمد بکر ، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، 2004.

40–  محمد بەهرەوەر، شعروپەخشانی سوارە، چاپخانەی خاجی هاشم ، هەولێر ، 2011.

41– د. محەمەد کەمال ، بوون و داهێنان، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، 2004.

42– موحسین ئەحمەد عومەر ، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2012 .

43– ناز ئەحمەد سەعید ، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2013.

44– نەجات حەمید ئەحمەد ، تیۆری بنیاتی شاراوە ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس، هەولێر 2008.

45– نەوزاد ئەحمد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006 .

46- نەوزاد ئەحمد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ،2011.
47- هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009.
48- هەژاری موکریانی، فەرهەنگی هەمانە بۆرینە، چاپی شەشەم، چاپخانەی سروش، تاران، 1388 ھ ش.
49 -هێمن عومەر خۆشناو، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، **چاپی یەکەم،** چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر 2010 .
50 – یاسین عومەر( کۆکردنەوەو ئامادەکردنی )، ئەزموون، شێرکۆ بێکەس چەپکێک هەڤپەیڤین، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ، 2001 .

## دیوانی شیعری

51- ئەحمەدی خانی ، مەم و زین، پێشەکی و لە چاپدانی نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2008.
52- ئەحمەدی مەلا، کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2008.
53- جەمال غەمبار، دیوانی جەمال غەمبار، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی، 2010.
54- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادر، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعود محمد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا،1976.
55- حەسیب قەرەداغی ، دیوانی فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەوڵێر ،2002 .
56- دلاوەر قەرداغی، دیوانیماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2005.

57- ڕەفیق سابیر، دیوانی ڕازو گومان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006.

58- ڕەفیق سابیر، ڕازو گومان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2006.

**59**- ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال، چاپە یەکەم، ڕەنج، کوردستان، **2000**.

**60**- دیوانی سالم، گیو موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1972.

61- سەباح ڕەنجدەر، دیوانی سی ساڵ شیعر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012.

62- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم، سوید ، 2009.

63- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی چوارەم، سوید ،2009.

64- شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی پێنجەم ، سوید، 2009 .

65- عەبدوڵا پەشێو، دیوانی هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 2008.

66- عەبدولا گۆران ، دیوانی گۆران ، چاپی سێیەم، چاپخانەی دالاهۆ، 1386.

67- فەرهاد پیربال، سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی، بڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران، هەولێر، 1999.

68- فەرهاد شاکەلی، دیوانی بڵاچەیەك درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009.

69- قوبادی جەلیزادە، دیوانی سێدارەکانی بەهەشت، چاپخانەی ئۆفیسی بێسارانی، چاپی دووەم، سلێمانی، 1998.
70- کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی وتەکانی وتن، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی، 1999.
71- لەتیف هەڵمەت، دیوانی ئەم ڕووبارە وشك ناکات، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، 1991 .
72- لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووم، چاپی دووم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی، 2006.
73 - لەتیف هەڵمەت، دیوانی منالان- شیعرو چیرۆك بۆ منالان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، 2005.
74- دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی حسام، سنە 1984.
75- هێمن موکریانی، دیوانی هێمن موکریانی، سەرپەرشتی: سەیران حیکمەت و سەردار شەمزاو، چاپخانەی کوردستان، 2005 .
76- هیواقادر، دیوانی هیوا قادر، چاپخانەی هاولاتی ، سلێمانی، 2012.

## نامەی ئەکادیمی

77 - ئاوارە فەرەیدوون قادر، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد ) دا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2011.
78- ئەردەڵان بەکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی( شێرکۆ بێکەسدا )، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2002.
79 - ئیبراهیم قادر محمد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا (1970-1980)، ( نامەی دکتۆرا) ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1997.

80- سامان جەلال عەزیز، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2010.
81- لهۆن قادر ، دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، 2013.
82- هەڤال ئەبوبەکر، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسییەکان وڕەنگدانەوەیان لە ( ژیان و ژین ) دا ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان ، بەشی کوردی، 2006.

## گۆڤارەکان

83- ئازاد عبدالواحید، پەخشانەشیعر لە نێوان دەق و ڕەهایی زماندا ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 71 ، ناوەندی ڕۆشنبیری گولان، هەولێر، 5 مایسی 2002
84- سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری کوردیی تاراوگەدا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 48 ، 2000.
85- عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، شیعری کوردی و سینەما –گەلاوێژی نوێ، ژ 56، 57، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2012.
86- لوقمان رؤوف ، پەخشانە شیعر ، گۆڤاری ئاینده ، ژمارە 76 ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، کانوونی دووەم 2008.

## سەرچاوەی عەرەبی

87- قورئانی پیرۆز

### کتێب:

88- ابو یعقوب سکاکی، مفتاح العلوم، مطبعة مصطفی الباب الحلبی ، القاهرة، 1973.
89- بدر شاکر السیاب ، الاعمال الشعریة الکاملة ، طبعة الثالث، دار الحریه للطباعة والنشر، بغداد، 2000.

90- تزفيتان تودوروف، مفهوم الادب و دراسات اخرى، ترجمة عبود كاسوخة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ، سورية، 2002 .

91- جاسم عاصي ، مرايا الشعر ، طبعة الاولى، مركز گلاويژ، سليماني،2009 .

92- سوزان بيرنار، قصيدة النثر، ترجمة د.زهير مجيد مغامس، مراجعة .د. على جواد طاهر، طبعة الثانية، دار المأمون، بغداد1993.

93- على جعفر العلامة، في الحداثة النص الشعرى ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان،2003 .

94- فاتح عبد السلام، لحوار القصصى (تقنيات و علاقات السردية)، الطبعة الاولى ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت1999 .

95- محسين اطمش، ديرالملاك ، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام ، عراق 1982 .

96- محمد صابر عبيد، شفيرة ادونيس الشعرية ( سيمياء الدال ولعبة المعنى) ، طبعة الاولى، منشورات الاختلاف، جزائر 2009 .

97- محمد صابر عبيد ، فضاء الكون الشعرى من التشكيل الى التدليل ( مستويات التجربة الشعرية عند محمد مردان) ، دارنينوى ، سورية.

98- نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر ، الطبعة الرابعة عشرة ، دار العلم للملايين، لبنان 2007 .

## گۆڤاری ئەكاديمی

99- صادق فتحى دهكرى و شلير فتحى ، القصص الشعرية في ديوان ايليا ابى ماضى، بحوث في اللغة العربية و ادابها: نصف سنوية محكمة لقسم اللغة العربية وآدابها بجامعة إصفهان ، عد د 5، 1390109

## سەرچاوەی فارسی

### کتێب:


100- ابـراهیم یونســی، هنــر داســتان نویســی، چــاپ یــازدهم ، انتشــارات نگــاه ، تهران، 1392 ه.ش.

101- ابـوتراب خســروی، حاشـیه ای بـر مبـانی داسـتان، چـاپ اول، نشـر ثالـث، تهران، 1388 ه.ش.

102- ایرنـا ریمـا مکاریـك ، دانشـنامەی نظریـەهـای ادبـی معاصـر، ترجمـەی مهران مهاجر . محمد نبوی ،چاپ سوم، دفتر نشر اگه ، تهران 1388.

103- پیـام یزدانجـو ( تـدوین و ترجمـه)، ادبیـات پسـا مـدرن ، چـاپ دووم، نشـر مرکز، تهران ،1381ه.ش.

104- جاناتـان کـالر، بوطیقـای سـاخت گـرا، ترجمـه کـوروش صـفوی، چـاپ اول، انتشارات مینوی خرد، تهران، 1388 ه.ش.

105- جاناتـان کـالر، نظریـه ادبـی، ترجمـه فرزانـه طـاهری ، چـاپ سـوم، نشـر مرکـز، تهران، 1389 ه.ش.

106- جمـال مـیر صـادقی، ادبیـات داسـتانی( قصـه، رمـانس، داسـتان کوتـاه، رمـان) ، چاپ چهارم، مرکز چاپ بهمن ، تهران ، 1382ه.ش.

107- جمـال مـیر صـادقی. میمنـت مـیر صـادقی(ذوالقـدر)، واژەنامـه هنـر داسـتان نویسی ، چاپ دوم، کتاب مهناز، تهران 1388ه.ش.

108- دکـتر علـی تسـلیمی، گزارەهـایی در شـعر معاصـر ایـران ، چـاپ اول، نشـر اختران، 1383 .

109- دکـتر علـی تسـلیمی، نقـد ادبـی، چـاپ دوم، نشـر کتـاب امـه، تهـران، 1388.ه.ش.

110– دیــود لاج، هنــر داســـتان نویســی، ترجــه. رضــا رضــایی ، نشــر نــی، تهران،1388 ه.ش.

111– رنــه ولــك ، اوســتین وارن، نظریــة ادبیــات، ترجمــه.ضــیاء موحــد و پرویــز مهــاجر ، انتشارات نیلوفر ، چاپ سوم، تهران ه.ش1390.

112– ســعید ســبزیان م . مــیر جلالــدین کــزازی ، فــرهنگ نظریــة نقــد ادبــی ، چــاپ اول ، انتشارات مروارید، تهران 1388ه.ش .

113– ســیما داد، فــرهنگ اصــطلاحات ادبــی، چــاپ پــنجم، انتشــارات مروارـیـد، تهــران 1390ه.ش .

114– مــارتن مکــوئیلان، گزیــده مقــالات روایــت، ترجمــه فتــاح محمــدی، چــاپ اول، انتشارات مینوی خرد، تهران،1388 ه.ش.

115– محمــد رضــا شــفیعی کــدکنی، موســیقی شــعر، چــاپ دوازدهــم، مرکــز پخــش. کتاب گزیده، تهران،1389ه.ش.

116– منصــور رســتگار فســائی، انــواع شــعر فارســی، انتشــارات نویــد، چــاپ اول، 1373ه.ش، شیراز.

117– مــیر جلالــدین کــزازی ، (رؤیــا ، حماســه ، اســطورة )، چــاپ ششــم، نشــر مرکــز، تهران 1390 ه.ش.

## گۆڤاری ئەکادیمی

118– رضــا روحــانی –احمــد رضــا منصــوری، غــزل روایــی خاســتگاه ان در شــعر فارسی ، پژوهش زبان و ادبیات فارسی، شماره هشتم، 1386ه.ش .

119– عــزت الله فولادونــد ، اخــوان ثالــث حماســه ســرایی روزگــار؟ یــا داســتان ســرایی کلاسیك؟ ، حافظ ، شمارەی– 24، نیمه دوم بهمن، 1384 ه.ش .

120- علـی اصـغر   ارجـی ، از شـعر روایـی تـا روایـت شـاعرانه، رشـد ، شمـاره سـوم، اموزش زبان و ادب فارسی ، بهار، 1390 ه.ش .

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

M.H.Abrams, Aglossary of Literary Terms , Ninth -121 Edition, Cengage Learning Academic Resource Center, 2009 .

J.A.Cuddon. A Dictionary of Literary Terms” Penguin - 122 Book”,London, 1984.

## سەرچاوەی سویدی و ڕووسی

E.H.Aurelius & TH. Goustelius. Genre- teori, lund (Sweden) 2002 -123 .

124- . ڤ.م. کۆژێڤنیکۆڤ و پ.ئا.نیکۆلاییڤ.، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ، مۆسکۆ، 1987.

## سەرچاوی ئینتەرنێت

www.creative-writing–now-com/poem-type?html-14-4- -125 2013

Wikipedia 20/ 5/ 2013 -126

127- احمـــد رضـــــا ، غـــزل روایـــی و خاســـتگاه ان در شـــعر فارســـی،
.www.Ensani. Ir

128- ســـید جمـــال الـــدین مرتضـــــوی، فراینـــده و روایـــت در شـــعر اخـــوان
. www.Ensani.ir

129- علـــی محمـــدی اســـیابادی ، گفتوگـــو ســـاختار ان در غزلیـــات شمـــس،
پژوهشـــگاه علـــوم انســـانی و مطالعـــات فرهنگـــی پرتـــال ، جـــامع علـــوم انســـانی،
. www.ensani.ir.

130 - غـــــزال مـــــرادی، بررســـــی روایـــــت در شـــــعر احمـــــد
شاملو،WWW.degaridisg2. persion blog.ir

131- غـــزال مـــرادی، بررســـی روایـــت در شـــعر مایکوفســـکی ، www.chouk.ir
.

# ملخص البحث

يتكون بحثنا المعنون ب " الشعر القصصي في الادب الكردي مابين اعوام ( 1990_ 2000 ) و باللهجة الكرمانجية الجنوبية " من مقدمة و ثلاثة فصول ، تليها استنتاجات البحث و قائمة باسماء المراجع و المصادر و كذلك ملخصين للبحث بالعربية و الانجليزية .

نتحدث في الفصل الأول عن أصناف الشعر الأساسية : الملحمية ( Epic ) و الغنائية ( Lyric) و المسرحية ( Drama ) ، كما وقمنا بعرض مسهب حول كيفية ظهور هذه الأ نواع و تفاعل بعضها مع البعض لتولد من جراءها و في اطار كل واحد من هذه الأ نواع ، اصناف جديدة و محدودة المدى مقارنة بالأنواع الأساسية المارة ذكرها . و نخص بالذكر النوع الأدبي الذي يسمى بالبالاد BALLAD حيث تتداخل في بنيته سمات الشعر الغنائي و مواصفات السرد القصصي و هو النوع الأقرب من موضوع بحثنا أى الشعرالقصصي . وتطرقنا حسب الضرورة لطبيعة بحثنا عن العلاقة بين الشعر و النثر كمقدمة تعريفية و تأريخية للدخول الى صلب موضوع البحث .

و يتضمن الفصل الثانى لدراستنا القاء الضوء حول الأغراض الشعرية الموجودة في مادة بحثنا : كالشعر العاطفي الغنائي ، الشعر السياسي و الوطني ...الخ و كذلك شعر تتضمن هذه الأغراض معا . اما ما يتعلق بالشكل الفني لهذه الأغراض فقسمناه الى ثلاثة انواع : القصائد القصيرة ، المتوسطة المدى و الطويلة منها .

أما الفصل الثالث فهو مخصص لدراسة الجوانب الفنية والأسلوبية لمادة بحثنا حيث قمنا فيه بتحليل نتاجات الشعراء من هذا المنظور و بيننا في التطبيق كيفية تعامل الشعراء مع اللغة الشعرية من حيث الأيقاعات و الموسيقى الداخلية و انتقاء المفردات و الرموز لأبداع الصور الشعرية ...الخ و حاولنا إبراز قابلية الشعراء و مدى نجاحاتهم في صقل تجاربهم الشعرية او إخفاقاتهم في هذا المجال .

و نختتم البحث بالأستنتاجات التي توصلنا اليها من خلال دراستنا هذه .

# Abstract

This thesis is titled "story-poems in Kurdish literature -south kurmanji- from 1990-2000". The research includes an introduction along with three major chapters, and finishes with a final conclusion and bibliographical section.

The first chapter attempts to introduce the basic forms of literature which involves the following: lyric, epic and drama accompanied by the genres rooting from them. This chapter shows the basic relations between these elements and how they are able to associate with each other. They do so by the basic elements of the relations of literary genres. In this approach, a brief and concise survey of the ballad and the relations between prose and poetry with story and poetry has been presented. I've also demonstrated the definition and capability of story-poems in general, particularly with Kurdish stories as a theoretical base.

In the second chapter, I have practically demonstrated the themes of story-poems that choose to exemplify certain poets of that period. Another section of this chapter regards how the themes appear in texts of different lengths. I came to the conclusion that the themes are mostly emotional, politically patriotic, and multi-dimensional, all formed into one theme that presents the subject of matter and content of poetry assessing to the given period.

In the third chapter, I worked on the method the story-poems had been structured; primarily focusing on the narrative elements, and how they were narrated through language and points of view of the narrator. Each narrative element has been supported by certain examples. Another subject presented is the poetic melodies that are implicated within their poetic images. In this chapter the technique of how artistic images were formed and built for each specific style, has been shown through poetic exemplification. This has been provided to show how various types of imagery has been created through meaning and grammar, leading to the major reasons for the construction of the lines of the verse. The diction of the words used throughout the poems has been categorized into several branches, as well as exemplified.

Nonetheless, all of the features regarding theme, structure, content, and form that categorize story-poems, of the poems of this period have been presented.